رۆژنامە

٧

لە ئێستادا هەفتانە کۆمپانیای وشە دەرهێنەکات

ژمارە 581 سێشەممە 11/ 5/ 2010 — نرخ 750 دینار — No.581 Tue 11/ 5/ 2010



مافیا لە ناو مافییادا !

شێرکۆ بێکەس

ل١٦

تاریکیی و تۆقاندن... هەولێر دادەپۆشێت

هەولێر، ئاوارە حەمید

دوای تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمانی رۆژنامەنووس، بارودۆخێکی نائاسایی باڵی بەسەر هەولێردا کێشاوەو لەوماوەیەدا چەند جارێک هەڕەشە لە رۆژنامەنووس ڕێبین فەتاح بەرپرسی نووسینگەی هەولێری رۆژنامەو هەڵگورد سەمەدی رۆژنامەنووسی گۆڤاری لڤین کراوەو لە خۆپیشاندانی دوێنێ بەردەم پەرلەمانی کوردستاندا جارێکی دیکە هێرش کراوەتەوە سەر ڕێبین فەتاحو لەناو حەرەمی پەرلەمانو بەبەرچاوی پەرلەمانتارانو پاسەوانانی پەرلەمانەوە سووکایەتی پێکراوە.

دوای راگەیاندنی کەمپەینێک بۆ ئیدانەکردنی تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمانو ڕێکخستنی کۆبوونەوەیەکی فراوان لەبەردەم ئۆفیسی هەولێری (رۆژنامە) بۆ رۆژنامەنووسانو نووسەرانو پەرلەمانتاران، چەند جارێک هەڕەشە لە هەردوو رۆژنامەنووس ڕێبین فەتاحو هەڵگورد سەمەد کراوە.

لەلایەکی دیکەیشەوە ئەم دوو رۆژنامەنووسە لە خۆپیشاندانەکەی دوێنێ (٥/١٠)ی بەردەم پەرلەمانی کوردستان لەلایەن یەکێتی قوتابیانی کوردستانو ئاسایشی پەرلەمانی کوردستانەوە سووکایەتیان پێدەکرێت، بەم هۆیەشەوە رۆژنامەی رۆژنامە لە بەیانامەیەکدا ئیدانەی ئەو کارە دەکات.

(رۆژنامە) لە بەیاننامەکەیەدا ئاماژە بەوەدەکات لە خۆپیشاندانەکەی خوێندکارانو رۆژنامەنووسانی هەولێردا یەکێتی قوتابیانی پارتی دیموکراتی کوردستانو ئەو هێزەی پارێزگاریان لە خۆپیشاندانەکە دەکرد، سووکایەتیان بە رۆژنامەنووس (ڕێبین فەتاح) بەرپرسی نووسینگەی هەولێری رۆژنامەکەمان کردووەو هەروەک ئیدانەی ئەو هەڵوێستە «نەشیاوەی ژمارەیەک لە ئەندامانی یەکێتی قوتابیانو هێزی پاراستنی خۆپیشاندانەکەو ئاسایشی پەرلەمانی کوردستان دەکات»و بەپێویستی دەزانین بەزووترین کات لەگەڵ رووبەرووبونەوەیەکدا داوای لێبوردن لە بەرپرسی نووسینگەی هەولێری رۆژنامە بکەن.

ڕێبین فەتاح، بەرپرسی نووسینگەی هەولێری (رۆژنامە) نیگەرانی خۆی نیشاندا لەوەی هەولێر بووەتە شاری هەڕەشەکردنو تیرۆرکردنی رۆژنامەنووسان، بەردەوام ئەو رۆژنامەنووسانەی، کە لەگەڵ دەسەلات نینو ڕەخنە لە دەسەلات دەگرن تیرۆر دەکرێنو هەڕەشەی کوشتنیان لێدەکرێت.

بۆ ل٢

دەقی پەیڕەوی ناوخۆی ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان

ل٥

جەوهەر نامیق: کۆنگرەی حیزبەکان شەرعیەت بە ناشەرعی دەدەن

ل٦

«حکومەت دەسەلاتی بەسەر دەزگاکانی ئاسایشدا نییە»

چاوان عەلی

بەهۆی ئەنجامدانی چەند حاڵەتێکی کوشتنو ڕفاندنو هەڕەشەکردنەوە، ترسو نیگەرانییەکی زۆر باڵی بەسەر هاوڵاتیانی کوردستاندا کێشاوە، بەڕێوەبەری پۆلیسیش جەختدەکاتەوە، کە ئەو ترسو دڵەڕاوکێیە بە دەموچاوی خەڵکەوە دیارەو ئەگەر دەسەلات ئەو تاوانبارانە دەستگیر نەکات، خەڵک حەقیانە بڵێن فەلەتانی ئەمنیی هەیە.

لەچەند ڕۆژی ڕابردوودا لەشاری هەولێر، سەردەشت عوسمانی، ڕۆژنامەنووس، لەبەردەم زانکۆی سەلاحەدین ڕفێنراو تەرمەکەی لە موسڵ دۆزرایەوە، هەروەها محەمەد تاهیری چوێسەی، تەمەن (١٦) ساڵ لە شاری سلێمانی ڕفێنراو پاش چەند ڕۆژێک لە سلێمانی بە بڕیاریی دۆزرایەوە، هەروەها لە ماوەی رابردوودا هەوڵی رفاندنی بازرگان حاجی محەمەد بامۆکی، درا لە شاری سلێمانی، ئەم رووداوانەش ترسو دڵەڕاوکێیان لەلای خەڵکی هەرێم دروستکردووە.

عەمید نەجمەدین قادر، بەڕێوەبەری پۆلیسی سلێمانی، ئەوەی بۆ رۆژنامە خستەڕوو، کە قۆناغێکی ترسناکە، کە کەسانێک دەڕفێنرێنو دەکوژرێن، ئەم ترسەش لە دەموچاوی هاوڵاتیان دەخوێنرێتەوە.

بەڕێوەبەری پۆلیسی سلێمانی وتیشی: «ئەگەر حکومەتو لایەنە بەرپرسەکان ئەو تاوانبارانە نەدەنە دادگاو ئەو باندانە بۆ خەڵکیی ئاشکرا نەکەن، ئەوا خەڵک مافی خۆیانە بڵێن فەلەتانی ئەمنیی هەیەو هەرچیمان پێ بڵێن حەقیانە».

بۆ ل٢

سبەی لە سلێمانی خۆپیشاندانە

رۆژنامە

بڕیاروایە سبەینێ چوارشەممە لەسلێمانی خۆپیشاندانێک دژ بە تیرۆرکردنی رۆژنامەنووس سەردەشت عوسمانو هێرشکردنە سەر رۆژنامەنووسان ئەنجامبدرێت.

خۆپیشاندانەکە لەلایەن رۆژنامەنووسانەوە ئامادەیی بۆکراوەو لەچوارچێوەی هەفتەی «بێدەنگ نابین»دایەو سەعات (٤)ی ئێوارە لەبەردەم باخی گشتی سلێمانییەوە بە شەقامی مەولەویدا بۆ بەردەرکی سەرا ئەنجامدەدرێت.

لەسەر سووکایەتیکردن بە عەدنان عوسمان
فراکسیۆنەکان داوای لابردنی بەرپرسی ئاسایشی پەرلەمان دەکەن

دلێر عەبدولخالق

رێگرتن لەچوونە ژوورەوەی نوێنەرایەتی خۆپیشاندەرانی خوێندکارو قوتابیو رۆژنامەنووسان بۆ ناو پەرلەمان، کێشە لەنێوان ئەندامانی پەرلەمانو بەرپرسی ئاسایشی پەرلەمان دروستدەکات، تایبەتر دوای ئەوەی بەرپرسی ئاسایشی پەرلەمان دەڵێت: «لە ئەندامی پەرلەمانیش دەدەین» زۆربەی ئەندامانی فراکسیۆنەکان لە یاداشتێکدا داوا لە سەرۆکی پەرلەمان دەکەن لەماوەی (٣) رۆژدا ئیجرائات لەگەڵ ئەو بەرپرسەدا بکرێت.

عەدنان عوسمان، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان بە رۆژنامەی راگەیاند: «لەکاتی چوونە ژوورەی نوێنەرانی خۆپیشاندەران، کە بۆ پرۆتستۆکردنی کوشتنی رۆژنامەنووس سەردەشت عوسمان، سازکرابوو، بەرپرسانی هۆڵی پەرلەمان رێگرییان لەو نوێنەرایەتییە دەکردو خەریکبوو بیانکەنە دەرەوە، منیش بۆ هێورکردنەوەی دۆخەکە داوامکرد بەشێوەیەکی ئارام مامەڵە لەگەڵ ئەو رۆژنامەنووسانە بکرێت، بەڵام بەرپرسی ئاسایشی پەرلەمان پێیوتم: ئیشی تۆ نییە بەرگریی لەمانە بکەیت، منیش پێموت: خۆ هەرەشە لە ئێمەش ناکەیت، دواتر وتی: بۆ بەرگریی لە پەرلەمان ئامادەم لە ئەندام پەرلەمانیش بدەم».

دوای ئەو حاڵەتە پەرلەمانتارەکەی فراکسیۆنی گۆڕان لە هۆڵی خوارەوەی پەرلەمان مانگرتن رادەگەیەنێت، تا دواتر هەموو ئەندامانی ئامادەبووی پەرلەمان بە سەرۆکی فراکسیۆنی کوردستانییەو هەموو فراکسیۆنەکانی دیکە پشتیوانیی لەو پەرلەمانتارە دەکەنو پێکەوە یاداشتێک ئاراستەی سەرۆکی پەرلەمان دەکەن، بۆئەوەی ئیجرائات لەگەڵ ئەو بەرپرسە بکرێت بەگواستنەوەی بۆ شوێنێکی دیکە، چونکە لەناو حەرەمی پەرلەمان بێرێزیی بەرامبەر پەرلەمانتاران کردووە.

عەدنان عوسمان، وتیشی: «چیتر قبووڵمان نییە پەرلەمان وەک مەعەسکەرێک بێتو بەرپرسی ئاسایش بڕیاربدات کێ بێتە ژوورەوەو کێ نەیەتە ژوورەوە، هاوکات دەبێت بزانین کێ دەسەڵاتی پێداوە بێحورمەتی بەرامبەر پەرلەمانو پەرلەمانتاران بکات؟».

گرتەیەک لە خۆپیشاندانی خوێندکاران لەبەردەم پەرلەمان

سەرۆکی پەرلەمان: دەبێت دوژمنانی وشە بە سزای خۆیان بگەیەنرێن

نووسینگەی هەولێر

دوێنێ دووشەممە خوێندکارانی زانکۆو پەیمانگەکانو رۆژنامەنووسان خۆپیشاندانێکیان بۆ بەردەم پەرلەمانی کوردستان ئەنجامدا، لەژێر فشارێکی زۆری خوێندکاراندا سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ناچاربوو پێشوازیی لە خۆپیشاندەران بکات.

دوای گەیشتنی خۆپیشاندەران بۆ بەردەم پەرلەمانی کوردستان، یەکێتی قوتابیانی کوردستان دەستیان بەسەر خۆپیشاندانەکە داگرتو نەیانهێشت رۆژنامەنووسان وتاریان هەبێتو لەکاتی خوێندنەوەی وتاری رۆژنامەنووسان لەلایەن نیاز عەبدوڵڵاوە، رێگرییان لێکردو نەیانهێشت وتارەکەی بخوێنێتەوە.

لەکاتی گەیشتنیان بۆ بەردەم بینای پەرلەمانو بە بەرزکردنەوەی پێڵاوەکانیان، خۆپیشاندەران سەرۆکی پەرلەمانیان ناچارکرد پێشوازییان لێبکاتو یاداشتیان لێوەرگرێت.

لە وتەیەکیشیدا لەبەردەم خۆپیشاندەران سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، رایگەیاند: «ئەو تاوانکارانەی دژی وشە دەوستن دەبێت بە سزای خۆیان بگەنو پەرلەمانیش هەموو تواناکانی لەگەڵ حکومەت دەخاتەگەڕ بۆ دۆزینەوەی ئەو تاوانبارانەی کە هەڵساون بە کوشتنی سەردەشت عوسمانی رۆژنامەنووس و قوتابی».

کەمال کەرکوکی، وتیشی: «ئەرکی حکومەتو پەرلەمانە بە ئەمانەتەوە گیانی رۆژنامەنووسانو هاوڵاتیانیش بپارێزن و ئێمە بیری ئەوە دەکەینەوە کە ئەو کارە دووبارە نەبێتەوە».

هاوڵاتیان بپارێزنو ئێمە وەکو پەرلەمان لێژنەکانی پەرلەمانمان راسپاردووە لەگەڵ سەرجەم لایەنە پەیوەندیدارەکاندا کاربکەن بۆ ئەوەی هەرچی زووە ئەو تاوانکارانەی دژی وشە دەوەستنەوە، بەسزای خۆیان بگەن».

ناوبراو، ئەوەشی خستەڕوو: کە ئەوان جگە لەوەی کە لە هەوڵی دۆزینەوەی ئەو دەستانەدان کە هەستاون بەوکارە، لە هەمانکاتیشدا دەبێت لیکۆڵینەوە لەو کەمتەرخەمیانە بکرێت، کە چۆن ئەو قوتابییە فرێندراوەو پاشان کوژراوە».

«بەرهەم سالح، پۆستەکەی بۆ مەرامی حیزبیی بەکارهێنێت»

پشتیوان سەعدوڵڵا

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، چەند فەرمانێکی نهێنیی دەردەکات کە تایبەتن بە دامەزراندنو خانەنشینکردنو گواستنەوەی چەند بەرپرسێکی ئیداریی لە پارێزگای سلێمانی، لەکاتێکدا بە وتەی پسپۆرێکی یاسایی ئەو جۆرە فەرمانانە نایاساییەنو پێیوایە؛ ئەو هەنگاوە بەکارهێنانی پۆستی حکومییە بۆ مەرامی حیزبیی.

سکرتاریەتی ئەنجومەنی وەزیران بە واژۆی د.بەرهەم ئەحمەد سالح، سەرۆکی حکومەتی هەرێم لەکۆتایی مانگی رابردوودا چەند فەرمانێکی نهێنیی دەرکردووە، کە تایبەتن بە خانەنشینکردنی جێگرو یاریدەدەری پارێزگاری سلێمانیو دامەزراندنی دوو جێگر بۆ پارێزگاری سلێمانی، هەروەها گواستنەوەی چەند بەرپرسێکی ئیداریی.

بە نووسراوی ژمارە (١٠٠٥) سکرتاریەتی ئەنجومەن لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران لە رۆژی (٢٠١٠/٤/٢٦) بە فەرمانی نهێنیی بڕیاردرا بە خانەنشینکردنی (عومەر محەمەد ئەمین، جێگری پارێزگاری سلێمانی، شێرکۆ ئەحمەد رەشید، یاریدەدەری پاریزگاری سلێمانی)، هەروەها بەپێی نووسراوی ژمارە (١٠٠٦) لە هەمان رۆژ، کە لەسەری نووسراوە فەرمانی نهێنیی بڕیاری دامەزراندنی (توانا کەمال جەلال، بە جێگری پارێزگار بۆ کاروباری هونەریی، عەلی حەمەد وەسو، بە جێگری پارێزگار بۆ کاروباری کارگێڕیی لە پارێزگای سلێمانی) درا. جگەلەوە لە دوو نووسراوی دیکەدا بە ژمارە (١٠٠٧، ١٠٠٨) لە (٤/٢٦) بڕیاری گواستنەوەی عەبدولخالق محەمەد، بەڕێوەبەری کارگێڕیی گشتیی لەسەر میلاکی وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن بۆ سەر میلاکی وەزارەتی ناوخۆ لە پارێزگای سلێمانی بە پلەکەی خۆی، گواستنەوەی ئاراس ئەحمەد سالح، لە دیوانی پارێزگای سلێمانی بۆ وەزارەتی شارەوانیو گەشتوگوزار لە بەڕێوەبەرێتی گشتیی گەشتوگوزاری سلێمانی درا، ئەمە هاوکاتە بە دانانی پارێزگاری سلێمانی لەلایەن یەکێتییەوە لە چەند مانگی رابردوودا.

د.ژانا رەئوف، ئەندامی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان بە رۆژنامەی راگەیاند: ئەو فەرمانانە لەگەڵ ئەوەی بە دەستتێوەردانێکی ئاشکرا لە کاروباری ئەنجومەنێکی هەڵبژێردراو دادەنرێت، هەروەها بۆ پەردەپۆشکردنی ئەو سەرپێچییە یاساییەو هەوڵدراوە بە شێوەیەکی نهێنیی بکرێت، ئەویش بۆئەوەی رای گشتیی لێ نەوروژێت، بۆیە بە نهێنیی کردوویەتی، چونکە هیچ بڕیارو یاسایەک نییە، کە سەڵاحیەت بە سەرۆکی حکومەت بدات بۆئەوەی دەست لە کاروباری ئەنجومەنی پارێزگاکان وەربدات، ئەوە کارێکی نایاساییەو بەکارهێنانی پۆستێکی بااڵی حکومییە بە مەرامی حیزبیی.

وتیشی: «ئەم کارە یەکێکە لە هەڵە جەوهەرییەکانی حکومەتو لادانێکی ئاشکرایەو پێویستە لێپێچینەوەی لەگەڵدا بکرێت، ئێمە مافی خۆمانە داوای تەرحی متمانە بە سەرۆکی حکومەتی هەرێم بکەینەوەو بزانین سەرۆکی حکومەت شایستەی شوێنەکەیەتی ئەویش بە لەبەرچاوگرتنی ئەزموونی چەند مانگی رابردووی».

رۆژنامە پەیوەندیکرد بە د.نوری عوسمان، سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، بەاڵم ئامادەنەبوو لەوبارەیەوە لێدوان بدات.

ئۆپۆزسیۆن داوا دەکات پێشینەی هاوسەرگیریی بکرێتە (٨) ملیۆن

شارا عەبدولڕەحمان

هەرسێ فراکسیۆنی ئۆپۆزسیۆن لە پەرلەمانی کوردستان لە پرۆژەیاسایەکدا داوای زیادکردنی پێشینەی هاوسەرگیریی دەکەن.

سەمیر سەلیم، ئەندامی فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامیی لە پەرلەمانی کوردستان، رایگەیاند: بەمەبەستی زیادکردنی پێشینەی هاوسەرگیریی و هاوکاریی ئەو گەنجانەی کە پرۆسەی هاوسەرگیریی ئەنجامدەدەن، پرۆژەیاسایەکمان ئامادەکردووەو داوای زیادکردنی ئەو پێشینەیە دەکەین، چونکە ئەو بڕەی ئێستا زۆر کەمەو بە باشی دەزانین کە زیاد بکرێت بۆ (٨) ملیۆن دینار.

هاوکات فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامیی لە مانگی تشرینی دووەمی رابردووەوە پرۆژەیاسایەکیان ئامادەکردووەو تێیدا داوای زیادکردنی پێشینەی هاوسەرگیریی دەکەن.

سەرگوڵ رەزا، ئەندامی فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامیی، ئاماژەی بەوەکرد؛ هەرچەندە پرۆژەیاساکەی ئەوان تائێستا خوێندنەوەی بۆ نەکراوە، بەاڵم هاوڕان لەگەڵ فراکسیۆنی یەکگرتوو، «ئیمزاشمان لەسەر پرۆژەکەیان کردووە، لەبەرئەوەی کە بڕی (١) ملیۆن دینار وەک پێشینەی هاوسەرگیریی زۆر کەمەو پێویستە زیادبکرێت».

لەلایەکی دیکەوە زیاتر لە سێ مانگە فراکسیۆنی گۆڕان پرۆژەیاسای گرنگیدان بە گەنجان لە هەرێمی کوردستاندا پێشکەشی پەرلەمان کردووە، کە یەکێک لە خاڵەکانی پرۆژەکە زیادکردنی پێشینەی هاوسەرگیرییە.

پەیمان عیزەدین، ئەندامی ئەو فراکسیۆنە لە پەرلەمانی کوردستان، بۆ رۆژنامە وتی: «ئەو بڕەی پێشینەی هاوسەرگیریی کە ئێستا حکومەت دەیداتە گەنجان، ئەوەندە کەمە ناتوانرێت وەک هاوکاریی سەیری بکرێت، بەڵکو تەنیا وەک رەمزێک وایە، هەربۆیە جگە لە پرۆژەکەی خۆمان، ئیمزامان لەسەر پرۆژەکەی یەکگرتوو و کۆمەڵیش کردووە بۆ زیادکردنی بڕی ئەو (١)ملیۆن دینارەو پێویستە حکومەتی هەرێم بە جدیی بیر لەو مەسەلەیە بکاتەوە، تا چیتر رێژەی هاوسەرگیریی بەهۆی خراپیی باری ئابوورییەوە لە دابەزیندا نەبێت».

لە پرۆژەیاساکەی یەکگرتوودا، کە هەردوو لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکەی دیکەش پێیان باشە، ئاماژە بۆ ئەوە کراوە، کە پێویستە لەکاتی وەرگرتنی پێشینەی هاوسەرگیریدا، کۆرو کچ وەک دوو کەسی سەربەخۆ مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێتو هەریەکەیان بڕی (٤) ملیۆن دیناری بۆ تەرخانبکرێت، بە وتەی سەمیر سەلیم؛ «ئێستا پرۆژەکە ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کراوە بۆ دیراسەکردنی لەلایەن لیژنەکانی پەرلەمانەوە».

داواکاری گشتیی بەدواداچوون بۆ هەواڵێکی رۆژنامە دەکات

رۆژنامە

داواکاری گشتیی لە سلێمانی، داوا لە دەستەی تۆماری داد بە مافی گشتیی دەکات؛ لەسەر بڵاوکردنەوەی هەواڵێکی رۆژنامە لێکۆڵینەوە بکاتو داواڵە حکومەتو پەرلەمانی کوردستان بکات لیژنەیەک بۆ لێکۆڵینەوە لەو بابەتە پێکبهێنرێت.

لەسەر بڵاوکردنەوەی هەواڵێکی رۆژنامە بەناونیشانی (رۆژانە زیاتر لە (٤٠٠) تانکەر نەوتی هەرێم رەوانەی ئێران دەکرێت)، بە نووسراوی ژمارە (٢٣٧) لە (٢٠١٠/٤/٢٠) فەرمانگەی داواکاری گشتیی لە سلێمانی، دەستەی تۆمارکردنی داوای مافی گشتیی سەر بە داواکاریێتی گشتیی، ئاگادار دەکاتەوە، کە چەند جارێک لە رۆژنامەو گۆڤارەکاندا باسی ناردنە دەرەوەی نەوتی هەرێم بەشێوەیەکی نایاسایی دەکرێت لەڕێگەی دەروازەی سنووریی باشماخەوەو هەروەک رۆژنامەی رۆژنامە، لە ژمارە (٥٧٨) لە (٢٠١٠/٤/٢٠) لەلاپەڕە (٣)دا ڕاپۆرتێکی بەناونیشانی رۆژانە (٤٠٠) تانکەر نەوتی هەرێم رەوانەی ئێران دەکرێت.

لە نووسراوەکەدا کە بەرواری هەمان رۆژی بڵاوکردنەوەی رۆژنامەکە دەبێت، ڕاپۆرتەکەی رۆژنامەی لەسەرەو ئیمزای لەیلا عەبدوڵڵا رەشید، بەرپرسی فەرمانگەی داواکاری گشتیی سلێمانی لەسەرە، داوا دەکات لەڕێی وەزارەتی داد-ەوە داوابکرێت لە ئەنجومەنی وەزیرانو پەرلەمانی کوردستان لیژنەیەک پێکبهێنرێت بۆ لێکۆڵینەوە لەو هەواڵەو لە ئەنجامەکەی ئاگاداریان بکەنەوە.

ئەمنو ئاسایش بەرقەرارە!

ئازاد جاڵاک

کاتێک باس لە ئەزموونی دیموکراسی دەکرێت، ئەوان کوردستان بە نموونە دەهێننەوە کە ئەو هەموو حیزبو راگەیاندنو رۆژنامەیەی تێدایە! کاتێک باسی بارودۆخی ولاتو ئەمنو ئاسایش دەکرێت لە عێراق کە چەند شێواوە، ئەوان باس لە سەقامگیریی ئەمنو ئاسایشی هەرێم دەکەنو پێیان باشە، هەروەک بنێشتەخۆشە بیجونەوەو دەڵێن، چ ویژدانێک ئەو هەموو پێشکەوتنو ئازادییە نادیدە دەگرێت، ئەوە نییە ئاسایشو ئازادیی لەهەرێم بەرقەرارەو کەس لەسەر بیروڕای جیا سزا نادرێت!

کاتێکیش باس لە سەروەتو سامانی گشتیی دەکرێتو داوا دەکرێت، کە بودجە بە روونی بۆ خەڵک ئاشکرا بکرێت، دەڵێن، ئیمە زۆر شتمان بۆ خەڵک کردووە، بەڵام دەبێت (حکومەتەکەی خۆمان) زیاتر خزمەتی (خەڵکەکەی خۆمان) بکات، بەڵام ئایا بۆ تائێستا نەیانکردووەو ئەو پارەو پولەیان چی لێکردووەو کەی ئەم خزمەتە دەکەنو چۆن؟ ئەمانە هەمووی هەر دەبێت وەک پرسیار، بەبێ وەڵام بمێننەوە!

لە چوارچێوەی ئەم فرەئازادییو فرەدیموکراسییەی لە هەرێمدا ئەمڕۆ بەرقەرارە، وا قەڵەمێکی دیکەو گەنجێکی دیکەو رۆژنامەنووسێکی دیکە لە سێبەری دەسەڵاتی هەرێمدا تیرۆرکرا، نەک هەر کەسوکارو هاوڕێیانی زانکۆو رۆژنامەنووسان خەمو پەژارەو ماتەمینی دایگرتوون، بەڵکو مێژوو ئەمڕۆ لەیەکێک لە لاپەڕە هەرەشەکانیدا دەنووسێت کە گەنجێکی دڵ پڕ لە هیوا بە دوارۆژێکی خۆش بۆ گەلو نیشتمانەکەی، گەنجێک کە لە روانگەی چاوە گەشەکانییەوە دنیای وا دەبینی کە کوردستان لانەو دایکەو قەڵەمو رۆژنامە جێژوانو مەنزلگا، مااڵئاوایی لێکردینو ئەرکی سەرشانی بۆ هاوبیرو هاوپێشەکانی بەجێهێشت.

ئەو پێی وابوو، خەمەکان چەند قورسو ناسۆربن، خەمی کاتینو دواییان دێتو هەر دەبێت ئەم حاڵو وەزعە بگۆڕدرێت.

(خۆشحاڵم کە هەمیشە شتێکم هەیە بۆ گوتنو کەسانێک کە نایانەوێت ببیستن، بەڵام هەر کاتێک ئێمە بە چرپە قسە دەکەین، ئەوا ئەوان گوێچکەکانیان نا ئارام دەبن. تا ئەو شوێنەی کە ماوین دەبێت قسە بکەین، لەو شوێنەش کە تەمەنمان کۆتاییهات، با هاوڕێکەم خاڵێکم بۆ دابنێتو بێتە سەر دێڕێکی نوێو سەرلەنوێ دەستپێبکاتەوە).

سەردەشت نەیدەزانی ئەو رۆژە فەرمانی تازە دەرچووەو دەزگائەمنییە حیزبییو حکومییەکان هەموویان ئیزن دراون، بەرپرسانی پشت پەردە بڕیاری مۆڵەتیان بە گشت بازگەکانی نێوان هەولێرو موسڵ داوە، ئەو رۆژە وڵات شامی شەریفەو پێویستی بە پشکنینی کەس نەبووەو لە کەسیشیان نەکۆڵیوەتەوەو داوای باجیشیان لە کەس نەکردووە! ئەو رۆژە هەرێم کشومات بێدەنگ، ئاهەنگی بەرقەراربوونی ئاسایشو پاراستنی ژیانی هاوڵاتییانی راگەیاندووەو بڕیاریشی داوە، هەموو سااڵێک لەو رۆژەداو لە رۆژی هەڵبژاردنداو لەبەردەم سندوقی دەنگداندا ئەو یادە بکاتەوە چونکە:

یادی بەدیهێنانی بەڵێنەکانیانە
یادی سەروەریی یاسایە
یادی بەرقەراربوونی ئاسایشو مافی مرۆڤە

یادی فەخرو شانازیی گەلی کوردە بە دەسەڵاتی خۆمااڵیی و حوکمی کوردییەوە.

رۆژنامە زانیاریی لەسەر باندە دەستگیرکراوەکەی سلێمانی بڵاودەکاتەوە

سیروان عەول

پاش ئەوەی سەرلەبەیانی دوێنێ دەزگا ئەمنییەکانی شاری سلێمانی لە گەڕەکی کانی سپیکە هەڵیانکوتایە سەر ماڵی باندێک، کە پێدەچێت لەپشت رفاندنی محەمەد شێخ تاهیری چوێسەوە بن، لە بەدواداچوونێکی رۆژنامەدا دەرکەوت کە ئەو باندە خەڵکی سلێمانی نینو دانیشتووی هەولێرنو لە (٤) کەس پێکهاتوون، ئەمە جگە لە ژنێکو (٢) منداڵو ماوەی (٥) مانگە چوونەتە ئەو گەڕەکە.

دراوسێکانی ماڵی (م) کە خاوەنی ئەو خانووە بووە، کە نەیانویست ناوی خۆیان ئاشکرابکەن، ئاماژەیان بەوەدا، کە کەس لەو ماوەیەدا هاتوچۆی نەدەکردن، بەاڵم ماوەی (٥) هەفتە خەریکی هەڵکەندن

ئەو خانووەی باندەکەی تێدا دەستگیرکرا

بوونو گڵێکی زۆریان هێنایە دەرەوە لەگەڵ ئەوەی ئەم خانووە ژێرزەمینی نەبوو و خاوەنی ئەو ماڵەش ئاماژەی بەوە داوە کە کاری کڕینو فرۆشتنی ئۆتۆمبێل دەکاتو پێشمەرگەشە، بەاڵم ژنەکەی ناوی خۆی پێنەوتوون.

یەکێکی دیکە لە دراوسێکانی، وتی: «دوای ئەوەی پۆلیس هەڵیکوتایە سەر ئەو ماڵە، چوومە ناو ئەو خانووە ئاسەواری خوێن دیاربوو لە ژێر ژووڕێکی پشتەوەشیان ژێرزەمینێکی دفن بوو، کە (٣) ژووری بچووکی تیا کرابوو».

دراوسێیەکی دیکەی ئەو ماڵە وتی: «رۆژی پێنجشەمە پێش ئەوەی محەمەدی شێخ تاهیری چوێسە بکوژرێت، (م) خاوەنی خانووەکەمان بینی مەڕێکی بە دەستەوە بوو، وتی ئەم مەڕە دەکەم بەخێر بەیانی خێرتان بۆ دەهێنم».

بەپێی زانیارییەکانی رۆژنامە، لە ژێرزەمینی ماڵەکەدا دەستگیراوە بەسەر (٨) کاڵشینکۆڤو (٥٨) مەخزەنو (٢٠) نارنجۆکدا.

دوای کۆنگرەی یەکێتی، پۆستی جێگری سەرۆکی هەرێم یەکلاییدەکرێتەوە

دلێر عەبدولخالق

(١٠) مانگ بەسەر هەڵبژاردنەوەی مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێم تێپەڕیوەو پۆستی جێگری سەرۆک، کە مافی یەکێتییە بە نادیاریی ماوەتەوە، سکرتێری رۆژنامەوانی کۆسرەت رەسوڵ، جێگری پێشووی سەرۆکی هەرێم رایدەگەیەنێت: «یەکێتی دوای کۆنگرە ئەو پۆستە یەکلاییدەکاتەوە».

بەپێی یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠٠٦) تایبەت بە هەمواری یەکەمی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم، بڕگەی دووەمو سێیەم تەرکیزکراوەتە سەر هەبوونی جێگری سەرۆکی هەرێمو دەسەاڵتەکانی، تێیدا هاتووە؛ «سەرۆکی هەرێم جێگرێکی دەبێتو هاوکاریی دەکات لە ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانیو لەکاتی ئامادەنەبوونیدا جێگەی ئەو دەگرێتەوەو هەر خۆشی جێگری فەرماندەی گشتیی هێزی پێشمەرگەیە، هاوکاتیش سەرۆکی هەرێم هەندێک لە ئەرکو دەسەاڵتەکانی خۆی بە جێگرەکەی دەدات».

لەگەڵ پەیوەستبوونی یاسای هەبوونی جێگری سەرۆکی هەرێم، لە هەمانکاتیشدا بوونی رێکەوتنامەی ستراتیژیی نێوان پارتیو یەکێتی، کە ئەو پۆستە وەک مافێک بۆ یەکێتی دەستەبەردەکات، لێدوانی بەرپرسانی پارتی ئەو دەردەخات، سەرۆکی هەرێم کۆک نییە لە دانانەوەی جێگرەکەی پێشووی، کە هاوکات جێگری یەکەمی سکرتێری گشتیی یەکێتییە.

پەیوەند بە چارەنووسی ئەو پۆستە، مەریوان مەسعود، سکرتێری رۆژنامەوانیی کۆسرەت رەسوڵ عەلی بۆ رۆژنامە وتی: «ئەوە پەیوەندیی بە سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو سکرتێری گشتییەوە هەیە، لەبارەی پۆستی جێگری سەرۆکی هەرێم، کە پێشتر پۆستەکان بە هاوبەشیو پەیوەندیدار بە هاوسەنگی هێزو جەماوەری هەردووالاوە بووە، مافی یەکێتییەو دوای سەرکەوتنی کۆنگرەی سێیەم، کە بڕیارە لە (٦/١)دا ببەسترێت، یەکلاییدەکرێتەوە».

بۆ وەرگرتنی دوایین هەڵوێستی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان لەمەڕ ئەو پرسە «رۆژنامە» لەچەند کەناڵێکی جیاوازەوە لە هەوڵی وەرگرتنی بۆ چوونی سەرۆکایەتی هەرێم بوو، بەاڵم هیچ زانیارییەک لەو رووەوە ڕانەگەیەنرا.

پارتی و یەکێتی لەسەر مەرجەعیەتی بڕیاردان لەناو ئیئتیلافە کوردستانییەکە ناکۆکن

هەستیار قادر

پەیڕەوی ناوخۆی ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان پەسەندکراو دوا مەرجەعیەتی بڕیاردان لەنێوان پەرلەمانی کوردستانو پۆستە سیادییەکانی کورد لە بەغدا کێشەی لەسەرە.

رۆژی یەکشەممەی رابردوو، بە ئامادەبوونی نوێنەرانی لیستی هاوپەیمانییو گۆڕانو یەکگرتوو و کۆمەڵ، کۆبوونەوەی ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان ئەنجامدراو مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێم لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا، پەسەندکردنی پەیڕەوی ناوخۆی فراکسیۆنە کوردستانییەکانی ڕاگەیاند.

هاوکات، بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست رۆژنامە کەوتوون، ناکۆکی لەنێوان ئەندامانی لیستی هاوپەیمانیی کوردستاندا هەیە سەبارەت بە خاڵی هەشتەمی ئەو پەیرەوە، کە تایبەتە بە دوامەرجەعی بڕیاردان لەسەر پرسە چارەنووسسازەکان کە دوابڕیار بدرێت بە پەرلەمانی کوردستان، یان پۆستە سیادییەکانی کورد لە بەغداو کامیان رۆڵی راوێژکاریان پێدەدرێت لە یەکلاییکردنەوەی ئەو پرسانەدا.

لەوبارەیەوە، شۆڕش حاجی پەرلەمانتاری دەرچووی لیستی گۆڕان بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کە ئامادەی ئەو کۆبوونەوانەی ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان بوو، بە رۆژنامەی ڕاگەیاند: «لە کۆبوونەوەکەی رۆژی دووشەممەدا پێمانوابوو، بۆئەوەی شەرعیەت بدرێت بە داموەزگا هەڵبژێردراوەکانی کوردستان، لە سەروو هەموویانەوە پەرلەمانی کوردستان، کە نوێنەری ڕاستەقینەی خەڵکەو تەحەمولی بەرپرسیارێتییەکان دەکاتو دوا ئەنجامی گفتوگۆکانیش لای پەرلەمانی کوردستان دەبێت».

شۆڕش حاجی ئاماژەی بەوەشدا، «رۆڵی سەرۆکایەتی هەرێمو پۆستە سیادییەکانی کورد لە بەغدا ڕاوێژ دەبێتو دوابڕیار لە پەرلەمانی کوردستان دەبێت».

حکومەت دەسەاڵتی بەسەر دەزگاکانی ئاسایش....

بوونی دیاردەی تیرۆرکردنی رۆژنامەنووسانو رفاندنو هەڕەشەکردن لە هاوڵاتیان لەکاتێکدایە، کە تائێستا دەزگاکانی ئاسایشی هەرێم لەژێر کۆنترۆڵی حیزبدان لە هەولێرو سلێمانیو حکومەت هیچ دەسەاڵتێکی بەسەر ئەو دەزگایانەدا نییەو لەدەرەوەی جیهازی حکومەتن.

د.جەعفەر عەلی، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان هەردوو دەزگای ئاسایشی هەولێرو سلێمانی بە بەرپرسی یەکەم دەزانێت لە م رووداوانەی ئەم دواییەی هەرێم.

ئەو پەرلەمانتارە، وتی: «دەزگاکانی ئاسایش لەدەرەوەی دەسەاڵتی حکومەتنو لەژێر هەژموونی تەواوی یەکێتیو پارتیدانو ئەوان ئاراستەیان دەکەن، ئەمەش وایکردووە ناجێگیریی لە بارودۆخی ئەمنیدا هەبێت.

تاریکیو تۆقاندن... هەوڵێر دادەپۆشێت

هەڵگورد سەمەد، ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری لڤین لە لیدوانێکیدا بۆ رۆژنامە رایگەیاند؛ لەڕێگەی ژمارە مۆبایلێکی ئاسیاسێلەوە نامەیەکی هەڕەشەئامێزم بۆ هاتو تیایدا هاتبوو: کە پێویستە واز لەو بانگهێشتکردنانەی رۆژنامەنووسان بهێنین بە مەبەستی کۆبوونەوەو ئیدانەکردنی شەهیدکردنی خویندکاری رۆژنامەنووس سەردەشت عوسمان، ئەگەرنا بۆ خۆتان سزا وەردەگرن دەچنە ریزی ئەوانی دیکە. هەڵگورد، باسی لەوەشکرد؛ ئەم هەڕەشانە دووڕە لە کێشەی تاکە کەسیو ئەوانەی دەیانەوێت بەم لاڕێیە بڕۆن هەڵەیەکی مێژوویی زۆر گەورە دەکەن، ئەم هەڕەشانە پەیوەستە بە ئازادیی رادەربڕینو وشەو قەڵەم، دەسەاڵتیش تاچەند خەمساردی ئەم مەسەلەیەبێت بۆ سومعەو لەکەداربوونی خۆی زەرەری هەیە.

هاوکات ڕێبین فەتاح، باسی لەوەکرد تاوەکو ئێستاش ئەم نامە هەڕەشەئامێزانە بەردەوامنو سەندیکای رۆژنامەنووسانو لایەنە پەیوەندیدارەکانمان ئاگادار کردووەتەوەو ئاسایشی هەولێریش بەڵێنی بەدواداچوونیان داوە.

بەاڵم هەڵگورد سەمەد، باس لەوەدەکات؛ لەگەڵ دەستپێکردنی ئەم هەڕەشانە، بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێریان ئاگادارکردووەتەوە، بەاڵم زۆر بە سستی وەاڵمیان دراوەتەوە، ئەگەر لەداهاتوودا ڕووبەڕووی کوشتنیش ببنەوە ئامادەنین ئەم بەرپرسە ئاگادارببکەنەوە.

رۆژنامە، هێزەکانی پۆلیسو ئاسایشی هەولێر بە بەرپرس دەزانێت لە پاراستنی گیانی رۆژنامەنووس (ڕێبین فەتاح) لەسەر ئەو هەڕەشانەی کە لێیدەکرێت، بۆیە بە پێویستی دەزانێت ئەو هێزانە هەموو ڕێوشوێنێکی پێویست بۆ پاراستنی بگرنەبەر.

پەیڕەوی ناوخۆی ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان

▯ یەکەم/ ناو:
ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان (ائتلاف الکتل الکوردستانیە).

▯ دووەم/ پێناسە:
١. ئیئتیلافێکی سیاسیو پەرلەمانییە لە نێوان فراکسیۆنەکانی (هاوپەیمانیی کوردستان، بزووتنەوەی گۆڕان، یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان، کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان) لە خۆلی دووەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا.
٢. ئیئتیلاف لەسەر بابەتە نەتەوایەتیو نیشتمانییەکان، یەکدەنگیو یەکهەڵوێستی تەواو هەبێتو سەبارەت بە بابەتەکانی تر، هەر لایەنێک لە بڕیاردان ئازاد بن.
٣. سەربەخۆیی هەریەک لە فراکسیۆنەکان لە ناو ئەنجومەنی نوێنەران پارێزراوە، هەروەها مافو ئەرکەکانیشیان پارێزراوە.

▯ سێیەم/ پێکهاتەی ئیئتیلاف:
أ) ئیئتیلاف پێکدێت لە (لیژنەی بـالاّ)و سـەرجـەم پـەرلـەمـانـتـارانی سەربەفراکسیۆنەکانی (ئیتلاف).
ب) (لـیـژنـەی بـالاّی ئیئتیلاف) پێکدێت لـەدوو نوێنەری هاوپەیمانی کوردستانیو نوێنەرێک بۆ هەریەک لە سێ فراکسیۆنەکانی تر.
ج) (لیژنەی بالاّی ئیئتیلاف) بەکۆمەڵ سەرکردایەتی دەکرێت(قیادە جماعی)
د) کۆتاکانی (ئێزیدیو شەبەک و کلدان سریان ئاشووری) بۆیان هەیە ببنە ئەندام لەم ئیئتیلافەدا.
هـ) (لیژنەی بالاّ) بۆی هەیە بەپێی پێویست راوێژکاری هەبێت لەبواری جیاجیاکاندا.

▯ چـوارەم/ ئەرکو دەسەلاّتەکانی لیژنەی بالاّ:
١. کـارکـردنو بـەدواداچـوون بۆ جێبەجێکردنی بە پەلەی (ماددەی ١٤٠) لە (کەرکووک)و ناوچە جێناکۆکیەکانی کوردستان.
٢. رێگرتن لە هەر هەموارکردنێکی دەستووری هەمیشەیی عێراق کە بڕێتە هۆی کەمکردنەوەی مافە دەستوورییەکانی کوردو خەڵکی کوردستان.
٣. ئـامـادەکـردنـی پێشنیازی پڕۆژەیاسای پێویست بۆ (ئەنجومەنی نوێنەران) کە خزمەت بە بەرژەوەندییە بالاّکانی خەڵکی عـێـراق بە گشتیو کوردستان بە تایبەتی بکات.
٤. لێکۆڵینەوەو گفتوگۆکردن لەسەر ئەو پڕۆژەو پێشنیازانەی دەخرێنەڕوو لە (ئەنجومەنی نوێنەران) کە پەیوەستن بە مافە نەتەوەییو دەستورییەکانی خەڵکی کوردستانو گەیشتن بە بڕیار لەسەری.
٥. چاودێریکردنی کـاری وەزیـرو بـڕیـکـاری وەزارەتـــە کـــوردەکـــانو کاربەدەستەکانی تر لە (بـەغـداد)و، ئەنجامدانی کۆبوونەوە لەگەڵیاندا بەپێی پێویست بۆ تاوتوێکردنی مەسەلەکانی پەیوەندیدار بە کوردستانو هەڵسەنگاندنی کارەکانیان، ئاگادارکردنی هەر یەک لە (سەرۆکی کۆمارو سەرۆکی هەرێمو سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان) لەو هەڵسەنگاندنەدا.
٦. پێویستە هیچ فراکسیۆنێک لە ئیئتیلاف لەسەر بوونی کەمتەرخەمی، بە ناهەق پشتگیری لە هیچ بەرپرسێکی حکومی خۆی نەکات لە (بەغداد).
٧. پەیوەندیکردن بە ئیئتیلافو لایەنە پەرلەمانیەکانی تری عێراقەوە بە مەبەستی هەماهەنگیو کاری هاوبەشو پەیداکردنی پشتیوانیو هاوکاری بۆ هەڵوێستە سیاسییەکانو ئەو پڕۆژەیاساو پێشنیازانەی ئیئتیلاف پێشکەشی بە (ئەنجومەنی نوێنەران)ی دەکات.
٨. راوێـژکـردن لەگەڵ بەرزترین پۆستی سیادیی کـوردی لە عێراقو سـەرۆکـی هـەرێـمو سەرۆکایەتیی پـەرلـەمـانـی کـوردسـتـان لـە پرسە چارەنووسسازەکاندا، ئـەوانـەی کە (لیژنەی بالاّ) بە کۆی دەنگ دەستنیشانیان دەکات کە چارەنووسسازن.
٩. ناردنی وێنەیەکی بڕیارەکانی (لیژنەی بالاّی ئیئتیلاف) بۆ (سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستانو سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان).

▯ پێنجەم/ کۆبوونەوەکان:
▯ کۆبوونەوەکانی (لیژنەی بالاّی ئیئتیلاف) دوو هەفتە جارێک دەبێت. کۆبووەنەوە لەگەڵ پەرلەمانتارانی سەر بە ئیئتیلاف مانگی جارێکە، هەروەها بەپێی پێویست کۆبوونەوەی نائاسایی ئەنجام دەدات.

▯ شەشەم/ بنەما سەرەکییەکانی لیژنەی بالاّی ئیئتیلاف:
١. لە هەموو بارودۆخێکدا پێویستە ئیئتیلاف یەکهەڵوێست بێت لە بەرامبەر پرسە چارەنووسسازەکان بەتایبەتی:
أ) جێبەجێکردنی (ماددەی ١٤٠).
ب) یاسای نـەوتو گـاز وەک لە پرۆژەی کارنامەی ئیئتیلاف، رێککەوتنی لەسەر کراوە.
ج) هـێـزی پێشمەرگە هێزێکی یەکگرتوو بێتو سـەر بە حکومەتی هەرێمی کوردستان بێت.
د) کـارکـردن بـۆ هێشتنەوەی پرەنسیپی تەوافوقی نیشتمانیو سیاسی لە عێراقدا.
ه) بەرگریکردن لە بەشە بودجەی هەرێمی کـوردسـتـانو داکۆکیکردن لەوەی کە بودجەی عێراقو کوردستان شەفاف بێت.
٢. پاراستنی سەربەخۆیی تەواوی هـەر یـەک لـە فراکسیۆنەکان لـە ناو (ئەنجومەنی نوێنەران)و، هەر یەکێکیان ئازادە لە کارو چالاکیو پەیوەندییەکانو رادەربڕینو گفتوگۆکانی ناو (ئەنجومەنی نوێنەران) بە مەرجێک دژی ئامانجەکانی ئەم ئیئتیلافە نەبێ.
٣. بڕیاردان لە ناو ئیئتیلاف بە کۆی دەنگ دەبێت لەسەر بنەمای تەوافوق.
٤. ئیئتیلاف بە یەکەوە بەشداری لە حکومەتی عێراقو دەزگاکانی دەکات، دابەشکردنی پۆستەکانی کەبەر ئیئتیلاف دەکەوێت بەرێکەوتنی نێوان سەرکردایەتی لیستەکان بەرەچاوکردنی ئیستحقاقی هەڵبژاردنو سیستەمی خاڵ دەبێتو هەر لایەنێک خاڵەکانی هێندەی بەدەست هێنانی پۆستی وەزیر نەبوو بەپێی خاڵەکانی پۆستی تری بەردەکەوێت.
٥. کاندیدکردنی هەرکەسێک بۆ هەر پۆستێک لەسەر بنەمای پاکیو شارەزاییو لێوەشاوەیی دەبێت.
٦. هەر مـافـو ئیمتیازاتێکی بەر کوردستان دەکەوێت، بە هەمان پێوەری خاڵی چوارەم دابەش دەکرێت.

▯ حـەوتـەم/ هـەڵـوەشـانـدنـەوەی ئیئتیلاف:
لەم حاڵەتانەی خـوارەوە ئیئتیلاف هەڵدەوەشێتەوە:
١. پابەند نەبوون بەو بنەمایانە کە لە برگەی (شەشەم)دا هاتوون.
٢. کشانەوەی سێ لە فراکسیۆنە پێکهاتەکانی ئەم ئیئتیلافە.

تێبیـنی:
▯ پێویستە هەلومەرجی کوردستان ئاسایی بکـرێـتـەوەو هـەمـوو جـۆرە سزایەکی سیاسی بە بڕیارێکی سیاسی هەڵوەشێتەوە.

بۆ یەکەمجار، کورد بە بەرنامە دەچێتە بەغدا

راپۆرتی: شارا عەبدولڕەحمان

چاودێران بۆچوونیان وایە، پێکهێنانی لیژنەیەک لە چـوار لیستە براوەکەی کوردستان، دەستپێکی قۆناغێکی تازەی کارکردنی کوردە لەگەڵ بەغدا و یەکەمجارە کورد بە ئەجێندایەکی نیشتمانییەوە بچێتە بەغدا.

پێویستی بوونی ئیئتیلافی لیستە کوردییەکان

قۆناغی ئێستای کوردستان هەستیارو چارەنووسسازە، بەوپێیەی هەڵبژاردنی (٣/٧)ی عێراق هاوکێشە سیاسییەکانی عێراقو کوردستانی گـۆڕیو دۆخێکی تـەواو جـیـاوازی هێنایە پێشەوە، کە هاوپەیمانییو هێزی نوێ دەرکەوتنو حکومەتی چاوەڕوانکراو جیاواز دەبێت لە حکومەتی پێشوو، ئەمەش پێویستی بە میکانیزمو شێوازی نوێو جیاوازە بۆ کارکردن، چونکە زۆر مەسەلەی گرنگی وەک ناوچەدابڕاوەکان، کێشەی پێشمەرگە، بودجە، یاسای گازو نـەوتو سنووری هەرێمی کوردستان بە هەڵپەسێردراویی ماونەتەوە، هەربۆیە پێویستی بەکاری جدییو یەکڕیزییو یەکهەڵوێستیی کورد هەیە.

د.نـــوری تـاڵـەبـانـی، کەسایەتی سەربەخۆو سیاسەتمەدار، وتی: «لایەنە کوردستانییەکان وەختێک دەکەونە گفتوگۆکردن لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی عێراقدا، پێویستە بەو شێوازە گفتوگۆیان لەگەڵدا بکەن وەک ئەوەی لە دەستووری عێراقدا چەسپێنراوە، بۆ ئەو مەبەستەش پێکهێنانی ئیئتیلافێکی کوردستانیی زۆر گرنگە».

نوری تاڵەبانی پێ لەسەر شەفافبوونی ئەو هەوڵەی سەرۆکایەتی هەرێمو لیستە براوەکان دادەگرێتو دەڵێت: «پێویستیشە ئەو رێکەوتنامانەی کە لەنێوان ئەو ئیئتیلافەو لایەنە عێراقییەکاندا پەسەند دەکرێن، بڵاوبکرێنەوەو هەموو لایەنەکان لێی ئاگاداربن، بۆئەوەی کارەکە وەکو چەند ساڵی رابردووی لێنەیەت، کە پەیوەندییەکە لەنێوان حیزبو چەند کەسێکی دیاریکراودا بووە».

لیژنەکانی ساڵانی رابردوو

سەرکردە سیاسییەکانی کوردستان بـــەردەوام بـاس لـــەوە دەکـــەن، کە لـە رابـــردووشـــدا لـەســەر مەسەلە چارەنووسسازەکان گفتوگۆی چرووپڕ کراوەو لیژنە پێکهێنراوە، بەڵام خەڵکی کوردستان لە ناوەڕۆکی ئەو گفتوگۆیانەو ئەو بڕیارانە ئاگادارنەکراونەتەوە، کە لە کۆبوونەوەکاندا قسەیان لێکراوە.

سـەعـدی پـیـرە، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بە رۆژنامەی راگەیاند: هەموو ساڵێک لیژنە هەبووەو گفتوگۆی کردووە، بەڵام من پێموانییە حیکمەتی سەرکەوتنو سەرنەکەوتن لە لیژنەدا بووبێت، بەڵکو حیکمەتی سەرکەوتن لەوەدایە کە بەرنامە هەبێتو پرۆتۆکۆڵ بنووسرێتەوە لەگەڵ ئەو لایەنانەی کە قسەیان لەگەڵدا دەکرێت.

ئاکۆ حەمەکەریم، مامۆستای زانستە سیاسییەکانی زانکۆی سلێمانی، پێیوایە؛ بەشێک لە کێشەو ئاستەنگەکانی کورد لە بەغدا لە رابردوودا دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی مەرجەع، ئەجێندا، کارنامەو نەخشەی ڕێگا، یاخود نەبوونی ستراتیژو پلانی دیاریکراو بۆ کارکردن، «ئەگەر هەشبووبێت لاوازو تاکلایەنەو بێ مەرجەعی شەرعی بووە، بۆیە دەکرێت ئەم ئیئتیلافە کوردستانییە بە هەماهەنگی هەموو لایەنەکان بەشداری راستەقینە بێت لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیار لە بەغدا سەبارەت بەو مەسەلانەی کە پەیوەستن بە کوردەوە».

کورد بە بەرنامەوە دەچێتە بەغدا

وێڕای ئەوەی کە ئاماژە بە بوونی لیژنە دەکرێت لە ساڵانی رابردوودا، کە گفتوگۆی جدیی لەسەر مەسەلە چارەنووسسازەکان کرابێت، بەڵام بە بڕوای ئەندامێکی ئەو ئیئتیلافە کوردستانییەی کە ئێستا لە هەرێم پێکهێنراوە، یەکەمجارە کورد بە بەرنامەوە دەچێتە بەغدا.

حاکم لەتیف شێخ مستەفا، کاندیدی سەرکەوتووی لیستی گۆڕان بە ڕۆژنامەی راگەیاند: لەنێوان لیستە براوەکانی کـوردسـتـانـدا بـەرنـامـە داڕێـــژراوەو بڕیاردراوە کە هەموو هاوهەڵوێست بن، هاوکات پەیڕەوێکی ناوخۆی کارکردنیش نـووسـراوەتـەوە کە ڕوڵـی کاریگەری دەبێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، بەتایبەتیش کە لەو پـەیـڕەوەدا هەموو لایەنەکان یەکسانن لە سەرۆکایەتیکردنو بـڕیـاردان، بەمەش لایەنی بچووکو گـەورە نامێنێت، پاشکۆیەتی نەمێنێت، هەموو ئەو مەسەلانەی کە نیشتمانین بە کۆدەنگی بڕیاریان لەسەر دەدرێت، واتە ئەمە وادەکات کە ئەو شێوازەی رابردوو بگۆڕێت بۆ شێوازێکی نەتەوەیی، نەک حیزبیی».

راگەیاندنی ئیئتلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان

فۆتۆ: KRP

یەکڕیزیی گرنگە

بوونی کورد لە ئیئتیلافێکداو بڕیاردان لەسەر مەسەلە چارەنووسسازەکان بە تێکڕای نوێنەرانی لیژنە براوەکانی هەڵبژاردن، گرنگیی پرۆسەی سیاسیی لە هەرێمدا دەسەلمێنێتو ڕێگە خۆشدەکات بۆ بەدەستهێنانی مافە نەتەوایەتییەکان.

جەمال مۆرتکە، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان، بـە ڕۆژنـامـەی راگـەیـانـد: «پێویستە بـۆچـوونـو هەوڵەکانمان لەپێناوی دابینکردنی دەستکەوتەکان بێت بۆ خزمەتی نەتەوەکەمان، بەتایبەت کە ئەمڕۆ لە عێراقدا گرژیی دەکەوێتە سەر مەسەلەی نەتەوەییو مەزهەبی، کوردیش لـەهـەردوو ڕووەکـــەوە کێشەی هەیە، بۆیە دەبێت بۆچوونەکان یەکبخرێن، بـۆئـەوەی میللەتەکەمان دەستکەوت بەدەستبهێنێت، لەئێستاشداو لەو واقیعەی کە هەیە ئۆپۆزسیۆنو دەسەلاّت سەرقاڵی پێکهێنانی لیژنەیەکن زۆر گرنگەو دەبوو پێشتریش ئەوە بکرایە».

گەڕانەوە بۆ پەرلەمانی کوردستان

لە یەکێک لە برگەکانی پەیڕەوی ناوخۆی ئیئتیلافی لیستە کوردییەکاندا، ئاماژە بەوەکراوە کە ئەو بڕیارانەی ئەو ئیئتیلافە لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەیدات‌و لەسەری ڕێکدەکەوێت، وێنەیەکی بۆ سەرۆکایەتی هەرێمو وێنەیەکی بۆ پەرلەمانی کوردستان بنێرێت.

ئاکۆ حەمە کەریم، دەڵێت: زۆر پێویستە پەرلەمانی کوردستان بەشداریی بکات لە دارشتنو بـڕیـاردان لەهەر بڕیارو مەسەلەیەک، کە پەیوەندیی هەبێت بە هەرێمی کـوردسـتـانـەوە، «چونکە لەلایەکەوە نوێنەرایەتی هەموو هاوڵاتییانی کوردستان دەکات بەهەموو لایەن‌و حیزبە جیاوازەکانەوە، لەلایەکی دیکەشەوە پرۆسەی دروستکردنی بڕیار لە چنگی چەند سیاسییەکو مەکتەبی سیاسیی حیزبەکان دەردێنێتو دەیگەڕێنێتەوە بۆ پەرلەمان، کە مەرجەعی شەرعی خەڵکی کوردستانە، ئەمەش شێوازێکی سیستماتیکی دەستووریی دروستدەکات بۆ پرۆسەی سیاسیی لە کوردستان‌و ڕێـدەگـرێـت لـەهـەر لادان‌و سـازش‌و بڕیاردانێکی تاکلایەنە یاخود بێ بنەما».

ئۆپۆزسیۆن ڕۆڵی بینی

د.نـوری تاڵەبانی دەڵێت بارودۆخی سیاسیی ئەم قۆناغەی هەرێمی کوردستان جیاوازەو ئۆپۆزسیۆنێکی ئەکتیڤ هەیەو بوونی ئەو ئۆپۆزسیۆنەش کاریگەریی زۆری هەیە لەسەر پێکهێنانی ئیئتیلافەکەو پەیوەندیی نێوان لایەنە سیاسییەکانی عێراق‌و کوردستان».

هـاوکـات، حاکم شێخ لەتیف، وتی: «هەموو لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن ڕۆڵێکی زۆریـان هەبووە لە دروستکردنی ئەم قـۆنـاغـەدا، بـەڵام خۆشبەختانەش کە لایەنی دەسەڵات بەپیر ئەوەوە هاتووە، چونکە دەزانـن کە کارکردنی رابـردوو زیانی هەبووە بۆ خۆشیان‌و بۆ مەسەلە نەتەوایەتییەکانیش».

داواکاری گشتیی‌و سەرۆکایەتی هەرێم کـار بـە یـاسـای رۆژنـامـەگـەریـی نـاکـەن

هەولێر- ئاوارە حەمید

لەسەر داوای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، داواکاری گشتیی دۆسیەیەک لەسەر سەرنووسەری گۆڤاری لقین لە دادگای لێکۆڵینەوەی هەولێر دەجوولێنێت بە پێچەوانەی یاسای کاری رۆژنامەگەرییەوەو بەپێی مادەی (٤٣٣) لە یاسای سزادانی عێراقی سکالا تۆماردەکەن.

دوای ئەوەی لە ژمارە (١٠٤)ی گۆڤاری لقین بابەتیک لەسەر مووچەی سەرۆکی هـەرێـم بـلاوکـرایـەوە، لەسەر سکالای سەرۆکایەتی هەرێم، رۆژی یەکشەممە (٥/٩) ئەحمەد میرە، سەرنووسەرو خاوەن ئیمتیازی گۆڤاری لقین، لە دادگای لێکۆڵینەوەی هەولێر ئامادەبوو بەمەستی وەرگرتنی وتەو لێکۆڵینەوە سەبارەت بەو نووسینەی لەسەر مووچەی سەرۆکی هـەرێـم بـلاویـان کـردبـووەوەو دوای وەرگرتنی رای ئەحمەد میرەو لێکۆڵینەوە، دادگـا بڕیاریدا بە کەفالەتی (١) ملیۆن دیناری عێراقی تاکو رۆژی دادگاییکردن سکالالێکراو ئازادبکرێت.

ئەحمەد میرە مۆری ١٠ پەنجەکەی پێدەکرێت

ئەحمەد میرە، سەرنووسەری گۆڤاری لقین، بە رۆژنـامـەی ڕاگەیاند: کارێکی ڕابردوو بینیمان، بەڵام کێشەکە لەوەدایە سەرۆکایەتی هەرێم ئەم داوایەی تۆماری کردبوو بە مادەی (٤٣٣) لە یاسای سزادانی عێراقی، لەکاتێکدا لە کوردستان یاسای رۆژنامەگەریمان هەیە، کە لە پەرلەمانی کوردستان دەرچـووەو سەرۆکی هەرێم واژۆی لەسەر کردووە.

سەبارەت بە جوولاندنی داواکە لەلایەن داواکاری گشتییەوە، سەرنووسەری گۆڤاری لقین وتـی: «رۆژنامەنووسان چەندین مەلەفی گەندەڵیی ئاشکرادەکەنو ئەمڕۆ لە کوردستان بوونیان هەیە، داواکاری گشتیی پشتگوێیان دەخـاتو نایەتە قسە، بەڵام لەسەر سەرۆکی هەرێم دێتە قسەو سکالا تۆمار دەکات، کە ئەرکی ئەو نییە، بۆیە داوا لە داواکاری گشتیی دەکەم کە سکالاکەی بکێشێتەوە.

لەبەرامبەردا جەمال حسێن، ئەندامی ئەنجومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسان، نیگەرانیی خۆی نیشاندا لەوەی سەرۆکایەتی هەرێم کـار بە یاسای رۆژنامەگەریی ناکاتو پەنا دەباتە بەر یاسای سزادانی باشە کە بەرپرسانی هەرێم رابێن لەسەر ئەوەی کە کێشەکانیان لە ڕێگەی یاساو دادگا یەکلایی بکەنەوە، نەک ئەوەی پەنا ببەنە بەر تیرۆرو کوشتن، وەک ئەوەی لە عێراقی، ئاماژەی بەوەشکرد؛ دەرکردنی فەرمانی گرتنی سـەرنـووسـەری لقین هەڵەیەکی دیکەیە، چونکە ئێجگار ئەو کەسە ئاگادارکراوەتەوە، بەپێی یاساش ئەگەر دووجار کەسێک ئاگاداربکرێتەوەو ئامادەی دادگاییکردنەکە نەبێت، ئەوکاتە فەرمانی گرتن دەردەکرێت، لەکاتێکدا بەپێی یاسای کـاری رۆژنامەگەریی رۆژنامەنووس دەستگیر ناکرێت.

بە وتـەی جەمال حسێن، پارێزەری سەرنووسەری لقین، داوای لە دادوەر کـردووە مـادەی تۆمەتەکەی لە مادەی (٤٣٣)ی سزادانی عێراقییەوە بگۆڕدرێت بۆ مادەی (٩) لە یاسای رۆژنامەگەریو دادگاییکردنەکە بگوازرێتەوە بۆ دادگای سلێمانی، وتـیـشـی: «بـەپـێـی یاسای رۆژنامەگەریی ئەگەر تۆمەتی ناوزڕاندنو تەشهیریش بەسەر رۆژنامەنووسدا لە دادگا سەلمێنرا، رۆژنامەنووس تەنیا غەرامە دەکرێت، بـەڵام بەپێی یاسای سزادانی عێراقی پێدەچێت تۆمەتبار غەرامەو بەندیش بکرێت».

ناڕەزاییەکان، بڕیاری ئاسایسێڵ دەگۆڕێت

ڕۆژنامە

دوای ئەوەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە گەرمیان کەمپەینێکیان لەدژی زیادکردنی نرخی قسەکردنی مۆبایلی ئاسایسێڵ ڕاگەیاند، لە دوێنێوە ئەو کۆمپانیایە دەستی کردووە بە ژمارەیەک گۆڕانکاریی لە سیستمەکەیدا.

عەدنان قوربانی، وتەبێژی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە گەرمیان بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: دوای ئەوەی کە نرخی قسەکردن لە دۆلارەوە بووە دینار، نزیکەی (٢٠) هەزار یاداشتنامەی ناڕەزاییمان بەناو خەڵکدا بڵاوکردەوەو داوامانکرد کە بۆماوەی (٢) کاتژمێر مۆبایلەکانیان بکوژێنەوە، دوای ئەنجامدانی ئەو چالاکییە مەدەنییە، وەفدێکی ئاسایسێڵ سەردانی کردینو بڕیاری چەند خزمەتگوزارییەکی نوێی دا کە بەشێک لە داواکارییەکانی ئێمەی تێدایە.

دوێنێ لە کورتە نامەدا، کۆمپانیای ئاسیاسێڵ بە بڕی (١٠٠) دەقیقە سەرجەم بەشداربووە (چوار) سەنتەکانی خۆی خەڵاتکردو بڕیاریشیدا کە کارتی (پێنج هەزاریو دە هەزار) دیناری بە نرخێکی کەمتر بداتە بریکارەکانی، تا ئەوانیش بە نرخی خۆی واتە بە (٥٠٠٠، ١٠٠٠٠) دینار کارتەکانی پڕکردنەوەی بالانس بفرۆشن.

د.دیاری ئەحمەد، بەڕێوەبەری جێبەجێکار لە کۆمپانیای ئاسیاسێڵ بۆ ڕۆژنامە وتی: «ئێمە بەردەوام چاومان لە خزمەتگوزاریی زیاترە بۆ بەشداربووەکانمان، پێدانی (١٠٠) دەقیقەش بۆ بەشداربووانی سیمکارتی (٤) سەنت، مانای ئەوە نییە کە پاداشتمان بۆ بەشداربووانی سیمکارتی (٨) سەنت پێ نییە، بەڵکو بۆ سەرجەم بەشداربووانمان چەند پاداشتێک بەڕێوەیەو لە چەند ڕۆژی داهاتوودا یەک بەیەک ئاشکرایان دەکەین».

پارێزەرانی سلێمانی، ٤ ڕۆژ هەڵوێست وەردەگرن

سۆکار عەبدوڵڵا

پارێزەرانی پارێزگای سلێمانی تا ڕۆژی هەینی هیچ داوایەکی یاسایی نابێنو کارەکانیان ڕادەگـرن وەک هەڵوێستێک بەرامبەر تیرۆرکردنی ڕۆژنامەنووسانو ڕفاندنو ئازاردانی خەڵکیو بڕیاریشیانداوە بەشداریی لە خۆپیشاندانی ڕۆژی چوارشەممەی سلێمانیدا بکەن.

بـوڕهـان ڕەشـیـد، سـەرۆکـی لقی پارێزگای سلێمانی سەندیکای پارێزەران بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «لە کۆبوونەوەی پارێزەراندا، کە تایبەت بوو بەو بارودۆخە خراپەی بەسەر هەرێمدا هاتووە، لە تیرۆرو ڕفاندنی ڕۆژنامەنووسو خەڵکی مەدەنیو خەریکە ئەو حاڵەتە دەبێتە دیاردەیەکی قێزەونو وەک هەڵوێستێک هەتا ڕۆژی هەینی پارێزەران دەعوا نابێنن و ئەم دەعوا نەبینینەش بەهیچ شێوەیەک ئاراستەی دادگا نییە، بەڵکو بۆ مافی گشتییەو بۆ ئەوەیە سنووردێک بۆ تیرۆرو تۆقاندن لەم وڵاتەدا دابنرێت»و داواشـی لەهەموو خەڵکی کوردستان کرد لەو بارەیەوە هەڵوێستیان هەبێت».

هاوکات پارێزەر ستار خوارەحم، ئاماژەی بەوەکرد، ڕێنمایی چووە بۆ هەموو دادگاکان، کە پارێزەران؛ داواکان نەبینن وەکو هەڵوێستێکو بەشداریکردن لەو کەمپەینەی کە دەستی پێکردووە دواکەوتنی ئەو داوایانەش بەرژەوەندیی گشتیی تێدایە، چونکە دروستبوونی ئەو بارودۆخە نائارامە پەیوەندیی بە هەموو تاکێکی کۆمەڵگەوە هەیە، لەبەرئەوە دواکەوتنی داواکـان کاریگەرییەکی ئەوتۆی نابێت».

پارێزەران ئاماژە بەوەشدەکەن، نائارامیی بارودۆخەکەکاریگەریی بەسەر تاک بەتاکی خەڵکی کوردستانەوەیەو تووشی دڵەڕاوکێیان دەکات.

پـارێـزەر بەختیار حەمەسەعید، پێیوایە؛ نائارامیی بارودۆخی هەرێم کاریگەریی ئابووریو سیاسیی دەبێتو هەرێمەکەمان تائێستا بە هەرێمێکی ئارام ناوبراوە، ئەم دۆخە ئەو ڕووە جوانەمان ناشرین دەکاتو حکومەتیش لەو بارودۆخە بەرپرسەو پاراستنی ئاسایشو ئەمنییەتی خەڵکی لە ئەستۆی ئەواندایە».

هـەروەک بـە وتـەی زۆربـەی پارێزەران، وەک چۆن ئەوان بەرگریی لەمافی خەڵکی دەکەن، ئاواش پێویستە لەم کەمپەینو هەڵوێستانەدا بەشداریی بکەنو بەرگریی لەمافی مرۆڤو مافی ڕۆژنامەنووسانو هاوڵاتییانو ئارامییو ئاسایشی هەرێم بکەن.

لە سلێمانی دژ بە لەسێدارەدان خۆپیشاندان دەکرێت

بەرهەم خالید

کۆمەڵێک لە چالاکوانانی مەدەنیو ڕۆشنبیران لە پارکی ئازادیی سلێمانی مانگرتنێکی سێ ڕۆژەیان ڕاگەیاند، ئەوەش وەک نارەزایی دەربڕین دژ بە لە سێدارەدانی (پێنج زیندانی سیاسیی) لە ئێران، بڕیارپشە ئەمڕۆ لە سلێمانی خۆپیشاندانێک بۆ هەمان مەبەست ڕێکبخرێت.

ئەو کەمپەینە دوای ئەوە هات، کە ڕۆژی (٩)ی ئەم مانگە حکومەتی ئێران ئەو پێنج کەسەی بە تۆمەتی سیاسیی لەسێدارە دا، کە چواریان کوردنو لە نێویاندا کچە کوردێکی تێدایە.

لەو کەمپەینەدا ئیدانەی لە سێدارەدانی ئەو کوردانە کراو داواکرا کە ڕێگە لە دووبارەبوونەوەی ئەو سزایە بگیرێت، جەمال حاجی، ڕۆژنامەنووسو بەشداری ئەو مانگرتنە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: بەنیازن ئەمڕۆ خۆپیشاندانێک بۆ هەمان مەبەست ئەنجام بدەنو وتی: «کۆبوونەوەکەی پارکی ئازادیی بۆ دەربڕینی نارەزاییە دژ بە لەسێدارەدانی ئەو زیندانییە سیاسییانەو ئەم کۆبوونەوەو مانگرتنەش ماوەی سێ ڕۆژ دەخایەنێت».

هاوکات دوێنێش خوێندکارانی زانکۆی میللی لە تاران خۆپیشاندانێکیان دژ بە لە سێدارەدانی ئەو پێنج کەسە سازکردو داواش لە نەتەوەیەکگرتووەکانو کۆمسیۆنی مافی مرۆڤی نێودەوڵەتی کراوە ئیدانەی ئەو کارە بکاتو ڕێگە لە دووبارەبوونەوەی بگرێت.

(٢٦) هەزار خێزانی هاوردەی عەرەب، کەرکوک جێناهێڵن

ڕاپۆرتی، پشتیوان سەعدوڵڵا

لەماوەی سێ ساڵی ڕابـردوودا زیاتر لە (١٠) هەزار خێزانی عەرەبی هاوردە لە سنووری پارێزگای کەرکوک قەرەبووکراونەتەوە، بەڵام زۆربەی ئەو خێزانە هاوردانە نەگەڕاونەتەوە ناوچـەکـانـی خـۆیـانو تائێستاش نیشتەجێی کەرکوکن.

لە سنووری پارێزگای کەرکوک (٢٦٤٧١) خێزانی عەرەبی هاوردە هەن، کە دەکاتە (٢١٤٦٩٨) کەسو (١٦١٠٤) کەسیان فەرمانبەرن، لـەو ژمارەیە تائێستا زیاتر لە (١٠) هـەزار خێزان قـەرەبـووکـراونـەتـەوە، (٢٠) قۆناغی چەکی قەرەبووکردنەوە بەسەر عەرەبی هاوردەو ئاوارەکاندا دابەشکراوە.

ئـەحـمـەد عـەسـکـەری، ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، باس لەوەدەکات، بەپێی مادەی (١٤٠) هەر عەرەبێکی هـاوردە قەرەبووکرایەوە، دەبێت بگەڕێنرێتەوە بۆ ئەو شوێنەی لـێـوەی هـاتـووە، کـەچـی تائێستا زۆربەی ئەوانەی قەرەبووکراونەتەوە نـەگـەڕاونـەتـەوەو لـە کـەرکـوکـدا نیشتەجێن.

بەپێی بڕیاری ژمارە (٣)ی لیژنەی باڵای جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠)، کە لە (٢٠٠٧/٢/٤) دەرچووە گەڕاندنەوەی هەموو خێزانە هـاوردەکـان بۆ ئەو ناوچانەی ناکۆکییان لەسەرەو مادەی (١٤٠) دەیانگرێتەوە، بەتایبەتی پارێزگای کـەرکـوک بـۆ ناوچەکانی پێشووی خۆیان کە لێوەی هاتوون، لە ئەنجامی سیاسەتەکانی ڕژێمی پێشوو لەماوەی نێوان (١٩٦٨/٧/١٧) تا (٢٠٠٣/٤/٩) بەم ئالیەتە (بڕی ٢٠ ملیۆن دیناریان پێبدرێت لەگەڵ پارچەیەک زەوی لە ناوچە ڕەسەنەکانی خۆیان، گواستنەوەی تۆماری هەموو خێزانە هاوردەکان لە فەرمانگەکانی بـاری شارستانی لەو ناوچانەی ناکۆکییان لەسەرە بۆ فەرمانگەکانی باری کەسێتی لە ناوچە ڕەسەنەکانی خۆیان، گواستنەوەی فۆرمی خۆراکیان، گواستنەوەی هەموو بەڵگە ڕەسمییەکانیان).

بە بـڕوای موعتەسەم نەجمەدین، چاودێری سیاسیی لە کەرکوک، ئیدارەی کـوردی زۆر بە «نەزانانە» مامەڵەی لـەگـەڵ ئـەو مەسەلەیەدا کـردووەو تائێستا بە جدیی کاری بۆ گەڕاندنەوەی عەرەبی هاوردە نەکردووە، بەرپرسانی کورد لە کەرکوک ئەوەندەی بەدوای بـەرژەوەنـدیـی شەخسییەوە بـوون، ئەوەندە هەوڵی چارەسەری کێشەکانیان نەداوە، هیچ لایەنێکی حکومیی نییە کە ئەو خێزانە هاوردانە ناچاربکات بۆ گەڕاندنەوەیان.

وتیشی: «عـەرەبـە هـاوردەکـان قەرەبووەکە وەردەگـرنو ناگەڕێنەوە بۆ ناوچەکانی خۆیان، ڕێژەی عەرەبی هاوردە بەردەوام زیادەدەکات، حکومەتی عێراق لە بری گەڕاندنەوەیان ڕۆژانە بە بیانووی جیاواز دەیان خێزانی عەرەب لە ناوچەکانی باشوورو ناوەڕاستەوە دەهێنێتە کەرکوک، ئاراستەی سیاسەتی بە عەرەبکردن لە کەرکوک تائێستا بـەردەوامـە، نـەگـەڕاندنـەوەشـیـان کاریگەریی خراپی لەسەر ڕەوشی سیاسیی کەرکوک دروستکردووە».

هەوڵێکی مەترسیدار لەسەر هەمواری یاسای رۆژنامەوانی هەیە

پەرلەمان دەرگای لە رۆژنامەنووسان قفڵدا

ڕاپۆرتی: سەنگەر جەمال

قەدەغەکردنی ئامادەبوونی ڕاگەیاندنکاران لە دانیشتنەکانی پەرلەمانی کوردستاندا بە هەوڵێک دادەنرێت بۆ بەرتەسککردنەوەی ئازادیی رۆژنامەوانی، ئەوە لەکاتێکدایە هەست بە بوونی هەوڵ دەکرێت بۆ هەموارکردنەوەی یاسای رۆژنامەنووسی، کە لە خولی ڕابردووی پەرلەماندا پەسەندکرا.

ڕێگرییەکەی پەرلەمان

دوای ڕوومالکردنو گواستنەوەی دانیشتنەکانی پەرلەمانی کوردستان لەلایەن رۆژنامەنووسانی کەناڵە جیاجیاکانەوە، لە سەروبەندی گفتوگۆکانی بودجەی ساڵی (٢٠١٠)ی هەرێمدا، سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا ئامادەبوونی رۆژنامەنووسان لە هۆڵی پەرلەماندا قەدەغە بکرێت، ئەوەش بە هەنگاوێک دادەنرێت بۆ کەمکردنەوەی ئازادیی رۆژنامەوانیو دانانی بەربەستو فلتەر لە بەردەمیاندا.

سامان بەشارەتی، یەکێک لەو رۆژنامەنووسە مەیدانیانەی بۆ ڕوومالکردنی دانیشتنەکان، بەردەوام سەردانی تەلاری پەرلەمانی کوردستان دەکات، ئاماژەی بە نیگەرانی خۆیو رۆژنامەنووسەکان کردو پێیوایە؛ دوای ئەو بڕیارەی سەرۆکایەتی پەرلەمان ئاستەنگو گرفتی زۆریان بۆ دروستبووەو ناتوانن وەک پێویست ڕوومالی دانیشتنەکانی پەرلەمان بکەنو کارە رۆژنامەوانییەکانیان ئەنجامبدەن، لە لێدوانێکیشیدا بۆ رۆژنامە وتی: «پێشتر بەشێوەیەکی شەفافانە گفتوگۆکانمان ڕوومـاڵ دەکـردو بۆ خەڵکمان دەگواستەوە، بەڵام دوای ئەو ڕێگرییە، ناتوانین وەک پێویستو بەشێوەیەکی پیشەیی کارەکانمان بکەین».

ئەو هەڵوێستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بووەتە جێی نیگەرانیزۆربەی رۆژنامەنووسانو هەوڵیشیانداوە ئەو ڕێگرییە نەکرێت، بەوپێیەی بەپێی یاسای رۆژنامەنووسی کە خودی پەرلەمان دەریکردووەرۆژنامەنووسان ئازادن لە ڕوومالکردنو چالاکییەکاندا بەشدارین، بەڵام وەک سامان دەڵێت، رۆژبەڕۆژ ئاستەنگەکان زیاتر دەبن، وتیشی: «ئێستا ناهێڵرێت وێنەگر لەکاتی دانیشتنەکانی پەرلەماندا وێنەبگرێت، تەنانەت لەو کاتەشدا ناهێڵن لەناو حەرەمی پەرلەمان وێنەگر ئامادەیی هەبێت، تەنیا ڕێ بە رۆژنامەنووس دەدەن دابنیشێت بەبێ ئەوەی تەسجیلو کامێراو مۆبایلی پێبێت، کەواتە ناتوانین کارەکان بەشێوەیەکی پیشەیی ئەنجامبدەن، جگە لەوەش لەکاتی ڕۆژانی ئاساییشدا ئاسانکاریی ناکرێتو ڕۆژ بەڕۆژ ئاستەنگەکان زیاتر دەبێت»، نموونەی ئەوەشی هێنایەوە کە لە چەند ڕۆژی ڕابردووداو لە سەردانی پەرلەماندا بە سێ پرسگە گەیشتووەتە لای پەرلەمانتارێک بۆ لێدوانو وتی: «ڕەزامەندیی بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی پەرلەمان وەردەگیرێت، جگە لەوەی نووسراوێکمان بۆ دەکەنو پۆلیسێک لەگەڵماندا دێتو پەرلەمانتارەکە واژۆی دەکـات، ئینجا دەتوانین لێدوانەکە وەربگرین، لەبەر ئەوە ئێستا لە هەوڵی ئـەوەدایـن خۆپێشاندانێک بکەینو ناڕەزایی بۆ ئەو ڕێگرییە بگەیەنینە سەرۆکایەتی پەرلەمان، بۆئەوەی ئەو ئاستەنگانە لاببرێن».

ئەو هەوڵانە لەکاتێکدایە کە کەمال کەرکوکی سەرۆکی پەرلەمان، لە دیدارێکی (ڕۆژنامە)دا نەیشاردەوە، کە «قەدەغەکردنی ڕاگەیاندنەکان لە کۆبوونەوەکانی پەرلەمان بەوشێوەیە بەردەوام دەبێت»،پێشیوایە؛ئامادەبوون لەناو هۆڵی پەرلەمان کە پێشتر هەبووە، «هەڵەبوو»، ئەو پاساوی ئەوە دێنێتەوە لەهیچ پەرلەمانێکی ئەورووپا، ئەمریکادا نییە، بهێڵن ڕاگەیاندنی لایەنێکی سیاسیی، یان دەوڵەت، بچێتە هۆڵی دانیشتنەوەو لە کوردستانیش بەهۆی زۆریی ڕاگەیاندنکارەکانەوە، پەرلەمانتار ئیزعاج دەبوو، بەڵام کە «شوێنی تایبەت بۆ ڕۆژنامەوان هەیە دەتوانن بابەتەکە یاداشت بکەن، بۆیە بڕیارماندا‌وە،کەنااڵی ئاسمانیی ورادیۆی (FM)ی پەرلەمان بکەینەوەو ڕاگەیاندن کارادەکەینو هەرچی هەشبێت لە دانیشتنەکان تۆمار دەکرێتو دەدرێتە کەناڵە ئامادەبووەکان».

هەرچەندەبەشێکیڕۆژنامەنووسان پێیانوایە؛ هۆکارو فشاری سیاسیی وایکردووە پەرلەمان ئەو بڕیارە بدات، بەڵام کەرکوکی ئەوە ڕەتدەکاتەوەو دەڵێت: «ئـەوە ڕێوشوێنی یاسایی‌و ئیداریە، نەک فشاری سیاسیی، چونکە هاتنی کەناڵی سیاسیی بۆ ناو هۆڵی پەرلەمان شتێکی نامۆیە».

بـەڵام دوابـەدوای ئـەو بڕیارەو ئەنجامدانی چەند پێشێلکارییەک دژ بە ڕۆژنامەنووسان، فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان لە بەیاننامەیەکدا بـەبـۆنـەی یـادی (١١٢) ساڵـەی ڕۆژنامەگەریی کوردییەوە ڕایگەیاند؛ کە هێشتا بـواری ڕۆژنامەنووسی کوردی لە خراپترین ئاستەکانیدایەو میدیاکان لەلایەن حیزبەکانەوە مۆنۆپۆڵ کراون‌و «بەردەوام هەوڵی خنکاندنو ڕەشکردنو قێزەونکردنی ئەو چەند میدیا ئـازادو سەربەخۆیە دەدرێتو ڕۆژنامەنووسان بە بەکرێگیراو و دژ بە گەل‌و ئاژاوەچی ناوزەد دەکرێن».

ئەدنان عوسمان، پەرلەمانتاری گۆڕانلەبارەیبڕیارەکەیسەرۆکایەتی پەرلەمانەوە وتی: «ئـەوەی تائێستا کراوە دوو شتە؛ یەکەمیان، ڕوومالّی نێو پەرلەمانو هاتنِ بۆ هۆڵەکە قەدەغە کراوەو تەنیا کەنااڵێک دیاریکراوە، کە تۆماری دەکات‌و دەیداتە کەناڵەکانی دیکە، دووەمیش، ئەوەیە کارئاسانیی ناکرێت بۆ ناو تەلاری پەرلەمانو ئێستا دەبێت ڕۆژنامەنووس بە وەرگرتنی ڕەزامەندیی بێت‌و بیانووی ئەوەش بچووکیی هۆڵی پەرلەمانە، ڕەنگە ئەوانە ڕاستبن، بەڵام ئەوە کێشەی ڕۆژنامەنووس نییەو کێشەی پەرلەمانە، ئەو لەو کێشە تەکنیکیانە بەرپرسە لەکاتێکدا ساڵانی ڕابـردوو زیاتر (٥٠٪)ی بودجەکەی گەڕاندووەتەوە بۆ حکومەت، بۆیە دەیتوانی هۆڵو تەلارێکی گەورەتر دروسـت بکات، چونکە ڕۆژنامەنووس‌و کەناڵەکان نوێنەرو چاوی خەڵکنو دەیانەوێت ڕاستەوخۆ دانیشتنەکان بگوازنەوە، نەک دوای چەند سەعاتێکو فلتەرو سانسۆر».

ئەو داواکاریی ڕۆژنامەنووسان بۆ ئامادەبوون بە ڕەوا دەزانێت‌و پێیوایە؛ پەرلەمان کەمتەرخەمبووەو بەو بودجە زۆرەی هەیبووە دەیتوانی ئەوە بکات، «بەڵام بەداخەوە تائێستا هۆڵی پێویست نییەو ئاسانکاریی پێویست نییە بۆ ڕۆژنامەنووسان، هێشتا دیوارێک هەیە لەنێوان پەرلەمانو ڕۆژنامەنووسانو هـەست بـەوە دەکـرێـت بەشێکی پەرلەمانو دامەزراوەی پەرلەمان بە چاوی گومانەوە سەیری ڕاگەیاندنو دەزگاکانیان دەکـات، ئەو تێڕوانینە خراپەش هەیە، بۆیە تائێستا بیر لەوە نەکراوەتەوە کارئاسانیی بۆ کاری ڕۆژنامەنووسی بکرێت‌و بەپێچەوانەوە وردەوردە بەو ئاراستە خراپە بڕوات».

بیانووەکان لەکاتێکدان، کە پێشتر ئاسایی بووەڕۆژنامەنووسانلەهۆڵەکە ئامادەبن‌و بە بـڕوای عەدنـان-یش ئەو گۆڕانەی پەرلەمان‌و هاتنەکایەی ئۆپۆزسیۆن‌و کەناڵی ڕاگەیاندنی ئازادو ئازا کاریگەریی هەیە لەسەر پەیوەندیی پەرلەمان‌و ڕاگەیاندن «ئـەوەش کە بیانووبێت لە ووڵاتانی دیکە بەوشێوەیە نییە، پێمواید؛ بەپێچەوانەوەیە، چونکە لە ووڵاتانی دیکە بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاوە خەڵک ڕاستەوخۆ ئاگاداری دانیشتنەکانی پەرلەمانن».

هەوڵی هەمواکردنی یاساکە دەدرێت

سـەربـاری ئـەو ئـاسـتـەنـگـو پێشێلکارییانەی لـە هـەرێـمـی کوردستاندا دژی ڕۆژنامەنووسان ئەنجامدەدرێن، تێبینی هەوڵێک دەکرێت بۆ هەمواکردنەوەی یاسای ڕۆژنامەگەریی، کە لە خولی پێشووی پەرلەماندا پەسەندکرا بە ئاراستەی «ئاستەنگو کۆتوبەند»، ئەوە لەکاتێکدایە کە لە زۆرێک لە ڕووداوەکاندا هێشتا کار بەو یاسایە ناکرێتو نەقیبی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان-یش لە دیدارێکی ڕۆژنامەدا ڕایگەیاند: یاسای ڕۆژنامەگەریی نەگەیشتووەتە بەشێک لە دادگاکان.

بەیاننامەکەی فراکسیۆنی گۆڕان لەوبارەیەوە ئاماژەی بەوەکردووە، کە بەهۆی نەبوونی یاسای پێدانی زانیاریی‌و ناچارکردنی دامودەزگاکان کـاری ڕۆژنـامـەگـەڕیـی تووشی دژواریی‌و ئاستەنگی زۆر دەبێتەوە، ئەمە سـەربـاری ئـەوەی هێشتا لە زۆر جێگەو بۆنەدا کار بە یاسای ڕۆژنامەگەریی ناکرێتو لێرەو لەوێ پێشێلدەکرێت.

لـە سـاڵـیـادی ڕۆژنـامـەگـەڕیـی کوردیداو لەو بۆنەیەدا کە سەندیکای ڕۆژنامەنووسان سازیکرد، سەرۆکی حکومەتی هەرێم لە وتارێکدا وتی: «کـاتـی پـێـداچـوونـەوە بـە یاسای ڕۆژنامەنووسیدا هـاتـووە»، ئەوە لەکاتێکدایە کە ڕۆژنامەنووسان پێیانوایە؛ هێشتا یاساکە وەک پێویست نییە.

حامید محەمەد عەلی، سکرتێری سـەنـدیـکـای ڕۆژنـامـەنـووسـانـی کوردستان، وتی: « لێرەو لەوێ هەوڵ هەیەبۆ پێشێلکردن‌و پاشەکشەپێکردنی یاسای ڕۆژنامەگەریی، کە من نازانم سەرچاوەکانی کێن».

سـکـرتـێـری سـەنـدیـکـای ڕۆژنامەنووسان پێیوایە؛ ئازادیی ڕۆژنامەنووسی، یەکێکە لە بنەماکانی دیموکراسییەت‌و ئەگەر ئەو ئازادییە نەبوو، دیموکراسییەت‌و ئازادیی مانایان نییە، وتیشی: «ئێمە هەست بەوە دەکەین کە ڕۆژانە یاسای ڕۆژنامەوانی پێشێلکراوە، بەتایبەت لەکاتەهەستیارو ڕووداوە گرنگەکاندا‌و لەو بارەیەشەوە یاداشتمان داوەو چەندین سیمینارمان لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان کردووە بۆ ئەوەی سنوور بۆ ئەو پێشێلکارییانە دابنرێت».

هـەروەک عـەدنـان عوسمان، دەڵـێـت: «بـەڵـێ، هەوڵێک هەیە بۆ هـەمـوارکـردنـەوەی پڕۆژەیاسای ڕۆژنامەنووسان»و پێیوایە؛ پێلانێک هەیە ئەویش هـەمـوارکـردنـەوەی یاسای ڕۆژنامەنووسی بە ئاقارێکی خراپ‌و کۆتوبەند بەسەر کارو ئازادیی ڕۆژنامەنووسیدا بکرێت «پیلانەکەش بەوشێوەیەیە کە بازاڕی کوردستان بە کۆمەڵێک ڕۆژنامەو گۆڤاری کاڵ‌و کرچ غەرق بکرێت، کە زۆرێکیان پابەند نەبن بە ئەخلاقی ڕۆژنامەنووسی‌و ئەخلاقی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەوە، ئەوەش هەنگاوێکە بۆ دروستکردنی ڕایەک، کە گوایە کاری ڕۆژنامەوانی لە کوردستان خەریکە لە کۆنترۆڵ دەردەچـێـت‌و هـەرچـی سنووری ئـەخـلاقـی‌و ڕۆشـنـبـیـریـی هەیە دەبەزێنێت».

عەدنان، بـڕوای وایـە؛ هـەردوو پارتی دەسەڵات بەرپرسن لەو فەوزا ڕۆژنامەوانییە، «چونکە ئەو کەناڵانەی پابەندنین لەملاو ئـەولاو لەلایەن کەسەکان‌و بەرپرسانی حیزبەوە بەشێوازی جـۆراوجـۆ پشتگیریی دەکـرێـن‌و حەسانەشیان هەیە، کە ملاحەقەی یاسایی نەکرێن، پێمواید؛ لەماوەی داهاتوو دەبێت خۆمان ئامادە بکەین بۆئەوەی ململانێی توند لەگەڵ ئەوهێزولایەنانەی‌دەیانەوێت‌ئازادیی‌و کاری‌ڕۆژنامەوانی‌بەرتەسکبکرێتەوەو دەبـێـت لەسەنگەڕی بەرگریی لە ئازادیی کاری ڕۆژنامەنووسی‌و بەها ئەخلاقیی‌و ئەرک‌و وەزیفەکان‌و لە موهاتەرات‌و بێڕێزیکردن پاکبکەینەوەو ئەوانە لەسەر کاری ڕۆژنامەنووسی دوورببڕێنەوە».

دانیشتنێکی پەرلەمانی کوردستان

مەم بورهان قانع

سەردەشت عوسمان*

* وەک ناڕەزاییەک بەرامبەر خەمساردی دەزگا ئەمنییەکانی حکومەتی هەرێم، بەرامبەر تیرۆرکردنی ڕۆژنامەنووس سەردەشت عوسمان‌و بەهێند وەرنەگرتنی ڕەخنەو ناڕەزاییەکانی ڕۆژنامەنووسان، (ئەودیوی ڕووداو) ئەمجارە بێدەنگی هەڵدەبژێرێت.

پێشبڕکێی کۆنگرەی پارتەکان
جەوهەر نامیق: ئەم کۆنگرانە شەرعیەت بە ناشەرعیی دەدەن

ڕاپۆرتی: دلێر عەبدولخالق

(٢٠١٠)، ساڵی پێشبڕکێی سازدانی کۆنگرەو کۆنفرانسی زۆربەی حیزب و پارتە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستانە.

کۆنگرەی پارتە کوردییەکان لەکاتێکدایە تازە لە کێبرکێی دوو هەڵبژاردنی گرنگو چارەنووسساز رزگاریان بووەو ڕای گشتیی جەماوەرەکەیان داوای چاوخشاندنەوە بە سیاسەتەکانیاندا دەکەن، سەرەڕای دواکەوتنی کۆنگرە لەکاتی خۆیداو دەرچوون لە دەستووری حیزبیی کە بووەتە بەشێک لە نەریتی حیزبەکان.

لەمنێوەندەشدالە«دووڕیانی»«نوێبوونەوەو چەقبەستندا» چاودێرانی سیاسیی ئاماژە بەوەدەکەن؛ ئەو کۆنگرانە ناتوانن گرفتی ڕێکخستنی حیزبەکان چارەسەربکەن.

هەریەک لە پارتی دیموکرات، یەکێتیی نیشتمانی، کۆمەڵی ئیسلامیی و حیزبی سۆسیالیست لە هەوڵی بەستنی کۆنگرەدان، هاوکاتیش یەکگرتوو و بزووتنەوەی ئیسلامیش کۆنفرانسی حیزبیی سازدەکەن، جگە لەوەی بزووتنەوەی گۆڕانیش وەک هێزێکی نوێ سەرگەرمی خۆڕێکخستنەوەیە.

ئەگەر گرنگترین ئەرکو دەسەڵاتی کۆنگرە گۆڕانکاریی لە پەیڕەوی ناوخۆی حیزبیی و پێکهێنانی سەرکردایەتییەکی نوێی حیزبیی بێت، وەک چاودێران ئاماژەی بۆدەکەن زۆر حاڵەت هەیە کە حیزبەکان بەپێی بەرژەوەندییەکانی ڕۆژ لە دەستوورو پەیڕەوی خۆیان لادەدەن و لایانداوە، سەکردایەتی دەگۆڕێتو حیزب بەرامبەر کۆمەڵگەو خواستەکانی نوێدەکاتەوە، واتە بە بەرنامەیەکی نوێوە بۆ واقعێکی نوێ خۆیان ساز دەکەن».

کۆنگرە بۆ یەکێتی

یەکێتیی نیشمانیی کوردستان زیاتر لە (٣٠) ساڵ تەمەن، ئاراستەی سیاسیی جیاوان، ململانێیو جیابوونەوەی خۆی لەسەر دوو کۆنگرە ڕاگرتووە، ئێستا کە بڕیارە لە یادی دامەزراندنیدا دوای تێپەڕبوونی (١٠) ساڵ بەسەر بەستنی کۆنگرەی دووەم، کۆنگرەی سێیەمی خۆی سازبکات، هێشتا دەرکەوتەکانی مینبەرخوازیی بەشێکی زۆری جەستەی داپۆشیوە.

سەعدی ئەحمەد پیرە، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بۆ ڕۆژنامە وتی: «بەستنی ئەم کۆنگرەیە لەکاتێکدایە،کەگۆڕانکاریی فرەلەکوردستانو عێراقدا ڕوویداوە، خاڵەکانی بەرنامەی کۆنگرەی دووەم کە یەکێتی خەباتی لەپێناودا دەکرد: لەیەککرتنەوەی ئیدارە، ڕووخانی ڕژێمی سەدام حسێن، بوونی سیستمێکی دیموکراسیو فیدراڵو پەرلەمانیی، زۆربەی هاتووەتە دی، دنیایەک گۆڕانکاریی گەورە بووە، کە یەکێتی بەرپرسیارێتی ناوخۆییو ئیقلیمیو نێونەتەوەیشی هەیە».

پیرە، ئاماژە بەوەدەکات؛ پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتیو زۆربەی حیزبەکان تا ئەمڕۆ لە پەیڕەوی ڕێکخراوێک دەچن، کە لە خەباتی نهێنیدا بن، لەکاتێکدا ئێمە لە کوردستانو عێراق لە حوکمداینو جومگەی سەرەکیی دەسەڵاتمان هەیە، بۆیە ئەم حاڵەتە بۆ ئێمەش جێگای پرسیارە.

لەبارەی گرفتەکانی حیزبەکەی، سەعدی پیرە پێیوایە؛ کۆنگرە دەستپێکێکی باش دەبێت بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشەکانو چارەسەرکردنی هەندێکیان و دانانی بەرنامە بۆ خاوکردنەوەی گرژییو ناکۆکییەکان کە هەیە، بەڵام هەموشی چارەسەر ناکات. وتیشی: «مەسەلەی بالّبالێنو مینبەرخوازیی لەناو یەکێتیدا هەیەو کاریگەریی سلبیشی لێکەوتووەتەوە، ئەم بابەتە چەند کۆنگرەیەکی دەوێت تائەوەی دەبێتە بابەتێکی قیژەون، کە خەڵک خۆی لێ دووربخاتەوە».

(١٣) کۆنگرەی پارتی

پارتی دیموکراتی کوردستان بە (٦٤) ساڵ تەمەنییەوە، تائێستا (١٢) کۆنگرەی بەستووە، کە دواییین کۆنگرەی لەساڵی (١٩٩٩) بوو، هەرچەندە بڕیاربوو کۆنگرەی (١٣)یەمی پارتی لە مانگی ئاب لەیادی دامەزراندنیدا ڕێکبخرێت، بەڵام بەپێی دواییین کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی پارتی، کە هەفتەی پێشوو لەبارەی ئەحمەد پیرە، بڕیاردرا کۆنگرەی حیزبەکەیان لە مانگی تشرینی دووەمی ئەمساڵدا سازبکرێت.

سەلام عەبدوڵڵا، بەرپرسی لقی چواری پارتی رایگەیاند: «پارتی لە مانگی (تشرینی دووەم)ی ئەمساڵ کۆنگرەی خۆی دەبەستێت، ئامانجی هەموو کۆنگرەیەکیش بۆ نوێبوونەوەو ڕێکخستنەوەی نوێیە، کە لەگەڵ واقیعی ئێستا بگونجێت، جگە لەوەی پەیڕەوو پڕۆگرامی پارتی هی (١٠) ساڵ لەمەوبەرەو زۆر خاڵی تێدایە بۆ ئەمڕۆ دەستنادات، لەوانە پێشتر داوامان کردووە رژێمی بەعس بڕووخێتو سیستمێکی دیموکراتیو پەرلەمانیو فیدراڵە لە عێراق بێتە دی، ئەوەش چەند ساڵێکە هاتووەتە دی».

کاتی کۆنگرەی «گۆڕان» دیار نییە

لەبارەی ئەو دەنگۆیانەی باس لە بەستنی کۆنگرەی بزووتنەوەی (گۆڕان)ی ئۆپۆزسیۆنی هەرێم دەکەن، دوای وەرگرتنی مۆڵەتی کاری سیاسیی، مستەفا سەید قادر، هەڵسوڕاوی دیاری بزووتنەوەی گۆڕان، بڕوای وایە هێشتا زووە بزووتنەوەی گۆڕان کۆنگرە ببەستێت. لەوبارەیەوە بۆ ڕۆژنامە وتی: «ئێستا لە هەوڵی خۆڕێکخستنەوەو دارشتنی پەیڕەوی ناوخۆیی گۆڕانین، دوای ئەوە کۆنگرە دەبەستین، بەڵام کاتەکەی دیار نییە، واتە بزووتنەوەی گۆڕان دەبێت کۆنگرە ببەستێت، چونکە باوەڕی پێی هەیەو بە یەکێک لە پرەنسیپە گرنگەکانی دەزانێت».

کۆنفرانسی یەکگرتوو

یەکگرتووی ئیسلامیی دوای بەستنی (٥) کۆنگرە لە (١٦) ساڵی تەمەنی خۆیدا، لە ناوەراستی ئەم مانگەدا کۆنفرانسی بەرفراوان دەبەستێت، بەپێی پەیڕەوی ئەو پارتە ئیسلامییە هەر (٤) ساڵ جارێک کۆنگرە دەبەسترێت، بە مەرجێک لەنێوان دوو کۆنگرە، کۆنفرانسێک بۆ پێداچوونەوەی گوتارو هەڵوێستی رابردووی سازبکرێت، لەژێر ڕۆشنایی ڕاسپاردەکانی کۆنفرانسیش ئەندامانی مەکتەبی سیاسییو بەرپرسی دەزگا ناوەندییەکان هەڵدەبژێردرێنەوەو ئاڵوگۆڕیان پێدەکرێت.

مەولود باوەمراد، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکگرتووی ئیسلامیی، ڕایگەیاند: «کۆنفرانس بریتییە لە وتووێژو گفتوگۆو شرۆڤەکردن لەسەر ئاستێکی فراوانی حیزب، بۆ دەربڕینی بیروڕا بەرامبەر کارەکانی دووساڵی ڕابردوو، هاوکات وەک وێستگەیەک بۆ پەخۆداچوونەوەو پێداچوونەوە بە گوتارو هەڵوێستو بڕیارەکانەوە».

لەبارەی دەسەڵاتی کۆنفرانسو جیاوازی لەگەڵ دەسەڵاتەکانی کۆنگرە، باوە مراد ئاماژەی بەوەکرد؛ کۆنفرانس ناتوانێت گۆڕانکاریی لە پەیڕەوو پڕۆگرامی حیزب بکاتو ئەنجومەنی سەرکردایەتی، کە ژمارەیان (٣٥) کەسە هەڵبژێردراوی کۆنگرەن، وەک خۆیان دەمێننەوە. وتیشی: «دوای بەستنی کۆنفرانس لە یەکەم کۆبوونەوەیاندا ئەنجومەنی سەرکردایەتی بەپێی ڕاسپاردەکانی کۆنفرانس دەتوانن ئەندامانی مەکتەبی سیاسییو بەرپرسی دەزگا ناوەندییەکانی حیزب هەڵبژێرنەوە».

کۆنگرەی کۆمەڵ

کۆمەڵی ئیسلامیی دوای ئەوەی لەسەر بنەمای کۆنگرەی یەکبوونی ئیسلامیی، کە لەساڵی (٢٠٠٠) بەستراو لەساڵی (٢٠٠١) بە ناوی کۆمەڵی ئیسلامییەوە خۆی ڕاگەیاند، لە ساڵی (٢٠٠٥)دا کۆنگرەی یەکەمی خۆی بەستو ئێستاش سەرگەرمی کۆنگرەی دووەمن، کە بڕیارە لە (١)ی حوزەیرانی ئەمساڵدا ببەسترێت. بەستنی ئەم کۆنگرەیە لەکاتێکدایە ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامیی هەڵبژێردراوی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقەو پێدەچێت بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی کۆمەڵ گۆڕانکاریی بەسەر دەسەڵاتو ئیشەکانی ئەمیرو پێشەوای ئەو حیزبەدا بێت.

عەبدولستار مەجید، وتەبێژو ئەندامی مەکتەبی سیاسیی کۆمەڵی ئیسلامیی وتی: «بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ، کۆنگرە چەند ئەرکێکی هەیە، لەوانە هەڵسەنگاندنی کاری ئۆرگانەکان لە چوارساڵی ڕابردوودا، دانانی بەرنامە بۆ چوار ساڵی دیکە، میکانیزم بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان، پێداچوونەوە بە پەیڕەوی ناوخۆو هەڵبژاردنەوەی سەرکردایەتی لەسەر پێشنیازو ڕاسپاردەی لیژنەکانی کۆنگرە».

ئەو ئەندامەی مەکتەبی سیاسیی کۆمەڵ ڕایدەگەیەنێت: «پرسی گۆڕانکاریی لە هەیکەلی حیزبو دەسەڵاتەکانی ئەمیرو پێشەواو پۆستە حیزبییەکانی دیکە، هەمووی لە کۆنگرەدا دیراسە دەکرێنو ئەندامانی کۆنگرە بە زۆرینەی دەنگو بەپێی بەرژەوەندییەکانی ئەم قۆناغەی کۆمەڵی ئیسلامیی، یەکلایی دەکەنەوە».

کۆنفرانسی بزووتنەوە

بزووتنەوەی ئیسلامیی دوای ئەوەی لە مانگی حوزەیرانی (٢٠٠٨) کۆنگرەی (١٢)ی بەست، بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی لەنێوان دوو کۆنگرەداکۆنفرانسێک دەبەسترێت،ئەندامانی کۆنفرانسیش بریتی دەبن لە ئەندامانی سەرکردایەتیو مەکتەبو مەڵبەندەکانو ئۆرگانەکانی ڕاگەیاندنی بزووتنەوەکە.

لەبارەی دەسەڵاتەکانی کۆنفرانسەوە، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی بزووتنەوەی ئیسلامیی، وتی: «بڕیارە کۆنفرانسەکەمان بە ئامانجی سەڕلەنوێ پێکهێنانی بەشێک لە ئۆرگانەکانو ئاڵوگۆڕکردنی پۆستەکانی مەکتەبو مەڵبەندی ناوچەکان لە کۆتایی مانگی (حوزەیران) ڕێبکخەین، هاوکاتیش ئەو کۆنفرانسە بۆ پێداچوونەوەی ناوخۆی حیزبو نەهێشتنی سلبیاتەکانە».

کۆنگرەی شەشی سۆسیالست

حیزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان دوای بەستنی (٤) کۆنگرە لە شارو کۆنگرەیەکی شاخ، پێدەچێت لە ئەمساڵدا دوای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان، کۆنگرەی شەشەمی خۆی ببەستێت. عەبدوڵڵا حاجی مەحمود، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حیزبی سۆسیالیست، ئاماژەی بەوەکرد؛ کۆنگرەی حیزبمان دواکەتووەو دەبوو پێشتر ببەسترایە، بەڵام بەهۆی هەڵبژاردنەکانەوە نەکراوە، ئێستا قسە لەسەر ئەوەیە کۆنگرەی شەشەممان بکەوێتە دوای هەڵبژاردنی پارێزگاکان.

ئەزموونی کۆنگرەکان

سەرەڕای هەوڵی حیزبەکان بۆ ڕێکخستنی کۆنگرەو وێستگەی بەخۆداچوونەوە، بەڵام چاودێرانی سیاسیی بۆچوونی جیاواز لەسەر سروشتو ئەنجامەکانی کۆنگرەی پارتە سیاسییەکان دەخەنەڕوو.

جەوهەر نامیق سالم، چاودێری سیاسیی، ئاماژە بەوەدەکات؛ بەپێی ئەزموون دەرکەوتووە هیچ کات کۆنگرەی پارتو حیزبەکانی کوردستان هیچ کێشەیەکی چارەسەرنەکردووە، تەنیا ئەوە نەبێت شەرعیەت دەدەن بەو لادانو دەرچوونەی پێشتر لە دەستووری حیزبدا کردوویانە، حیزب هەیە نێوانی دوو کۆنگرە (١١) ساڵە، لەو ماوەیەدا ئەو هەموو گۆڕانکارییەی بەسەر واقیعەکەدا هاتووەو ئەوان کۆمەڵێک ئیجرائاتو لادانیان کردووە بێ گوێدانە پەیڕەوی ناوخۆ، بۆیە یەکێک لە ئەرکەکانی کۆنگرە شەرعیەت دەدات بەو لاشەرعیەتەی هەیانبووە.

جەوهەر نامیق دەڵێت: «ئەو کۆنگرانە وەکو تەقلید شەرعیەت دەدەن بە دەسەڵاتی حیزبیی، ئەگەر حیزبەکان پابەند نەبن بە دەستووری حیزبیی خۆیان، چ گرەنتییەک هەیە بۆ پابەندبوونیان بەئایندەیانەوە، واتە ئەگەر پەیوەست نەبن بە پەیڕەوی خۆیانەوە چ گرنگە ئەو پەیڕەوە بگۆڕێت».

لەبارەی ئومێدی کۆنگرەکانو چارەسەرکردنی بەشێک لەو هەناسەبرکێیەی حیزبەکان تێیکەوتوون، جەوهەر نامیق وتی: «بەگشتیی پێمواییە ئەم کۆنگرانە گرفتە بنەڕەتییەکانی ناو ڕێکخستنی حیزبەکان چارەسەربکەن، بەڵکو بریتیی دەبن لە شەرعیەتدان بە ناشەرعیەتی ئەو ئیجرائاتەی کراوە، ئەوەی پەیوەندیی هەیە بە ڕەوتو بالّبالێنەوە دۆخەکە بە کۆنگرە ناگۆڕێت، چونکە قەیرانی ئەو حیزبانە لە لوتکەدایە، نەک بنکە، جگە لەوەی شەرعیەتیش دەدرێت بە ستافێکی تازە، کە (٨٠٪)ی لەلایەن جەماوەری حیزبو خەڵکی شارەزا، زانراوو چاوەڕوانکراوە».

سەعدی ئەحمەد پیرە:
مەسەلەی بالّبالێنو مینبەرخوازیی لەناو یەکێتیدا هەیەو کاریگەریی سلبیشی لێکەوتووەتەوە، ئەم بابەتە چەند کۆنگرەیەکی دەوێت تائەوەی دەبێتە بابەتێکی قیژەون، کە خەڵک خۆی لێ دووربخاتەوە

لێپرسراوی پرۆژەکانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی:

ئەنجومەن هێندەی هەموو وەزارەتە خزمەتگوزارییەکانی کابینەی پێشوو، پڕۆژەی ئەنجامداوە

سازدانی: شارا عەبدولڕەحمان

ماوەی سێ مانگە ئەو پرۆژانەی پارێزگای سلێمانی کە لە پرۆسەی تەندەرو دیزایندا بوون، لەلایەن پارێزگاری سلێمانی بەوەکالەت راگیراون، لەم دیمانەیەی رۆژنامەشدا، بەرپرسی پرۆژەکانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، هۆکاری راگرتنی پرۆژەکان و کاریگەرییە خراپەکانی بەسەر پارێزگاکەوە دەخاتەڕوو.

رۆژنامە: هۆکاری دەرکردنی بڕیاری راگرتنی پـرۆژەکـان لـەلایـەن پارێزگار بەوەکالەتەوە چی بوو؟

* لەکاتی دەستبەکاربوونی پارێزگاری سلێمانی بەوەکالەت بە فەرمانێکی ئەنجومەنی وەزیـران، بەڕێزیان پێی خۆشبوو کە پێداچوونەوە بە پرۆژەکاندا بکاتو کۆمەڵێک ڕێنمایی تـازە دەربکات کە بە بۆچوونی جەنابیان، ئەو ڕێنماییانە خزمەتی زیاتر بە پرۆژەکان دەگەیەنن، منیش پشتگیریم کرد، بەڵام ئەم پرۆسەیە دواتر لەوە دەرچوو کە تەنیا مەبەست لێی چاکترکردنی پرۆژەکان بێت، چونکە وادەکـەی زیاتر لەپێویستی خایاند کە زیاتر لە(٢)مانگی خایاند تا ڕێنماییە تـازەکـان دەرچـــوون، کە دەریشچوون، زۆربەی ئەو ڕێنماییانە تەنیا نووسراونەتەوەو پێشتر هەمانبوون، چونکە هەموو ئەوانە لـەچـوارچـێـوەی مـەرجـە گشتییەکانی بەڵێندەرایەتیی عێراقدا دەشتنیشانکراونو پێشتریش کـارمـان لـەســەر کـــردوون، بـەو هۆیەشەوە دواخستنی دەرکردنی ڕێنماییەکانو دووبـارەکـردنـەوەی ئەو ڕێنماییانە، بە ڕای ئێمە، بڕیتییە لەدواخستنو کەمکردنەوەی پرۆژە خزمەتگوزارییەکان، بەو هۆیەشەوە کەوتمە دوودڵییەوە کە تەنیا مەبەست باشترکردنی پرۆژەکان نییەو چەند مەبەستێکی سیاسیی تایبەت بەخۆی هەیە.

رۆژنامە: وەک چی؟

* هەرچەندە تا ئێستا هیچ ڕێنماییو فەرمانێک لەوبارەیەوە دەرنەچووە، بەڵام ئەوەی کە بیستومەتەوە، ئەوەیە کە پارێزگار بەوەکالەت دەیەوێت، هەریەکە لە پرۆژەکان بنێرێتەوە بۆ فەرمانگەی خۆی، بەڵام خۆی لە ڕووی عەمەلییەوە کار بەو شێوەیە نابێت، لەبەرئەوەی ساڵی(٢٠٠٦) حکومەتی عێراقی بودجەی پەرەپێدانی هەرێمەکانی دانا، ئەو پارەیەی کە بۆی دیاریکردبوو، بریتی بـوو لـەو پـارانـەی کە وەزارەتـــە خزمەتگوزارییەکانی دیکە نەیانتوانیبوو بیکەن بە پرۆژەی خزمەتگوزاریی و بە سەدان ملیۆن دینار مابووەوە، لەبەرئەوە ئەنجومەنی وەزیرانی ئەو کاتەی عێراق بڕیاریدا، ئەو پارەیەی لەو وەزارەتانە ماوەتەوە، ناوی بنرێت بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان، بۆئەوەی لەلایەن پارێزگاکانەوە راستەوخۆ بەشێوەیەکی هاوتەریبانە لەگەڵ وەزارەتە خزمەتگوزارییەکانی دیکەدا بکرێنە پرۆژەی خزمەتگوزاریی، ئەوە هۆکاری سەرەکی بوو کە ئەو پارانە هاتنە پارێزگاکانەوە، ئەگینا لەهەموو پارێزگاکانی دیکەی عێراقیش، فەرمانگەی خزمەتگوزاریی هەیە، بەڵگەش بۆئەوەیە کە لە هەرێمیش هەمانشت ڕوویداوە، ساڵی (٢٠٠٧) کە عومەر فەتاح، جێگری سەرۆک وەزیرانی حکومەتی هەرێم بوو، سەردانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی کردو وتی: پارەیەکی زۆر ماوەتەوەو وەزارەتە خزمەتگوزارییەکان خەرجیان نەکردووە، لەبەرئەوە ئەو پارەیە بۆ ئێوە تەرخان دەکەم کە نزیکەی (٢٠٠)ملیار دینار بوو، ئەمەش لەبەرئەوەبوو کە بینیبووی لە ساڵی (٢٠٠٦و٢٠٠٧)دا کە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بەشێوەیەکی زۆر باش پرۆژەکانی ئەنجامدەدات، بەڵام ئێستا کاک بەهرۆز دەیەوێت بەپێچەوانەی ئەوەوە کاربکاتو دەیەوێت ئەو پارەیەش کە لەچوارچێوەی بودجەی پەرەپێدانی هەرێمەکاندا دێتە پارێزگای سلێمانی، جارێکی دیکە بیگەڕێنێتەوە بۆ فەرمانگە خزمەتگوزارییەکان، لەبەرئەوە هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگێڕمەوە کە پارێزگار بەوەکالەت دەیەوێت، کەمترین پرۆژە لە ڕێگەی پارێزگای سلێمانییەوە پێشکەش بکرێت بە هاوڵاتیان، سیاسەتەکەشیان بەرەو ئەوە دەڕوات کە هیچ پرۆژەیەک لەپارێزگای سلێمانیدا نەمێنێت.

رۆژنـامـە: ئەمە زیـان بە سلێمانی دەگەیەنێت؟

* بەڵێ، بێگومان زیان دەگەیەنێت، چونکە بووەتە هۆی ئەوەی کە ئێمە ئەم سێ مانگە هیچ پرۆژەیەکی تازە نەخەینە بواری جێبەجێکردنەوە.

رۆژنامە: ئەو پارەیەی کە لەچوارچێوەی بودجەی پەرەپێدانی هەرێمەکاندا دەهاتە پارێزگای سلێمانی، بە هەماهەنگیی لەنێوان پارێزگارو ئەنجومەنی پارێزگادا دەتانکردە پرۆژە ئەی بۆ ئەمساڵ چۆن دەبێت؟

* بەپێی دوایەمین بڕیاری ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، متمانە لە پارێزگار هەڵگیرا، ئەگینا دەسەڵاتی گۆڕینی نییە.

رۆژنامە: قسەیەک هەبوو، گوایە پارێزگار پرۆژەکانی ڕاگرتووە لەبەرئەوەی ناڕێکوپێکی لە پرۆژەکانتاندا هەبووە، ئەوە تاچەند ڕاستە؟

*ئەوە ڕاست نییە، ئەگەر بەڕاوردێکی ورد بکەین، ئەوەی پارێزگاو ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لەماوەی ئەم (٤)ساڵەی ڕابردوودا لەسنووری پارێزگای سلێمانیدا کردوویانە، بە هەر هەموو وەزارەتە خزمەتگوزارییەکانی کابینەی پێشوو نەیانکردووە، بەڵگەش بۆ ئەوە ئەوەیە کە دۆکیۆمێنتێکم ئامادەکردووە کە زیاد لە (١٣٥٠)پـرۆژەمـان خستووەتە بـواری جێبەجێکردنەوە، پرۆژەکانیش بەمیکانیزمێکی باش بەڕێوەچوون، ڕاستە کەموکوڕیی هـەبـووە، چونکە ئـەوەی ئیش بکات، کەموکوڕیشی دەبێت، بەڵام پرۆژەکانمان لەئاستێکدان کە ئەگەر قەزایەک (٢٠)پرۆژەی تێداکرابێت، (١٦-١٧)پرۆژەی هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگێڕمەوە کە پارێزگار بەوەکالەت دەیەوێت، کەمترین پرۆژە لە ڕێگەی پارێزگای سلێمانییەوە پێشکەش بکرێت بە هاوڵاتیان، سیاسەتەکەشیان بەرەو ئەوە دەڕوات کە هیچ پرۆژەیەک لەپارێزگای سلێمانیدا نەمێنێت.

رۆژنـامـە: ئەمە زیـان بە سلێمانی دەگەیەنێت؟

* بەڵێ، بێگومان زیان دەگەیەنێت، چونکە بووەتە هۆی ئەوەی کە ئێمە ئەم سێ مانگە هیچ پرۆژەیەکی تازە نەخەینە بواری جێبەجێکردنەوە.

رۆژنامە: ئەو پارەیەی کە لەچوارچێوەی بودجەی پەرەپێدانی هەرێمەکاندا دەهاتە پارێزگای سلێمانی، بە هەماهەنگیی لەنێوان پارێزگارو ئەنجومەنی پارێزگادا دەتانکردە پرۆژە ئەی بۆ ئەمساڵ چۆن دەبێت؟

* بەپێی دوایەمین بڕیاری ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، متمانە لە پارێزگار هەڵگیرا، ئەگینا دەسەڵاتی گۆڕینی نییە.

رۆژنامە: قسەیەک هەبوو، گوایە پارێزگار پرۆژەکانی ڕاگرتووە لەبەرئەوەی ناڕێکوپێکی لە پرۆژەکانتاندا هەبووە، ئەوە تاچەند ڕاستە؟

*ئەوە ڕاست نییە، ئەگەر بەڕاوردێکی ورد بکەین، ئەوەی پارێزگاو ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لەماوەی ئەم (٤)ساڵەی ڕابردوودا لەسنووری پارێزگای سلێمانیدا کردوویانە، بە هەر هەموو وەزارەتە خزمەتگوزارییەکانی کابینەی پێشوو نەیانکردووە، بەڵگەش بۆ ئەوە ئەوەیە کە دۆکیۆمێنتێکم ئامادەکردووە کە زیاد لە (١٣٥٠)پـرۆژەمـان خستووەتە بـواری جێبەجێکردنەوە، پرۆژەکانیش بەمیکانیزمێکی باش بەڕێوەچوون، ڕاستە کەموکوڕیی هـەبـووە، چونکە ئـەوەی ئیش بکات، کەموکوڕیشی دەبێت، بەڵام پرۆژەکانمان لەئاستێکدان کە ئەگەر قەزایەک (٢٠)پرۆژەی تێداکرابێت، (١٦-١٧)پرۆژەی هی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانییە، ئێمە زۆرترین پرۆژەمان پێشکەشکردووە، ئەگەر وانەبووایە، حکومەتی هەرێم سەد قاتی ئێستای ئیحراج دەبوو لەبەردەم هاوڵاتییاندا.

رۆژنامە: کەواتە پێتوانییە، سلێمانی بووەتە قوربانیی ململانێیەکی سیاسیی؟

* لـەســەرەتـادا، کـە کەسێکیان لەکۆمپانیایەکی تایبەتەوە هێناو بەنایاسایی کردیانە پارێزگار بەوەکالەت، چاوپۆشیمان لێکرد، تەنیا بۆئەوەی کە سلێمانی نەبێتە قوربانیی ململانێی سیاسییو پـرۆژە خزمەتگوزارییەکانی دوانەکەوێن، بەڵام بەو مەرجەی کە هاوکاری ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بێتو سلێمانی بەهێزتر بکاتو پرۆژەکان بەرەوپێش ببات، نەک پرۆژە ڕابگرێت، بەڵام بەداخەوە، لەو سێ مانگەدا پێچەوانەی ئەوە بینرا، لەبەرئەوە وتمان، با لەوە زیاتر سلێمانی نەبێتە قوربانیی، بۆیە هاتینە دەنگو بڕیارماندا پارێزگارو دوو جێگر بەیاسایی هەڵبژێرین.

دانا عەبدولکەریم

ئاوەڕوانی وەڵامی پەرلەمانو بارزانییە



کاوە عەبدوڵڵا، سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

پەرلەمانو حکومەتی هەرێم دەربارەی ئەو کارە نایاساییانەی پارێزگاری سلێمانی.

هـەروەک کـاوە عەبدوڵڵا، سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی ڕایگەیاند: لە کۆبوونەوەی ڕۆژی (٤)ی ئەم مانگەی ئەنجومەنەکەدا، بڕیاردرا کە پارێزگاری سلێمانی بەوەکالەت (بەهرۆز محەمەد ساڵح) لەمەودوا پارێزگاری سلێمانی نییەو لە ئایندەیەکی نزیکدا پارێزگارێکی نوێ لەنێو ئەنجومەنەکەدا هەڵدەبژێردرێت، چونکە دانانی پارێزگار بەوەکالەتو دوو جێگری پارێزگاری سلێمانی کە د.بەرهەم ساڵح، سەرۆکی حکومەت دایناون، بەشێوەیەکی نایاسایی دەستنیشانکراونو دەسەڵاتیان ڕەتدەکەینەوەو دەبووایە دانانی جێگرەکانی پارێزگار لە ڕێگەی ئەنجومەنەوە بوایەو ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگا بوونایە.

کاوە عەبدوڵڵا، باسی ئەوەشیکرد، کە بەهرۆز قەشانی لە نامەیەکدا ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بە نایاسایی لەقەڵەمداوەو دەسەڵاتی ئەنجومەنی پێشێلکردووەو خۆی بە شەرعیی داناوە.

پـارێـزگـاری سلێمانی بەوەکالەت، بەپێی یاسای(١٥٩)ی ساڵی (١٩٦٩)لەلایەن سەرۆکی حکومەتەوە دەستنیشانکراوە، لەکاتێکدا ئەو یاسایە زۆر کۆنەو لەمێژە کاری پێناکرێت، لەبەرئەوەی یاسای بەعسەو پێش ڕاپەڕین کاری پێکراوە، لەدوای ڕاپەڕینیش، ماوەیەک کاری پێکراوە، بەڵام دەسەڵاتی سەردەمی (بریمەر) بە یاسای ژمارە (٧١) ڕەتیکردووەتەوەو ئێستا کاری پێناکرێت.

سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی ڕاشیگەیاند، بەهرۆز قەشانی، پارێزگاری سلێمانی بە وەکـالـەت، ڕایگەیاندووە: «ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی نایاساییە»، هەر بۆیە «ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، توانی بەشێوەیەکی یاسایی بیسەلمێنێت کە هاتنی بەڕێزیان و دوو جێگرەکەی و سەپاندنیان بەسەر ئەنجومەنی پارێزگادا نایاساییە، ئێمە لێدوانە نایاساییو کارە نایاساییەکانی پارێزگارمان نـاردووە بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکانو چاوەڕێی وەڵامی سلێمانی بەوەکالەت (بەهرۆز محەمەد ساڵح) لەمەودوا پارێزگاری سلێمانی نییەو لە ئایندەیەکی نزیکدا پارێزگارێکی نوێ لەنێو ئەنجومەنەکەدا هەڵدەبژێردرێت، چونکە دانانی پارێزگار بەوەکالەتو دوو جێگری پارێزگاری سلێمانی کە د.بەرهەم ساڵح، سەرۆکی حکومەت دایناون، بەشێوەیەکی نایاسایی دەستنیشانکراونو دەسەڵاتیان ڕەتدەکەینەوەو دەبووایە دانانی جێگرەکانی پارێزگار لە ڕێگەی ئەنجومەنەوە بوایەو ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگا بوونایە.

کاوە عەبدوڵڵا، باسی ئەوەشیکرد، کە بەهرۆز قەشانی لە نامەیەکدا ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بە نایاسایی لەقەڵەمداوەو دەسەڵاتی ئەنجومەنی پێشێلکردووەو خۆی بە شەرعیی داناوە.

پـارێـزگـاری سلێمانی بەوەکالەت، بەپێی یاسای(١٥٩)ی ساڵی (١٩٦٩)لەلایەن سەرۆکی حکومەتەوە دەستنیشانکراوە، لەکاتێکدا ئەو یاسایە زۆر کۆنەو لەمێژە کاری پێناکرێت، لەبەرئەوەی یاسای بەعسەو پێش ڕاپەڕین کاری پێکراوە، لەدوای ڕاپەڕینیش، ماوەیەک کاری پێکراوە، بەڵام دەسەڵاتی سەردەمی (بریمەر) بە یاسای ژمارە (٧١) ڕەتیکردووەتەوەو ئێستا کاری پێناکرێت.

سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی ڕاشیگەیاند، بەهرۆز قەشانی، پارێزگاری سلێمانی بە وەکـالـەت، ڕایگەیاندووە: «ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی نایاساییە»، هەر بۆیە «ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، توانی بەشێوەیەکی یاسایی بیسەلمێنێت کە هاتنی بەڕێزیان و دوو جێگرەکەی و سەپاندنیان بەسەر ئەنجومەنی پارێزگادا نایاساییە، ئێمە لێدوانە نایاساییو کارە نایاساییەکانی پارێزگارمان نـاردووە بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکانو چاوەڕێی وەڵامی ئەوانین».

کاوە عەبدوڵڵا، وتیشی: «هەموو لایەک دڵنیادەکەمەوە کە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لە مافی بەیاساییبوونی خۆی خۆشنابێتو ڕێگەنادات کە پارێزگارێکی سەپێنراو پێی بڵێت، ئێوە نایاسایین».

لـــەلای خـــۆشـــیـــەوە، کـوردسـتـان سێوکانی ئاماژەی بۆ ئەوەکرد، کە تائێستا بەڕەسمیی هیچ وەڵامێکی یاداشتەکەیان وەرنەگرتووەتەوەو چاوەڕوانی سەرۆکی هەرێمن کە وەڵامیان بـداتـەوە، چونکە ئەو بە سەرۆکی هەموو هەرێم دەزانن، وتیشی: «داواکارین، یان بۆمان بسەلمێنن کە چۆن ئەو دوو جێگرە دامەزرێنراون، یان هەڵبوەشێنرێتەوەو ئامادەین بە پێی سیغەیەکی یاسایی لەگەڵ کاک بەهرۆز کاربکەین، هەتا هەڵبژاردنی نوێ ئەنجام دەدرێت».

سەرۆکی کوتلەی کۆمەڵیش، ڕایگەیاند: «چـاوەڕێـی وەڵامـی یاداشتەکەنو لە چەند ڕۆژی داهـاتـوودا کۆدەبنەوە بۆ تاووتوێکردنی دۆخەکەو هەڵوێستی گونجاو وەردەگـرنو داوا دەکـەن، یاسا سەروەر بێت، لەبەرئەوەی ئەنجومەنی پارێزگا بە یاسایەک هەڵبژێردراوەو پێویستە کار بەو یاسایە بکرێتو جەختیش لەوە دەکەینەوە کە هەر کەسو لایەنێک یاسا پێشێلبکات، هەڵوێستمان دەبێت بەرامبەری».

وشیار سدیق ئەفەندی، سەرۆکی کوتلەی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، باسی لەوەکرد، کە لە کۆبوونەوەی ئەنجومەندا، بە کۆی دەنگ بڕیاردرا کە دانانی ئەو دوو جێگرە بۆ پارێزگار بە نایاسایی بووەو وتی: «ئێمە بە یاسای بڕیمەر هەڵبژێردراوین و دواتریش حکومەتی عێراق یاسایەکی نوێی دەرکرد، بەڵام ئەو یاسا نوێیە کە هەرێمیش پەسەندی کردووە، شمولی ئەم ئەنجومەنە نـاکـاتـو دەڵـێـت، ئەنجومەنی داهاتوو دەگرێتەوە».

سەرۆکی کوتلەی پارتی، وتیشی: «ئێمە وەک کوتلەی پارتی لە ئەنجومەن، لەگەڵ هەموو ڕێوشوێنێکی یاسایین و دژی پێشێلکردنی یاسایین و دانانی دوو جێگرەکەش بە نایاسایی دەزانینو ئەو کاتەش ڕازیبووین بە دانانی بەهرۆز محەمەد ساڵح وەک پارێزگار بە وەکالەت، بەومەرجەی هاوکاری ئەنجومەن بکات».

سـەرۆکـی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی باس لەوەش دەکات، کە لە ئێستادا چـاوەڕوانـی وەڵامـی یاداشتەکەیانن بۆ ئەوەی هەڵوێستی سێ سەرۆکایەتییەکەی هەرێم ڕوون ببێتەوەو دەڵـێـت: «ئێمە وەکو ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، بۆ چەسپاندنی یاسا، هەموو ڕێچکەیەکی یاسایی دەگرینەبەرو ئەگەر ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانیش وەڵامی نەدرایەوە، ئەوا ناچار دەبین، ڕێگای دیکە بگرینەبەر کە خۆی لە مانگرتنو داواکردنی خەڵک بۆ پشتگیریکردن دەبینێتەوە».

کێ شەرعیەو کێ ناشەرعی؟!

چاوان عەلی

کۆبوونەوەیەکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

پارێزگاری نوێی سلێمانی، ئەنجومەنی پارێزگا بە ناشەرعیی دادەنێتو داواەکات پەرلەمان میکانیزمێکی یاسایی زانستیی بۆ هەماهەنگیی نێوانیان بدۆزێتەوە، ئەمەش لە کاتێکدایە کە پارێزگار خۆی بە (دامەزراندن) دانراوەو پەرلەمانی کوردستانیش بە دەقی یاسایی ئەوەی چەسپاندووە، کە ئەنجومەنی پارێزگاکان تا هەڵبژاردنی دەورەی داهاتوو شەرعیەتیان هەیە.

پارێزگار ئەنجومەن بە ناشەرعیی دادەنێت

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بە نووسراوی ژمارە (٢١١) لە (٢٠١٠/٤/٢٨) داوایان لە پارێزگاری سلێمانی- بەوەکالەت کردووە ئامادەی کۆبوونەوەی ئەنجومەنی پارێزگا بێتو پارێزگاریش لە (٢٠١٠/٥/٤)دا لە وەڵامدا باس لەوەدەکات؛ «وەک پارێزگار بەرچاویان روون نییە ئەنجومەنی پارێزگاکان لەسەر چ یاسایەکو بە کام یاسا کاردەکەن، هەربۆیە ئەوان وەک دەزگایەکی فەرمیی حکومەتی هەرێمی کوردستانن دەبێت کاروچالاکییەکانیان لە چوارچێوەی یاسادا بێتو داوادەکەن کە ئەنجومەنی پارێزگا لە ڕێگەی پەرلەمان یان حکومەتی هەرێمەوە میکانیزمێکی یاسایی گونجاو بدۆزنەوە بۆئەوەی هەماهەنگییەکەیان لەسەر بنەمای یاسایی و زانستیی بنیادبنێن».

ئەم داوایە لەکاتێکدایە کە لە مادەی (٣١)ی خاڵی سێیەمی یاسای ژمارە (٤) ی ساڵی (٢٠٠٩) یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمدا هاتووە؛ «لە باڕیکدا کە نەتوانرا هەڵبژاردنەکان بکرێن، ئەوا ئەنجومەنەکان لە بەڕێوەبردنی کاروباریان تاکو ئەنجومەنە نوێیەکان هەڵدەبژێردرێن، بەردەوام دەبن» و بەپێی بڕیاری ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٠٩)ی پەرلەمانی کوردستانیش، ئەنجومەنی ئێستای پارێزگاکانی هەرێم بەردەوامدەبن لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان تاوەکو هەڵبژاردنی داهاتوو بە مەرجێک پێش کۆتایی ساڵی (٢٠٠٩) ئەنجامبدرێت.

سەرۆکی ئەنجومەن ڕەتیدەکاتەوە

کاوە عەبدوڵڵا، سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامە ئەو بیانووانەی پارێزگار- بەوەکالەتی ڕەتکردەوەو ڕوونیکردەوە، کە ئەوان بەپێی یاسای ژمارە (٧١)ی ساڵی (٢٠٠٤) دەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانان کاردەکەنو هەرچەندە (٥) ساڵ بەسەر هەڵبژاردنیاندا تێپەڕبووە، بەڵام شەرعیەتی یاساییان ماوە بەپێی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان، کە پەرلەمان دەریکردووە.

وتیشی: «ئەم وتانەی پارێزگاری سلێمانی «بانێکەو دووهەوا»، چونکە خۆی بە دامەزراندن دانراوەو هەڵبژێردراو نییەو ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەولێرو دهۆکیش وەک ئێمەنو هیچ کێشەیەکیشان نییە، دەسەڵاتو ئەرکو مافی خۆیان جێبەجێدەکەنو مامەڵەیان لەگەڵ پارێزگارەکانیاندا ئاساییە، بۆ ئێمە ناشەرعینو ئەوان شەرعیەتیان هەیە؟».

ئەنجومەن، پارێزگاریان لەکارخست

هەر لەدوای ئەو وەڵامەی پارێزگار بۆ ئەنجومەنو ئامادەنەبوونی لە کۆبوونەوەکەی ئەنجومەنی پارێزگا، ڕۆژی سێشەممەی ڕابردوو (٥/٤)، ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لە کۆبوونەوەیەکدا بە زۆرینەی دەنگ، بەهرۆز قەشانی، پارێزگاری سلێمانی بەوەکالەت-یان لەکارخست، لەگەڵ ئەوەشدا پارێزگار لە دیوانی پارێزگا لە کارەکانی بەردەوامە.

پەرلەمان، ئەنجومەنی پارێزگاکان یاساییین

گۆران ئازاد، ئەندامی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان، بۆ ڕۆژنامە جەختی لەسەر مانەوەی شەرعییەتی کارکردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان کردەوە تا ئەوکاتەی هەڵبژاردن دەکرێتو وتی: «لەبەرئەوەی لەو ماددەیەدا هۆکاری ئەنجامنەدانی هەڵبژاردنەکە ئاماژەی پێنەکراوە، ئەوا لایەنە پەیوەندیدارەکان هیچ بیانوویەکیان نییە بۆ داننەنان بە ئەنجومەنی پارێزگاکان، هەربۆیە بەپێی یاسا ئەنجومەنی پارێزگاکان شەرعیەتیان هەیە».

ئەنجومەنەکان دان بە شەرعیەتبوونیاندا دەنێن

هەروەک فازڵ عومەر، سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای دهۆک، جەختی لەسەر شەرعیبوونی ئەنجومەن کردەوەو بۆ ڕۆژنامە وتی: «کاتێک بە یاسایەک لەلایەن پەرلەمانەوە ماوەی کارکردنی ئەنجومەنەکان درێژدەکرێنەوە، واتا مانەوەی شەرعیەتیانە تا ڕۆژی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان».

هاوکات فەرهادی مەلاسالح، ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای هەولێریش پێیوابوو؛ ئەوان وەک ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگا شەرعیەتیان لە خەڵکەوە وەرگرتووە، هەربۆیە شەرعیەتیان هەیە تا ئەو ڕۆژەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان ئەنجامەدرێت، قبوولیان نییە بە ناشەرعیی وەسفبکرێن».

پەرلەمانی عێراق

پارێزگاری سلێمانی لە وەڵامەکەیدا کە ئاراستەی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی کردبوو، باس لە چەند یاسایەک دەکاتو جەخت لەسەر ئەوەدەکاتەوە، کە دەبێت ئەنجومەنی پارێزگا لە سەر یاسای پارێزگاکانی ژمارە (١٥٩)ی ساڵی (١٩٦٩) بەرێوەبچن، بەڵام ئەحمەد شەبەک، ئەندامی خولی پێشووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە لیژنەی هەرێمو پارێزگاکان، ئەوەی خستەڕوو کە لەبەرئەوەی (یاسای پارێزگاکانی ڕێکنەخراو لە هەرێمێکدا)، کە ژمارە (٢١)ی ساڵی (٢٠٠٨)، ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم ناگرێتەوەو یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠٠٩) یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمیش کە پەرلەمانی کوردستان دەریکردووەو لە مادەی (٤١) لە یاسای ئەنجومەنی پارێزگانی ژمارە (٣)دا هاتووە، کە ئەم یاسایە بۆ دەورەی داهاتووی هەڵبژاردن کاری پێدەکرێت، هەربۆیە تەنیا یاسا کە ئەنجومەنی پارێزگاکان پەیڕەوی بکەن، بڕیاری دەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانانە، بەوپێیەش دەسەڵاتی ئەنجومەنی پارێزگایە پارێزگارو جێگر دابنێت، نەک بە دامەزراندن لە دەرەوە دابنرێن.

سەرۆکی حکومەت یاسا پێشێلدەکات

سەرۆکی حکومەت بە فەرمانی نهێنیی ژمارە (١٠٠٦) لە (٢٠١٠/٤/٢٦) داوای دامەزراندنی دوو جێگر لە دەرەوەی ئەنجومەنی پارێزگا دەکات، کە ئەمە بەدەرە لە یاساکانی ئەنجومەنی پارێزگاکان، چونکە ئەوە دەسەڵاتی ئەنجومەنی پارێزگاکانە نەک حکومەت، لەمبارەیەوە شێرزاد حافز وەک پەرلەمانتارێک لە لیژنەی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان جەختی کردەوە، کە پەرلەمانی کوردستان شەرعیەتی مانەوەی داوە بە ئەنجومەنی پارێزگاکان، هەربۆیە شەرعیەتیان هەیەو هەموو یاساکانیش هەر لە یاسای ساڵی (١٩٦٩) تا یاسای ساڵی (٢٠٠٩)ی پەرلەمانی کوردستان جەخت لەسەر ئەوەدەکەنەوە، کە پارێزگارو هەردوو جێگرەکەی لەنێو ئەندامانی ئەنجومەندا هەڵدەبژێردرێنو ناکرێت بە دامەزراندن لە دەرەوە بهێنرێن.

بۆ دانانی پارێزگاری نوێ

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی چ

ڕاپۆرتی: بەرهەم خالید

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی چاوەڕوانی وەڵامی ئەو یاداشتەیە کە هەفتەی ڕابردوو ئاڕاستەی هەرسێ سەرۆکایەتییەکەی هەرێمی کرد، ئەوەش پاش ئەوەی بە نایاسایی، دوو جێگر بۆ پارێزگاری سلێمانی دانراون و پارێزگاری سلێمانیش ڕەتیدەکاتەوە، هەماهەنگیی لەگەڵ ئەنجومەن بکات.

کاوە عەبدوڵڵا، سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، ڕەخنەی لە کارەکانی پارێزگاری نوێی سلێمانی گرتو وتی: «پارێزگاری سلێمانی لەدوای ئەوەوە کە دەستبەکاربووە، بەهیچ شێوەیەک هەماهەنگیی لەگەڵ ئەنجومەنی پارێزگادا نەکردووەو پەراوێزی خستووە، بۆیە ئەنجومەنی پارێزگا داوای لە پارێزگار کردووە، ئامادەی کۆبوونەوەی ئەنجومەن بێت، بەڵام نەهاتو تەنیا نامەیەکی نارد».

لەبارەی یاساییبوونی کارەکانیو نەگەڕانەوەی پارێزگار بۆ ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، کاوە عەبدوڵڵا، وتی: «ئەو پارێزگارە، کاتی خۆی کە دانراوە لەڕێی ئەنجومەنەوە نەبووەو زانیمان دانانەکەی نایاساییە، بەڵام لەبەرئەوەی لەکاتی هەڵمەتی هەڵبژاردندابوو، نەمانویست بارگرژیی بۆ پارێزگای سلێمانی دروستبکەین، بۆیەنگیمان لێکرد، کەواتە دانانی پارێزگار بەوشێوەیە نایاساییەو پەراوێزخستنی ئەنجومەنی پارێزگاش دەسەڵاتی ئەو نییە، لەبەرئەوەی بەهیچ شێوەیەک ئەو نایاساییە قبوڵ ناکرێتو لەمەودوا بێدەنگ نابین لەوەی کە پارێزگاری سلێمانی بەوشێوەیە کارەکانی خۆی جێبەجێبکات».

ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم، بەپێی یاسای (٧١)ی بڕیمەری حاکمی مەدەنی ئەو کاتەی عێراق، لە ساڵی (٢٠٠٥)دا هەڵبژێردران، بەڵام سەرەڕای ئەوەی وادەی کارکردنیان بەسەرچووە، تائێستا هەڵبژاردنی نوێ نەکراوەو ئەوە لەکاتێکدایە کە سەرەتای ساڵی ڕابردوو لە (١٥) پارێزگاکەی دیکەی عێراق ئەنجومەنی نوێ بۆ پارێزگاکان هەڵبژێردرا، بەپێی یاسای نوێی عێراق بۆ ئەو ئەنجومەنانە.

پاش ئەوەی پارێزگاری پێشووی سلێمانی، دانا ئەحمەد مەجید کە لەسەر لیستی(١٠٩) ببوو بە پارێزگار، دەستی لەکارکێشایەوەو خانەنشین کرا، لیستی (١٠٩)ی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ڕازی بوو بەهرۆز قەشانی وەک پارێزگاری نوێ بەوەکالەت بۆ ئەو پۆستە دابنێت، ئەگەرچی لەناو ئەنجومەنی پارێزگاشدا نییە، بەڵام ئەندامانی لیستی(١٠٩) قبوولیان کردو دواتریش کوتلەکانی پارتیو کۆمەڵو یەکگرتوو ڕازیبوون بە دانانی ناوبراو.

ئەنوەر فەرەج سەنگاوی، سەرۆکی کوتلەی کۆمەڵی ئیسلامیی لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، باس لەوە دەکات کە هەر لە سەرەتاوە تێبینییان لەسەر دانانی پارێزگار هەبووە، بەڵام لەو کاتەداو بە ڕەچاوکردنی دۆخی هەڵبژاردنو شاری سلێمانی، چاوپۆشییان لەوەکردو وەک ڕێککەوتنێک لە نێوان لیستەکاندا قبوولیان کرد، «بەڵام ئێستا پارێزگار حیساب بۆ ئەنجومەن ناکاتو ناگەڕێتەوە بۆ ئەنجومەنو هەماهەنگیی ناکات، لە کاتێکدا بە پێی یاسا دەبێت پارێزگار ملکەچ بێت بۆ یاساو هاوکاری ئەنجومەن بکات».

هەر لەو ڕووەوە کوردستان سێوکانی، سەرۆکی کوتلەی یەکگرتووی ئیسلامیی لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، ئاماژەی بۆ ئەوەکرد کە پاش دەستلەکارکێشانەوەی پارێزگاری پێشووی سلێمانی، پارێزگاری ئێستا بەوەکالەت (بەهرۆز قەشانی) لەگەڵ بەرپرسێکی باڵای یەکێتی هاتنە پارێزگاو لەگەڵ لیستی(١٠٩) کۆبوونەوە، ئێمەش چاوپۆشیمان کرد لە مافێکی یاسایی خۆمانو لەبەرئەوەی کێشە لە شاری سلێمانی دروست نەبێت، ڕازیبووین بە دانانی بەوەکالەت، وتیشی: «دوو مەرج هەبوو، یەکەمیان ئەوەبوو کە دەبێت پارێزگاری نوێ بە وەکالەت، هەماهەنگیی بکات لەگەڵ ئەنجومەنی پارێزگاو بەڵێنیشیدا، دووەم مەرجیش ئەوەبوو کە ئەگەر لە داهاتوودا جێگرێک بۆ پارێزگار دانرا، دەبێت لە ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگا دابنرێت، ئەوانیش ڕەزامەندبوونو دواتریش هەموو لیستەکان ڕازیبوون، بەڵام بەداخەوە، پاش دەستبەکاربوونی پارێزگاری سلێمانی، ئەو هەماهەنگییەمان نەبینییەوە لەگەڵ ئەنجومەنی پارێزگاو دواتریش نووسراوێکمان بەردەست کەوت کە بە نهێنی دوو کەسیان وەک جێگر بۆ پارێزگاری سلێمانی دامەزراندووە کە هیچیان ئەندامی ئەنجومەن نین».

وەک بەشێک لە ئەندامانی ئەنجومەن باسیدەکەن، ئەوان بە هیچ شێوەیەک ئاگاداری دانانی ئەو دوو جێگرە نین بۆ پارێزگارو لە نووسراوێکی نهێنیدا بینویانەو نووسراوەکەش پشتی نەبەستووە بە هیچ بڕیارو بڕگەیەکی یاسایی.

بەپێی وتەی سێوکانی، «جێگری پارێزگار پلەیەکی تایبەتەو دەبێت مەرسومێکی سەرۆکایەتی بۆ دەربچێت، هەروەها لە هەمووی سەیرتر ئەوەیە، وەزیری ناوخۆ بێئاگایی خۆی دەربڕی لە دامەزراندنی ئەو دوو جێگرە».

پاش ئەو گرژییە، ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، پارێزگاری سلێمانی بانگهێشتەکات بۆ کۆبوونەوەی ئەنجومەن بە مەبەستی ڕوونکردنەوە، بەڵام پارێزگار ناچێتو بە نامەیەک پێیان دەڵێت، کە هیچ بڕگەیەکی قانوونی نابینێت کە ناچاری بکات هەماهەنگیی لەگەڵ ئەنجومەن بکات، ئەوەش ئەنجومەنی تورەکردو یاداشتێکیان دایە هەرسێ سەرۆکایەتییەکەی هەرێمو

هۆشیار سدیق:

وەک کوتلەی پارتی لەئەنجومەن، لەگەڵ هەموو ڕێوشوێنێکی یاساییندا دژی پێشێلکردنی یاساین و دانانی دوو جێگرەکەی پارێزگاریش بە نایاسایی دەزانین

ـــی بـــکـات؟

سیروان بابا عەلی، نووسەرو رۆشنبیر:

گۆڕان هەڵەی زۆرە

رۆژنامە: بزووتنەوەی گۆڕان بووەبە واقیع، تەنانەت یەکێتیو پارتیش دانیان پێداناوەو ئێستا مامەڵەی سیاسییانەی لەگەڵدا دەکەن، ئایا لەمە بەدوا ئەرکی (گۆڕان) چییە؟ یان (گۆڕان) چۆن بەردەوام بێت بۆ جێبەجێکردنی ئەو بەرنامە گشتگیرەی، خستوویەتیەڕوو؟

* سەرهەڵدانی (گۆڕان) دەرکەوتەیەکی شەرمن نەبوو، بەرهەمی راپسکانێکی گەورە بوو. جێکەوت (واقیع)ی بۆگەنکردووی نەگۆڕاو، (بزووتنەوەی گۆڕان)ی بەرهەمهێنا. ئێستا ئیدی (گۆڕان) قۆناغی (کارتێکراویی پەتیی) تێپەڕاندووەو لە ڕێتکەی گۆڕینو بەرهەمهێنانەوەی جێکەوتدایە، واتە زیاتر لەوەی‌کارتێکراوە،کارتێکەرە.هەربەڕاستییش، (گـۆڕان) لەو ماوە کورتەی سەرهەڵدانیدا، کاریگەریی ئەرێنیی بەرچاوی لەسەر کۆی بوویەرەکان داناوە. وزەی راستەقینەی ئەو بزاڤە، نە لە هێزی (تفەنگ)، نە لە زۆریی (پارە)، نە لە قۆرخی (پایەی دەسەڵاتداریی)، نە لە زەبەنیی (ڕێـژەی کۆنەسەرکردە) وەیە، وزەی راستەقینەی ئەو بزاڤە، هێزە سروشتییە خۆرسکە کۆمەڵایەتییەکەیەتی کە بنکەیەکی بەرینی مرۆیی پرخواستو ویستو ڕەخنەو ناڕەزایی‌و تووڕەییە. هەر ئەو هێزە جەماوەرییەیە، وای کردووە، دەسەڵات ناچار بێت، بوونی بزووتنەوەی گۆڕان، وەک فاکتێکی (کۆمەڵایەتی-ڕامیاریی) بپەژرێنێت‌و نەتوانێت وەپاشی بداتەوە... ئەرکی لەمەودوای (گۆڕان)، مانەوەی بەردەوامی ئەوە لە ئاکتیڤبوونداِ، پەرەپێدانی تێکۆشانی دیموکراسییانەو شارستانییانەی زانستییە لەپێناوی بەدیهێنانی ئەو ئامانجانەی لەپێناویدا دروست بووە، دانەبڕانێتی لەو هێزە کۆمەڵایەتییەی کە وزەی راستەقینەیەتی.

رۆژنامە: لە نووسینێکتدا ئاماژە بەوە دەکەیت دوو ڕەگەزی هێز (پارەو چەکدار) پارتی‌و یەکێتییان بەشێوازی دێومزمە بەسەر سنگی کۆمەڵگەی کوردییەوە هێشتووەتەوە ئایا (گۆڕان) چۆن دەتوانێت کێبرکێی ئەم دووهێزە بکاتو ئەو دوو حیزبە ناچار بکات بە ململانێی مەدەنییانە؟

* ئەوان سەرەتا وەک هێزگەلێکی کێوێی، لە ڕێگەی چەکدارەوە کوردستانیان بەرزەفت کرد، پاشان دەستیان بەسەر سامانو داهاتی نیشتمانداِ گرتو لەپێناوی بونیادنانی قەڵای مشەخۆرییدا لەهیچ پێنگاڤێک نەپرینگانەوە. ئیدی لە قۆناغی دووەمـدا هاوکێشەکەیان پێچەوانە کردەوەو بە هەژموونی پارە هێزی چەکداریان پتەوتر کرد. ئەو سووڕانەوەیە لەو بازنە ئەهریمەنییەدا، هەمیشە کارێک دەکات پارەو چەک یەکتریی پەیدا بکەنو هەژموونی یەکتریی بپارێزن...، بـەڵام بەختەوەرانە گۆڕانی خۆیەکیی‌و بابەتیی بارودۆخەکان، پێچەوانەی سووڕگەی ئەو بازنەیە بوو. ئەمڕۆ عێراق فشارو پەستانی گـەورەی نێوەکیی‌و دەرەکیی بەرەو دیموکراسییبوون لەسەرە. جگە لە دیموکراسیی، هیچ شێوازێکی دیکەی بەڕێوەبردن ناتوانێت ئامبازی سەدان ئاستەنگی بـەردەم پێکەوەژیانی گەلانی عێراق بێت. لەنێوخۆی هەرێمدا بەهای ئەو گۆڕانکارییە، سوودی کۆمەڵگەی کوردییە بە زیانی بازنە ئەهریمەنییەکەی دەسەڵات. ئیدی هەرێمی کوردستان ناتوانێت، لە نێو گێژەنی پرۆسەی دیموکراسییبوونی عێراقدا بە ڕاوەستاویی بمێنێتەوە، ئیدی هەرێم ناتوانێت، ببێتە گونی قـۆڕی جەستەی عێراقێکی دیموکراسیی‌و هێزە ڕامیاریی‌و یاسایی‌و ئابووریییە عێراقیی‌و نێوەدەڵەتییەکان لەدووڕەوە تەماشای بکەن. چیدی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی بە ڕابەرایەتی ئەمریکا، ڕێگە نادات ئەو دوو پارتە بەو شێوازەی دەخوازن هەژموونی هێزی چەکدارییان بمێنێتەوە، چونکە ئەو بـارودۆخـە زیانی مەزنی بۆ پرۆسەی دیموکراسیی عێراقو پەرەکانی ئەوان هەیە. کەواتە لە هەرێمی کوردستانیشدا، دەبێت هێدی هێدی دەسەڵاتی یاسا ڕۆبنرێتو هەژموونی میلیشیای چەکدار بپوکێتەوە. لەو بەستێنەدا ڕۆڵـی هێزە شارستانییو دیموکراسییەکانی کۆمەڵگەی کوردیی دەبێتە هاوکارێکی گـەورە، واتـە کاتێک بۆخۆی فشار لەسەر دەسەڵات دادەنێتو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییش لە هەموو تاوانەکانی دەسەڵات وریـا دەکـاتـەوە... کەواتە ئیدی دەسـەڵات ناتوانێت لە ڕێگەی هێزی چەکدارەوە بکۆژیی‌و ببڕیی بکات، وەک ئەلتەرناتیڤی ئەوەو لەپێناوی مانەوەی‌بارودۆخەکەدا،شەمشەمەکوێرەکانی هەواڵگریی دەستدەکەن بە شەوگەڕیی‌و بەهەموو شێوازێکی شاراوە، تیرۆری دەستو هزرو دەنگی ئازاو نازاد دەکەن (دوا نموونە، تیرۆرکردنی لاوی خوێندکارو ڕۆژنامەنووس «سەردەشت عوسمان»ە). ئەوەی ماوەتەوە بـە پلەی سەرەکیی (هـەژمـوونـی پـارە) یە. لەوێدا بـەداخـەوە هەژموونی (پـارە)، هاوشێوازی فشارەکان لەسەر هەژموونی چەکداریی فشاری دەرەوەی ناکەوێتە سەر. ئیدی ئەو فشارە ئەرکی هێزە شارستانییو دیموکراسییەکانی نێوخۆیە، لە ئەستۆی ئەواندایە بەرەنگاری ئەو هەژموونە ببنەوەو سامانی وڵات لە بندەستی پارتەکان دەربهێنن. (بزووتنەوەی گۆڕان) وەک بەهێزترین هێزی کۆمەڵایەتیی ئەو سەرزەمینەی باسکرا، گەورەترین ئـەرکـو بەرپرسیارێتی لەو ڕووبەڕووبوونەوەیەدا لە ئەستۆدایە. ئەو بووەتە ئۆپۆزیسیۆنو دەخوازێت، دەسەڵاتی یاسا بەرقەرار بکاتو گەندەڵیی‌و شێوانشێویی ڕامیاریی‌و کارگێڕیی‌و ئابووریی داتەپێنێت. بەخۆم لە ململانێی دیموکراسییانەدا تەنیا یەک پەرلەمانتاری (کارای ئازای لەخۆبردووی زیـرەکـی بزێو)یش لە بوومەلەرزەیەک بەهێزتر دەبینم. پەرلەمانتارێک ئەگەر ئەو خەسڵەتانەی تێدابێت، دەتوانێت گوێی جیهان لە نادادپەروەریی دەسەڵاتەکەی پربکاتو هەموو سەرنجەکانی بۆ ڕابکێشێت.

رۆژنـامـە: لە (٢٥-٧ تا ٧-٣)هـەڵـەو کەموکوڕییەکانی بزووتنەوەی گـۆڕان چین، چی بکات بۆ چارەسەرکردنی ئەو کەموکوڕییانە؟

*(گۆڕان) هەڵەی زۆرە، لە وەڵامی یەکەم پرسیاردا لە خودی چەمکی هەڵە دوام... لێ زۆربـەی هەڵەکانی (گـۆڕان) پەیوەستن بە ناڕێکخراوەییەوە، پاساویش زۆرە کە بۆ هێشتا ئەو بزاڤە ناڕێکخراوە. هێشتا (گۆڕان) لە هەندێک ڕووی (ڕاگەیاندن، بگرەوبەردەی ڕامیاریی،مامەلەی‌دۆستو نەیار،پێڕەوکردنی گوتار، زمانو پێنووسی لایەنگران)ەوە، تا ڕادەیەک ئەگەر کەمیش بێت، لە پارتەکانی دەسەڵات دەچێت. کەواتە دەبێت (گۆڕان) هەرچیی زووتـرە خۆی ڕێـک بخات، ئەو پێنگاڤە تا دوابکەوێت ئەستەمتر دەبێت. دیارە (گۆڕان) زۆر جودایە، لێ پێویستە شێوازێکی تەواوجودا لە کوردستاندا دابهێنێت. زمانی ئاخافتنی شارستانییانەو دیموکراسییانە، خستنەکاری پەیامو بەرنامەی نووسراو وەک خۆیان، ڕووکردنە دۆستو نەیار بە هەمان گەردونبینیی‌و پێودانگ، پەروەردەکردنەوەو ڕۆشنبیرکردنی لایەنگرانی‌و چاککردنەوەی شێوازیان...تد. ئەوانە لەسەرەتادا وەک مێتۆدو دیسیپلین بەرپرسیارێتی (گۆڕان)ن...

سـوودگـەرایـی (پراگماتیزم) وەک دیتانەیەکی (فەلسەفیی-ڕامیاریی) نێو هەناوی سەرمایەداریی‌و چاولێکەرییەکی نۆدەمی پارتە (سۆسیالدیموکراس)ییەکان، هەر لەسەردەمی (ویلیەم جەیمس)ەوە تا ئەمڕۆ، دژی دۆگماو ئیدیۆلۆژیاو چەقبەستنی پرەنسیب بووەو لەگەڵ جێکەوت (واقـیـع)دا هەڵسوکەوتی کردووە، بەڵام ئەو فەلسەفەیە هەرگیز لەگەڵ ئەوەدا نییە، تۆ پێچەوانەی پرۆژەو پەیامی نووسراوو ڕاگەیەنراوی خۆت بجوڵێیتەوەو لە یەک (جێکەوت)دا بە دوو پێوەر مامەڵە بکەیت، بۆ نموونە ئەوە پراگماتیزم نییە، تۆ دوو ڕێکخراوی ڕامیاریی بە تیۆریا، هاوشانی یەکتر، گەندەڵو تاوانکار وێنا بکەیت، لێ لەبەرئەوەی بە ڕاستیی ناتوانیت لەبەککاتدا ڕووبەڕووی هەردووکیان ببیتەوە، بەڕامبەر لایەکیان توندو بەڕامبەر ئەوەی دی نەڕم بیت. ئەوە ئیدی بەبڕوام، دووڕوویی ڕامیاریی‌و دێماگۆگییە، بەوجۆرە لەبەککاتدا دووانەی (وزەو متمانە)ی جەماوەرەکەت دادەبەزێنیت.

سەبارەت بە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانیش، دەبا (گـۆڕان) هەر لەپێش هەڵبژاردندا ڕەچـاوی ئاستی ڕۆشنبیریی تێکڕای کۆمەڵگەی کوردیی بکردایەو لەپاڵ بەرنامەی گەیشتنە دەسەڵاتدا، بەرنامەی بوونەئۆپۆزسیۆنی هەبا، بەوجۆرە، کۆمەڵگەی لە ڕووی ڕۆشنبیرییەوە بەجێماوی کورد، باشتر دەیزانی بەهای چوونەسەرەوەی (گۆڕان) چییەو گەریش لە خوارەوە ڕکابەر بێت دەسەڵاتەکانی چین. پاشان دەمەوێت بە ڕاشکاویی بڵێم، بڕوام وایە، هەڵبژاردنی (٢٠٠٩/٧/٢٥)و سەرهەڵدانی (گۆڕان) وەک ئۆپۆزسیۆن، یەکەم هەنگاوی ڕاستەقینەی هەرێمی کوردستان بوو ڕووەو دیموکراسیی، پەرلەمانتارەکانی (گۆڕان) کاریگەریی جۆریی بەرجەستەیان هەیە، هەژی دەستگوشینو جێگەی ئومێدن، لێ هێشتا هەڵوێستیان هاوتای خواستەکان نییە. وەک لە وتارێکی ڕۆژنـامـەی (هاوڵاتی)یشدا لێی دووام، پەرلەمانتاران لە کوردستان لە هەموو کەس زیاترو دلێرانەتر، دەتوانن یاساییانەو ڕەوایانە هەڵوێستوەربگرن. دەبا لە پەرلەماندا چییان بۆ پرسی بودجە کرد، بۆ نانبڕاو و سزادراوانی ڕامیارییش هەمان هەڵوێستیان هەبا. پێویستە بە خـوازی بەکارهێنانی تێکڕای مافـو توانستیانەوە، دژی هەموو پێشێلکارییەک بووەستنەوەو سەرنجی جیهانی بۆ ڕابکێشن. بەرگریی لە هەر تاکێکی چەپاو و چەوساوە ئەگەر لایەنگری دوو پارتەکەی دەسەڵاتیش بێت، بکەن.

پێویستە (گـۆڕان) باز بەسەر هەموو تێڕوانینێکی نەریتیی (هەمەکیی)دا بدات، بە تەواوەتی تا ئاستی (تاک) ورد بێتەوە. لە فەلسەفەی ئازادیی تاکدا، بەهای تاک هاوسەنگی بەهای گشتە. حەزدەکەم هاو واتای گوتەزایەکی (ڕۆزا لوکسێمبوورگ) بپرسم: (ئایا نرخی کوردستانو تەنانەت جیهان، بەهای ژیانو تەنانەت بوون، بۆ دوو لاوی وەک «سۆرانو سەردەشت» چین، کەوا بێنرخانە ژیانیان لێدەسەنرێتەوەو ئەوانیان لێ بێبەری دەکرێتو ناهێڵن وەک مرۆڤی ئازاد تێیاندا بژێن؟!). ئەرکی سەرشانی پەرلەمانتارانی (گۆڕان) لە سایەی ئەو دەسەڵاتە سامناکەدا بێسەنگ نییە، لێ کە شانیان داوەتە بەر، وا ڕاستە نەهێڵن بکەوێت...

ڕۆژنامە: ئێستا بزووتنەوەی گۆڕان باس لە خۆڕێکخستن دەکـات، واتە دەیەوێت لە قۆناغی پەرشوبڵاوییەوە بزووتنەوەیەکی جەماوەریی ئۆرگانیزە بکات، بە بڕوای تۆ، چۆن خۆڕێکخستنەوەی ئەو بزووتنەوەیە سەرکەوتوودەبێت؟

* دیارە ئەوەی لەو بەستێنەدا شایانی گەشبینییە ئەوەیە کە (گۆڕان) بۆ بونیادنانی خۆی پێویستی بە تێکدانی هیچ بونیادێک نییە، کۆمەڵێک کەرەستەی نوێی ئامادەی نەرمۆکەی بۆ خۆبونیادنان لەبەردەستدایە. لەپێشدا گوتم، تا خۆڕێکخستنی (گـۆڕان) دوابکەوێت ئەستەمتر دەبێت، لەوێدا مەبەستم ئەمە بوو:

ئێمە دەزانین دوو پارتەکەی کوردستان لە چیادا بونیادنران، هەرگیز لە شاردا گۆڕانکاریی ڕیشەییان تێدا نەکراو نەبوونە شارستانیی، دیارە مەبەستم شارستانییبوونە لە هزرو ستڕەکتوردا، نەک ئادگارو پڕوپاگەندە.

دیارە سەرەتای ڕاگەیاندنی (گۆڕان)یش لە (گردەکە)ەوە پوو، هەرچەندە (گردەکە) ش بەشێکی زیتەڵەو دووربینی (شار)ە، لێ (گۆڕان) لەوێ خۆی بونیاد نەناوەو بەنیازە بێتەخوارەوە. ئەو دەتوانێت هەر لەئێستاوە ڕێکخراوێکی نوێی نۆدەم بونیاد بنێت. ئەگەر (گۆڕان) بە سەلیقەی سەردەمییانە، میکانیزمی چاکسازیی‌و نۆژەنبوونەوەی بەردەوام بخاتە نێو یەکەم ستڕەکتوری ڕێکخراوەیی خۆی، ئیدی هەرگیز پێویستی بە بونیادگۆڕینەوە نابێتەوەو لەخەم دەڕەخسێت...

هەرچەندە لە هەرێمی کوردستاندا هێشتا کاری پێنەکراوەو بـەردەوام هەتک دەکرێت، لێ بەختەوەرانە بڕیاردراوە کە سیستمی ڕامیاریی دیموکراسیی بێت. (چەرچڵ) گوتەزایەکی بەناوبانگی سەبارەت بە دیموکراسیی هەیە کە دەڵێت: دیموکراسیی لەنێو هەموو سیستمەکاندا، لە هەموویان (جگە لەوانیتر) خراپترە!

مەبەستی ئەوەیە، دیموکراسیی سەرەڕای هەموو خەوشێک، باشتریین سیستمی بەڕێوەبردنی دەوڵەتە، تەنیا سیستمە هەمووان لە سایەیدا جێگەیان دەبێتەوەو تەنیا سیستمە توانای بەڕێوەبردنو چارەسەری هەموو ململانێو کێشەیەکی هەیە.

دەمەوێت جەخت لەوە بکەمەوە کە بوونی (پارتی ڕامیاریی) جا (ناو)ەکەی هەرچی بێت، بەشێکی زۆر گرنگی پێکهاتەی سیستمی دیموکراسییە. ئەوە پرسێکی دیکەیە کە ئایا (گـۆڕان) ببێتە پارت یاخود لەم قۆناغەدا باشترە بزووتنەوە بێت، لێ هەرگیز لەگەڵ ئەو ئەرگومێنتەدا نیم کە دەڵێت: (لەبەرئەوەی دوو پارتەکە، ناوی «پارت»یان دزێو کردووە، ئیدیی با «گۆڕان» نەبێتە پارت!)، ئەوە وەک ئەوە وایە، بڵێیت: (ئیدی ڕەنگەکانی «کەسکو زەرد» دوو ڕەنگی دزێـون، با بەکاریان نەهێنین!) یاخود (دوو پارتەکە کەنالی بەدفەڕی «تەلەفیزیۆن»یان هەیە، با ئیدی تەماشای تەلەفیزیۆنی کوردیی نەکەین!).

سیستمی دیموکراسیی مۆدێرن بەبێ پارتی ڕامیاریی واتایەکی نییە. سیانەی (پارتی ڕامیاریی، مێدیای ئازاد، ڕێکخراوەکانی جڤاکی شارستانیی) توخمە بنەڕەتییەکانی سیستمی دیموکراسین. هەرچۆن سیستمی دادوەریی بەبێ (پارێزەر) واتایەکی نییە، سەبارەت بە پارتی ڕامیارییش لە سیستمی دیموکراسییدا هـەر وایـە. لـەو سیستمەدا تەنها پارت دەتوانێت پەیوەندیی نێوان کۆمەڵگەو ئۆرگانە دەستوورییەکان ڕێک بخات...

لە ئەستۆی (گۆڕان)دایە، ڕێکخراوێکی تەواو تەبا بە سیستمی دیموکراسیی بێنێتە بـوونو بەڕاستییش بەرنامەسازیی بۆ بەرینبوونەوەی فەرهەنگی دیموکراسیی لە کەسێتی تاکدا بکات. لە ماوەی زیاتر لە دەیەیەکی ئەوروپادا، هەرگیز نەمبینیوە دوو مرۆڤی پەروەردەی نێو سیستمی دیموکراسیی، پەلاماری تووندوتیژانەی یەکدی بدەن. سەرەتا زۆر لەلام سەیر بوو کە بۆ نموونە (دوو ئەڵمان) لە کارگەیەکدا یاخود لەسەر شەقام، دەموچاویان دەنا بەیەکەوەو دووکاتژمێر بەسەر یەکتریدا دەیانقیراند بێئەوەی پەلاماری یەکتر بدەن (من دەمگوت، ئەهاااا، هەر ئێستا قەپاڵ لە کەپووی یەکتر دەگرن!) کەچیی وا دەرنەدەچوو، ئەوان پاش خۆخالێکردنەوە، تەواو ئاسایی دەبوونەوە، لەوکاتەوە تێگەیشتم (فەرهەنگی دیموکراسیی) چییە.

ڕۆژنامە: ئایا (گۆڕان) چی بکات باشە، بۆئەوەی نەبێتە کۆپی حیزبە تەقلیدییەکانی دیکە؟

* ئەگەر بزاڤێکی وەک (گۆڕان) بیەوێت ببێتە ڕێکخراوێکی نـاوازە لە هەرێمی کوردستاندا، وای بە ڕاست دەزانـم، لەنێو کۆمەڵێک مۆدێلی ڕێکخستنداِ مۆدێلێکی گونجاو بە جڤاکی ئێمە موتوربە بکات، چونکە تەنیا مۆدێلیکی ڕێکخستنیش بەدیناکرێت کە تایبەت بێت بە ڕۆژهەڵات، چجای تایبەت بە کۆمەڵگەی ئێمە. کەواتە (گۆڕان) چۆن (پرەنسیپ، مێتۆدی کار، دیسیپلینی ڕێکخراوەیی) بەیەکتر تەبا، لە تۆڕێکی ڕێکخستندا پێکەوە دەگونجێنێت؟.. دروستکردنی ئەو تۆڕەش هەروا ئاسان نییە (دەڵێن، کابرایەک لای ماسیگرێک کە خەریکی چاککردنی تۆڕەکەیەتی ڕادەوەستێتو تەماشای دەکات، پاشان لەپڕ بە ماسیگرەکە دەڵێت، دەزانیت تۆڕدروستکردن زۆر ئاسانە، ئەویش دەڵێت، بەڵێ وایە، کۆمەڵێک «کون» دەهێنیت، دەیانخەیتە پاڵ یەکتر، خۆیان دەبن بە «تۆڕ»!)...

لە زانستی ڕامیاریی پارتناسییدا، کۆمەڵێک مۆدێڵو پێودانگ هەنە بۆ ڕێکخستن... ئێمە زانیمان کە (گـۆڕان) لە ڕووی هەڵوێست سەبارەت بە سیستمی ڕامیاریی هەرێمی کوردستان، بە سیستمەکە تەبا (کۆنفۆرم/ کەمپلاێیەنت)ەو نەیارو دژ نییە، تەنیا هەوڵی چاکسازیی‌و سەروەرکردنی دەسەڵاتی یاسا دەدات.

بەڵام ئایا (گۆڕان) لە ڕووی ڕێکخستنەوە، پشت بە سیستمی ستوونیی‌و هەرەمیی، یان ناوچەیی‌و ئاسۆیی‌و هێشوویی، یان دەستەبژێر دەبەستێت؟.. ئایا لە ڕووی تێدائەنداموونەوە، بە ئەندامێتیی دەبێت وەک پارتە تۆتالیتارەکان، یان لە هەڵبژاردندا دەنگ تاقیدەکاتەوە؟..

ئایا لە ڕووی ستراتیژو ئامانجەوە، نەتەوەیی، کۆنسەرڤاتیف، لیبێرال، سۆسیال دیمۆکراس، کۆمونیست یان ئاینییە؟.. ئایا لە ڕووی سروشوەرگرتنو مۆتیڤی ڕامیارییەوە، پارتی گەلییە و ڕەچـاوی داخوازیی گشت چینو توێژەکان دەکـات، یاخود بایەخدەر دەبێت بە داخوازییەکانی چینێکی کۆمەڵایەتی تایبەت؟.. ئایا سەبارەت بە پێگەی لە سیستمی کارگێڕییدا، ئەگەر لە دەسەڵاتدا بێت هەوڵی مانەوەی بێمەرج دەدات، یاخود دەبێتەوە بە ئۆپۆزیسیۆنو هەمدیس بۆ گرتنەوەدەستی دەسەڵات دیموکراسییانە تێهەڵدەکاتەوە؟..

پێویستە (گـۆڕان) لـە ئیدیۆلۆژیا دووربکەوێتەوە، مەبەستمان ئەوەیە لەژێر زەبری هزرێک یان تیۆریایەکی دیاریکراودا نەبێتە ڕێکخراوێکی تۆتالیتار. لەوێدا پێویستە کۆمەڵێک پرەنسیپی بێگەنگەشەی تێکۆشانی هەبێت، لە ئۆپۆزسیۆنبوونداِ کاریان بۆ بکاتو لە دەسەڵاتدا پەیڕەویان بکات، ئیدی هەرکەس بڕوای تەوای پێیان بێت، بتوانێت لەو ڕێکخراوەدا خەباتی خۆی پەرە پێبدات.

سەبارەت بە شێوازی ڕێکخستنو پێڕەوی ڕێکخراوەییش، پابەندبێت بەم خاڵانەوە:

یەکەم: هەموو گوتارو ڕەفتارو دارایی‌و پەیوەندیی‌و هەڵسوکەوتێکی ئاشکرا بنو هیچی بۆ شـاردنـەوە نەبێت (دیـارە ئاشکراکردنی تـوازو دارایـی، تەنیا دەبێت پاش ڕەوینەوەی مەترسیی سزای ڕامیاریی بێت). دووەم: هیچ ڕێکخراوو نێوەندێکی پیشەیی‌و جەماوەریی نەبێت (بۆ نموونە، ئەگەر ئەو وەک گوترا، بەڕاستیی تێبکۆشێت بۆ بەرقەرارکردنی یەکسانیی ژنو پیاو، پێویستیی بەوە نابێت ڕێکخراوێکی کارتۆنیی بۆ ژنان دروست بکات). سێیەم: لەخوارەوە بۆ سەرەوە ڕێکبخرێت. چوارەم: هەموو ئەندامانی هاوشان بن لە دەنگو مافدا. پێنجەم: مرۆڤ لە بوونەئەندامو وازهێنانداِ ئازاد بێتو ئەگەر وازی هێنا هیچی دوانەخرێت. شەشەم: ئەرک نەبێت لەسەرشانی ئەندام، هەموو فەرمانێکی سەرکردە یان ڕابەرەکەی جێبەجێ بکات. حەوتەم: دەزگەی هەواڵگریی‌و سیخوڕیی نەبێت. هەشتەم: دژی ناوچەگەریی‌و جیاکاریی بێت. نۆیەم: لەبریی پارەبەفیڕۆدان لە کاری ڕێکخراوەییدا لە بارەگاو باڵەخانەو گەشتو ئوتێڵو ئوتومبێڵو سەردان‌و...تدا. تەکنۆلۆژیای پەیوەندیی بخاتە گەڕو لەسەر ڕایەڵێکی مۆدێرن کار بکات.

تێبینی: دریژەی ئەم چاوپێکەوتنە لە سایتی سبەی بڵاودەکرێتەوە

بزووتنەوەی گۆڕان دەبێت چی

هەڵبژاردنی (٢٠٠٩/٧/٢٥)ی پەرلەمانی کوردستان پێکهاتەی سیاسی کوردی گۆڕی، بەدرێژایی (١٨) ساڵ ئەزموونی حوکمرانی هەرێم، هاتنەکایەو دروستبوونی هێزی سێیەم بە فاکتەری رزگاربوونی دۆخە سیاسییە چەقبەستووەکەی کوردستان دەزانرا، بەڵام ئێستا نەک هەرهێزی سێیەم دروستبووە، بەڵکو پێدەچێت بە هاتنەکایەی هێزێکی نوێ بەناوی (بزووتنەوەی گۆڕان)، ریزبەندیی هێزی دووەمیشی گرتبێت.
هەرچەندە بزووتنەوەی گۆڕان تائێستا بەشێوازێکی جەماوەریی‌و نارێکخراو (عەفەوی) کاردەکات‌و چوارچێوەیەکی ڕوون‌و دیاریکراوی نییە، بەڵام ئەم بزووتنەوەیە توانی دوو هەڵبژاردنی گرنگی پەرلەمانی کوردستان‌و عێراق تێپەڕێنێت‌و لە ئەزموونی حوکمڕانی هەرێمدا واقیعی بەرهەڵستکاریی (ئۆپۆزسیۆنبوون) بچەسپێنێت، بەبێ ئەوەی ئەم هێزە ستراکچەرێکی ڕێکخراوەیی دیاریکراوی هەبێت.
بزووتنەوەی گۆڕان لەماوەی دروستبوونیدا تائێستا چەند هەنگاوێکی گەورەی لە گۆڕەپانی سیاسیدا هاویشتووەو چووەتە پێشەوە، ئێستا ئەم بزووتنەوەیە پێویستی بە خۆڕێکخستنەوە هەیە.
* ئایا چی بکرێت بۆئەوەی ئەم بزووتنەوەیە بەشێوەیەکی مۆدێرن ئۆرگانیزە بکرێت؟ * گۆڕان بۆئەوەی فۆرمێکی مۆدێرن، جا لەشێوەی قەوارەی سیاسیدا بێت یاخود حیزبی سیاسیی، پێویستە چی بکات؟
* ئایا گۆڕان تەنیا بۆ وێستگەیەکی کایەی سیاسیی‌و حوکمڕانی هەرێم پێویستبوو یان پێویستە ئەم بزووتنەوەیە بەهەمان شێوە دروستەکەی بەردەوامیی بە هەوڵی گۆڕین لە سیستەم‌و عەقڵی رامیاریی‌و حوکمڕانیی بدات بە ڕێگەی ململانێی سیاسیی‌و دیموکراسی‌و هەڵبژاردن؟.* ئایا لەکاتی ئۆرگانیزەکردنیدا، چی بکرێت بۆ ئەوەی گۆڕان نەبێتە حیزبێکی ستالینیی؟
* ئەم هێزە کە ئێستا بووە بە دیفاکتۆو نکوڵی لە کاریگەربوونی ناکرێت، پێویستە لێرە بەدواوە چۆن کاریگەرتر ماستەرپلانی خۆی بەمەبەستی دیاریکردنی ستراتیژی کارکردنی ڕەنگڕێژ بکات؟
کردنەوەی ئەم تەوەرە بە ئامانجی بەڕەوپێشبردنی پرۆسەی سیاسیی‌و دیموکراسییەتە لە هەرێمی کوردستان‌و عێراقدا‌و دروستبوونی هێزێکی سیاسیی مۆدێرنە، کە خزمەت بە دیموکراسییەت‌و حیزبایەتییەکی مۆدێرن‌و دەستاودەستکردنی دەسەڵات بکات، نەک بەرژەوەندیی تەسکی حیزبیی.

ئامادەکردنی تەوەر: سیروان ڕەشید

خەبات عەبدوڵڵا، نووسەرو ڕۆشنبیر:

تا ئێستاش بزووتنەوەی گۆڕان تەعبیرە لە سیستمێکی تەقلیدی

ڕۆژنامە: بەهۆی هاتنەکایەی بزووتنەوەی گۆڕانەوە چەند مانگێکە پێکهاتەی سیاسیی کورد گۆڕدراوە، ئێوە چۆن لەو ڕووداوە دەڕوانن؟ پێناسەی ئەم هێزە نوێیە لە چ چوارچێوەیەکدا دەبینن؟ بوونی ئەم هێزە چەند کاریگەریی پۆزەتیڤی هەبووە لەسەر پرۆسەی سیاسیی هەرێم‌و ئایا دەتوانین بڵێین، ئەم هێزە مانایەکی بۆ سیاسەت گەیاندەوە؟

* پاش ڕاپەڕین‌و ڕووخاندنی فاشیزمی بەعسی، دەکرێت سەرهەڵدانی بزووتنەوەی گۆڕان وەکو سێیەم گرنگترین ڕووداوی مێژووی هەژدە ساڵی پێشووی کوردەواری لێی بڕوانرێت.
بزووتنەوەی گۆڕان، یەکەمین هەوڵی جدیی دروستکردنی کەلێن بوو لەو سیستمە سیاسییەی کە لە چەند بۆنەی دیکەدا بە سیستمی (حیزبی قائید) ناوزەدم کردووە.
سیستمی سیاسیی کوردیی کە لە هەژدە ساڵی پێشوودا، تاقیگەیەکی گەورەی هەڵتۆقین‌و ئینتیحاری حیزبی جیاجیا بووە، سیستمێکی بێ کێبڕکێ‌و بێ ئۆپۆزسیۆن بوو، ئەڵبەتە ئەوە بەهیچ شێوەیەک مانای ئەوە ناگەیەنێت کە کوردەواری خاوەن هێزگەلی ئۆپۆزسیۆن نەبووە، ئەوە سیستمە سیاسییەکە بووە کە هەمیشە ئۆپۆزسیۆنی کردووەتە قەرەقۆز.
ڕاستییەکەی هاوپەیمانێتیی ستراتیژی نێوان یەکێتی‌و پارتی لە بەشێکی گەورەیدا، هەڵپەساردنی دیموکراسی‌و بە دیوێکی دیکەیشدا هەڵپەساردنی کێبڕکێی‌و ململانێی دیموکراسییانەی نێوان ئەو دوو هێزە بوو. کارکردن بە میتۆدی حیزبی قائید ڕێگر بوو لەوەی، هیچکام لەو دوو حیزبە ئامادە بێت لەگەڵ ئەوی دیدا بچێتە کێبڕکێوەو دان بە سەرکەوتنی ئەوی دیدا بنێت، یان هیچکامێکیان بێنە سەر ئەو باوەڕەی کە ئەگەر بۆ ماوەیەکی دیاریکراویش بێت، یەکێکیان لە دەسەڵاتداو ئەوی دیکەیان ئۆپۆزسیۆن بێت. کارکردن بەم میتۆدە تەقلیدی‌و نادیموکراسییە وایکرد سەرەڕای سازدانی چەندین هەڵبژاردن، سیستمی سیاسیی کوردستان لە هەموو کێبڕکێیەک خاڵی ببێتەوە، لەبەرئەوەش تاقە کێبڕکێی نێوان یەکێتی‌و پارتی لە ساڵی (١٩٩٢)دا کوردستانی بەرەو شەڕێکی ماڵوێرانکەر برد، کوردستان وردە وردە بووە دوو ناوچەی قەڵەمڕۆی دووجۆر لە سیستم، کە میتۆدی کارکردنیان میتۆدی حیزبی قائید بوو، بزووتنەوەی گۆڕان کێبڕکێ‌و ململانێی گەڕاندەوە ناو سیستمی سیاسیی کوردستان.
بزووتنەوەی گۆڕان، لە بەشێکی زۆریدا گێرانەوەی سیاسەت بوو بۆ کوردەواری. کوردەواری کە تا دەهات دەبووە کۆمەڵگەیەکی حیزبیی، بەڵام خاڵیی لە سیاسەت، لە میانەی داوەتکردنی هاوڵاتی بۆ دەنگدان‌و گفتوگۆکردن لەسەر پرسەکانی چۆنێتی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە، جارێکی دیکە سیاسەت ڕۆحی کرایەوە بە بەردا. بەو پێیەش سیاسەت خۆی کردەوە بە گشت جومگەکانی کوردەواریداو هاتەوە سەر خوانی هەموان. ئاخر گێرانەوەی حورمەت بۆ هاوڵاتی، پێش هەر شتێکی دیکە بەشداری پێکردنی هاوڵاتییە لە سیاسەتدا، ڕاستییەکەی هاوڵاتی وەکو چەمکێکی سیاسیی- قانوونی، تەنیا لەمیانەی بەشداریپێکردنەوە بە مافەکانی خۆی شاد دەبێت.
بەشداریکردن هەر بەتەنیا مافی دەنگدان ناگرێتەوە. چونکە هەروەکو چۆن دەنگدان مافی هەموو هاوڵاتییەکە، بە هەمان شێوە دەنگنەدانیش مافێکی بێ چەندوچۆنی هاوڵاتییە، لەوە گرنگتر ڕەخساندنی بوارە بۆ گفتوگۆکردنی جدیی‌و پشکداری لە بڕیارەبردنی شار/ کۆمەڵگەدا. بزووتنەوەی گۆڕان بانگهێشتی هاوڵاتی بوو بۆ ئەم پرسە گرنگە، بۆ گێرانەوەی مافی هاوڵاتیبوون.

ڕۆژنامە: ئەگەر بە دیدێکی ڕەخنەگرانەوە سەیری ڕابردووی ئەم هێزە بکەین، ئێوە خاڵە لاوازو سلبییەکانی لە چیدا دەبینن‌ەوە؟

* پێش هەرشتێک پێویستە گۆڕان وەکو (بزووتنەوە)و پاشان گۆڕان وەکو (خواست) لە یەکتر جیابکەینەوە.
بۆ ئەوەی نەکەوینە ئەو هەڵەیەی کە وەکو پیاهەڵدان‌و قەبەکردنی ڕۆڵی بزووتنەوەکە جاروبار دەدرێت بە گۆیماندا و قەوارەی گۆڕان تەنیا بە تەمەنی چەند مانگێکی بزووتنەوەکە پێوانە دەکرێت، دەبێت قەوارەی گۆڕان هەر بە تەنیا نەبەستینەوە بە مێژووی دروستبوونی بزووتنەوەی گۆڕانەوە. ڕاستییەکەی گۆڕان وەکو خواست زۆر پێش ئەوە مێژووەو دەنگیش بۆ گۆڕانکاری قەدەرێکی درێژ دەنگێکی دلێرو زیندوو بووە. ئەوەی بزووتنەوەی گۆڕان کردی، جورئەتی دروستکردنی ئەو سەیوانە بوو کە دواتر دەنگەکانی یەکخست. گۆڕان وەکو خواست ئێستاشی لە سەر بێت زۆر زۆر گەورەترە لە قەوارەی گۆڕان وەکو بزووتنەوە.
بە پێچەوانەی خواستی گۆڕانکاریی، بزووتنەوەی گۆڕانیش تا ئێستا تەعبیرە لە سیستمێکی تەقلیدی کە تیایدا کاریزما/ سەرکردەی تاکەو تەنیا بزوێنەری سەرەکییەتی.
کاراکتەری کاریزمایی کە زیاتر سەر بە کۆمەڵگە تەقلیدییەکانەو لە میانەی شۆڕش‌و کودەتاوە کار بۆ گۆڕانکاریی دەکات، کەمتر لە خەمی ریفۆرمی سیستمدایە. ڕاستییەکەی چەمکی (ئەیگۆرین) کە دروشمی سەرەکی بزووتنەوەی گۆڕان بوو، دروشمێکە زۆرتر بۆ ژێرەوژوورکردنی سیستمی باو نەک بۆ کارکردن تیایدا. هەر بۆیە بزووتنەوەی گۆڕان لە ناخی خۆیدا هەڵگری پارادۆکسێکی ئێجگار ئاڵۆزە، ڕەنگە هۆکاری ساردبوونەوەی هەندێ چالاکو ئەندامەکانی پێوەندی بەو پارادۆکسەوە هەبێت، پارادۆکسی گۆڕینی سیستم لە لایەکو هەوڵدان بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ هەمان سیستمدا لە لایەکی دییەوە.
گۆڕینی سیستم بە شێوە ریشەییەکەی تەنانەت لە دەرەوەی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنیش، ئەو حەزە بوو کە بزووتنەوەی گۆڕان جەماوەرەکەی پێ خستە سەر کەڵکەڵە، بەڵام ئەم حەزە لەگەڵ حەزی خۆگونجاندن‌و بەتایبەتیش لەگەڵ حەزی ئەو ڕەوتە کۆنزەرڤاتیڤ‌و (پارتیزادە) یەی کە بە نیازە تەنیا لە پێناوی شکست پێهێنانی ئەوی دی/ یەکێتیدا دەسەڵات لەگەڵ پارتیدا دابەش بکاتەوە، حەزێکی تەواو دژە. لەڕاستیدا گۆڕان‌و یەکێتی خاوەنی یەک جەماوەرن، بە واتایەکی دی جەماوەری یەکێتی‌و گۆڕان یەکن، بەڵام بە دوو سەرکردایەتی جیاوازەوە، لە هەمان سۆنگەوە گۆڕان وەکو بزووتنەوە ئەو دەمە لە کۆتاییەکانی خۆی نزیک دەبێتەوە کە بۆ وەدەرنانی یەکێتی لە دەسەڵات‌و لوتشکاندنی، ببێتە شەریکی پارتی.
شەریکایەتی لەگەڵ ئەوی دی‌و تەنانەت هاوپەیمانێتیش بە هەمان شێوەی کێبڕکێ‌و ململانێ خەسڵەتێکی زیندووی دیموکراسییە، بەڵام پێداگریی پارتیزادەکانی ناو بزووتنەوەی گۆڕان لە پەلەکردن بۆ نزیکبوونەوە لە پارتی‌و پشتگیریکردنی بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان کە لەهەمان کاتدا سەرۆکی پارتیشە بۆ گرتنەدەستی جڵەوی هێزی چەکداری کوردو هەموو ئەو پەسنۆ پیاهەڵدانە بێتامانەی کە لە ڕاگەیاندنەکانی ئەم بزووتنەوەیەوە بە سەرۆکی پێشووی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا هەڵدەدرێت‌و سەرۆکی ئێستای حکومەتی پێ بچووک دەکرێتەوە، هیچ گومانێک لەوەدا ناهێڵێتەوە کە بزووتنەوەی گۆڕان وەکو یەکێک لە خاڵە هەرە لاوازو لەهەمان کاتدا مەترسیدارەکانیشی، هێشتا تەجاوزی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی نەکردووە. ئەمەش لە ساناترین لێکدانەوەدا گۆڕان وەکو بزووتنەوە، دەکاتەوە بە تاقمێکی جیابووەوە لە حیزبی دایک.
یەکێک لە دەرکەوتەکانی دیکەی ئەم پارادۆکسە، جیاوازی یان ناڕۆشنی جیهانبینییە لەنێوان سەرکردەو کادیرەکانی جارانی یەکێتی ناو بزووتنەوەکەو ئەو نەوەیەی کە ئێستا لە پەرلەمان‌و هەندێک داموودەزگای بزووتنەوەکەدایە.
پێش هەر شتێک پێویستە ئەندام پارلەمانەکانی گۆڕان، ئەوەیان لا ڕۆشن بێت کە ئەوە خودی خۆیان نەبوون خەڵک دەنگی پێدان، بەتایبەتیش کە ئەو بەڕێزانە تەنیا تەعبیرن لە نوخبەیەکی بچووکی ئەکادیمی‌و خەڵکی ڕۆژنامەنووس، بەڵکو خەڵک دەنگی بەو سەرمایە ڕەمزییەو مەعنەوییەدا کە بەدرێژایی تەمەنی یەکێتی، بەشێکی سەرکردەکانی ئێستای گۆڕان بەوپەڕی جوامێرییەوە کەڵەکەیان کردبوو، خەڵکئەندام پەرلەمانە بەڕێزەکانی گۆڕانیان نەدەناسی، خەڵک ئەو هەڵوێستانەی دەناسییەوە کە بەشێکی ئەم سەرکردایەتییەی پێ دەناسرایەوە. لەبەرئەوە سپڵەییەکی ئێجگار گەورەیە کە جاروبار لێرەولەوێ‌و بەناوی (ململانێی نەوەکان)ەوە باس لە ململانێی نێوان «نەوەی نوێ»ی ناو بزووتنەوەکەو نەوە کۆنەکە دەکرێت.
ئەم بێمنەتی نواندنە لە هاوڕێ‌و تێکۆشەرە سیاسییەکانی بزووتنەوەی گۆڕان ڕەگو ڕیشەی قوڵی هەیەو وەکو نەخۆشییەکی پیس خەریکە جەستەی بزووتنەوەکەش دەتەنێتەوە.

ڕۆژنامە: ئێستا بزووتنەوەی گۆڕان لە هەوڵی ئەوەدایە خۆی ئۆرگانیزە بکات، بە ڕای ئێوە ئەم بزووتنەوەیە چۆن هەنگاو بنێت بەرەو دروستکردنی فەلسەفەی پارتێکی ڕامیاری نوێ؟

* حیزب‌و ڕێکخراوی سیاسیی کوردیی لە بنەڕەتدا بوونەوەرێکی نائاساییە، حیزبی کوردیی کە وەکو دەزگایەکی ڕێکخستنی مۆدێرن‌و بە چاولێکەریی لە مۆدێلی خۆرئاوایی لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمەوە وردە وردە پەیدابوو، تاکە مۆدێلی بالای ڕێکخستنی کوردەواری بووە. لەڕاستیداو بەهۆی نەبوونی دەوڵەتەوە، حیزبی کوردیی بەتایبەتیش لەکاتی سەرهەڵدان‌و شۆڕشدا دەوڵەتۆکەیەکی کوردیی بووە.
حیزب کە لە خۆرئاوا سەریهەڵدا جێگەی بە دوو دەزگای دیکە لێژکرد، ئەوانیش کەنیسەو خێڵ بوون، بەڵام لە کوردستان حیزب خۆی بۆوە بە تەکیەو دیوەخان. لەبەرئەوەش کە حیزبی کوردیی حیزبی بەرگریی‌و حیزبی «دەرەوەی قانوون» بووە، لەسەرێکەوە لە بارودۆخێکی نائاساییدا لەدایک بووە، لەسەرێکی دیکەیشەوە تەماهی لەگەڵ دەوڵەتدا کردووەو خۆی بووەتەوە بە دەوڵەت. بۆیە هەموو ئەو ئامرازو داموودەزگایانەی کە بۆ دەوڵەت پێویستن: هێزی چەکدار، ماسمیدیا، پارەوپول، حەشامات...هتد، ئەمیش بۆ خۆی فەراهەم کردووە.
حیزبی کوردیی مۆدێلێکی ستالینییە کە بە پرەنسیپی سێنترالیزمی دیموکراتی کاردەکات، (پارتی پێشرەو) ئەلگۆو سەرمەشقی حیزبایەتیکردنی کوردیی بووە. لەبەرئەوەش کە بەشی هەرە گەورەی دروستکەرانی بڕیار لە ناو بزووتنەوەی گۆڕاندا سەر بە هەمان کایەی شۆڕشگێڕانەی کوردین، بۆیە ئەگەرچی بزووتنەوەی گۆڕان خۆی وەکو حیزبێک ڕانەگەیاندووە، بەڵام لەم یان ئەو ڕەفتارو هەڵوێستدا دەچێتەوە ناو هەمان جۆغز.
ڕاستییەکەی نازانم مەبەستتان لە «دروستکردنی فەلسەفەی پارتێکی ڕامیاری نوێ» چییە، بەڵام پێویستە بزووتنەوەی گۆڕان پێش هەر شتێک خاوەنی جیهانبینییەکی ڕۆشن بێت کە تیایدا هاوڵاتی‌و نەتەوە چەقی کارکردنی بن، لە بریتی دروستکردنی تاکەکەسی فەناتیکەو پشتبەستن هەر تەنیا بە حەشامات‌و فراوانکردنی کایەی تووڕەیی، کار بۆ دروستکردنی کولتووری لێبووردەیی‌و ئاراستەکردنی بەرهەمهێنەرانەی خەڵکو سەرخستنی دۆزی نەتەوەیی کورد بکات.

ڕۆژنامە: هەندێک لە ڕۆشنبیران بۆچوونی جیاوازیان لەسەر بە (حیزببوون)ی گۆڕان هەیە، هەندێک پێیانوایە ئەگەر گۆڕان بڕیاری خۆبەحیزبکردنی دا، ئەوا ئینتحار دەکات، ئێوە بۆچوونتان چۆنە؟

*بەپێچەوانەی بۆچوونی هەندێک لەوانەی هەوڵی تیۆریزەکردنی بزووتنەوەی گۆڕان وەکو بزووتنەوەیەکی گوایە ناحیزبیی‌و نائایدۆلۆژیی دەدەن‌و بزووتنەوەکەیان لە خەڵک کردووەتە عاجباتی، حیزب ئامرازی سەرەکی دیموکراسی مۆدێرنە، چما دیموکراسی مۆدێرن لە دەرەوەی حیزبدا بوونی هەیە؟
ڕاستییەکەی بزووتنەوەی گۆڕان خۆی جۆرێکە لە ڕێکستن. کۆمەڵناسی فەرەنسی مۆریس دۆڤەرژێ پێیوایە حیزب کۆبوونەوەی ئەو کەسانەیە کە پێکەوە بەمەبەستی بەدیهێنانی چەند ئامانجێکی دیاریکراو کاردەکەن. حیزب لای هارۆلد لاسویل بریتییە لە کۆبوونەوەی کۆمەڵە کەسانێکی ناو کۆمەڵگە کە کێشە گشتییەکان دەخەنە بەردەم لایەنە پێوەندیدارەکان‌و کاندیدی خۆیان بۆ هەڵبژاردنەکان دەستنیشان دەکەن.
بەشێوەیەکی گشتیی حیزبی سیاسیی چەند توخمێکی سەرەکی لەخۆدەگرێت، ئەوانیش: جەماوەر، هەندێک بنەماو پرەنسیپ، ڕێکخستن، سەرکردایەتی‌و ئینجا هەوڵدان بۆ گرتنەدەستی دەسەڵات. ئاخۆ گەلۆ بزووتنەوەی گۆڕان هەموو ئەم توخمانەی لەخۆیدا کۆنەکردووەتەوە؟
لەڕاستیدا تیۆریزەکردن بۆ ناحیزبیبوون‌و نائایدۆلۆژیبوونی بزووتنەوەکە جگە لە هەوڵێکی ناچڵ بۆ خۆجیاکردنەوە لەوانی دی، چی تر نییە. ئەمە هەوڵێکە بۆ دروستکردنی جیاوازی. بەڵام ترس لە دروستکردنی حیزب یان ڕێکخراوێکی سیاسیی لای سەرانی بزووتنەوەکە پێوەندی بە دوو هۆکاری سەرەکییەوە هەیە، یەکێکیان ترسە لە دووبارەکردنەوەی هەمان ئەزموونی حیزبی کوردیی، دووەمیشیان ترسە لەدەستدانی بەشێک لەو جەماوەرەی کە بزووتنەوەکە بەهۆی نادیارییەکەی‌و شاردنەوەی جیهانبینی‌و بوونی ڕەوتی جیاجیا لەناو بزووتنەوەکەداو بەمەبەستی بەدەستهێنانی زۆرترین کورسی، لە خۆیدا کۆیکردوونەتەوە.
ئەگەر دان بەوەدا بنێین کە بزووتنەوەی گۆڕان وەکو ڕووداوێکی کتوپڕ سەریهەڵداو هەر بەو پێیەش زیاد لە قەوارەی خۆی هەڵئاوساو بەشێوەیەکی ناسروشتی گەشەی کرد، ئەوا دەبێت بڵێین بزووتنەوەی گۆڕانیش پێویستی بە نۆرمالیزەکردن هەیە. ترس لە نۆرمالیزەکردنەوەی گۆڕان نابێت بزووتنەوەکە بە هەڵواسراوی بهێڵێتەوە. دواجار پێویستە بزووتنەوەی گۆڕانیش ببێتەوە بە بوونەوەرێکی ئاسایی‌و لە جوغزی بوونەوەرە ئەفسانەییەکان دەربچێت.
حاڵی حازر بزووتنەوەی گۆڕان جۆرێکە لە ڕێکستن، ترس لە ئاشکراکردنی، ترسە لە کەشفکردنی نادیار.

شەهیدی قەڵەم

تا ئەو شوێنەی کە ماوین ئەبێت
قسەبکەین، لەو شوێنەش، کە تەمەنمان
کۆتاییهات با هاوڕێکەم خالێکم بۆ
دابنێتو بێتە سەر دێڕێکی نوێو
سەرلەنوێ دەستپێبکاتەوە....

سەردەشت عوسمان

رای گشتیی بێدەنگ نەبوو

راپۆرتی: شارا عەبدولڕەحمان

تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمانی رۆژنامەنووس، رای گشتیی لە هەرێمی کوردستاندا وروژاند، بەشێوەیەک کە سەرجەم چینو توێژەکانی کوردستان کێشەی تیرۆرکردنی سەردەشت بەکێشەی خۆیان دەزانێو داوای هەرچی زووە بەسزاگەیاندنی ئەنجامدەرانی ئەو کارە قێزەونە دەکەن.

سەر لەبەیانی رۆژی سێشەممەی رابردوو(٥/٤)، رۆژنامەنووسو خوێندکاری زانکۆی سەلاحەدین (سەردەشت عوسمان) لەبەردەم کۆلێژی ئادابدا لەلایەن چەند کەسێکی نەناسراوەوە رفێنراو دواجار لە رێکەوتی(٥/٦) لە یەکێک لە گەڕەکەکانی شاری موسڵدا بە کوڕاویی دۆزرایەوە، بەو هۆیەشەوە سەرجەم چینو توێژەکانی کۆمەڵگای کوردی هاتنە دەنگو لە رێی راگەیەنراوو بەیاننامەو خۆپیشاندانەوە، ئیدانەی ئەو کارەیان کردو داواش دەکەن کە حکومەتی هەرێم کاری جدیی بۆ دۆزینەوەی ئەنجامدەرانی بکات.

رۆژنامەی (ئاشتی نامە) کە سەردەشت عوسمانی رۆژنامەنووس بابەتی تێدابڵاودەکردەوە، لەبەیاننامەیەکدا ئەو کارە ترسناکو دژەئینسانییە مەحکوم دەکەنو بە دەستدرێژیی دادەنێن بۆ سەر ئازادییو دیموکراسیو مافی مرۆڤ، داواش دەکەن کە لایەنە پەیوەندیدارەکان بەدواداچوونی وردو مەیدانی بکەن بۆ دۆزینەوەی بکوژانی سەردەشتو سەپاندنی سزای یاسایی بەسەریاندا.

هاوکات، رۆژنامەنووسانی (سلێمانی، دهربەندیخان، رانیە، هەڵەبجە، کۆیە، گەرمیان، قەڵادزێ) لەچەند بەیاننامەیەکی جیادا ئاماژەیان بەوەکردووە، کە هێشتا بکوژانی رۆژنامەنووسان، سۆرانی مامە حەمەو عەبدولستار شەریف ئاشکرانەکراونو ڕادەستی بەردەم دادگا نەکراون، رفاندنو دواتر تیرۆرکردنی رۆژنامەنووس سەردەشت عوسمان سەرەتای زیندووکردنەوەی لێژنەکانی کوشتنی هێنایەوە خەیاڵمانو حکومەتی هەرێم بەلاوازیی لەبەردەم ئەو پیلانە رێکخراوەدا، ناچاری خۆ بەدەستەوەدان دەکات.

رۆژنامەنووسان پێیان سەیرە کە لەپایتەختی هەرێمداو لەشارێکی پڕ لەدەزگای ئەمنیو هەواڵگری جۆراوجۆردا، رۆژنامەنووسێک بەئاشکرا دەرفێنرێتو لە موسڵ تەرمەکەی دەدۆزرێتەوە، کە شێوازی رفاندنو کوشتنەکەی «جێگای گومانە».

ئەمە جگەلەوەی، بەرپرسیارێتی ئەو تاوانە دەخەنە ئەستۆی سەرۆکی هەرێمو سەرۆکی حکومەتو دەزگا ئەمنییەکانو دەڵێن «رفاندنو تیرۆرکردنی سەردەشت، دەلالەت لەتاوانێکی نەخشەبۆدارێژراوی زۆر ترسناک دەکات، لەکاتێکدا هەمیشە دەسەلاتدارانی هەرێم خۆیان بە دیموکراسییەتەکەیەوە هەڵدەکێشن».

هەر لەو چوارچێوەیەدا، رایەڵەی خوێندکارانی بزووتنەوەی گۆڕانیش وەک هەموو چینو توێژەکانی کۆمەڵگا، پرسیاری ئەنجامدانی وەها کارێک لە بەرپرسانی ئەمنیی هەرێم دەکات کە بەردەوام باس لە ڕەوشی سەقامگیریی کوردستان دەکەن، لەبەیاننامەیەکیشدا نووسیویانە «ئەگەر حکومەتی هەرێمو لایەنە پەیوەندیدارەکان خەمساردبن لە دۆزینەوەی ئەنجامدەرانی ئەو تیرۆرکارییەدا، ئەوا خۆپیشاندان ئەنجامدەدەین و شێوازی مەدەنییانە دەگرینەبەر».

هاوکات، ناوەندی چاکو چاودێری کوردۆسایدیش داوا دەکەن، پێش بە پەیامی مەرگو ترس بەرامبەر بەئازادیخوازان بگیرێت.

سەبارەت بە کەیسی تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان، لیژنەی مافی مرۆڤی پەرلەمان چەند هەوڵێکی خستووەتەگەڕو بەنیازی بەدواداچوونن لەوبارەیەوە.

هاژە سلێمان، ئەندامی لیژنەی مافی مرۆڤی پەرلەمانی کوردستان، بە ڕۆژنامەی وت: «کۆبوونەوەمان ئەنجامداوەو باسمان لەوە کردووە کە هەوڵ بدرێت، ئەنجامدەرانی ئەو کارە قێزەونە بدۆزرێنەوەو بەهیچ شێوەیەک بێدەنگ نابینو بڕیاریشماناداوە کە چەند ڕێوشوێنێک بگرینەبەرو تەنیا بەیاننامەو قسەمان نەبێت».

ئەندامەکەی لیژنەی مافی مرۆڤی پەرلەمان، داموودەزگا ئەمنییەکانی حکومەتی هەرێم بە بەرپرسیار دەزانێت لەو حاڵەتەو وتی: «ئایا بۆچی ئەو داموودەزگایانە نەیانتوانی بە ڕۆژی ڕووناک بەر بەو حاڵەتە بگرن کە بەسەر سەردەشتدا هاتووە، چونکە ئەو زۆر بە ئاشکراو بە بەرچاوی خەڵکەوە رفێنراو لەسنووری هەولێر بە بازگەکاندا برایە موسڵ».

فیدراسیۆنی رێکخراوە قوتابیو خوێندکارییەکانیش بە تونديی ئیدانەی تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان دەکەنو هیوادارن، دەزگاکانی ئاسایشو پۆلیسی کوردستان ڕوونکردنەوەی پێویستیان بدەنێ لەسەر ئەنجامدەرانی ئەو تاوانە.

مامۆستایانی ئایینییش، بەهەمانشێوەی توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵگا، ئیدانەی تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان دەکەنو لە وتاری هەینی ڕابردوودا لە مزگەوتەکانی شاری هەولێردا داوایان لە بەرپرسانی ئاسایشی شارەکەیان کرد کە چاوکراوەبنو ئارامیو ئاسایشی ئەو شارەو سەلامەتی هاوڵاتییان بپارێزن.

سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانیش لەو کارە بێدەنگ نییەو لیژنەی داکۆکی لە ئازادیی رۆژنامەنووسان لە ڕاگەیەندراوێکیاندا، ئەو کارە دڕندانەیە بە تونديی مەحکوم دەکەنو داوا لە وەزارەتی ناوخۆ دەکەن، بەپەلە بەدواداچوون بۆ ئەو کارە ترسناکو دژەئینسانییە بکەنو ئەنجامدەرانی بدۆزنەوەو بەسزایان بگەیەنن.

ئەنوەر حسێن، سەرۆکی لیژنەی داکۆکیکردن لە ئازادیی ڕۆژنامەنووسان، بە ڕۆژنامەی وت: «هیوادارم ئەو لیژنانەی کە لە سەرۆکایەتیی هەرێمو حکومەتو وەزارەتی ناوخۆوە پێکدەهێنرێن، وەک لیژنەکانی پێشوو لیژنە بە لیژنە نەسپێردرێتو کەیسەکەی سەردەشتیش وەک کەیسەکانی تر کۆتایی پێ نەهێنرێت، بۆ ئەو مەبەستەش چەندین چالاکیمان ئەنجاماداوەو ئەنجامیشی دەدەین بۆ دروستکردنی ڕای گشتیی لەسەر ئەو مەسەلەیە، چونکە ئەوە شتێک نییە، بێدەنگی لێبکرێت».

بە وتەی ئەنوەر، کوشتنی سەردەشت زەنگێکی مەترسیدارە بۆ ژیانی ڕۆژنامەنووسانو بەشێکیشە لەو سناریۆیەی کە دەیەوێت ڕۆژنامەنووسان بترسێنێت، «لەکاتێکدا کە ڕۆژنامەنووس تەنیا قەڵەمێکو کامێرایەکی پێیە، نە خاوەنی پاسەوانەو نە خاوەنی مۆنیکای درعە، ڕەنگە ئەم ترسە بۆ ساڵێک بەردەوام بێت، بەڵام دواجار دەبێت هەموو ئەوانەی لەپشتی ئەم کارەوەن، ئەوە بزانن کە مەسەلەی کوشتنی ڕۆژنامەنووس دەرئەنجامەکەی دەبێتە ڕق و ناڕەزایی خەڵکو قبووڵ ناکرێت».

سەبارەت بە بەردەوامی حاڵەتەکانی هەڕەشەکردن لە ڕۆژنامەنووسانیش کە لە دوای تیرۆرکردنی سەردەشتەوە، چەند حاڵەتێک تۆمارکراوە، ئەنوەر حسێن، وتی: «پێم سەیرە، حکومەت بەو گەورەییەوە نەتوانێت خاوەنی ژمارە مۆبایلێک بدۆزێتەوە کە لە کۆمپانیایەکی مۆبایل فرۆشراوە، بێگومان چارەسەرنەکردنی ئەمانە بەشێکی دەکەوێتە ئەستۆی حکومەت، چونکە ئەوان نایانەوێت بەدوای ئەو کێشانەدا بچن، ئەگینا ڕێی تێناچێت کە ڕۆژانە لە ڕێی مۆبایلەوە هەڕەشە لە ڕۆژنامەنووسان بکرێتو خاوەنەکەی نەدۆزرێتەوە».

که وشه له گوڵله کاریگەرتر دەبێت

هەڤاڵ کوێستانی

لە هەر جێیەکی دنیا کەسانێک لەسەرووی یاساوە هەبن، لەهەر جێیەک حیزب جێی حکومەت بگرێتەوەو حیزب هێزی چەکدارو دەسەلاتی پارەو دەزگای ئاسایشو هەواڵگریو میدیای کۆنترۆڵ کردبێت، لەو جێیەدا دیموکراسی بوونی نابێت.

ئەگەر بۆ خۆم لەو ڕاستیکی دیموکراسیدا نەژیامایەو دەیان ساڵی دیموکراسی دیکەم نەدیایە، ڕەنگە خۆشەویستیو ئینتیمای زۆرم بۆ نیشتمانو میللەتەکەمو پەرۆشیم بۆ حوکمی خۆمالی، نەیهێشتبا هێندە ئاسان ئەو حوکمە خۆمالییەی خۆمان بە دیکتاتۆرییەت بزانم.

هەر هەبوونی هەڵبژاردنو پەرلەمانو ئۆپۆزسیۆن و ڕاگەیاندنێکی ئازاد دیموکراسی، ئازادیی مرۆڤو ئازادیی بیروباوەڕو ڕادەربڕینە.

لە ساڵانی دیموکراسیدا، دەسەلات بەڕێرسە لە سەلامەتی ژیانی خەڵکو لە پاراستنی سەرومالی خەڵک، هەموو خەڵک، بە ڕازیو ناڕازییەوە، بەڕێرسە لە پاراستنی ئاسایشو ئارامیی، کەچی لە ساڵانی ئێمەدا دەسەلات خۆی ئاسایشو ئارامیی ساڵانو هاوڵاتیان دەشێوێنێت، خۆی سەرو مالی خەڵک دەخاتە مەترسییەوەو خۆی فەزای ترسو تۆقاندنو کوشتن دەخولقێنێت، یەک لە کێشەکانی دەسەلاتی لای ئێمە ئەوەیە، نە دەزانێت ئەرکی خۆی بەرامبەر بە هاوڵاتی چییەو نە لە مافی هاوڵاتییانیش تێدەگات.

ئەگەر لەم هاوکێشە سادەیە تێگەیشتبا، ئەوا دەیزانی کە دەنگەهڵبڕینو ڕادەربڕینو ڕەخنەگرتن لە دەسەلاتو ڕموزەکانی ناو دەسەلات، بە تیرۆر وەلام نادرێتەوە.

ئەوەی لە ساڵانی ئێمەدا دەگوزەرێت، ئەگەر لە ساڵانی دیموکراسیدا ڕووی بدایە، ئەوە دەبووە مایەی دەستلەکارکێشانەوەی چەندین کاربەدەستی باڵاو وەزیرو تەنانەت ڕەنگە ڕووخانی حکومەتیشی بەدوادا بهاتایە.

بەداخەوە، ئەو ڕەگەزە تیرۆریستییەی لە دەسەلاتی کوردیدا هەیە، هەم ناوبانگی کوردو مەسەلە ڕەواکەی زڕاندووەو هەمیش ئایندەی ئەزموونی حوکمڕانیەکەی خستووەتە مەترسییەوە، بۆیە بەگژداهاتنەوەی ئەم دیاردەیە ئەرکێکی ئەخلاقیو نیشتمانیی سەرشانی هەمووانە بەگشتییو ڕۆشنبیرانیش بەتایبەتی، بێدەنگیی ڕۆشنبیران لەبەرامبەر تیرۆرکردنی خەڵکو لەبەرامبەر قەڵەمە هەقبێژەکانی وەک سەردەشت عوسماندا، لەو کاتەدا کە لە دەستدانی وەزیفە ڕۆشنبیرییەکەی ڕۆشنبیرە، لەهەمانکاتیشدا هاندانی تیرۆریستانە بۆ بەردەوامبوون لەسەر کاری تیرۆرستییانو فراوانکردنی ئەو فەزای ترسو تۆقاندنەیە کە بەڕێوەبەرانی تیرۆر دەیانەوێت، دیکتاتۆرەکانیش ئەوکاتە خۆیان بە براوە دەزانن، کە لەڕێی هەڕەشەو ترساندنو کوشتنەوە ڕۆشنبیران بێدەنگ دەکەن.

سەردەشت دەیزانی هەقبێژییەکەی بەکوشتی دەدا، دەیزانی بەرلەوەی هەموو ئەو شتانە بڵێت کە دەیوێست بیانڵێت، قەڵەمەکەی لەگۆ دەخەن،

بەڵام ئەو چونکە ڕۆڵە ڕۆشنبیرییەکەی ئەمڕۆی خۆی لە ڕۆڵی پێشمەرگەی خەباتی سەردەمی شاخ لا کەمتر نەبوو، چونکە وەزیفە ئەخلاقیو ڕۆشنبیرییەکەی خۆی، لە ژیانی خۆی لا گرنگتر بوو،

بۆیە کوشتیانو بێدەنگ نەبوو،

هەموو ئاواتیشی ئەوە بوو هاوقەڵەمەکانی ئەو شتانە بڵێن کە ئەو فریانەکەوت بیانڵێت، بەمەرگی خۆشی سەلماندی کە وشە لە گوللە کاریگەرترە.

بۆ بەردەم داواکاری گشتیی لە هەرێمی کوردستان

بۆ بەردەم داواکاری گشتی، لاپەڕەیەکی تایبەتەو لە رۆژنامەدا بلاودەکرێتەوەو تیایدا چەندین بەڵگەنامەی ڕەسمیی بلاودەکاتەوە سەبارەت بە هەڵمەتی سامانی گشتیی وڵاتو بەپێویستی دەزانێت داواکاری گشتی بەدواداچوونی بۆ بکاتو کەسانی بەرپرسو کەمتەرخەم ڕووبەڕووی دادگا بکاتەوە

سەدان ملیۆن دینار، لە سەرۆکایەتی حکومەتەوە دەخرێتە خزمەتی حیزب

ڕۆژنامە

بەپێی ئەو بەڵگانەی دەست ڕۆژنامە کەوتوون؛ کە ڕەنگە سەدان بەڵگەی لەوجۆرە هەبن، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێم، بە ئیمزای عومەر فەتاح، سەرۆکی حکومەتو جەمیل خدر عەبدالڵ، وەزیری کاروباری ئەنجومەن لەو کاتەدا سەدان ملیۆن دینار لە بودجەی گشتیی بۆ خزمەتی حیزب تەرخانکردووە.

گۆڤارێکی حیزبیی ملیۆنەها دیناری لەلایەن حکومەتەوە پێدەدرێت

لە یەکێک لە بەڵگەکاندا، کە ئیمزای جەمیل خدر عەبدالڵ، وەزیری کاروباری ئەنجومەنی وەزیرانی لەسەرەو لە (٢٠٠٥/٨/٤) ئاراستەی وەزارەتی دارایی و ئابووری /ب.گ.دارایی کراوەو تێدا هاتووە: « تکایە بڕی (٦٢٤) ملیۆن دینار تەرخان بکەنو تەمویلی حسابمان بکەن لە بانکی سەلام لەژێر حسابی ژمارە (١٣٢٤٦) بە مەبەستی دابینکردنی پێداویستییەکانی گۆڤاری سیخورمە.

ئەو پێداویستیانەش لە کۆمپانیای کەلکان بۆ بازرگانی گشتیی کراون، ئەمەش لە کاتێکدایە کە گۆڤاری سیخورمە، گۆڤارێکی تەنزئامێزە ناوەندی چاپو بڵاوکردنەوەی خاک دەریدەکات، ئەو ناوەندەش بودجەو مینحەی تایبەتی خۆی هەیە لە حکومەتەوە.

نزیکەی (٧٠) ملیۆن بە یەک نووسراو دەخرێتە خزمەتی حیزبەوە

هەر ئەو بەرپرسە حکومییە (جەمیل خدر عەبدالڵ، وەزیری کاروباری ئەنجومەن)، بە نووسراوێکی دیکە لە (٢٠٠٥/٥/٢٣) کە ئاراستەی وەزارەتی دارایی و ئابووری /ب.گ. دارایی/بودجەی کردووەو تیایدا داوای دابینکردنی (٦٧) ملیۆنو (٣١٤) هەزار دیناری کردووە لەسەر بودجەی (٢٠٠٥)، بە مەبەستی دابینکردنی پێداویستی جۆراوجۆر بۆ سەنتەرە کۆمەڵایەتییەکانو ڕێکخراوەکان.

بە ئیمزای سەرۆکی حکومەت بودجەی گشتیی بۆ خزمەتی حیزب تەرخانەدەکرێت

بە ئیمزای سەرۆکی حکومەت، سەدان کادیری حیزبیی دادەمەزرێنرێن لەسەر میلاکی حکومەت، ڕێگە بەوەرگرتنی پێشینەی خانووبەرەو هاوسەرێتیو کشتوکاڵ دەدرێت بۆ کادیرە حیزبییەکان کە لە بنەڕەتدا دەبێت تەنیا مووچەخۆری حکومەت وەری بگرێت، دەیان کەس خانەنشین دەکرێنو لە خزمەتی حیزبدا دەوامیان پێدەکرێت، ئەمەش بۆ ئەوەیە کە حکومەت پارەیان بۆ ببڕێتەوەو حیزب مووچەیان نەداتێ، تەنیا لە بەڵگەیەکدا کە دەست ڕۆژنامە کەوتووە، پێدەچێت دەیان کاری هاوشێوە کرابێت، سەرۆکی پێشووتری ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێم، بە نووسراوی ژمارە (١١٦٠٨) لە (٢٠٠٥/٩/٤) ئاراستەی وەزارەتی دارایی و ئابووری کراوە بە مەبەستی جێبەجێکردنی داواکارییەکانی مەڵبەندی (٣)ی ڕێکخستنی هەولێر، کە تیایدا هاتووە:

١. ئەو (کارگێڕ مەڵبەندو ئەندام بەشو ئەندام کۆمیتانەی) بڕیاریان هەیەو تائێستا مووچەیان بۆ نەکراوە، بۆیان بکرێت.

٢. پێشینەی خانووبەرەو هاوسەرێتیو کشتوکاڵ، هەڤاڵانی مەڵبەندەکانی سنووری هەولێر بگرێتەوە بۆ ئەم مەبەستە میکانزمی پێویست پێشنیار بکرێت.

٣. دابینکردنی پێداویستییەکانی (کەلو پەلی وەرزشی) بەپێی لیستی هاوپێچکراو.

٤. هاوپێچ لەگەڵ نووسراوماندا داواکاریی سەنتەری گەنجان دەنێرین بۆتان بە مەبەستی دابینکردنی ناوی ئەندامەکان هاوپێچکراوە لەگەڵ ئەم نووسراوە، کە وێنەیەکی بۆ وەزارەتی شارەوانی ڕەوانەکراوەو داواکراوە زەوی نیشتەجێبوون بۆ هەڤاڵانی ڕێکخستن بەپێی لیستی هاوپێچ بخرێتە بەرنامەوە بۆ جێبەجێکردنو هەروەک وێنەیەک ئاراستەی وەزارەتی ڕۆشنبیریی کراوە بۆ دامەزراندنی کادیرەکانیان لە بەشی ڕووناکبیریو ڕاگەیاندن وێنەیەکی دیکە ئاراستەی وەزارەتی ناوخۆ کراوەو تیایدا داواکراوە، کە لیستی پێشمەرگەکانی مەڵبەندی (٣)ی هەولێر، کە (٣٣٠) پێشمەرگەن، بە مەبەستی گواستنەوەیان لە میلاکی وەزارەتی پێشمەرگەوە بۆسەر میلاکی وەزارەتی ناوخۆ.

داواکراوە، کە لیستی پێشمەرگەکانی مەڵبەندی (٣)ی هەولێر، کە (٣٣٠) پێشمەرگەن، بە مەبەستی گواستنەوەیان لە میلاکی وەزارەتی پێشمەرگەوە بۆسەر میلاکی وەزارەتی ناوخۆ.

داوایەکیش ڕەوانەی وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی کراوە بۆ خانەنشینکردنی (١٥٠٠) لە ژنانی مەڵبەنی (٣)ی ڕێکخستنی هەولێر، هەروەک داواش لە وەزارەتی ئەوقافو کاروباری ئایینی کراوە، کە چەند پێداویستییەک بۆ مەڵبەندی دابین بکەن، کە لە نووسراوەکەدا هاتووەو لەگەڵ ها و پێچکر د نی لیستێک بەناوی (٥٣) کەس کە بەناوی (مەغدید مەولود حەسەن) دەستپێدەکاتو بە (ئەرشەد عومەر) کۆتایی دێت، بە مەبەستی دامەزراندنیان.

ئایا دەسەلاتێک هەیە کار بۆ سەروەریی یاسا بکاتو لەو بەرپرسانە بکۆڵێتەوە کە سامانی گشتییان بە هەدەر بردووەو لە خزمەتی حیزبدا بەکاریانهێناوەو سزایان بدات؟

ـــی هـــەرێم دەشڵەقێت

ـــان دەســـت لەکار بکێشنەوە

کێ بەپرسە؟

بە بڕوای چاودێران بوونی ئەو حاڵەتانە بەهۆی کەمتەرخەمی و یەکنەگرتنەوەی هێزەکانی ناوخۆو ئاسایشەو دەسەڵات بە بەرپرس دەزانن، بەوپێیەی رفاندنەکان لە ناوجەرگەی شارەکاندابوون و سەردەشتیش بە زیاتر لە (١٠) بازگەدا تێپەڕیتراوە.

کاروان سالح باس لەوە دەکات، لاشەکەی لە موسڵ دۆزرایەوە.

سەردەشت، پێش مردنی چەند بابەتێکی بۆ ئاشتینامە لە هەولێرو چەند بڵاوکراوەوەیەکی دی دەنووسی، بەپێی قسەکانی بەشداری برای، دوای ئەوەی سەردەشت بابەتێک لەسەر بەرپرسێکی باڵا دەنووسێت، هەڕەشەی کوشتنی بە مۆبایل پێدەگات، ئەمە دوایین دەستدرێژییە لە زنجیرەی ئەو هێرشانەی دەکرێنە سەر ڕۆژنامەنووسانی سەربەخۆو ڕەخنەگرانی حکومەتی هەرێم لەم ساڵانەی دواییدا، ئەمنستی داوا لە کاربەدەستانی حکومەتی هەرێم دەکات، کە لێکۆڵینەوەیەکی دەستبەجێو سەربەخۆ بۆ ڕفاندنو کوشتنی سەردەشت عوسمان، بکەنو تاوانباران بدرێنە دادگاو بخرێنە بەردەمی دادو بەپێی ستانداردەکانی یاسای نێودەوڵەتی دادگایی بکرێن.

پەیامنێرانی بێسنوور: کوشتنی سەردەشت ئەو مەترسییە دەخاتەڕوو، کە ڕووبەڕووی ڕۆژنامەنووسان دەبێتەوە لە کوردستان

یەکێکی دیکە لەو دەزگا نێودەوڵەتییانەی، کە کوشتنی سەردەشت عوسمانی ئیدانە کرد (ڕێکخراوی پەیامنێرانی بێسنوور) بوو، ئەم ڕێکخراوە لە بەیاننامەیەکدا کە ڕۆژی هەینیو لەسەر وێبسایتی فەرمیی ڕێکخراوەکە بڵاوکراوەتەوە، باس لە چۆنێتی کوشتنی سەردەشتو کارکردنی ئەو ڕۆژنامەنووسە دەکات و دواتر بەتوندی ئیدانەی تیرۆرکردنی ئەو ڕۆژنامەنووسە دەکات، ئەم ڕێکخراوە لە بەیاننامەکەیدا هەروەک ڕێکخراوەکانی دی کە لەکاتی پرسی بودجەی هەرێمدا لیژنەکەیان هەردوو ئاسایشی سلێمانیو هەولێر بانگهێشتی پەرلەمان کردو پێیان ڕاگەیاندوون: «لە دووڕیانێکی ترسناکداینو ئەگەر یەکنەگرنەوەو مەرجەعیەتیان بۆ دانەنرێتو لەژێر رکێفی حیزب نەیەنە دەرەوە، ئەمنو ئاسایش بەرەو ناسەقامگیریی دەڕوات»، وتیشی: «ئەوەی لە هەولێرو سلێمانی دەکرێت هەموویان یەکن لەوەی دەسەڵات بەرپرسی یەکەمە، چونکە دەسەڵات کە بودجەو هێزو چەکی هەیە، بەرپرسەو دەبێت بە ئیلتیزاماتی خۆی هەستێتو ناکرێت سەرو سامانی خەڵک بدرێتە دەست قەدەرو هەر شتێک ڕوویدا بووترێت ئەوە باندو تیرۆریستە».

هەروەک سەرکەوت حەسەن، دەڵێت: «ئەوەندەی من دەزانم خەڵک گومانی لە دەسەڵات هەیە، چونکە دەسەڵات لە هەموو خەڵکی کۆمەڵگە بەرپرسە بە هەموو ئینتیما جیاوازەکانەوە، خەڵک لەژێر سایەی ئەودا دەژینو ئەو هێزانەی بەرپرسن لە پاراستنی سامانو گیانی خەڵکی، بەڵام ئەو ڕووداوانەی چەند ڕۆژی ڕابردوو وایکردووە خەڵک لە خۆیان دڵنیا نین».

ئەو ڕوونیدەکاتەوە لە کوردستان جگە لە پۆلیس هێزەکانی دیکەی ئاسایشو دژەتیرۆرو زیرەڤانی هەموو سەر بە حیزبەکانن، کە دەسەڵاتدارنو هێزی پۆلیس ناتوانێت ئەو کارە بکات کە ئەوان دەیکەن، بەڵام جەخت لەوە دەکاتەوە، کە حکومەت لە کوردستان لەو کارانە بەرپرسەو وتیشی: «خراپیی دۆخەکە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە دەزگاکانمان کەمتەرخەمن یان خەڵکیش وەک پێویست هاوکارییان ناکات، چونکە دوای ئەو هەڵبژاردنانەی کران، ئاسایش ڕۆڵێکی سلبیی هەبووەو ئەو خەڵکانەی حیزبیی نین یان سەر بە دەسەڵات نین لە خۆیان دڵنیانینو ڕەوشەکەش بەشێوەیەک نائارامە، کە خەڵک سیقە بە هێزەکانی حکومەتیش ناکات کە بپارێزێت».

لەلای خۆشیەوە د. جەعفەر عەلی ئەندامی پەرلەمانی کوردستان ڕوونیدەکاتەوە، کە دەزگاکانی ئاسایش لە دەرەوەی دەسەڵاتی حکومەتنو لەژێر هەژموونی تەواوی یەکێتیو پارتیدانو ئەوان ئاراستەیان دەکەن، ئەمەش وای کردووە ناجێگیری لە بارودۆخی ئەمنیدا هەبێت، چونکە «لە هەرێمێکی یەک پارچەدا کە بەپێی دەستوور دانراوەو یەک حکومەتی هەیە، نازانرێت بۆ دوو دەزگای ئاسایش هەبێت، کە پەرتەوازەبوونی ئاسایش هۆکاری ئەوەیە ناجێگریی ئەمنیی دروست بێت».

ئەو ڕووداوە نائاساییانە جگە لەوەی دەزگا ئەمنییەکان ڕووبەڕووی پرسیار دەکاتەوە، هەردوو پارێزگاری هەولێرو سلێمانی بەرپرس دەکات، بەڵام بەهەرۆز قەشان، پارێزگاری سلێمانی، ئامادەنەبوو لەمبارەیەوە لێدوان بدات، هاوکات نەوزاد هادی، پارێزگاری هەولێر، بۆ ڕۆژنامە وتی: «ڕفاندنو کوشتنی ئەو خوێندکارە مایەی ناخۆشییەو ئازاریداوینو جێی نیگەرانییە، بەر لە هەموو کەس جێی نیگەرانیی دەزگا ئەمنییەکانە».

لە ڕوونکردنەوەیەکیاندا کە بۆ ڕۆژنامەیان ناردووە، ئاسایشی سلێمانی ئاماژە بەوەدەکات؛ لە ئەنجامی ڕفاندنی چەند کەسێک لە شاری سلێمانیو بەتایبەتی خوێندکار (محەمەد شێخ تاهیر چوێسە) دوای بەدواداچوونی تەواو لە ڕێگەی دادوەری لێکۆڵینەوەو داواکاری گشتییەوە، گەیشتینە ئەم ئەنجامانە: گرووپەکە تیرۆریستین لەناو شاری کەرکوکو سلێمانی توانرا چەند کەسێکیان دەستگیربکرێتو پاش ئاشکراکردنی، دەستگیرا بەسەر حەشارگەکەیاندا لە شاری سلێمانیو ئێستاش لێکۆڵینەوە بەردەوامەو لە چەند ڕۆژی داهاتوودا تەواوی ڕووداوەکان بە دۆکیۆمێنتو بەڵگەوە ئاشکرا دەکەین.

هەروەک دوێنێ دوو لەو تۆمەتبارانە لە گەڕەکی کانی کوردەو هەواری شار دەستگیرکراون، هەر دوێنێش هێزەکانی ئاسایش تەقەیان لەگومانلێکراوێک کردووەو بریندارەو چاوەڕوانی چاکبوونەوەین تا لێکۆڵینەوەی لەگەڵ بکەن.

داوادەکرێت تاوانباران ئاشکرابکرێن

ئەو لایەنو کەسانەی بەتەنگ ڕووداوەکانەوە چوونو بەیاننامەیان دەرکردووە جەخت لەوە دەکەنەوە، کە دەسەڵاتداران ئەنجامدەرانی ئەو ڕووداوانە بۆ ڕای گشتیی ئاشکرا بکەنو بیاندەنە دادگاو بە سزایان بگەیەنن.

کاروان سالح وتی: «ئەو حاڵەتانە نائاساییەو دڵەڕاوکێی دروستکردووەو ئەمنو ئاسایشو سەقامگیریی کەوتووەتە خەتەرەوە، بۆیە داوامان لە وەزیری ناوخۆ کردووە ڕوونکردنەوە بدات، ئەگەر وەڵامەکانی باوەڕپێکەر نەبوو، بانگهێشتی پەرلەمانی دەکەین، هەروەها وەزارەتی خوێندنی باڵاو ڕاگری کۆلێژی زمانو بەڕێوەبەرێتیی پۆلیسو ئاسایش، کە پێشتر ئاگادارکراونەتەوە شەهید سەردەشت مەترسیی لەسەر گیانی هەیەو هەڕەشەی لێکراوە، بەڵام ئەوان کەمتەرخەمبوون لەوەی نەیانتوانیوە گیانی بپارێزن». ئەوەش دەخاتەڕوو، کە کارەکە بە تیرۆرێکی ڕێکخراو دەزانن و داواشیان کردووە لێکۆڵینەوە بکرێتو لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەو دەستانە ئاشکرا بکات کە لە پشتیەوەن، هەر کەسێکو لایەنێک بێتو لە هەر ئاستێکدا بێت.

هەروەک وتیشی: «ئێمە بەچاوی گومانەوە سەیری ئەو مەسەلانە دەکەینو دەبێت دەسەڵات ئەرکی ئەخلاقیی خۆی بەرامبەر بە پاراستنی خەڵک ئاشکرا بکەن، ئەگەر لەو ئاستەشدا نین، با دەست لەکاربکێشنەوەو بۆ ئەوەی خەڵکێکی دیکە ئەو پۆستو ئەرکانە بگرێتە ئەستۆو داواش لە هەرسێ سەرۆکایەتییەکەی هەرێمی کوردستانو داواکاری گشتیی دەکەین بە زووترین کات ئەو پرسە بخرێتە ئەولەویانی کاریانو تاوانباران ئاشکرابکرێنو بە سزای یاسایی بگەیەنرێن».

کاردانەوەی میدیای جیهانیی، لەسەر تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان



ئا: ڕۆژنامە

کەیسی تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان، کاردانەوەیەکی بەرچاوی لای هەندێک دەزگاو ڕێکخراوی نێودەوڵەتی دروستکرد، هەر بۆنموونە (ئەمنستی ئەنتەرناسیۆنال) داوای لێکۆڵینەوەی دەستبەجێی کەیسی ئەو ڕۆژنامەنووسەدەکات و هۆکاری کوشتنەکەشی بۆ ئەو وتارە ڕەخنەییانە دەگەڕێنێتەوە، کە سەردەشت لەسەر دوو حیزبە دەسەڵاتدارەکە نووسیویەتی، (پەیامنێرانی بێسنوور)یش پێیوایە؛ کوشتنی سەردەشت دەرخەری ئەو مەترسییانەیە کەلەسەرژیانی ڕۆژنامەنووسان هەیە لەو هەرێمەدا.

ئەمنستی: دەسەڵاتدارانی کورد پێویستە لە کێشەی کوشتنی ڕۆژنامەنووسان بکۆڵنەوە

حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویستە هەنگاوی بەپەلەو خێرا بنێت بۆ ئاشکراکردنی بکوژانی سەردەشت عوسمانی تەمەن (٢٣) ساڵ، کە خوێندکاری زانکۆ بووەو وەک ڕۆژنامەنووس بۆ ڕۆژنامەی ئاشتینامە لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستانی عێراق کاریکردووە، کوشتنی ئەو دوای چەندین هێرشو پێشێلکاریی دیکە دێت، کە کراوەتە سەر ڕۆژنامەنووسانو ڕەخنەگرانی دوو حیزبە دەسەڵاتدارەکەی حکومەتی هەرێم. سەردەشت عوسمان، خوێندکاری دوایەمین قۆناغی زانکۆی سەڵاحەدین بوو، کە لەلایەن گرووپێک چەکداری نەناسراوەوە ڕفێنراوە لە (٤)ی ئایارداو دواتر بە زیندوویی نەبینراوەو بەپێی قسەی هاوڕێو خزمانی، سەردەشت لەلایەن چەند پیاوێکەوەو بە مینیباسێکی سپی لە بەیانیداو لە بەرامبەر کۆلێژی ئاداب ڕفێنراوە، سەردار عوسمانی برای، باس لەوە دەکات؛ ئەو ڕفاندنەکەی نەدیوە، بەڵام بینیویەتی پێشتر چەندین ئاسایشی زێرەڤانی بەردەوام لەو شوێنە دەوەستن، یەکێک لەو ئەندامانەی زێرەڤانی، کە ئەو ڕۆژە لەسەر کار بووە لەوێ، دەڵێت: شەقامەکە لەوە قەرباڵغتر بوو، کە بتوانێت ڕفاندنەکە ببینێت، ماوەیەکە ڕۆژنامەنووسانی کوردستان ڕووبەڕووی لێپێچینەوەو پێشێلکاریی دەبنەوە، ساڵی پارو بەپێی ڕاپۆرتی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، (٣٥٧) کەیسی هاوشێوە هەبووە.

ئەنفریمیدیا: هێزەکانی ئاسایش ناوبانگیان هەیە لە هێرشکردنە سەر ڕۆژنامەنووسە ئازادەکان

سەردەشت عوسمانی، تەمەن (٢٣) ساڵ بەناوی خوازراوەوە دەینووسی، بەپێی وتەی پۆلیسی موسڵ دەستوقاچی بەستراوەو ئەشکەنجەیەکی زۆر دراوە، پێش ئەوەی دوو فیشەک بەناو دەمییەوە بنرێت، هێزەکانی ئاسایشی هەرێم ناوبانگیان لەوەدا هەیە، کە هێرشدەکەنە سەر ئەو ڕۆژنامەنووسانەی کە ڕەخنە لە سیستمی دەسەڵاتی دوو پارتەکە دەگرن، دوای ئەوەی سەردەشت تیرۆر دەکرێت، ڕۆژی چوارشەممە بە تەلەفۆن بە خێزانەکەی دەوترێت، کە سەردەشت کۆژراوەو لەبەردەم ئۆفیسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە موسڵ فڕێدراوە.

بـارودۆخـی ئـەمنیـ

پەرلەمانتاریێک: دەبێت دەسەڵاتداران تـاوانبـاران ئاشکـرا بکـەن یـ

راپۆرتی: سەنگەر کوردە

چەند حاڵەتێکی کوشتن و ڕفاندن و هەڕەشەکردن لە شاری هەولێر و سلێمانی، ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی کوردستان ئەو ناوچە ئارامە نییە کە بەرپرسان و دەسەڵاتدارانی حوکمڕانی هەرێمەکە ئاماژەی بۆ دەکەن و ئەوەش ترس و دڵەڕاوکێ دەخاتە دڵی دانیشتوانەوە، پەرلەمانتارێکیش دەڵێت: «بەدڵنیایەوە ئاسایشی کوردستان کەوتووەتە مەترسییەوە و ناتوانرێت گیانی هاوڵاتیان بپارێزرێت»، بەڕێوەبەری پۆلیسی سلێمانیش دەڵێت: «ئەگەر دەسەڵات تاوانباران دەستگیر نەکات، خەڵک حەقیانە بڵێن فەڵەتانی ئەمنیی هەیە».

بارودۆخ ناسەقامگیرە؟

لە چەند ڕۆژی ڕابـردوودا، سەردەشت عوسمان، خوێندکاری زانکۆو ڕۆژنامەنووس، لە بەرەبەیان و کاتی دەوامی فەرمیدا بە بەرچاوی پۆلیس و خوێندکارانەوە لە پایتەختی کوردستاندا لەبەردەم زانکۆی سەڵاحەدین ڕفێنراو تەرمەکەی لە موسڵ دۆزرایەوە، محەمەد تاهیری چوێسەی تەمەن (١٦) ساڵ لە سلێمانی ڕفێنراو پاش چەند ڕۆژێک لە سلێمانی بە بریندارییەوە دۆزرایەوە دواتر گیانی لەدەستدا، مستەفا بەکری تەمەن (١٦) ساڵ دانیشتووی ناحیەی کەسنەزان ڕفێنراوەو دواتر دۆزراوەتـەوە، هەروەک پێشتر لە شاری سلێمانی هەوڵی ڕفاندنی بازرگان حاجی محەمەد بامۆکی دراو بازرگانێکی دیکە دوای ڕفاندنی بەرامبەر بڕە پارەیەکی زۆر ئازادکرا، ئەو ڕووداوانەش بوونەتە جێی مەترسیی بۆ هاوڵاتیان و ترس و دڵەڕاوکێیان دروستکردووە.

هەرچەندە فایەق تۆفیق، بریکاری وەزارەتی ناوخۆ، پێیوایە؛ تائێستا ناتوانرێت بوترێت بـارودۆخـی ئەمنیی هەرێم تێکچووەو «کەمتەرخەم نین لە پاراستنی ئاسایشی هەرێمو گیانی هاوڵاتیان، چونکە ئەوەی شانازیی پێوەدەکەین لە کوردستان ئاسایشەکەمانە، هەربۆیە هەموو تواناکانمان تەرخان دەکەین بۆ پاراستنی».

ئەو لەو بڕوایەدایە، کە نازانن چی بکەن تا دڵنیایی لای خەڵک دروستبکەنەوەو وتی: «لە مەسەلەی ڕفاندنی محەمەدی شێخ تاهیری چوێسە، ئاسایش تەداخولی کردووەو خەڵک ئێستا دەڵێن بۆ ئاسایش تەداخولی کردووە، هەربۆیە نازانین چی بکەین، تەداخول دەکەین هەر وەی، نایکەین هـەر وەی، نازانین چی بکەین، ئەگەر «دەیانەوێت بۆ هەرکەسێک پاسەوانێک دابنێین، دایدەنێین».

بەڵام کاروان سالح، ئەندامی لیژنەی ناوخۆو ئاسایش لە پەرلەمانی کوردستان، ئاماژە بە خراپیی بـارودۆخـی ئەمنیی کوردستان دەکـاتو پێیوایە؛ دەسەڵات کـەوتـووەتـە بـەر بەرپرسیارێتییەکی گـەورەوەو لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامە وتی: «بەدڵنیاییەوە ئاسایشی کوردستان کەوتووەتە مەترسییەوەو ناتوانرێت گیانی هاوڵاتیان بپارێزرێت، چونکە بە ڕۆژی ڕووناک خەڵک دەڕفێنرێتو ئەوەش چەند حاڵەتێکە لە شارەکان ڕوودەدات، ئەوەش بەڵگەی ئەوەیە دەزگا ئەمنیی و ئاسایشەکانی هـەرێـم بەرپرسیارێتییەکی زۆریـان دەکەوێتە سەرشانو لە ئێستادا جۆرێک لە پاشگەزبوونەوە هەیە لە بەرەوپێشچوونی ئازادیی و دیموکراسی».

لەلایەکی دیکەوە سەرکەوت حەسەن، بەڕێوەبەری پێشووی ئاسایشی سلێمانی، پێیوایە؛ ڕەوشی ئەمنیی کوردستان نائارامەو بۆ ڕۆژنامە وتی: «ئەو کارانەی کراون زۆرێکیان چەند کەسێک بوون وەک ئەوەی مەلا جەباریان ڕفاند بە ناوی ئاسایشو بە جلی فەرمییەوە، ئەوەی بامۆکی چەند کەسێک بوونو بە جلی کەناسییەوە، ئەوەی سەردەشت چەند کەسێک بوون، کەواتە ئەوانە کاری ڕێکخراوێک یان چەند کەسێکە، کە دەسەڵاتدارێک لە پشتییەوە بێت، چونکە ئەگەر هێزێک لە پشتییەوە نەبێت، چەند کەسێک ناتوانن بە چەکەوە بەوشێوەیە هەڵسوکەوت بکەن و هێز بەڕێتو خەڵک بڕفێنێتو هیچیشی لێنەیەت».

هەروەک عەمیدنەجمەدین، بەڕێوەبەری پۆلیسی سلێمانی، ئەوەی خستەڕوو، کە قۆناغێکی ترسناکە، کەسانێک دەڕفێنرێتو دەکوژرێن، ئەم ترسەش لە دەموچاوی هاوڵاتییاندا دەخوێنرێتەوە، وتی: «ئەگەر حکومەتو لایـەنـە بەرپرسەکان ئەو مۆبایلەوە هەڕەشەی کوشتنی لێ دەکرا، هەر بۆیە ڕۆژێک من و سەردەشت چووین بۆلای بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێرو پێمانڕاگەیاند: کە هەڕەشەی کوشتنی لێدەکرێت، بەڵام ئەو وتی: دەبێت ژمارە مۆبایلەکانمان بۆ بێنێت، بـەڵام ژمـارەکـە نەناسراو بـوو پێمانوت: ژمارەکە نەناسراوە چۆن بزانین، لە وەڵامدا بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر وتی: ناتوانم بەرگریت لێبکەم، سەردەشت زۆر دڵتەنگ بوو دوای کەمێک گەڕاینەوە کۆلێژو بە ڕاگری کۆلێژەکەمان وت: بەڵام ئەویش وەڵامێکی ئەرێنیی نەبوو.

ئەو هاوپۆلەی سەردەشت لەدرێژەی گێڕانەوەکەی بۆ ڕۆژنامە باسی لەوەکرد؛ سەردەشت ماوەیەکی زۆر بوو لە دەرگای کۆلێژی زمان نەدەهاتە ژوورەوە بەهۆی ئەو مەترسییانەی کە لەسەری بوو، بەڵکو لە دەرگای کۆلێژی ئادابەوە هاتوچۆی دەکرد.

وتیشی: «لـەدوا هەڕەشەش یەک هەفتە پێش تیرۆرکردنی ئاگاداریان کردبووەوە، کە هەولێر بەجێبهێڵێت لەماوەی یەک هەفتەدا، ئەگەرنا دەیکوژن، بۆیە بەدڵنیاییەوە دەڵێم؛ کوشتنی سەردەشت بەهۆی نووسینەکانییەوە بوو».

بەپێی سـەرچـاوە نزیکەکان کوشتنی سـەردەشـت لـەڕێـگـەی گـووللـەوە بـووەو جیاوازبووە لە کوشتنی ئاسایی و گوولەکان بەناو دەمییەوە نرابوون و لە پشتی سەرییەوە دەرچووبوون، کە ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە کوشتنەکەی لەسەر وتنو نووسین بووە.

سەرچاوەیەکی دادوەریش ڕایگەیاند: بەپێی تاوانبارانە نەدەنە دادگاو ئەو باندانە ئاشکرا نەکەن، ئـەوا خەڵک مافی خۆیانە بڵێن فەڵەتانی ئەمنیی هەیەو هەرچیمان پێ بڵێن حەقیانە».

دوو کاتژمێر دوای ڕفاندنی، سەردەشت تیرۆرکراوە

ڕاپۆرتی، ئاوارە حەمید

بەپێی ئەو زانیارییانەی کە لە پزیشکی دادوەرییەوە دەست ڕۆژنامە کەوتوون، تەنیا دوو کاتژمێر دوای ڕفاندنی، ڕۆژنامەنووس سەردەشت عوسمان، تیرۆرکراوە، بە وتەی هاوڕێیەکی سەردەشتی جوانەمەرگیش، هەفتەیەک پێش ڕفاندنو تیرۆرکردنی، مۆڵەتی یەک هەفتەی پێدراوە تا هەولێر بەجێبهێڵێت.

لەلایەکی دیکەوە، هاوڕێیانو هاوپۆلانی سەردەست، نارەزایی خۆیان نیشاندا بەرامبەر ئەوەی کە ڕاگرایەتی کۆلێژەکەیان ڕێگەی پێنەداون لە سێیەم ڕۆژی پرسەکەدا بەشداریی مەراسیمی سەرگۆڕی سەردەست بکەنو لەلایەن هێزێکی زۆرەوە ڕێگرییان لێکراوە، تا کۆلێژەکەیان بەجێنەهێڵن.

ڕۆژی سێشەمە (٥/٤) ڕۆژنامەنووسو خوێندکاری کۆلێژی زمان- بەشی ئینگلیزی قـۆنـاغـی چـوارەی زانـکـۆی سـەڵاحـەدیـن سـەردەشت عوسمان، لـەبـەردەم دەرگـای کۆلێژی ئەدەبیات، بە بەرچاوی پاسەوانانی زێرەڤانی بە ئۆتۆمبێلی ژمارە کاتیی لەلایەن چەند چەکدارێکی نەناسراوەوە، ڕفێنراو سەرلەبەیانی ڕۆژی پێنجشەممە خێزانەکەیان ئاگادارکرایەوە، کە تەرمەکەی لە پارێزگای موسڵو دەتوانن بیبەنەوە.

هاوپۆلێکی سەردەشت، کە زۆرترین کات بەیەکەوەبوون شەوی پێش ڕفاندنەکەش تا درەنگانی شەو بەیەکەوە بوون، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: ماوەیەک لەمەوپێش لەڕێگەی لێکۆڵینەوەکان دوای دوو کاتژمێر لە ڕفاندنی، سەردەشت کـوژراوە، دوای ئەوەی سەعات (٨,٣٠)ی سەرلەبەیانی ڕفێنراوەو لە سەعات (١٠,٣٠)ی پێش نێوەڕۆ شەهید کراوە.

مەحسوومە خـدر، قۆناغی چوارەمی ئینگلیزی، کە هاوڕێیەکی سەردەشت بوو بە گریانەوە باسی لەڕووداوە کردو ڕایگەیاند: بەداخەوە پاسەوانان لێرەبوون چۆن هێشتیان ئەو هاوڕێیەمان بڕفێنرێت، مەحسوومە پرسیاری لە دەسـەڵات کرد بـەوەی زانکۆ شوێنی زانستو زانیارییە، یا ڕفاندنو کوشتن؟

لەلایەکی دیکەوە، سێیەم ڕۆژی پرسەکە خوێندکارانی کۆلێژی زمان وێستیان بەشداریی پرسەو مەراسیمی سەر گۆڕی هاوپۆلەکەیان بکەن، لەگەڵ خانەوادەی سەردەشت، بەڵام لەلایەن ڕاگـری کۆلێژی زمانی ئینگلیزی ڕێگرییان لێکراو پێیانڕاگەیاندن، کە هەر خوێندکارێک بەشداربێت فەسڵ دەکرێتو ئەمسالّی بە نەهاتوو بۆ هەژمار دەکرێت، بەڵام خوێندکاران سوورببوون لەسەر بەشداریکردن لە مەراسیمەکەداو دواتر لەلایەن هێزێکی زۆری ئەمنیی ڕێگریی لە هاوپۆلەکانی سەردەشت کراو کۆلێژ بەتەواویی کۆنترۆڵکراو نەیانهێشت بەشداربن.

دوو ڕۆژ لەناو کۆلێژی زمـان پرسە ڕاگەیەنراو هیچ خوێندکارێک نەچووەتە هۆڵەکانی خوێندنەوە، بەڵام ڕاگری کۆلێژ نەیهێشت هیچ ڕاگەیاندنێک بچێتە ناو کۆلێژو ڕاگەیاندن بێبەشکرا لە ڕووماڵکرنی پرسەکەی سەردەشت لەناو کۆلێژەکەیدا.

چۆن ئیئتیلاف و دەوڵەتی یاسا پاڵێوراوی سەرۆک وەزیران دیاریدەکەن؟

وتەبێژی فەزیلە بۆ رۆژنامە: «دەبێت دەنگی ٨٠٪ی (١٤) ئەندامەکە بێنێت»

هەستیار قادر

د.باسم شەریف، وتەبێژی حیزبی فەزیلەی عێراقی، ئالیەتی دیاریکردنی سەرۆک وەزیرانی نوێ لە نێو دوو لیستە شیعەکەدا ئاشکرا دەکاتو دەڵێت: «دوو لیژنە لە هەردوو لیست بۆ دیاریکردنی پاڵێوراویان بۆ پۆستی سەرۆک وەزیران پێکهێناوەو ئەگەر بە تەوافوق ئەو پاڵێوراوە لەو دوو لیژنەیە یەکلایی نەبووەوە، پەنادەبرێتە بەر دەنگدان».

باسم شەریف، ئاماژە بەوەش دەکات، «حکومەتی داهاتووی عێراق، حکومەتی هاوبەشی دەبێتو واقیعی ئیستای عێراق حکومەتی ئیئتیلافی زۆرینە قبوڵ ناکاتو کارەساتی لێدەکەوێتەوە».

لەپاش رێککەوتنی هەردوو لیستی ئیئتیلافی دەوڵەتی یاسای خاوەن (٨٩) کورسیو ئیئتیلافی نیشتمانی خاوەن (٧٠) کورسی، لە هاوپەیمانێتییەکدا بە مەبەستی پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق، هەریەک لەو دوو لیستە، لیژنەیەکی (٧)کەسییان پێکهێناوەو پۆستی سەرۆک وەزیران لەم دوو لیژنەیەدا یەکلایی دەکرێتەوە، د.باسم شەریف، وتەبێژی حیزبی فەزیلەی عێراقی کە یەکێکە لە پێکهێنەرەکانی لیستی ئیئتیلافی نیشتمانی، تایبەت بە رۆژنامەی راگەیاند: «هەردوو لیست، پاڵێوراوێکی خۆیان دەخەنە بەردەمی ئەو لیژنەیە، تا بەشێوەی تەوافوق لەسەری رێکبکەونو ئەگەر بەوشێوازە نەگەیشتنە رێککەوتن، پەنادەبرێتە بەردەنگدانو پێویستە کەسی پاڵێوراو بتوانێت (٨٠٪)ی دەنگی نێو ئەو دوو لیژنەیە بەدەستبهێنێت، تا کێشەی لەسەر نەبێتو لەلایەن هەردوو لیستەوە پشتگیریی لێبکرێت».

لەپاڵ دیاریکردنی ئالیەتی دستنیشانکردنی پاڵێوراو بۆ پۆستی سەرۆک وەزیرانی نوێ، کەسی پاڵێوراویش لە نێو ئەو دوو لیستەدا جێگەی مشتومڕەو لەوبارەیەشەوە د. باسم شەریف ئاشکرایکرد، کە لیستی دەوڵەتی یاسا، نوری مالیکی وەک پاڵێوراو بۆ ئەو پۆستە یەکلایی کردووەتەوە، بەڵام لەنێو لیستی ئیئتیلافدا ئەو مەسەلەیە یەکلایی نەبووەتەوەو ناوی هەریەک لە عادل عەبدولمەهدیو بەیان جەبرو چەند کەسایەتییەکی دیکەیش قسەیان لەسەر دەکرێتو لەم هەفتەیەدا بەشێوەیەکی ڕەسمیی لیستی ئیئتیلاف تاکە پاڵێوراوی خۆی ڕادەگەیەنێت، وتیشی: «دوای پەسەندکردنی ئەو پاڵێوراوەش لەلایەن لیژنە (١٤)ئەندامییەکەوە، پاڵێوراوی دووەمی لیستەکە دەخرێتە بەردەم لیستەکانی تر بەمەبەستی وەرگرتنی رایان لەسەری».

زۆربەی ئاماژەکان بەرەو ئەوەن کە حکومەتی داهاتووی عێراق لەبارەی شیعەکە لە یەکتریی‌ەوە، خەمیس بەدری، لێکۆڵەری سیاسیی پێوایە؛ چانسی مالیکی بۆ پێکهێنانی لیستێکی گەورە کە بتوانێت حکومەت پێکبهێنێت، زیاترە لە عەلاوی، چونکە هەردوو ئەو لیستە لەیەکەوە نزیکن، کە نزیکبوونەوەیەکی سیاسییە، زیاترە وەک لەوەی لەسەر بنەمای دیکە بێت.

خەمیس بەدری، بۆ (رۆژنامە)ی ڕوونکردەوە: کە بەشێوەیەکی گشتیی ئاستی هۆشیاریی‌و سیاسیی کۆمەڵگەی عێراق لاوازە، بۆیە ئەمجۆرە هاوپەمانێتیانە بە تایفەگەریی لەقەڵەمدەدات»

عێراقییە نیگەرانە

پێکهێنانی ئەو هاوپەیمانییەی شیعەکان هێندەی ڕوونکردنەوەکەی دادگای فیدراڵی، لیستی عێراقییەی نیگەران کردووە، کە ئەگەرچی لەڕێگەی ڕاگەیاندنەکانەوە پێشوازی لەو هەنگاوە دەکەن، بەڵام لەڕووی سیاسییەوە بە مەترسییەکی گەورەی دادەنێت لەسەر داواکارییەکانی لیستی عێراقییە بۆ پێکهێنانی حکومەت، یان لەوە دوورتر بێبەشکردنیشیان لە دەسەڵاتی سیاسیی عێراق، سەرەڕای ڕاگەیاندنی ئەو هاوپەیمانێتییەی شیعەکانو ئامادەکارییان بۆپێکهێنانی حکومەت، لیستی عێراقییە سوورە لەسەر ئەوەی پێکهێنانی حکومەت مافی خۆیەتی، لە لێدوانێکدا ئەیاد عەلاوی، سەرۆکی لیستەکە ڕایگەیاند: «لیستی عێراقییە مافی خۆیەتی حکومەت پێکبهێنێتو لەوپێناوەشدا دیداری لەگەڵ سەرجەم لیستەکاندا ئەنجامداوە».

بەڵام کاندیدێکی دەرچووی لیستی عێراقییە پێکهێنانی هاوپەیمانێتی شیعەکان وەک مەترسیی بۆ سەر لیستەکەی ڕەتدەکاتەوە، عەبدولخزر مەهدی، کاندیدی دەرچووی لیستی عێراقییە بە (رۆژنامە)ی ڕاگەیاند: لیستەکەمان بەهۆی هاوپەیمانێتی دوو لیستە شیعەکەوە مەترسیی لادروست نەبووە، بەڵکو بە هەنگاوی باشی دەزانێت تا بتوانن لەگەڵ یەک لایەن گفتوگۆ بکەن، بەڵام عێراقییە هۆشداریی ئەوەی داوە، کە ئەم هەنگاوە ببێتە مایەی دووبارە دروستبوونەوەی تایفەگەریی لە عێراق.

عەبدولخزر مەهدی، ئاشکرایکرد؛ شێوەیەکی حکومەتی داهاتووی عێراقی بێ بەشداربوونی لیستی عێراقییە پێکناهێنرێت، لیستەکەیان داوا لە هیچ کەس ناکات، کە بەشداربێت لە حکومەتدا، بەڵکو بەپێی دەستوور دەبێت رێگەی پێ بدرێت حکومەت پێکبهێنێت، چونکە یەکەم بووە لە هەڵبژاردن، ئەگەر نەیتوانی ئەو حکومەتە پێکبهێنێت ئەو کاتە لیستی دووەم مافی پێکهێنانی حکومەتی دەبێت، هەتا ئێستا لیستی عێراقییە پێگەی یاسایی خۆی ماوەتەوە، کە لیستی یەکەمە لە پەرلەمانی داهاتووی عێراقو مافی ئەوەی هەیە حکومەت پێکبهێنێت.

پسپۆرێکی سیاسیش هەموو لایەک لە دەرئەنجامە خراپەکانی بێبەشکردنی لیستی عێراقییە لە حکومەتی داهاتوو ئاگادار دەکاتەوەو پێیوایە؛ عێراق دەگەڕێنێتەوە بۆ سەردەمی تۆندوتیژیی.

خەمیس بەدری، لێکۆڵەری سیاسیی ڕایگەیاند: «عێراقییە بەشداریی لە حکومەت دەکات، چونکە بارودۆخی ئێستای عێراق لەسەر بنەمای دیموکراسی تەوافوقییە، ئەگەر عێراقییە بێبەش بکریت، ئەوا مەترسیی لەسەر یەکپارچەیی عێراق دروست دەبێتو ئەگەر لایەنەکانی هەوڵی ئەوە بدەن، کە لیستی عێراقییە لاواز بکەن، عێراق دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی تۆندوتیژیی هاوشێوەی ئەوەی کە لە ساڵانی (٢٠٠٥-٢٠٠٦) ڕووبدا».

لەسەر بنەمای هاوبەشی بێت، وتیشی: «حکومەتی داهاتووی عێراق، حکومەتێکی هاوبەشی دەبێت، نەک حکومەتی زۆرینەی سیاسیی و واقیعی ئێستای عێراق ڕێگرە لە پێکهێنانی حکومەتی زۆرینەی سیاسییو ئەو هەنگاوەش کارەساتبار دەبێت».

هاوپەیمانێتیی دوو لیستە شیعەکە بە پشتبەستن بە ڕوونکردنەوەکەی دادگای فیدراڵی لەسەر چەمکی زۆرینەی پەرلەمانیو ژمارەی کورسییەکانیان کە دەگاتە (١٥٩) کورسی، تەنیا پێویستی بە (٤)کورسی دەبێت بۆ پێکهێنانی حکومەت، ئەمەش مەترسی لای لیستەکانی دیکە دروستکردووە، بەتایبەت لیستی عێراقییە کە وەک لیست، زۆرینەی کورسییەکانی بەدەستهێنانەوە، بەڵام د.باسم شەریف جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە هەموو لایەک کۆکن لەسەر ئەوەی کە دەبێت لیستی عێراقییەش بەشدار بێت لە حکومەتی نوێداو وتیشی: «کۆمەڵێک پرسی گرنگ هەن کە دەبێت لەماوەی داهاتوودا هەردوو لیستە شیعەکەو لەگەڵ لیستەکانی دیکەدا گفتوگۆی لەبارەوە بکەن، بەتایبەت پۆستە سیادییەکان، وەک سەرۆکایەتیی کۆمارو پەرلەمانو وەزارەتە سیادییەکانی حکومەتی نوێ».

هاوپەیمانێتی شیعەکان، عێراقییە تووڕە دەکات

ڕەنگە مالیکی سەرۆک کۆمار بداتە عەلاوی

ڕاپۆرتی: کارزان عەلی، ئۆفیسی سلێمانی

ئایا کێ دەبێتە سەرۆک کۆمار؟

هاوپەیمانێتی شیعەکان عێراقییە تووڕە دەکاتو مالپەڕێکیش ئاماژە بە ڕێکەوتنی نێوان عەلاوی‌و مالیکی دەکات بۆ پێدانی پۆستی سەرۆک کۆمار بە عێراقییە، پەرلەمانتارێکی پێشووی کوردیش پێیوایە؛ کە لە ئێستادا بۆ کورد لیستی ئیئتلاف مەترسیدارە بەوپێیەی سەدرییەکان تیایدا بەهێز بوون.

هاوپەیمانێتی شیعەکان

ئەگەرچی لیستی عێراقییە توانی (٩١) کورسی پەرلەمانی داهاتووی عێراق بەدەستبهێنێتو بە پلەی یەکەم بێت، ڕوونکردنەوەیەکی دادگای فیدراڵی عێراق لەسەر چەمکی زۆرینەی مافی پێکهێنانی حکومەتی لەو لیستە وەرگرتەوە، کە ئەیاد عەلاوی سەرۆکایەتی دەکات ئەویش لەبارێکدا، کە چەند لیستێکی دیکە هاوپەیمانێتی بکەنو ژمارەی کورسییەکانیان لە ژمارەی کورسییەکانی لیستی عێراقییە زیاتر بێتو مەترسیی لەدەستچوونی دەسەڵاتی سیاسیش وای لە هەردوو لیستە شیعەکە (ئیئتلافی نیشتمانیو دەوڵەتی یاسا) کرد، کە هاوپەیمانێتی پێکبهێنن بۆ ئەوەی ژمارەی کورسییەکانیان بگەیەننە (١٥٩) کورسی وەک ڕێخۆشکەرێک بۆ پێکهێنانی حکومەت، لەگەڵ ئەوەی هەندێک ئەو هەنگاوە بە موئامەرەیەکی تایفی شیعەکان لەقەڵەم دەدەن، هەندێکی دیکە وەک هاوپەیمانێتییەکی ئاسایی لەقەڵەمی دەدەن بۆ پێکهێنانی حکومەتی ئیئتلافی زۆرینە لەبری حکومەتی کەمینە،

د.نەبیل محەمەد، مامۆستای کۆلێژی زانستە سیاسییەکانی زانکۆی بەغدا پێیوایە؛ گرنگترین پرس لەو هاوپەیمانێتییە نوێیەدا ئەوەیە، کە لەسەر بنەمای تایفەگەریی دروست نەبێتو بێبەش نەکردنی لیستەکانی دیکە لە مافی بەشداری نەکردن لە حکومەت، ئەو تایبەت بە ڕۆژنامە ڕایگەیاند: «دەبێت بارودۆخەکە نەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی تۆندوتیژیی، چونکە هەموان زەرەرمەند دەبینو لەو باوەڕەشدانیم، کە ئەو هاوپەیمانێتییە ببر لە فەرامۆشکردنی لیستی عیراقییەو هەر لایەنێکی دیکە بکاتەوە».

هاوکات پسپۆرێکی سیاسیی دیکە پێیوایە؛ چانسی مالیکی بۆ پێکهێنانی حکومەت زیاتر بەهۆی نزیکیی دوو لیستە شیعەکە لە یەکترییەوە، خەمیس بەدری، لێکۆڵەری سیاسیی پێوایە؛ چانسی مالیکی بۆ پێکهێنانی لیستێکی گەورە کە بتوانێت حکومەت پێکبهێنێت، زیاترە لە عەلاوی، چونکە هەردوو ئەو لیستە لەیەکەوە نزیکن، کە نزیکبوونەوەیەکی سیاسییە، زیاترە وەک لەوەی لەسەر بنەمای دیکە بێت.

خەمیس بەدری، بۆ (رۆژنامە)ی ڕوونکردەوە: کە بەشێوەیەکی گشتیی ئاستی هۆشیاریی‌و سیاسیی کۆمەڵگەی عێراق لاوازە، بۆیە ئەمجۆرە هاوپەمانێتیانە بە تایفەگەریی لەقەڵەمدەدات»

عێراقییە نیگەرانە

پێکهێنانی ئەو هاوپەیمانییەی شیعەکان هێندەی ڕوونکردنەوەکەی دادگای فیدراڵی، لیستی عێراقییەی نیگەران کردووە، کە ئەگەرچی لەڕێگەی ڕاگەیاندنەکانەوە پێشوازی لەو هەنگاوە دەکەن، بەڵام لەڕووی سیاسییەوە بە مەترسییەکی گەورەی دادەنێت لەسەر داواکارییەکانی لیستی عێراقییە بۆ پێکهێنانی حکومەت، یان لەوە دوورتر بێبەشکردنیشیان لە دەسەڵاتی سیاسیی عێراق، سەرەڕای ڕاگەیاندنی ئەو هاوپەیمانێتییەی شیعەکانو ئامادەکارییان بۆپێکهێنانی حکومەت، لیستی عێراقییە سوورە لەسەر ئەوەی پێکهێنانی حکومەت مافی خۆیەتی، لە لێدوانێکدا ئەیاد عەلاوی، سەرۆکی لیستەکە ڕایگەیاند: «لیستی عێراقییە مافی خۆیەتی حکومەت پێکبهێنێتو لەوپێناوەشدا دیداری لەگەڵ سەرجەم لیستەکاندا ئەنجامداوە».

بەڵام کاندیدێکی دەرچووی لیستی عێراقییە پێکهێنانی هاوپەیمانێتی شیعەکان وەک مەترسیی بۆ سەر لیستەکەی ڕەتدەکاتەوە، عەبدولخزر مەهدی، کاندیدی دەرچووی لیستی عێراقییە بە (رۆژنامە)ی ڕاگەیاند: لیستەکەمان بەهۆی هاوپەیمانێتی دوو لیستە شیعەکەوە مەترسیی لادروست نەبووە، بەڵکو بە هەنگاوی باشی دەزانێت تا بتوانن لەگەڵ یەک لایەن گفتوگۆ بکەن، بەڵام عێراقییە هۆشداریی ئەوەی داوە، کە ئەم هەنگاوە ببێتە مایەی دووبارە دروستبوونەوەی تایفەگەریی لە عێراق.

عەبدولخزر مەهدی، ئاشکرایکرد؛ شێوەیەکی حکومەتی داهاتووی عێراقی بێ بەشداربوونی لیستی عێراقییە پێکناهێنرێت، لیستەکەیان داوا لە هیچ کەس ناکات، کە بەشداربێت لە حکومەتدا، بەڵکو بەپێی دەستوور دەبێت رێگەی پێ بدرێت حکومەت پێکبهێنێت، چونکە یەکەم بووە لە هەڵبژاردن، ئەگەر نەیتوانی ئەو حکومەتە پێکبهێنێت ئەو کاتە لیستی دووەم مافی پێکهێنانی حکومەتی دەبێت، هەتا ئێستا لیستی عێراقییە پێگەی یاسایی خۆی ماوەتەوە، کە لیستی یەکەمە لە پەرلەمانی داهاتووی عێراقو مافی ئەوەی هەیە حکومەت پێکبهێنێت.

پسپۆرێکی سیاسیش هەموو لایەک لە دەرئەنجامە خراپەکانی بێبەشکردنی لیستی عێراقییە لە حکومەتی داهاتوو ئاگادار دەکاتەوەو پێیوایە؛ عێراق دەگەڕێنێتەوە بۆ سەردەمی تۆندوتیژیی.

خەمیس بەدری، لێکۆڵەری سیاسیی ڕایگەیاند: «عێراقییە بەشداریی لە حکومەت دەکات، چونکە بارودۆخی ئێستای عێراق لەسەر بنەمای دیموکراسی تەوافوقییە، ئەگەر عێراقییە بێبەش بکریت، ئەوا مەترسیی لەسەر یەکپارچەیی عێراق دروست دەبێتو ئەگەر لایەنەکانی هەوڵی ئەوە بدەن، کە لیستی عێراقییە لاواز بکەن، عێراق دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی تۆندوتیژیی هاوشێوەی ئەوەی کە لە ساڵانی (٢٠٠٥-٢٠٠٦) ڕووبدا».

عەلاوی‌و مالیکی‌و سەرۆک کۆمار

پاش ڕاگەیاندنی هاوپەیمانێتی نێوان دوو لیستە شیعەکە، دەنگی دیدارو دانوستانی نێوان هەردوو لیستی دەوڵەتی یاساو عێراقییە بەڵاوبووەتەوە، بە وتەی عەلی موسەوی، ڕاوێژکاری مالیکی بڕیارە بەمنزیکانە ناوبراو لەگەڵ عەلاوی کۆبوونەوە ئەنجام بدەن، بۆ تاووتوێکردنی حکومەتی نوێی عێراق.

هاوکات سایتی سۆمەرییە نیوز لەسەر زاری کەسێکی نزیک لە شاندی گفتوگۆی لیستی دەوڵەتی یاساوە بڵاویکردەوە، کە کۆبوونەوەیەکی نهێنیی لەنێوان نوێنەرانی مالیکی‌و لیستی عێراقییە لە عەمانی پایتەختی ئوردن ئەنجامدراوەو تیایدا، کە دانوستکارانی مالیکی بەڵێنیان داوە، کە چەند پۆستێکی وەزاری گرنگو پۆستی سەرۆک کۆمار بدەنە لیستی عێراقییە بە زیادکردنی دەسەڵاتەکانییەوە بەشێوەیەک، کە ببێتە فەرماندەی هێزەچەکدارەکان بەرامبەر بە دەنگدانی بۆ بوون بە سەرۆک وەزیران.

ئیئتیلاف میانڕەو نەماوە

ئەگەرچی هێزە کوردستانییەکان هەمیشە لیستی ئیئتیلافی نیشتمانیی بە نزیکترین لیست لە خۆیانەوە دادەنێن بەوپێیەی پێشتر ئەنجومەنی بالای ئیسلامیی سەرۆکایەتی دەکردو مێژووی خەباتی سیاسیی لەگەڵ لایەنە کوردییەکاندا هەبووە، بەڵام گۆڕانی هاوسەنگیی هێز لەو لیستەدا بە بەرژەوەندیی ڕەوتی سەدر، کە زۆرینەی کورسییەکانی نێو ئەو لیستەی بردووە، ئەو لیستەی بە میانڕەویی جارانی نەهێشتووەتەوە.

پشتیوان ئەحمەد، ئەندامی پێشووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق پێیوایە؛ کە هەردوو لیستی دەوڵەتی یاساو عێراقییە کەسانی عەلمانیو تەکنۆکراتی باشی تێدایەو بە پێچەوانەشەوە لیستی ئیئتیلاف بە مەترسیی دەزانێتو بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «پێشتر ئەنجومەنی بالا سەرکردایەتی لیستی ئیئتیلافی دەکرد، بەڵام ئێستا بالی ڕەوتی سەدر تیایدا بەهێزەو سەدرییەکانیش مەترسدارن‌و گفتوگۆیان لەگەڵ ناکرێتو بالی ڕادیکاڵی شیعەکانن، کە بیرکردنەوەیان بۆ ئەم قۆناغەی عێراق ناگونجێتو بۆ سەر کوردیش مەترسیدارن».

مافییا لەناو مافییادا!

شێرکۆ بێکەس

لەوەدەچێ تۆڕی مافییایەکی ترسناکی دۆڵاپایی بۆ پیاوکوژیو تاوان، لە ژێرزەمینە تاریکەکانی سیاسەتی ئەم وڵاتە بەدبەختەدا، بە بێدەنگیی، لە جموجووڵدا بن، ئەو مافییایانەی کە رەنگە هەموومان رۆژانە لە شوێنە گشتیەکانو سەرشەقامو لە ئاهەنگو بۆنە نیشتمانیەکاندا دەم بەپێکەنینو لە کۆتر بەسزمانتر بیانبینین، مافییای بە رواڵەت فریشتەو بەسەرزاری هەوێنی دیموکراسیو بە مێژوویی رابوردویش قارەمانی دیرۆکی پڕ لەسەروەری بن!، بەڵام لەدوای دەمامک دامااڵین، ئەو وەختەی کە هەر خۆیانو خۆیان دەمێنەوە، ئەو درندانەن کە کۆ لە هیچ تاوانو سەربڕینێ ناکەنەوەو ئامادەن تا دوا چۆڕی خوێنی قوربانیەکانیان بخۆنەوە!، ئەم مافییایانە بۆ شوێنەونی تەواوی هەموو ناونیشانێکی راستەقینەی خۆیان، لە دەرەوەی دەسەاڵتی حکومەتدا، لەودیوی پێناسەو ئارمی ناسراوەوە، بە کاڵای ترو رەنگو رووی ترەوە، خۆیان مەاڵس داوە. وەختێکیش لەو ژێر زەمینانەوە دێنە دەرەوە، کێیان بوێ، کام نێچیر، لەڕوناکبیرانو رۆژنامەنووسان، لەوانەی دەست بە کاڵای خۆیانەوە ناگرنو یان بڕوایان بەوە نییە زمانیان بگرن بۆ ئەوەی سەریان رەحەت بێ! یان دەست بە شارە زەردەواڵەی پرسیارەکاندا ئەکەن. یەکە یەکە بیانکوژن. دیارە من کە ئەڵێم لە دەرەوەی شوناسەکانی حکومەتدا، مەبەستمە بڵێم ئەو مافییایانەی ناچنە ناو ریزە ئاشکراکانی پۆلیسو ئاسایشەوە، ئەوانە لەو بازنە مەحکەمانەدا ئیش ئەکەن کە پەی پێ بردنیان زۆر گرانە. یان ئاشکرابوونیان ئەبێتە هۆی ئاشکرابوونی ئەو ئەڵقە سەرەکیانەی کە لە زنجیری دەسەاڵتدا کەوتوونەتە سەری سەرەوە. بە کورتی ئەمانە پەلو پۆی جۆرە ئەختەبوتێکن چوون بەناو یەکتریداو جیاکردنەوەیان بۆ ناسینەوە ئەستەمە، بەکورتی مافییان لەناو مافییادا، تەنانەت مەرج نییە ئەم مافییایانە سەرە گەورەکانیش بیانناسن، هەر لەبەر ئەمەیشە نەهێنیەکانی ئەم پیاوکوژانە ئاشکرا نابن یان زۆر درەنگ لەڕێکەوتی چاوەڕوان نەکراودا ئەدۆزرێنەوە، ئەگەر نا بۆچی لە تیرۆرکردنی رۆژنامەنووس سۆرانی مامە حەمەوە بۆ رۆشنبیر د.عەبدولستار تاهیر شەریفو تا ئەم تاوانەی دوایی، تیرۆرکردنی رۆژنامەنووسی گەنج سەردەشت عوسمان، هەتا ئەمڕۆ، کە دیارە ماوەیەکی دورودرێژەو بەاڵم سەرە داوێکی رووناکیی لەم تونێلە تاریکەدا دەرنەکەوتو دەرنەکەوت. لەناو دەزگا فەرمیەکانی پۆلیسو ئاسایشدا، نەهێنیەکان، تەنانەت ئەگەر بیانەوێ پەردە پۆشیشی بکەن، تا سەر ناتوانن و شتێک دزە ئەکاتە دەرەوە، جا ئەم دزەکردنە لە ناوێکەوە بێت، یان سەرەداوێک، تارماییەک، ئەبێ رۆژێ لەڕۆژان دەرکەون، بەاڵم لەناو ئەختەبووتی ئەم مافییایانەدا وا نییەو تۆڕەکە پاڕێزراوە، یان وەکوو وتم مەگەر (زەمانە) دەستەکان بخاتەڕوو، مافییاکان گوێ نادەنە نووسینو رۆژنامەو مانگرتنو خۆپیشاندان. لەاڵیەکی تریشەوە نامەوێ کەس لەم راو بۆچوونەی من وا تێبگات کە بەرپرسیارێتی لە ئەستۆی حکومەتو پۆلیسو ئاسایشدا ئەمانە، ئەمە بۆچوونێکەو هیچی تر، خۆ بەڵگەیشم نە بۆ ئەمیان پێیەو نە بۆ ئەویان، بەاڵم چۆنیەتی تیرۆرکردنەکان لە سۆرانەوە بۆ سەردەشت، ئاشکرا نەبوونی تاوانکارانو بێ ئەنجامیی و بن بەستی لێکۆڵینەوەکان، ئەوە دەرئەخەن پیاوکوژان لە قەاڵیەکی بەهێزو پاڕێزراوو دڵنیادا ئەژینو باکییان نییە. پەنجە مۆرێک چییە دەرنەکەوت!، ئێوە بڕوانن، لەبەردەم زانکۆیەکی گەورەداو لە پایتەختو لە نزیکی دەیان پاسەوانو پۆلیسو ئاسایشەوە، بەڕۆژی رووناک رۆژنامەنووسێ بفڕێنن و بە زۆر بیخەنە ناو ئوتومبیلێکەوەو ئینجا بەرەو موسڵو بەسەر دەیان بازگەی پشکنیندا تێپەڕنو تووشی راوەستانو لێپرسینەوەیەک نەبنو بڕۆنو بڕۆنو تا ئەگەنە شاری حەدبای مەزن- ئەمانە هەمووی بۆ شوێنەونی- دواتر سەردەشت بکوژنو زۆر بە دڵنیایەوە راوەستنو ئینجا لاشەکەی فڕێبدەنە سەر شەقامێکی گشتی، دەپرسم، ئەمە چۆن ئەکرێو بە کێ ئەکرێ؟!. من ناتوانم بێ بەڵگە هیچ کەسێکو هیچ لایەنێک تاوانبار بکەم، بەاڵم تۆ ئەگەر لەم زنجیرە تاوانە وردبیتەوەو بە چاوی عەقڵ تاووتوێیان بکەیت، هەست ئەکەیت تاوانەکان لەیەک سەرچاوەی تاوانەوە هاتوون، لە یەکدوو سەرێکەو زیاتر نا، رەنگە هەر بە یەک چەکیش، بە یەک دەمانچەی بێدەنگیش، ئەو رۆژنامەنووسو رووناکبیرانە تیرۆر کرابن!، مێژوویەکی ترسناکە!.

«تا ئەو راگرو سەرۆک بەشانە نەگۆڕن کە حیزب داینـاون، خوێندنی بالا پێشناکەوێت»

سازدانی: پشتیوان سەعدوڵڵا

د.سلێمان جەعفەر، پسپۆڕی بواری خوێندنی بالاو ماموستا لە کۆلێژی زانستی زانکۆی سەلاحەدین پێیوایە؛ رەوشی خوێندنو زانستو ئاستی دەرچووانی زانکۆکانی کوردستان رۆژ لەدوای رۆژ لە دابەزیندان، ئاماژە بەوەشدەکات، ئەو هەوڵو کۆششانەی کە تائێستا وەک چاکسازیی کراون لە بواری خوێندنی بالادا هەوڵی کاتیو بەپەلەو پچڕپچڕو نادووربینانە بوون.

رۆژنامە: تاچەند سیستمی خوێندنی بالا پێویستی بە گۆڕینە؟

* هەموو خەڵکی کوردستان درک بە ئاستنزمیی زانستو خوێندن لە زانکۆ پەیمانگاکانی هەرێمی کوردستان دەکات، خوێندنی بالا لەوپەڕی لاوازیدایە، هۆکاری سەرەکیش دەگەڕێتەوە بۆ کۆنیی سیستمو دەستتێوەردانی حیزبیی، بەڵام ئەوەی جێگەی داخە، ئایا بۆچی ئەم سیستمەی کە رژێمی بەعس داینـاوە لەلایەن دەسەلاتدارانو فەرمانڕەوایانی حکومەتی هەرێم مایەوەو هەوڵی گۆڕینی بۆ نەدراوە؟ ئەگەر تەنیا بۆ هەمان هەیمەنەو زاڵبوونی دەسەلاتداریی حیزبیی نەبێت بەسەر دامودەزگاکانی حکومەتەوە، بەهۆی ململانێی نێوانیان پارتە دەسەلاتدارەکانی کوردستان هەموو هەوڵێکی شیاوو ناشیاویان دا بۆ زاڵبوونیان بەسەر یەکتریدا، پاشەڕۆژێنی ئەو هەوڵانەی کاریگەریی نێگەتیڤی لەسەر کۆمەڵگەی کوردیو بەڕێوەبردنی هەرێمی بەجێهێشتو زانکۆکانیشی لێ بێبەش نەبوو، شێوە بەڕێوەبردنێکیان تێیاندا پەیڕەوکرد، کە نزیکیی لە پارتو خزمەتکردنی پارتەکان بوو بە پێوەری بەرزکردنەوەو بە بەرپرسیارکردنی فەرمانبەران لە فەرمانگەکان لە بری توانایو پسپۆڕییو دڵسۆزیی، ئەمە ڕێگەخۆشکەر بوو بۆ ئەو کەسانەی کە پێشتر دارو دەستەو بەرپرسو کاربەدەستی کارگێڕی رژێمی بەعس بوونو شارەزایی بەڕێوەبردنی ئەو سیستمەیان هەبوو بۆ ئەوەی جارێکی دیکە بخزێنەوە ناو سیستمی بەڕێوەبردنی هەرێمو لەگەڵ بەرپرسی پارتە دەسەلاتدارەکان شوێنو پۆستە کارگێڕییەکانی حکومەتی هەرێم لەنێوان خۆیاندا دابەشبکەنو بەردەوامبوونی ئەوسیستمە گەندەڵەی بەدوادا بێت بەشێوەیەک کە ئێستا هەوڵی چارەسەرو چاکسازیی تێیاندا ئاسان نەبێت، بۆیە ئەمڕۆ گرەوی چارەسەرکردنی سیستمی بەڕێوەبردنی خوێندنی بالا کەوتووەتە نێوان دوو بەرژەوەندیی ئاراستە جیاواز، کە بەرژەوەندیی گشتییو بەرژەوەندیی پارتەکانن.

رۆژنامە: سیستمی ئێستای خوێندنی بالا تا چەند هۆکاربووە بۆ پێنەگەیاندنی پسپۆڕو

هەر بەرپرسێکی نوێی خوێندنی بالا، چەندین بەڵێنو بڕیاری نوێی دەرکردووە، بەڵام ئەو ڕەوشە بە دەرکردنی بڕیاری بەپەلە چارەناکرێت

کادیری شارەزا لە زانکۆو پەیمانگاکاندا؟

* کە سەیری ئەو ژمارە زۆرەی دەرچووانی زانکۆکانی کوردستانو بێکارماناوەیان لە هەرێمدا دەکەیت، بۆت ڕوونددەبێتەوە پشتبەستن بە پسپۆڕییو شارەزایی زانکۆکانی خۆمان لە چ ئاستێکدایە، ڕەوشی خوێندنو زانستو ئاستی دەرچووانی زانکۆکانی کوردستان ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لەدابەزیندایە، سیستمی ئێستای خوێندنی بالا نەک تەنیا هۆکار بووە بۆ پێنەگەیاندنی پسپۆڕییو شارەزایی لەزانکۆو پەیمانگاکاندا، بەڵکو زانکۆو پەیمانگاکان بە کارو ئەرکە سەرەکییەکانی خۆشیان هەڵنەستاون. زانکۆکان لە جیهاندا هەردەم شوێنی وەرچەرخانو چارەسەرکردنی گرفتە جۆراوجۆرەکانی گەلان بوون، گەلی کوردستانیش مافی خۆیەتی لە زاناو ماموستایانی زانکۆو بەرپرسانی خوێندنی بالا بپرسێت، کە بۆچی دەستەو ئەژنۆ دانیشتوون بەرامبەر هەموو ئەو گرفتانەی کە ئەمڕۆ لە کوردستاندا هەن، مافی خەڵکە بپرسن کوا چارەسەرتان بۆ تەنگەژە کشتوکاڵییەکانی کوردستان، لەگەڵ ئەوەی کە لە هەر زانکۆیەک کۆلێژێکی کشتوکاڵ هەیە، مافی خۆیانە بپرسن کوا بەرنامەو پلانی دارایی‌تان بۆ سوودوەرگرتن لەو بودجە گەورەیەی هەرێم، کەچی ژێرخانی ئابووریی‌مان هەر بە داتەپیویی ماوەتەوە.

ڕۆژنامە: لەگەڵ چەند هەوڵێک، بۆچی تائێستا خوێندنی بالا لە ئاستێکی نزمدایە، ئایا هەوڵەکان چ ئەنجامێکیان هەیە؟

* لەگەڵ هاتنی هەر بەرپرسێکی نوێی خوێندنی بالاو زانکۆکان، یەکەمین کاریان سەردانو بەسەرکردنەوەی بەشو کۆلێژەکانو زانکۆکانی کوردستان بووە، ئەمەو هەر لە سەرەتای هاتنیان بە پێدانی چەندین بەڵێنو دەرکردنی چەندین ڕێنماییو بڕیاری بەپەلە، هەوڵیانداوە وەک چارەسەرکەرو ڕزگارکەری گرفتەکان خۆیان پیشانبدەن، چارەسەرکردنی ئەو ڕەوشەی کە ئێستا خوێندنو زانست لە زانکۆکانی کوردستان تێیکەوتووە بە دەرکردنی چەند ڕێنماییو فەرمانێکی بەپەلە ناکرێت، هەروەک چۆن بە گۆڕینی بەرپرسێک یان دووانی بواری خوێندنی بالا ناکرێت، ئەو هەوڵو کۆششانەی کە تائێستا وەک چاکسازیی کراون لە بواری خوێندنی بالا، هەوڵی کاتیو بەپەلەو پچڕپچڕو نادووربینانەو فریاگوزاریو ئازارشکێنی کاتیی بوون، بۆیە دوای ماوەیەکی کەم گرفتەکان لەسەر هەمان ڕەگە بنبڕنەکراوەکەی پێشتر لقو گەڵایان بۆ ڕووادەتەوە، پێش هەموو ڕێگەچارەیەکو هەڵبژاردنی هەر سیستمێک بۆ بەڕێوەبردنی خوێندنی بالاو چارەسەرکردنی گرفتەکانی، پێویستمان بە پرۆتۆکۆلێکی ڕاشکاوانەی سەرکردایەتی سیاسیی پارتەدەسەلاتدارەکانی هەرێم هەیە، کە دەست لە کاروباری خوێندنی بالاو سیستمە کارگێڕییەکەی وەرنەدەنو سەربەخۆیی زانکۆکان بپارێزن، من بڕوام بە مەنتیقی جەنابی وەزیرو هەوڵە شەخسییەکانی هەیە، بەڵام ئەوەی گومانی ئامانج هەبوونی هەوڵەکانی لام دورستکردووە، نەشارەزایی بەڕێژیانە لە واقیعی زانکۆکانی هەرێم، هەوڵەکان ئامانج ناپێکنو گۆڕانکاریی بەسەر سیستمی خوێندنی بالا نایەت تا متمانەی خوێندکارو ماموستایان بەدەستنەیەتەوە، ئەمەش ناکرێت تا هەموو ئەو بەرپرسو بەڕێوەبەرو ڕاگرو سەرۆک بەش بڕیاردەرو... نەگۆڕن کە حیزب داینـاون.

ڕۆژنامە: دەوترێت زانکۆکانی کوردستان لە بری پێگەیاندنی کادیری پسپۆڕ، کادیری بەکارهێنەرو کەمتوانا پێدەگەیەنێت، ئەمە ڕاستە؟

* بەڵێ، ڕاستە هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ پارسەنگنەبوونی هاوکێشەی نێوان بەرهەمی زانکۆو چۆنێتی سوودوەرگرتن لێیان، هاوکێشەی نێوان ژمارەو ئاستو پسپۆڕیی دەرچووانی زانکۆکانو توێژینەوە ئەنجامدراوەکان لە لایەکو لەلاکەی دیکەش هەلی کارو سوودوەرگرتن لێیان دەبێت بە

د.سلێمان جەعفەر

هەند وەربگیرێت، لاسەنگیی ئەم هاوکێشەیە دەبێتەهۆی بە هەندەرانی تواناکانی مادییو مرۆیی لە هەرێمدا، لاوازیی ئاستی پیشەسازییو نزمیی ئاستی بەرهەمو کەمیی کارگەو نەبوونی ستراتیژییەکی ئابووریی پیشەسازییو بێبەرنامەیی لە بواری کشتوکاڵیداو نارووندنیی ئەو ستراتیژییەی لە بواری کەرتی تایبەتدا پەیڕەودەکرێت، هۆکاری بێکارماناوەی ئەو ژمارە زۆرەی دەرچووانی زانکۆکانی کوردستانن، خوێندنو کار دوولایەنی بە یەکەوە بەستراونو ناتوانین لێکیان جیابکەینەوەو ئەنجامدانی هاوسەنگیی نێوانیان تەنیا بە چاکسازیی خوێندنی بالا ناکرێتو پێویستی بە دۆزینەوەی نموونەیەکی پەرەپێدانی سەرتاسەریی بەکارخستنی هەرێم هەیە بەگشتیی.

وەزارەتی ناوخۆ بە ڕێنمایی ڕێکیدەخات

(٣) پڕۆژەیاسای تایبەت بە ڕێکخستنی خۆپیشاندان خەوێندراون

ڕاپۆرتی: ڕۆژنامە

بریکاری وەزارەتی ناوخۆ: ناتوانین چاوەڕێی پەرلەمان بکەینو ڕێنمایی دەرنەکەین

لەگەڵ بوونی (٣) پڕۆژەیاسا بۆ ڕێکخستنی خۆپیشاندانو کۆبوونەوە گشتییەکان، وەزارەتی ناوخۆ بە ڕێنمایی، ڕێرەوی خۆپیشاندان لە هەرێمی کوردستان ڕێکدەخات، وەزارەتی ناوخۆش، پەرلەمانو پەرلەمانیش حکومەت بە کەمتەرخەم دەزانن.

لە ساڵی (٢٠٠٧)دا حکومەت پڕۆژەیاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندانو کۆبوونەوە گشتییەکانی ڕەوانەی پەرلەمان کردو خوێندنەوەی یەکەمیشی بۆکرا، بەڵام دواتر بەهۆی نارەزایی زۆری ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیو بەشێک لە پەرلەمانتاران، حکومەت پڕۆژەکەی لە (٢٠٠٨/٩/١٧)ەوە کێشایەوەو جارێکی دیکە لەکۆتایی خولی ڕابردووی پەرلەماندا ڕەوانەی پەرلەمانی کردەوە،

بەڵام حکومەت لە پڕۆژەیاساکەیدا کە ڕەوانەی پەرلەمانی کردەوە بۆ جاری دووەم، وشەی مۆڵەتو دەسەلاتەکانی وەزیری ناوخۆی وەک خۆی هێشتەوە، هەربۆیە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی پڕۆژەیەکی نوێیان بۆ یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندانو کۆبوونەوە گشتییەکانیان پێشکەشی پەرلەمانی نوێ کردەوە.

لە ئێستادا حکومەت جارێکی دیکە پڕۆژەیاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندانو کۆبوونەوە گشتییەکانی کێشاوەتەوە، لە بەرامبەردا فراکسیۆنی کوردستانی پڕۆژەیەکیان پێشکەشی پەرلەمان کردووەتەوەو پڕۆژەکەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیش لە پەرلەمانە.

لەگەڵ بوونی ئەم (٣) پڕۆژەیاسایە، وەزارەتی ناوخۆ لە (٢٠١٠/٤/٢٠) ڕێنمایی تایبەتیان بە ڕێکخستنی خۆپیشاندانو کۆبوونەوە گشتییەکان دەرکـردووە بۆ هەرسێ پارێزگاکەی هەرێمو ئیدارەی گەرمیان، کە لە (٨) خاڵ پێکهاتووەو هەمان ئەو خاڵانەن، کە لە پڕۆژە کێشراوەکەی حکومەتدا هەبوو.

وەزارەتی ناوخۆ، پەرلەمان بە کەمتەرخەم دەزانن لە دەرنەکردنی یاسایەک بۆ ڕێکخستنی خۆپیشاندان، لەمبارەیەوە جەلال شێخ کەریم، بریکاری وەزارەتی ناوخۆ بۆ ڕۆژنامە دەڵێت: «ئێمە ناتوانین ئەرکەکانی خۆمان وازلێبهێنینو ڕێنمایی بۆ هێزەکانی ناوخۆ دەرنەکەین، کە ئەرکی پاراستنی خەڵکو خۆپیشاندەران لە ئەستۆی وەزارەتە، ناتوانین چاوەڕوانی پەرلەمان بکەین، ئێمە بەردەوام لە بەدواداچوونداین لەنێوان حکومەتو پەرلەمان، کە پەرلەمان یاسایەک دەرناکات، ئەوە کێشەی ئێمە نییە».

هاوکات، لیژنەی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان دوابـەدوای دەرکـردنی ئەو ڕێنماییەی وەزارەتـی ناوخۆ دوێنێ کۆبوونەوەیەکیان سازکردو تیادا یاداشتێکیان دایە سەرۆکایەتی پەرلەمان.

کاروان سالح، ئەندامی لیژنەی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان بۆ ڕۆژنامە ئەوەی خستەڕوو؛ کە (٣) پڕۆژەیاسا لە پەرلەمان دەربـارەی ڕێکخستنی خۆپیشاندانو کۆبوونەوە گشتییەکان هەیە، بۆ دەبێت بە ڕێنمایی ڕێکبخرێت، هەربۆیە لەم کۆبـوونـەوەیـەدا یاداشتێکیان داوە بە سەرۆکایەتی پەرلەمان تا پەلە بکرێت لە دەرکردنی یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندانو کۆبوونەوە گشتییەکان، تا ئەو بۆشاییە یاساییە پڕبکرێتەوە، کە هەیە.

ئەو پەرلەمانتارەی لیژنەی ناوخۆ ئەوەی ڕەتکردەوە، کە پەرلەمان کەمتەرخەم بێت لە دەرکردنی یاساکەو کەمتەرخەمییەکەی خستە ئەستۆی حکومەت، کە چەند جارێک پڕۆژەیاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندانو کۆبوونەوە گشتییەکانی کێشاوەتەوەو تائێستا ڕەوانەی پەرلەمانی نەکردووەتەوە، جەختیشی کردەوە کە چاوەڕوانی حکومەت ناکەنو کار بۆئەوە دەکەن، کە پڕۆژەکەی فراکسیۆنی کـوردسـتـانـیـیـو ئـەوەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی تاووتوێ بکەنو پڕۆژەیەکیان لێ گەڵاڵە بکەن.

پڕۆژەکەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیش، کە لەلایەن پێنج ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنیو بە هاوکاریی چەندین کەسایەتی ئەکادیمیو یاساییو ڕۆشنبیریی گەڵاڵەیان کردووە، پەرلەمانتاران ئیمزایان بۆ کۆکردووەتەوەو شەرعیەتیان پێداوە، جەخت لەسەر کەمکردنەوەی دەسەلاتەکانی وەزیری ناوخۆو گۆڕینی وشەی «مۆڵەت» بۆ ئاگادارکردنەوە دەکـاتو هاوکات ئەم ڕێکخراوانەش نیگەران بـوون بەرامبەر بە پشتگوێخستنی دەرکردنی یاسایەک بۆ ڕێکخستنی خۆپیشاندانو کۆبوونەوە گشتییەکانو ئـارام جـەمـال، بەرپرسی پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن پێیوابوو؛ کە بەمە وەزارەتـی ناوخۆ هەوڵیداوە یاساکەیان، کە حکومەت کێشاویەتییەوە بە ڕێنمایی بیسەپێنێت.

هەرچەندە بریکاری وەزارەتـی ناوخۆ ئەوەی ئاشکراکرد؛ ئەو ڕێنماییانەی ئەوان بـەدەر نییە لەو ڕێنماییانەی لە وڵاتانی دەوروبـەرو لە یاساکانی پێشووی تایبەت بە ڕێکخستنی خۆپیشاندانو کۆبوونەوە گشتییەکان هەیە، بـەڵام ئـارام جەمال، ئەوەی ڕەتکردەوەو لە لێدوانەکەیدا جەختی لەسەر ئەوە کـردەوە، کە ئەم ڕێنماییانە بەرتەسککردنەوەی ئازادییەکانی تاکەو ئەو کەموکوڕییانەی لە یاساکەی حکومەتدا هـەبـووە، هـەمـان ئـەو کەموکوڕییە لە ڕێنماییەکاندا هەیە، کە تەنیا بۆ خۆپیشاندانی ڕێکخراو دەرکراوەو باس لەو خۆپیشاندانانە نـەکـراوە، کە لە هەنووکە دێنە ئـاراوەو پێشوەخت کاری بۆ نەکراوە.

سەرۆک وەزیرانی داهاتوو

بۆتان ئامێدی

باراک ئۆباما، سەرۆکی ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا (٧)ی ئازاری ئەمساڵ لە کۆشکی سپی‌و لە باخچەی ڕۆژ دانی بەوەدانا، کە ڕووبەڕووی خەڵکی عێراق دەبێتەوە لە پرۆسەی پێکهێنانی حکومەتدا، ئەوەشی ڕاگەیاند: کە «ئەمریکا پشتگیریی کاندیدێک، یان ئیئتیلافێکی تایبەت ناکات».

ئەو وتی: پشتگیریی ئەمریکا بۆ «مافی خەڵکی عێراقە، بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکی خۆیان».

وتەکانی سەرۆک ئۆباما، ڕوون بوون، سەرۆک وەزیرانی عێراق لەلایەن عێراقییەکانەوەو لە بەغدا هەڵدەبژێردرێت، سەرانی کورد دەبێت نفوزی خۆیان بۆ هەڵبژاردنی کاندیدێکی گونجاو بەکاربهێنن، هەندێک عێراقی چاوەڕوانی ڕۆڵێکی ئەکتیڤتری واشنتون دەکەن، ژمارەی زیاتریش وێنای ڕۆڵی شەبەحی ئەمریکا لە بەغدا دەکەن. تیۆرەسێنانی پیلانگێڕیی مقۆمقۆی ئەوەیانە، کە سەرۆک بۆش بەشێوەیەکی هەرەمەکییانە گەورەترین باڵیۆزخانەی ئەمریکای لە بەغدا نەکردووەتەوە، ئەمەش وادەکات وابیربکەنەوە کە ئەمریکا بۆ هەتا هەتایە لە عێراقدا دەمێنێتەوە. ڕاستییەکەی ئەو باڵیۆزخانەیە بۆخۆی تەنیا بینایەکە، کە ئەمریکییەکان پێشتر دروستیانکردووەو... پلانێکی ستراتیژیی بۆ عێراق لە ئیدارەی واشنتۆندا لاوازبووە، بەهۆی ئەوەی عێراق لە لیستی ئەولەویەتی ئیدارەی ئۆبامادا نەماوە، هۆکاری سەرەکیش باشبوونی ئاسایشی ئەو وڵاتەیە، پێر برایان کاتولیس، لە سەنتەری پێشکەوتنی ئەمریکا دەڵێت: «خاڵی ڕاکێشانی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا گـۆڕاوەو بەرەو خۆرهەڵات دەچێت بۆ ئەفغانستان، پاکستانو ئێران، بەشێوەیەکی گشتیی، عێراق تەرکیزیی کەمتری خراوەتە سەر بەهۆی قشاری کێشە ناوخۆییەکانەوە».

ئیدارەی سەرۆک ئۆباما، بـڕوای وایـە؛ کە عێراقییەکان خۆیان دەبێت ڕووبەڕووی کێشەکان ببنەوەو چارەسەریان بکەنو پشت بە ئەمریکییەکان نەبەستن، واشنتۆن لەوە تێدەگات کە کاتێکی زۆری دەوێت بۆ ئەوەی عێراقییەکان حکومەتی خۆیان بینا بکەنو بە ناپێویستی دەزانێت، کە پلانی کشانەوەی هێزەکانی پێچەوانە بکاتەوە، بەڵام، چەند پسپۆرێک هەن لە پنتاگۆن، تەنانەت لە خودی ستافەکەی بایدنیشدا، کە ئاموژگاری سەرۆک ئۆباما دەکەن بۆ ئەوەی ڕۆڵێکی ئەکتیڤتر لە عێراقدا ببینێت، بەڵام سەرۆک کەمتر گوێیان پێدەدات، سەرۆک ئۆباما ئەم کێشەیەی بۆ سێنتکۆم و باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە بەغدا جێهێشتووە، بەشێوەیەکی جەوهەریی، ڕێککەوتنامەی سۆفای نێوان واشنتۆنو بەغدا جێبەجێدەکات.

تەرکیزی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لەسەر ئەفغانستانو کێشەی ناوکیی ئێرانە. ڕێککەوتنامەی سۆفا هەڵناوەشێتەوە، مەگەر حاڵەتێکی چاوەڕواننەکراو ڕووبدات‌و بخوازێت، کە ئیدارەی ئۆباما مانەوەی هێزەکانی لە عێراقدا زیاتر بکات بۆ ئاساییکردنەوەی دۆخەکە. لەبەرئەوە، ڕەنگە هەڵبژاردنی دی ئەنجامنەدرێت بێ بوونی ئەمریکا لە عێراق، لێرەشەوە تاچەندێک کوردەکان دەتوانن بەردەوامبن لە حوکمکردنی خۆیان بێ بوونی ئەمریکا لەعێراقدا؟ بێگومان وەڵامەکەی پشت بەوە دەبەستێت، کە کێ حوکمی بەغدا دەکات؟، لەبەرئەوە سەرکردە کوردەکان دەبێت کارتەکانیان حەکیمانە بەکاربهێنن، ئەوان هیچ نفوزێکیان بۆ گۆڕینی سیاسەتەکانی ئەمریکا نییە، بەڵام کورسییە پەرلەمانییەکانیان نفوزی ئەوەیان پێدەبەخشێت، کە شای بەغدا دروستبکەن، کاندیدە سەرکەوتووەکانی سەرۆک وەزیران، یان شکستیان هێناوە لە پاراستنی ئاسایشی وڵات، یاخود نەیانتوانیوە هاوپەیمانێتی پێکبێنن.

سەرۆک وەزیرانی داهاتوو ڕێبەری عێراق دەکات لە حەریجترین ماوەی دوای ڕزگارکردندا. سەرۆک وەزیران دەبێت کێشە سەرەکییەکان بناسێنێت، لەنێویاندا تیرۆریزم، ئاسایش‌و نەهێشتنی دەستێوەردانی دراوسێکان لە عێراقدا. کێشەی دیکەی جدییش هەیە بۆ نموونە: خزمەتگوزاریی ناوخۆیی، نەهێشتنیی گەندەڵیی‌و ئاشتبوونەوەی نیشتمانیی، بۆ نموونە پێکهێنانی دروستکردنی متمانە لەنێوان گرووپە ئێتنییە جیاوازەکاندا، وەک هێمن لهۆنی، لە (ئای.دەبلیو.پی.ئار) نووسیویەتی.

سەرکردە کوردییەکان پێویستە سیاسەتوانێکی دیموکراتیان بوێت، کە بتوانێت عێراق بگوازێتەوە بۆ وڵاتی هاوڵاتیبوون‌و حوکمی یاسا، ئەگەری خەڵکی کوردستان بۆ سەرکردە کوردییەکان کێشەن، ئەوە تەنیا ئەم چەمکانەن، کە مافی خەڵکی کوردو تاکەکانی دەپارێزن.

بەریتانیا دوورکەوتنەوەی لە ئەوروپا هەڵبژارد

ئا: ڕۆژنامە

ئەمجارەش هاوڵاتیانی بەریتانیا زۆرینەی ڕەهایان نەبەخشییە هیچ یەکێک لە پارتەکانی ئەو وڵاتە، ئەنجامی هەڵبژاردنەکان بەجۆرێک چاوەڕوانکراو بوو بۆ پارتی کۆنزەرڤاتیڤەکان (پێشیان دەوترێت تۆری) بە سەرۆکایەتی دەیڤد کامیرۆن‌و پارتی کار بە سەرۆکایەتی گۆردن براون، بەڵام هەرچەندە سەرۆکی پارتی لیبرالەکان (پێشیان دەوترێت ویگ) واتە: نیک کلێگ ناوبانگێکی باشی بەهۆی مونازەرەکانەوە پەیداکرد، نەبووە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی دەنگەکانی بەشێوەیەکی بەرچاو، پێکهێنانی حکومەت لە ئینگلتەرا پێویستی بە (٣٢٦) کورسی لە کۆی (٦٥٠) کورسی خانەی کۆمۆنی پەرلەمانی بەریتانیایە، بەڵام لەم هەڵبژاردنەدا کۆنزەرڤاتیڤەکان تەنیا (٣٠٦) کورسی، پارتی کار (٢٥٨) و لیبرالەکانیش (٥٧)، ئەمەش پەرلەمانی کەمینە، یان باڵانسکراو دروستدەکات (Hung Parliament) پەرلەمانی کەمینە لە حاڵەتێکدا دروستدەبێت، کە هیچ پارتێک نەتوانێت زۆرینە (٥٠+١) بباتەوە، بەمەش پارتەکان پێویستیان بە پێکهێنانی ئیئتیلاف دەبێت.

لە سیستمی هەڵبژاردنی بەریتانیادا، کاتێک سەرۆک وەزیران زۆرینەی ڕەها بەدەستدێنێتەوە، ئەوە بەبێ هیچ پشتراستکردنەوەیەک لەلایەن شاژنی بەریتانیا مۆنارکەوە بەردەوام دەبێت لە ئۆفیسەکەی، بەڵام ئەگەر هاتوو نەیتوانی زۆرینە بەدەستبێنێت، هێشتاش چانسی ئەوەی هەیە بە دروستکردنی ئیئتیلاف زۆرینەی کورسییەکانی پەرلەمان بەرێتەوەو بەردەوام بێت لەسەر کارەکەی، لە سیناریۆی سێیەمداو دوای ئەوەی نەیتوانی ئیئتیلاف پێکبێنێت، ئەوا حیزبی زۆرینە وەڵامدەداتەوەو بەپێکهێنانی ئیئتیلافێک (بۆ نموونە کۆنزەرڤاتیڤ+ لیبرال) دەتوانێت حکومەت پێکبێنێتو لە حاڵەتی ئیستاداو بەپێی سیناریۆی سێیەم سەرۆک وەزیران بۆ دەیڤد کامیرۆن دەبێت، نموونەی ئەمەش ئیدوارد هیس لە ساڵی (١٩٧٤) نەیتوانی هاوپەیمانیی پێکبێنێتو ناچار دەستیلەکارکێشایەوەو بەمەش ڕێگەی دا بە شاژن ئەلیزابێسی دووەم، بۆ ئەوەی هارۆڵد ویلسن، وەک سەرۆک وەزیرانی نوێ دەستنیشان بکات. هەتا سەرۆک وەزیرانیش کاردانەوەی بەرامبەر ئەنجامی هەڵبژاردنەکە نەبێت، شاژن هیچ ڕۆڵێکی نابێت لە دیاریکردن، یان دەستلەکارکێشانەوەیدا، مارگرێت تاچەرو تۆنی بلێر، کە هەر یەکێکیان دوو خول بوونە سەرۆک وەزیران، تەنیا یەک جار لای شاژن ڕەزامەندییان وەرگرتو لە جاری دووەمدا بەردەوامبوون لە ئۆفیسەکەیان.

گۆردن براون　　دێڤید کامیرۆن　　نیک کلێگ

لە ئێستادا، دەنگۆی پێکهێنانی ئیئتیلافێک لەنێوان کۆنزەرڤاتیڤ‌و لیبرالەکاندا هەیەو لە دوایەمین هەواڵیشدا بەپێی سایتی (بی. بی. سی) هەردوو پارتەکە کۆبوونەتەوە بۆ قسەکردن لەسەر دابەشکردنی دەسەڵاتو گفتوگۆکانیش «بنیادنەرن»، ئەمەش وادەکات کە دەیڤد کامیرۆن، بیێتە سەرۆک وەزیران، دەیڤد کامیرۆن، بە قاتی ڕەشو بۆینباخی شین (کە نیشانەی کۆنزەرڤاتیڤ بوون‌و پێشڕەویی بێ تۆندوتیژە) دەردەکەوت. دەیڤد ولیام دۆنالد کامیرۆن، لە (١٩٦٦/١٠/٩) لە لەندەن لەدایکبووەو بەرزترین ئاستی ئەکادیمی لە خوێندنی فەلسەفە، سیاسەت‌و ئابووریی لە زانکۆی ئۆکسفۆرد بەدەستهێناوە. کامیرۆن وەک سەرکردەیەکی میانڕەوو لاو دەبینرێت، لە ساڵی (١٩٩٧) خۆی بۆ بوونە ئەندام پەرلەمان هەڵبژارد، بەڵام نەیتوانی بیباتەوە، بەڵام لە ساڵی (٢٠٠١)دا بووە ئەندام پەرلەمان، لە ساڵی (٢٠٠٥)دا بووە سەرۆکی پارتی کۆنزەرڤاتیڤ‌و سەرۆکی ئۆپۆزسیۆنی بەریتانیاش بەهۆی بەڵێندانییەوە بە گۆڕانکاریی لە وڵاتدا، لەکاتێکدا وڵات بەدەستی قەیرانی ئابووریەوە دەینااڵند. کامیرۆن لە سیاسەتەکانیدا بەتوندی پشتگیریی چەند شتێک دەکات، هەڵوێستی بەریتانیا لە بەرامبەر ئەوروپا بوون، وەستاندنی کۆچبەری بۆ بەریتانیاو بەرگریی بەهێزکردن، سەرەڕای کێشەی دارایی ناوخۆ، کە خەمی هەریەکە لە سەرکردەکان‌و بابەتی سەرەکی زۆرێک لە مشتومڕە جەماوەرییەکان بوو.

دەیڤد کامیرۆن، چەندجارێک مشتومڕی لەسەر هەڵوێستی بەریتانیا بەرامبەر ئەوروپا کردووەو پێیوایە؛ سەرکردە سیاسییەکانی بەریتانیا دەسەڵاتێکی زۆریان بەخشیوە بە یەکێتی ئەوروپا، دەیڤد کامیرۆن ئەم کارە بە دروست نازانێتو دەڵێت؛ «من دەمەوێت لە ئەوروپادا بم، نەک ئەوروپا بەڕێوەم بەرێت» وەک ئاماژەیەک بە بەخشینی دەسەڵاتێکی زیاد لەپێویست بە ڕێکخراوەکە، ئەم هەڵوێستی دوورکەوتنەوەیە لە ئەوروپا، تەنانەت ئەمریکاشی نیگەران کردووە. ئەوەی کە دەبینرێت لیبرالەکانیش پێڕەوی لە هەمان سیاسەتی کۆنزەرڤاتیڤەکان دەکەن لەبارەی ئەوروپاو کۆچبەریی‌و بەرگرییەوە، هەربۆیە پێکهێنانی هاوپەیمانیی ئاسانتر دەبێت لەنێوانیاندا، بەڵام هێشتا کامیرۆن، گەرەنتی دروستکردنی هاوپەیمانێتییەکی نییە، هەربۆیە مەترسیی پێکهێنانی هاوپەیمانێتییەک بە ئاراستەی مانەوەی گۆردن براون، وەک سەرۆک وەزیران هێشتا نەڕەویوەتەوە، دیدگای دەیڤد کامیرۆن، بەریتانیایەکی سەوزو سەلامەتە، بەریتانیایەک کە خەڵکی هەلی زیاتریان هەبێتو دەسەڵاتی زیاتریان بەسەر ژیانی خۆیاندا هەبێت، کۆمەڵگەیەکی بەرپرسیاتر دەخوازێت بۆ بەریتانیا لە ئێستادا.

ئێستا بۆ هەر سێ سەرکردەکە کاتێکی هەستیارە، هەرچەندە دەیانەوێت خۆیان وەک نۆرماڵ دەربخەن، بەڵام زۆربەی کات لەبەردەم کەناڵەکانی میدیادا لێویان دەکرۆژن‌و ئاماژەکانی دوودڵییان پێوەدیارە، دەیڤد کامیرۆن، پێویستە هەرچۆنێک بێت لیبرالەکان بۆ پێکهێنانی حکومەت لەخۆی نزیک بکاتەوە، چونکە لە حاڵەتی پێکهێنانی حکومەتی کەمینەدا پێشبینی دەکرێت سەرکەوتوو نەبێت.

ئەکەپە، نەیتوانی بەر بە یاساغکردنی حیزب بگرێت

ئا: شاڵاو فەتاح

پـڕۆپـۆزەڵـی هـەمـوارکـردنـی دەستووری تورکیا توانی زیاتر لە (٣٣٠) دەنگی پەرلەمان بباتەوە، بـەمـشـێـوەیـەش عـەبـدوڵـلا گولی سەرۆک کۆماری ئەو وڵاتە، دەتوانێت هەموارکردنەکە بخاتە ڕیفراندۆمی جەماوەرییەوە، بۆ ئەوەی بتوانرێت هـەمـوارەکـان بـەبـێ ڕیـفـرانـدۆم ئەنجامبدرێن، دەبوو پرۆپۆزەڵەکە لانیکەم (٣٦٧) دەنگی بهێنایە، بەڵام نەیتوانی ئەو ژمارەیە پەدەستبێنێت، ئـەوەی لەم پـرۆپـۆزەڵـەدا جێگەی سەرسوڕمان بوو، ڕەتکردنەوەی مـادەی (٨) بـوو، کە یاساغکردنی پارتە سیاسییەکانی مەرجدار دەکرد، بە ڕەتکردنەوەی ئەم پرۆپۆزەڵە دووڕنـیـیـە جـارێـکـی دی پارتە کوردییەکان ڕووبەڕووی داخستن‌و یاساغکردن ببنەوە، ئـەوەی لەم پرۆپۆزەڵەدا جێگەی مشتومڕێکی زۆر بوو ئەمانە بوون:

دەسەڵاتی دادوەریی

دادگـاکـانـی تورکیا خـۆیـان بە پـاڕێـزەری کـۆمـاری تورکیای عەلمانی دەزانـن‌و چەندین پارتیان ڕووبەڕووی داخستن کردووەتەوە، هەربۆیە ئەو مادانەی کە باس لە کەمکردنەوەی دەسەڵاتی دادوەریی دەکەن زۆر جێگەی مشتومڕ بوون. ئۆپۆزسیۆن‌و چەند حاکمێکی باڵا باس لەوە دەکەن؛ ڕیفۆرمەکە دەبێتە هۆی لەدەستچوونی سەربەخۆیی قەزا، بەڵام زۆرینەی پسپۆڕو تەنانەت یەکێتی ئەوروپاش لەو بڕوایەدایە ریفۆرمی دەسەڵاتی دادوەریـی لە تورکیا پێویستە. ئەو بەشە گرنگانەی ریفۆرمی تێدا دەکرێت لە دەسەڵاتی دادوەریی بەپێی مادەی (١٧و٢٣)ی پرۆپۆزەڵەکە ئەمانەن:

دادگای دەستووریی

ئـەم دادگـایـە هێندەی نەمابوو حیزبی دەسەڵاتداری دادوگەشەپێدان (ئـەکـەپـە) لـە (٢٠٠٨)دا دابـخـات، حکومەت دەیەوێت ژمارەی حاکمەکانی دادگای دەستووریی لە (١١) ئەندامی هەمیشەیی‌و چوار ئەندامی یەدەگەوە بکاتە (١٧) ئەندام، لەئێستادا سەرۆک سێ حاکم هەڵدەبژێرێت‌و ئەوانی دیکەش لەنێوان لیستێکدا دەستنیشان دەکـات، کە لەلایەن حاکمانی باڵاوە دروستکراوە، بەپێی پرۆپۆزەڵەکەی خۆی، بەشێوەیەکی یاساغکردن ڕەزامەندیی کۆمیتەیەکی پەرلەمانی بخوازێت، کە لە پێنج ئەندام‌و لە سێ لە گەورەترین پارتەکان پێکبێن. ئەم پرۆپۆزەڵە بـەشـێـوەیـەکـی چـاوەڕوانـنـەکـراو ڕەتکرایەوە دوای ئـەوەی هەندێک پەرلەمانتاری کوردیی لەدەستدا، بە مەرجێک پارتە کوردییەکان لەهەر پارتێکی دی زیـاتـر ڕووبـەڕووی داخـسـتـن بـوونـەتـەوە، هـۆکـاری دەنگنەدانی کـوردەکـان ئـەوەبـوو، کە ئەوان لەو کۆمیتە پەرلەمانییەدا نەبوون، کە دەبوو ڕەزامەندیی لەسەر یاساغکردنی پارتەکان دەربببڕێت.

سوپا

بەپێی پرۆپۆزەڵی حکومەت بۆ یەکەمجارو ستافی سوپا لەکاتی پێویستدا (وەک تاوانی دژی دەوڵەت‌و دەسـتـوور) لە دادگـا مەدەنییەکاندا حوکم دەدرێـن، فەرماندە باڵاکانی سوپا لەبەردەم دادگای باڵادا دادگایی دەکرێن، پرۆپۆزەڵێکی هاوشێوەی ئەمە لە ساڵی پاردا خرایەڕوو، بەڵام دادگای دەستووریی ڕەتیکردەوە.

چەند پرۆپۆزەڵێکی دیکەش لەنێو قۆڕژنی هـەمـوارکـراودا هەیە، کە یەکسانیی جێندەریی، مافی تاکو مافی منداڵ لەخۆدەگرێت.

دڵی کێشەکان

کـێـشـەیـەکـی زۆر هـەیـە لەنێوان ئەکەپەو هـەردوو مەهەپە، پارتە ئۆپۆزسیۆن جەهەپەو مەهەپە، پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان پێیانوایە؛ مەبەستی یاساغکردووە، ئەمەش لەنێوخۆو دەرەوەی تورکیادا بەفراوانی پێڕەو دەکرا، ئەکەپە دەیویست یاساغکردنی پـارتـەکـان مـەرجـداربـکـات بـە مـادەی (٨)ی پرۆپۆزەڵەکەی خۆی، بەشێوەیەکی یاساغکردن ڕەزامەندیی کۆمیتەیەکی پەرلەمانی بخوازێت، کە لە پێنج ئەندام‌و لە سێ لە گەورەترین پارتەکان پێکبێن. ئەم پرۆپۆزەڵە بـەشـێـوەیـەکـی چـاوەڕوانـنـەکـراو ڕەتکرایەوە دوای ئـەوەی هەندێک پەرلەمانتاری کوردیی لەدەستدا، بە مەرجێک پارتە کوردییەکان لەهەر پارتێکی دی زیـاتـر ڕووبـەڕووی داخـسـتـن بـوونـەتـەوە، هـۆکـاری دەنگنەدانی کـوردەکـان ئـەوەبـوو، کە ئەوان لەو کۆمیتە پەرلەمانییەدا نەبوون، کە دەبوو ڕەزامەندیی لەسەر یاساغکردنی پارتەکان دەربببڕێت.

کێشەی کورد

دەنگنەدانی پەرلەمانتارانی بەدەپەی پـڕۆکـوردی بـووە هـۆی نـاڕەزایـی زۆر لەنێوخۆی تورکیادا، بەتایبەت لەبەرئەوەی ئەم حیزبە میراتگری پارتێکی یاساغکراوی وەک دەتەپەیە، حیزبە کـوردیـیـەکـان ژمـارەیـەکـی زۆریـان لێ یاساغکراوە، هەربۆیە کێشانەوەی دەنگی پەرلەمانتارە کوردەکان هەڵایەکی گەورەی نایەوە. پەرلەمانتارانی بەدەپە بۆیە دەنگیان بە مادەی (٨) نەدا، چونکە دەیانویست خۆیان بەشێک بن لەو کۆمیتەیەی، کە دەنـگ بە داخستن‌و دانەخستنی پارتەکان دەدات، بەڵام ئەوان یەکێک نەبوون لە (٣) حیزبە هەرە گەورەکە، هەربۆیە لەو مافە بێبەش دەبـوون، ڕەتـکـردنـەوەی ئـەم خاڵە چانسێک دەبەخشێتە دادگـای دەستووریی بۆ داخستنی پارتەکان، بەتایبەت پارتە کوردییەکان.

زانیاریی لە سایتی (bbc.co.uk) وەرگیراوە

ئیبن ئادەمی باڵەک (کوردی)...

کورد گەورەترین زانا و بلیمەتی خۆی لەبیرکردووە

ئا: کەمال چۆمانی

ئیبن و ئادەم کێیە؟

سێ سەدە لەمەوبەر، لە ناوچەی باڵەکایەتییدا، مرۆڤێکی زانا و بلیمەت هەڵکەوتبوو. جێپەنجەی ئەو لە خزمەتکردن بە شارستانییەتی ئیسلام و کورد، گەلێک بەرووننی دیارە. ئەو خۆی زاهید، زانا، بلیمەت، شاعیرو گەورەترین زانای ئیسلامیی سەردەمی خۆی بوو. گەلێک سەختە رۆژێک بێ کورد مرۆڤێکی لەو جۆرە بە خۆیەوە ببینێتەوە. ئەو مرۆڤێک بوو، یەک جار هاتو گەلێک سەختە رۆژگارێک بێت کەسێکی هاوشێوەی ئەو بگەڕێتەوە.

محەمەد بن ئادەم کوڕی عەبدوڵڵا کوڕی یوسف کوڕی عوسمان کوڕی ئەلیاس کوڕی حوسێنە. ناسراوە بە ئیبن ئادەمی باڵەک. خەڵکی ناوچەی باڵەکایەتی بووە. لە گوندی روستی سەر بە قەزای چۆمان لە ساڵی (١١٦٠)ی کۆچی بەرامبەر (١٧٤٧)ی زایینی لەدایکبووە. سەرەتا لای باوکی خوێندوویەتیو دواتریش بە تەواوی کوردستاندا گەڕاوەو زانیاری کۆکردووەتەوە.

ئەو لای زانای گەورەو بەناوبانگی کورد، مەلا عەبدوڵڵای بایەزیدی خوێندوویەتی. تا تەمەنی سی ساڵان هەر خەریکی خوێندن بووە. ئینجا لە تەمەنی دە ساڵی دەستیکردووە بە خوێندنەوە و گەڕان بەدوای زانیارییە گرنگەکان. لە تەمەنی چل ساڵییەوە خەریکی نوسین بووە تا کۆچی دوایی کردووە.

ئیبن و ئادەمی کوردی یا ئیبن و ئادەمی باڵەک یا ئیبن و ئادەمی روستایی، هەر سێ زمانی کوردی و عەرەبی و فارسی زانیوەو نووسینیشی بە هەرسێ زمان هەیەو تا ئێستاش دەستنووسەکانی لەبەردەستدانو پارێزراون.

لە سەردەمی میری سۆران مستەفا بەگدا، رادەسپێردرێت بۆ دروستکردنی حوجرەیەکی گەورە لە رواندوز و داوای لێدەکرێت دەرس بە کوڕەکەی میر بدات. ئەو مزگەوت و حوجرەیەی کە ئیبنو ئادەمی کوردی تا ساڵی (١٩٥٨) لە رواندز مابوو.

داهێنەری بیری نەتەوەیی کورد لە باشوور

رۆشنبیرییەکەی ئیبنو ئادەم گەلێک جێی سەرسوڕمانە. بەپێی قسەی زۆرێک لە پسپۆران ئیبن و ئادەم هیچی کەمتر نییەو نەبووە لە زانا گەورەکانی ئیسلام. ئەو لە هەموو بوارەکاندا زانایەکی هەرە بلیمەت بووە. ئەو بۆ خۆی گەورەترین زانای سەردەمی خۆی بووە لە جیهانی ئیسلامیدا.

جگە لە زانستە ئیسلامییەکان، زانایەکی گەورە بووە لە بوارەکانی فەلەک، حیساب، هەندەسە، هەیئە، بەلاغە، نەحو و سەرف، عەرووز، هونەری خەت، عیلمی کەلام و زانستە شەرعییەکان.

ئیبنو ئادەم لە سەردەمێک ژیاوە کە چەندان زانای بەناوبانگی تێدا ژیاوەو خۆشی چەندان زانای بەناوبانگی پێگەیاندووە.

هەرچەندە ئیبن و ئادەم لە سەردەمێک ژیاوە کە فیکری نەتەوەیی زۆر لاواز بووە یان هەر نەبووە، بەڵام ئەو زۆر کوردپەروەریش بووە. رەخنەی توندی ئاڕاستەی ئەوانە کردووە کە وتوویانە نووسین بە زمانی کوردی گوناهێکی گەورەیە. هەر ئەو فیکرە نەتەوەییە بوو کە لەو سەردەمدا، زۆرێک دوژمنی بۆ خۆی دروستکرد.

ئەو سلێمانی بە «مقر سلطنة کوردستان» ناوهێناوە. ناوی هەر گوندێکی کوردستانیشی هێنابێت، نووسیویەتی «احدی قری کوردستان». تا ئەوپەڕیش زمانی کوردی خۆشویستووە. دوای ئەوەی تاکە زانای سەردەمی خۆی دەبێت لە هەموو دەوڵەتی ئیسلامی کە وەڵامی پرسیارێکی سوڵتان سەلیم خان دەداتەوە، دیباچەی نامەکە بە کوردی بۆ دەنێرێت، بەڵام لەبەرئەوەی دیباچەکەی بە کوردی نووسیوە، وەڵامەکەی وەردەگێرێتو گرنگی بە کەسی ئیبنو ئادەم نادرێت. ئیبنو ئادەم لەسەر ئەو رووداوە لە لاپەڕە (٣٢)ی کتێبەکەی «مشكات منقول»دا، بە دەستخەتی خۆی دەنووسێت (ومن العجب أني سمعت انه شنع عليّ بأنّ الديباجة كردية. فصدق عليهم المثل الكردي السائد كبيضة خرجوا من قشرها).

ئەوە روونە کە حاجی قادری کۆیی گەشتی بۆ باڵەکایەتی کردووە و چەند ساڵێک لە باڵەکایەتی ژیاوە. ئەو لە نامەکەیدا بۆ هاورێکەی دەڵێت: «به فيكرت دێ زەمانێ چوينە باڵەک، بەپێخاوسی نە کەوشم بوو نە کاڵەک».

دوای ئەو گەشتە، شیعری نەتەوەیی لای حاجی زیاتر پەرەدەستێنێت. هیچ زیادەڕۆیی نییە ئەگەر کاریگەریی دروستبوونی ئەو رۆحیەتە نەتەوەییە بۆ ئەو ساتەوەختانە بگێڕینەوە کە لای ئیبن و ئادەمی باڵەک، قوتابی بووە لە گوندی گرتکی سەر بە قەزای چۆمان.

حاجی قادری کۆیی و مەلا عەبدوڵڵای جەلیزادە هەر لە باڵەکایەتییدا جگە لە گوندی (شێخ وەتمان)، ماوەیەکی زۆریش لە گوندی (گرتک)ی دۆڵی (روستێ)، لە لای ئیبنوئادەم خوێندوویانە و کاریگەرییەکەشی روونە بەسەریانەوە...

مەسعود محەمەد چی وتووە دەربارەی ئیبن و ئادەم؟

مامۆستا مەسعود محەمەد لەبارەی ئەو کاریگەرییەی ئیبنو ئادەم بەسەر حاجی قادری کۆییەوە دەڵێت: (لەو چەند ساڵەی دواییدا... دەوترا حاجی قادرو حاجی مەلا عەبدوڵڵا بیری میللەتپەروەرییان لە باوەڕەکانی ئیبن و ئادەم وەرگرتووە، گوایا ئەو چەند ساڵەی خوێندن و ژیانیان لە باڵەکایەتی و هەرێمێک کە مەلای ئیبنو ئادەم تێیدا ژیاوە سوودمەندی کردوون لە باوەڕە پێشکەوتووەکانی ئەو مەلا گەورەیەی کورد، بەتایبەتی حاجی قادر کە لە دواییدا بۆی رێککەوت جوغزی تەسکی کۆمەڵایەتی «کۆیی» و «کوردستانی خواروو» جێ بهێڵێتو میشکی زاخاودراوی بەو بیرە رۆشنانە لە ئەستەمبوڵ گەشەبکات: واتە حاجی قادر بەرلەوەی بچێت بۆ ئەستەمبوڵ بیری نیشتمانپەروەرانەی هەبووەو لە پاشماوەی بیری مەلای ئیبنو ئادەمیشی وەرگرتووە).

مەسعود محەمەد پێیوایە، کە (گیانی کوردایەتی و شۆڕشی کورد قەرزە بەسەر شانیانەوە پەیکەرێکی سامناک بۆ ئیبنو ئادەم بەرپابکەن لە شوێنێکی ئەوتۆی کوردستان یاخود هی باڵەکایەتی کەوا پڕ بێ لە دەلالەت».

الشيخ معروف النودهي وەسفی ئیبن و ئادەم دەکات

زانای کوردی بەناووبانگ (الشيخ معروف النودهي) لە پێشەکی دانراوەکەی خۆی (علم الصياغة في علم البلاغة) دەفەرموێت:

افهذه ارجوزة منها ارتوى
واردها انظم فيها ماحوى
كتاب تحرير البلاغة الذي سناه مشرق وعرفه شذي

مؤلف العلامة السميدع بحر العلوم اللوذعي الالمعي
نجم الهدى (محمد ابن آدما) فاضت عليه البركات دائما.

(الشيخ عبدالكريم المدرس) لە کتێبەکەیدا (علماءنا في خدمة العلم والدين) دەڵێت «ئیبنو ئادەم زانایەکی دەگمەنو لێهاتووترینە، لە سەردەمی خۆییو تا هەتایەش».

ئیبن و ئادەم هیچ کاتێک لە چل قوتابی کەمتری نەبووە. زۆرێک لە زانا بەناوبانگەکانی کورد لای ئەو دەرسیان خوێندووە.

قوتابییەکانی ئیبن و ئادەم لە خۆی ناسراوترن

یەکێک لە قوتابیە هەرە بلیمەتەکانی ئیبن و ئادەم، مەولانا خالیدی نەقشبەندییە. مەولانا خالید نەک هەر لە کوردستان، بەڵکو لە تەواوی جیهان بە فیکرە بەناوبانگەکەی ناوبانگێکی باشی دەرکردووە. ئەو کە نازناوی پیر میکائیلی هەڵگرتووە، سەرەتا لای ئیبن و ئادەم خوێندوویەتی.

محەمەد خەتێ یا مەلای خەتێ، یەکێکی دیکەیە لەوانەی کە لەسەر دەستی ئیبن و ئادەم گەیشتووەتە پلەیەکی بااڵ لە زانستو تێگەیشتن. مەلای خەتێ دواتر بووەتە موفتی میرنشینی سۆران و کەسێک نییە ناوی مەلای خەتێی نەبیستبێت.

کوڕەکەی خۆشی، ئەحمەد، دەرسی لا خوێندووەو ناوبانگێکی باشی دەرکردووەو خاوەنی چەند کتێبێکی پر بەهاشە. عەلی وەسانیو مەلا عەلی گەاڵیش دوو لەو زانا بەناوبانگانەن کە لەسەر دەستی ئیبنو ئادەم پێگەیشتوون جێپەنجەیان لە رۆشنبیری کوردی و شارستانییەتی ئیسلام و زانست لە ناوچەکەدا دیارە.

ئیبن و ئادەم خاوەنی دوازدە کوڕ بووە... تەنیا یەکیان نەبێت کە ناوی ئەحمەد بووە، ئەوانی دیکە، هەمویان بە عەبد دەستیان پێکردووە. لە ئیبن و ئادەمەوە تا ئێستا، ئەو بنەماڵەیە مامۆستای ئایینی و زانای بەناوبانگیان لێنەبڕاوەو لە ئێستاشدا چەندان زانای ئایینییان هەیە.

ئەو بۆ فێربوونی زانستەکانی خۆی، چەندان گەشتی کردووە. چۆتە مهابادو ئاکرێ و قەاڵچوالان و مەمی خەاڵن و رواندز. لە هەر یەکێک لەو شوێنانە زانست و زانیاری زۆری بەجێهێشتووە. هەریەکە لە مەسعود محەمەد و شێخ محەمەدی خاڵ و زبێر بیالل ئیسماعیل و مامۆستا عەبدولکەریمی مودەڕیس و مەلا سەعید مەلا وەیسی (یەکێکە لە نەوەکانی ئیبن و ئادەم و ئێستاش کوڕەکانی لە سۆران لە ژیاندانو هەموویان زانای بەناوبانگی ئاینین لە کوردستان) باسیان لە گەشتەکانی ئەو کردووە. ئاماژەیان بەوە داوە کە ئیبنو ئادەم گەشتی زۆری ئەنجامداوە بۆ گەیشتن بە زانست و زانیاری.

گەشتەکەی مهابادی زیاتر بۆ فێربوونی زمانی فارسی بووە. ئەو گەشتەی دەرەنجامی ئەو نامەیە بو کە ژنێک بۆی هێنا تا بیخوێنێتەوە، بەاڵم کاتێک لە فارسی ناگات و قوتابییەک لە قوتابییەکانی نامەکە دەخوێنێتەوە، بڕیاردەدات خۆی فێری فارسییش بکات. هەربۆیە فێری فارسی دەبێت و چەند شیعرو نووسینێکیشی بە فارسی هەیە.

کتێبەکانی

ئیبن و ئادەم زیاتر لە سەد کتێبی نوسیووە.بەاڵمبەهۆی زۆری گەشتەکانیو سووتانی چەند جاری ناوچەی باڵەکایەتی، زۆرێک لە کتێبەکانی فەوتاون. نزیکەی چل لە دەستنووسەکانی ماون. زیاتر لە بیست و پێنجیان لای مامۆستا عەبدوڵڵا سەعید وەیسی کە یەکێکە لە نەوەکانی پارێزراون. چەندێکیشان لە بەغدان. کتێبخانەی شێخ محەمەدی خاڵ لە سلێمانیش چەند دەستنووسێکی ئیبنو ئادەمی تێدا پاریزراوە،، ئەمە جگە لەوانەی کە لە ئێرانن و لای هەندێک مامۆستای دیکەش پارێزراون.

دانراوەکانی ئیبن و ئادەم جۆراوجۆرن. لە بارەی علمی مەنتق و علمی کەلام، ئەمانەی خوارەوەی نوسیووە:

١- شرح اثبات الواجب في علم الكلام.
٢- مرآة المأمول في المنطق.
٣- ميقات المعقول في شرح مرآة المأمول في المنطق.
٤- حواشيه: على حاشية عبدالحكيم ابن شمس الدين الهندي على شرح الشمسية. وعلى حاشية للسيد شريف بن محمد الجرجاني

لەبارەی علم الفلك والهندسة والحساب. ئەمانەی نوسیون:

١- تعليقات على الجغميني الخوارزمي المتوفي سنة ٧٣٥ هـ/١٣٣٤م.
٢- حاشية على (اشكال التأسيس) لشمس الدين محمد بن اشرف السمرقندي مقتبس من تحرير اقليدس في اصول الهندسة والحساب.
٣- شرح خلاصة الحساب لبهاءالدين محمد بن الحسين العاملي.
٤- حاشية على شرح الروزنامة (التقويم) الجديدة والقديمة.
٥- روزنامه (التقويم).
٦- تشريح السيارات.
٧- مفتاح المغيب فى العمل بالربح المجيب.
٨- تذكرة الاحباب في العمل بالاسطرلاب.
٩- مفتاح التنجيم فى شرح التقويم.
١٠- مرآة المعقول.

لەبارەی علم النحو ئەمانەی نووسیوە:

١- مصباح الخافية في شرح نظم الكافية. والكافية لابن الحاجب الكردي. اما نظم الكافية. فهي للشيخ معروف النودهي.
٢- تعليقات على شرح السيوطي على الفية ابن مالك في النحو.
٣- تعليقات على حواشي الفوائد الضيائية لعبدالغفور اللاري.
٤- تعليقات على حواشي الضيائية لعصام الدين الاسفراييني.
٥- حاشية على ديباجة (شرح الانموذج)

لەبارەی الصرف والبلاغة. ئەمانەی نوسیون :

١- تعليقات على الضارثردي في شرح الشافية لابن حاجب الكردي.
٢- تحرير البلاغة.
٣- شرح تحرير البلاغة.
٤- تعليقات على المطول للتفتازاني.

و مصنفاتەکانی دیکەی ئەمانەن:

١- شرح فرائض شرح المنهج في الفقه. (هذا الكتاب الذي بين ايدينا)
٢- كتاب في الوضع والبيان والاداب.
٣- مشكاة المنقول. في اربعة فنون (النحو والصرف والعروض والمنطق)
٤- مجالس النواميس: في المواعظ.
٥- سلسلة الذهب. والذي يتناول فيه تأريخ حياته. وهو كتاب مفقود رغم البحث الكثير عليه. ويقال انها في مكتبة المرحوم عباس العزاوي.
٦- مطالع الانظار للاصفهاني في شرح طوالع الانظار للبيضاوي.
٧- كتاب في التأريخ.
٨- زبدة الاسرار.
٩- تهذيب الاصول الى مدارك العقول.
١٠- شرح الهداية.
١١- شرح ذات الشفاء.

گەورەترین یاخیی سەردەمی خۆی

ئیبن و ئادەم بەوە ناسراوە کە زۆر دژی خورافیاتی شێخەکان بووە. رقی لە ئاغا و هەر بیرێکی کۆنەپەرستانە بووە. ئەو لە حوجرەکەیدا هەمیشە لە چل فەقێ زیاتر دەرسیان لا خوێندووە. ئەو فەقێیانەی وەکو هێز بەکارهێناوە بۆ ئەوەی دژایەتی هەموو ئەو کەسانە بکات کە دین بۆ بازرگانی بەکاردێنن و بەناوی شێخایەتییەوە فێڵیان لە خەڵکی سادە کردووە.

ئیبن و ئادەم دوای ئەوەی گوێبیستی ئەوە بێت کە شێخێک هەیە دەفڕێت، خۆیو چل فەقێکەی دەچنە لای، دوای ئەوەی بۆی دەردەکەوێت ئەوە لەڕێی سیحرەوە ئەو هەنگاوانەی کە هاویشتونی لە هەنگاوی خەڵکی ئاسایی تر بەرزتر بوون، بڕیار دەدات بیکوژن و لەوێ کۆتایی بە ژیانی شێخەکە دەهێنن.

مەولانا خالیدی نەقشبەندی، دوای گەڕانەوەی بۆ مەملەکەتی خۆی، روو لە تەسەوف دەکات. مەلا ئیبن و ئادەم ئەو هەواڵە دەبیستێت و وادەزانێت تەسەوفی مەولانا تەسەوفی درۆیینە و پڕ خورافییاتە وەک هی شێخەکانی دیکەی ئەو سەردەم، بۆیە خۆی و فەقێکانی دەچنە لای بۆ ئەوەی راستی بکەنەوە، ئەگەریش نا بیکوژن، بەاڵم دوای ئەوەی دەچێتە لای، بۆی دەردەکەوێت کە تەسەوفی مەولانا خالید تەسەوفێکی راستەقینەیە. ئەو زۆر دڵی پێخۆش دەبێت، هەم لەبەرئەوەی قوتابییەکی خۆیەتی گەیشتووەتە ئەو پلەیە، هەمیش لەبەرئەوەی کە مەولانا خالید تەسەوفێکی راستەقینەی کردووە.

پیر حاجی قادری نەمر، کاتێک لە شێخێک دە رق رادەچێت، دوای ئەوەی چەند ژنێکی هێناوە، حاجیش هیچی بۆ ناکرێت هەر هێندە نەبێت پەنا بۆ ئیبنو ئادەم دەبات و دەڵێت:

«ست عشر ژنيه‌تى به مەزهەبى حيمارى
ئیبن و ئادەم نەماوە سەری پانکا وەک ماری»

ئیبن و ئادەم، دوای ساڵانێکی درێژ لە خزمەت بە ئایین و گەلەکەی، دوای تەمەنێک لە نووسین و گەڕان و پێشخستنی زانست لە سەردەمەکەی خۆیدا کە تا ئێستاش سوود لە زانستە لە بننەهاتووەکەی وەردەگیرێت، لە ساڵی (١٢٣٧)ی کۆچی، کۆچی دواییکردووە. گڵکۆکەی لە گوندی کۆنەخانان بە دووریی تەنیا ٣ کم لە قەزای چۆمانە.

ئەوەی جێی تێڕامانە دەبێت بۆچی کورد تا ئێستا نەیتوانیبێت ئەو زانایە بەناوبانگو بلیمەت و پێشەوای زانستە بە دونیای خۆی و دەرەوەی خۆی بناسێنێت؟

تێبینی: کۆتایی ساڵی ٢٠٠٩، ویستم ریپۆرتاژێکی دوورو درێژی شێوە دۆکیۆمێنتی دەربارەی نووسین و ژیان و بەسەرهاتەکانی ئیبن و ئادەمی کوردیی بکەم. قسەم لەگەڵ کەنالیKNN کرد. ئەوکات براەدرێک لە هەولێر سەرپەرشتیی بەرنامەکانی ئەو کەناڵەی دەکرد و دواتر لەو کەناڵە نەما، هاوکاتی رۆیشتنی ئەو براەدرە ریپۆرتاژەکەی منیشی ونکرد. بۆ راپۆرتەکەم، کاتێکی زۆری مامۆستا عەبدوڵڵا سەعید وەیسی گرتکییم گرت. هەم وەک شارەزایەکی ئاییینی کە چەندان ئیشی لەسەر ژیانی ئیبن و ئادەم کردووە، هەمیش وەک یەکێک لە نەوەکانی ئیبن و ئادەم کە زۆربەی دەستنووسەکان لای ئەو ماون. دواتریش مامۆستا عوقێل وەیسیی، هەم وەک شارەزایەکی ئاییینی و هەمیش وەک نەوەیەکی ئەو قسەی بۆ کردم.

داوای لێبووردن لە مامۆستا عەبدوڵڵا گرتکی و مامۆستا عوقێل وەیسیی دەکەم کە کاتی زۆرم گرتن و بەرنامەکەش ونبوو. هەروەها بە هۆی فەوتانی کاسێتە ڤیدیۆییەکانەوە، نەمتوانی زۆربەی هەرە زۆری زانیارییەکان کۆبکەمەوەو بنووسمەوە.

chomani_85@yahoo.com

باران، بەرهەمی دانەوێڵە کەمدەکاتەوەو حکومەتیش نرخەکەی

راپۆرتی: ئەلەند مەحوی

لە (١٨) پارێزگای عێراقدا، سلێمانی تەنیا پارێزگایە کە تەنیا خاوەنی یەک سایلۆیە

بەهۆی کەمبوونەوەی نرخی وەرگرتنەوەی دانەوێڵە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقەوە، جوتیارانی هەرێمی کوردستان کەوتوونەتە دڵەڕاوکێوەو نەبوونی سایلۆو کەمیی بودجەی وەزارەتی کشتوکاڵو بارانبارین لە وەرزی درووێنەدا، زیان بە بەرهەمی ئەمساڵی دانەوێڵەی هەرێم دەگەیەنن.

خالید حەمەئەمین، کە یەکێکە لە جوتیارەکانی شارەزوورو چاوەڕێ دەکات، بۆ ئەمساڵ (١٢)تەن دانەوێڵەی هەبێت، بەڵام بەنیگەرانییەوە دەڕوانێتە بەرهەمەکەی، چونکە وەک خۆی دەڵێت: سایلۆ نییە تا گەنمی لێ دابنێنو نرخەکەشی کەمبکرێتەوە، ئێمە زەرەرمەند دەبین.

ئەو جوتیارە وتی: «تائێستا نازانین بە چ نرخێک دانەوێڵەمان لێ وەردەگرنەوە، بەڵام باس لەوە دەکرێت کەمدەکرێتەوە، ئەگەر لە نرخی پاریش کەمتربکرێتەوە، زەرەرمەند دەبین».

سەرۆکی لقی سلێمانی یەکێتیی جوتیارانی کوردستانیش، بێئاگایی خۆی لە کەمکردنەوەی نرخی دانەوێڵە لە جوتیاران دەربڕیوبۆ رۆژنامەوتی:«هیچ رێنماییەکمان لە وەزارەتی بازرگانیی عێراقەوە سەبارەت بە نرخی کڕینەوەی دانەوێڵە لە جوتیاران پێ نەگەیشتووە».

خەسرەو شەوکەت سەرۆکی لقی سلێمانی یەکێتیی جوتیارانی کوردستان پێیوایە، ئەگەر نرخی وەرگرتنەوەی تەنێک دانەوێڵە، (٢٠٠) دۆلار لە نرخی پاریش کەمتربێت، هێشتا دووقاتی نرخی تەنێک دانەوێڵەیە لە هەریەک لە ولاتانی تورکیاو ئێران و سووریا.

ساڵی پار، یەک تۆن دانەوێڵە بە (٧٠٠) دۆلار لە جوتیارانی هەرێمی کوردستان وەردەگیرایەوە، بەڵام بەپێی بریاری ژمارە (١٦٩)ی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق کە لە ٢٠١٠/٤/٢٧دا دەریکردووە نرخی گەنمی نمرە یەک تۆنی بە (٦٥٠) هەزار دینار وەردەگیرێتو گەنمی نمرە دوو تۆنی بە (٥٥٠) هەزار دینارو جۆ تۆنی بە (٤٥٠) هەزار دینار وەردەگیرێتەوە لە جوتیاران.

هەر بەپێی ئەو بریارەی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق، وەزارەتی دارایی عێراق بری (٥٠٠) ملیۆن دۆلاری بۆ کڕینەوەی دانەوێڵە لە ئەمساڵدا تەرخانکردووە، ئەم کارەش لەرێگەی وەزارەتی کشتوکاڵەوە دەکرێت.

ئەحمەد حاجی رەشید سەرۆکی لێژنەی ئابووری لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لەبارەی ئەو بریارەی حکومەتی عێراقەوە وتی «هەرکەسێک لە پارێزگای سلێمانی سوود لەو بریارە وەردەگرێت، دەتوانێت سەردانی لێژنەکەمان بکات».

ئەحمەد حاجی رەشید وتیشی «ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق وەزارەتی کشتوکاڵیشی راسپاردووە بە فرۆشتنەوەی ئەو دانەوێڵانەی کە ساڵی رابردوو حکومەت کریویەتیو خەزنکراوە، حکومەت جیاوازی نرخەکەشی دەگرێتە ئەستۆی خۆی».

سەرهەنگ فەرەج، نوێنەری ناوچەی شارەزوور لە پەرلەمانی کوردستان، لەبارەی کەمکردنەوەی نرخی کڕینەوەی دانەوێڵەوە جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەو کارە دەبێتە هۆی ساردکردنەوەی جوتیاران لە پەرەپێدانی بەرهەمەکانیان.

ساڵی رابردوو جوتیارانی هەرێمی کوردستان رووبەڕووی کێشەی نەبوونی سایلۆ بوونەوەو لە پارێزگایەکی وەک سلێمانیدا کە تەنیا یەک سایلۆ هەیە، دەبوایە جوتیاران خۆیان بە لۆری بەرهەمەکانیان ببردایە بۆ سایلۆ، بۆ هەر شەوێکیش کە بەهۆی قەرەبالغی سایلۆی سلێمانییەوە لێیان وەرنەدەگیراو دەمانەوە، (٥٠)هەزار دینار دەچووە سەر کرێی گواستنەوەی بەرهەمەکانیان.

بونی سایلۆی دانەوێڵە لە هەر ولاتو ناوچەیەکی کشتوکاڵیدا پێویستییەکی بنەرەتیە، چونکە پەیوەستە بەئاسایشی خۆراکو دەکرێت بۆ ماوەیەکی زۆر سوود لە سایلۆ وەربگیرێت، بەڵام لە (١٨) پارێزگای عێراقدا، سلێمانی تەنیا پارێزگایە کە تەنیا خاوەنی یەک سایلۆیە، ئەویش لە ئێستادا کاری تێدادەکرێتو پارێزگای دهۆک (٢) سایلۆو پارێزگای هەولێریش (٢) سایلۆی هەیە، لەکاتێکدا دانیشتووانی پارێزگای سلێمانی زیاتر لە ملیۆنێکو ٨٥٠ هەزار کەسە.

بەپێترین ناوچەی کشتوکاڵیش لە هەرێمی کوردستان بۆ دانەوێڵە، کە دەشتی شارەزوورەدەکەوێتە پارێزگای سلێمانییەوە، بەم هۆیەشەوە دانەوێڵە لەم پارێزگایەدا لە بەرزبوونەوەی ئاستی بەرهەمهێنانیدایەو پێویستی زیاتری بە سایلۆ هەیە.

ساڵی ٢٠٠٣ بەرهەمی گەنم لە پارێزگای سلێمانی (١١,١٠٠) تۆن بووە، ساڵی ٢٠٠٤ بووەتە (١,٤٩٦) تۆن، ساڵی ٢٠٠٥ گەیشتووەتە (٨٧) تۆن گەنم، هەروەها ساڵی ٢٠٠٦ بووە بە (١١,٨٨١) تۆنو لە ٢٠٠٧ دا گەیشتووەتە (٢٩,٣٥) تۆنو ساڵی ٢٠٠٨یش بووەتە (١٧,٤٣٥) تۆن گەنم، لە ساڵی پاریش بەرهەمی گەنم گەیشتووەتە (٦٧,٩٤٦) تۆن گەنم.

خالید حەمە ئەمین وەک جوتیارێک کە لەهەموو کەس زیاتر هەست بە کێشەی سایلۆ دەکات دەڵێت: «بەڕێوەبەرێتی کشتوکاڵی سەیدسادق بەڵێنیان پێداین سایلۆیەک بکەنەوە، بەڵام بەڵێنەکەیان جێبەجێنەکرد، بۆ ئێمەش زۆری تێدەچێت ئەگەر وەک ساڵی پار خۆمان دانەوێڵە ببەین بۆ سلێمانی».

بەڵام بەپێی وتەکانی خەسرەو شەوکەت، وەزارەتی بازرگانیی عێراق لەبەرنامەیدایە بۆ ئەمساڵی بەروبوومی دانەوێڵە (٥٢)ناوەندی وەرگرتنی دانەوێڵە (سایلۆ) لە عێراقدا بکاتەوە، دەبێت ئەمەش لە مانگی حوزەیرانی ئەمساڵدا بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

لەلایەکی دیکەوە پێشەوا تۆفیق، ئەندامی لێژنەی کشتوکاڵو ئاودێریی لە پەرلەمانی کوردستان، ئاماژە بەوەدەکات، لێژنەکەیان داوای لە حکومەت کردووە، چوار سایلۆ لە هەرێمی کوردستان دروست بکاتو سایلۆی سلێمانیش نوێ بکاتەوە.

لەگەڵ ئەم گرفتانەشدا باس لەوە دەکرێت، ئەمساڵ وەزارەتی بازرگانیی عێراق بەرهەمی جۆ لە جوتیاران ناکڕێتەوە، پێشەوا تۆفیق لەم بارەیەوە وتی: «سەرۆکایەتیی پەرلەمان بە نووسراوی ڕەسمیی داوای لە حکومەتی هەرێم کردووە بەدواداچوون بۆ ئەو گرفتە بکات، هەروەها پێویستیشە حکومەتی هەرێم لەگفتوگۆدا بێت لەگەڵ حکومەتی ناوەندی بۆ کەمنەکردنەوەی پارەی کڕینەوەی دانەوێڵە لە جوتیاران».

ساڵی (٢٠٠٩)، حکومەتی هەرێمی کوردستان کۆنفرانسی کشتوکاڵیی لە شاری هەولێر بەستو لەو کۆنفرانسەدا پلانی (٥) ساڵی کشتوکاڵ بۆ هەرێمی کوردستان دانراو بەپێی پلانەکە، پێویستە حکومەت (١٢)ملیار دۆلار بۆ بووژاندنەوەی کەرتی کشتوکاڵ دابین بکات، بەڵام حکومەتی هەرێم بۆ ئەمساڵ بە قەرزی بانکی کشتوکاڵیشەوە، تەنیا (١٦٨)ملیار دیناری تەرخانکردووە.

ئەوەی کە تائێستا دیاربێت لە هاوکاریکردنی جوتیاران، تەنیا پێدانی پیکابە بە جوتیاران، ئەویش بە نرخێک کە زۆر نزیکە لە نرخی بازارەوە، بەڵام لەئێستادا جوتیارانی هەرێمی کوردستان پێویستیان بە ئامێری پێشکەوتووە وەک دەڕاسەی پێشکەوتوو، ئەم ئامێرەش لە بازاڕدا بە (١٢٠)هەزار دۆلارە، بەڵام حکومەت تەنیا (١٠) هەزار دۆلار وەک میندە دەدات بە جوتیاران.

نوێنەری ناوچەی شارەزوور لە پەرلەمانی کوردستان، ئاماژە بەوە دەکات، کێشەکە ئەوەیە کە حکومەت خۆی کۆنفرانسی کشتوکاڵی ڕێکخستووە، بەڵام خۆشی پابەند نییە بە جێبەجێکردنی ڕێنماییەکانی کۆنفرانسەکەوە.

ئامێری دەڕاسە لە بازاڕدا بە (١٢٠) هەزار دۆلارە، بەڵام حکومەت تەنیا (١٠) هەزار دۆلار وەک میندە دەدات بە جوتیاران

مووچەی (٢٠٠٩)ی سەدان فەرمانبەر ڕاگیراوە

پ. سلێمانی

سەدان فەرمانبەر لە فەرمانگە جیاوازەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەساڵی (٢٠٠٩)دا بەهۆی گواستنەوەیان بۆ فەرمانگەیەکی دیکە مووچەیان وەرنەگرتووەو سەرچاوەیەکی ئاگاداریش هۆکارەکەی بۆ وەزارەتی دارایی دەگێڕێتەوە، کە لەو بارەیەوە وەڵامی وەزارەتەکانی دیکەی نەداوەتەوە.

یەکێک لەو فەرمانبەرانەی کە مووچەی لە ساڵی (٢٠٠٩)دا فەوتاوە بۆ ڕۆژنامەی ئاشکراکرد، ئەوان (١٦٣) فەرمانبەر بوون بە فەرمانی ئەنجومەنی وەزیران دامەزراون، پاشان لە کۆتایی (٢٠٠٩)دا بە فەرمانی پارێزگاری سلێمانی گوازراونەتەوە بۆ فەرمانگەکانی دیکەی سلێمانی، بەم هۆیەشەوە مووچەکانی ساڵی (٢٠٠٩)یان ڕاگیراوە، بەڵام مووچەی ساڵی (٢٠١٠)یان هیچ کێشەیەکی نییە.

فەرمانبەرێکی دیکە، کە هەمان کێشەی هەیە جەختی لەوەکردەوە، کە مووچەی لە مانگی (٢٠٠٩/١٢) فەوتاوەو چەندینجاریش بەڕێوەبەرێتییەکەیانی ئاگادارکردووەتەوە، بەڵام ئەوان هەر پێیدەڵێن ئەمڕۆ نا سبەی، بەوهۆیەشەوە مووچەکەی (٥) مانگە دواکەوتووە.

بە وتەی ئەو فەرمانبەرە پاساوی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ زەوتکردنی مووچەکەیان پەسەندنەکردنی بودجە بووە، بەڵام ئێستا کە بودجەش پەسەندکراوە، مووچەکەیان نەدراوە، بۆیە وتی: «هەر دەبێت ئەو مووچەیەمان پێبدرێت، ئەگەرنا لە دادگا سکاڵا لە دژی حکومەت تۆماردەکەم».

محەمەد قەرەداغی، سکرتێری ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، لەبارەی ئەم کێشەیەوە بۆ ڕۆژنامە جەختی کردەوە، کە ئەو فەرمانبەرانە ئەگەر کێشەی یاساییان نەبێتو دەوامیان کردبێت، مووچەکانیان نافەوتێت».

بەپێی ئەو زانیارییانەی کە ڕۆژنامە لە سەرچاوەیەکی حکومیی بەدەستیهێناوە، «ئەو فەرمانبەرانە زۆرنو کێشەی هەمەجۆر وایکردووە مووچەکەیان دوابکەوێت، یەکێکیش لەو کێشانە ئەوەیە، کە وەزارەتی دارایی وەڵامی وەزارەتەکانی نەداوەتەوە، کە داوای ئەو مووچانەیان کردووە».

هەمان سەرچاوە وتیشی: «فەرمانبەر هەیە مووچەی زیاتر لە مانگێکی (٢٠٠٩)ی وەرنەگرتووە، هەندێکیان عەلاوەو تەرفیعیان بۆ نەکراوە، بەڵام هەر بۆیان دەکرێتو مافی هیچ فەرمانبەرێک ناخورێت».

وەزیری تەندروستی: پزیشک هەیە پسوڵەکەی بە (٢٠٠)هەزار دینارە

پ. هەولێر

بڕیارێکی وەزارەتـــی تەندروستی سەبارەت بە دیاریکردنی نرخی پسوڵەی پشکنینی پزیشکی کە لە (١٠)هەزار دینار کەمتر نەبێتو لە (٢٠)هەزار دینار زیاتر نەبێت، ناڕەزایی لێدەکەوێتەوەو وەزیری تەندروستیش ئاماژە بـــەوە دەکـــات، وەزارەتەکەیان نرخی نۆڕینگەی پزیشکی زیادنەکردووە، بەڵکو تەنیا نرخەکەی یەکخستووە لە سەرجەم پارێزگاکاندا.

لە بەیاننامەیەکدا کە کەمپەینی دژی بەرزکردنەوەی نرخی نۆڕینگەی پزیشکان بڵاوکردووەتەوەو کۆپییەکی لای رۆژنامە پارێزراوە، ئەم بڕیارەی وەزارەتی تەندروستی مەحکوم دەکەنو داوای هەڵپەساردنی ئەم فەرمانە وەزاریيە دەکەنو دەڵێن: وەزارەتی تەندروستی کە وەزارەتی هەموو خەڵکی کوردستانە، لەبری ئەوەی پاڵپشتی کۆمەڵانی خەڵک بێت، بەم بڕیارەی سوودی بە توێژێکی دیاریکراوی کوردستان گەیاندووەو زەرەری لە زۆربەی هەرە زۆری خەڵک داوە.

د.تـــاهـــیـــر هـــــەورامـــی، وەزیـــــری تەندروستی، لە بەرامبەر ئەو کەمپەینەدا ئاشکرای دەکات، کە ئەوان نرخی پسوڵەی پشکنینی پزیشکییان بەرزنەکردووەتەوە، بەڵکو تەنیا رێکیانخستووە لە سەرجەم شارەکاندا، چونکە پزیشک هەیە لە هەولێر نرخی پسوڵەکەی (٢٠٠)هەزار دیناره.

هەورامی، جەخت لەوە دەکاتەوە، ئەوان نرخی نۆڕینگە بەرزناکەنەوەو ئـــەوە بە ئەرکی سەندیکای پزیشکان دەزانـــن، نەک وەزارەتـــی تەندروستی، ئاماژەش بەوە دەکات کە وەزارەتەکەیان سەندیکای ئـــاگـــادارکـــردووەتـــەوە کە پێویستە نرخی پشکنینی نەخۆش لە لایـــەن پزیشکی راوێـــژکـــار (٢٠)هـــەزار دینارو پزیشکی پسپۆڕ (١٥)هـــەزار دینارو پزیشکی راهێنراو (١٠)هـــەزار دینارە.

کەمپەینی دژی بەرزکردنەوەی نرخی نۆڕینگەی پزیشکان لە بەیاننامەکەیاندا کە ئاڕاستەی پەرلەمانی کوردستانو ئەنجومەنی وەزیـــرانو وەزارەتـــی تەندروستیو سەندیکای پزیشکانیان کـــردووە، چگە لـــە کـــەمـــکـــردنـــەوەی نرخی پسوڵەی پشکنینی پزیشکی، داوا لە سەندیکای پزیشکان دەکەن کە پشکنینی دەستەجەمعی نەخۆش لـــە لایـــەن پزیشکانەوە نەمێنێتو ژینگەیەکی تەندروستو شایستە بە مرۆڤ لە نۆڕینگەکاندا دابینبکرێتو ئەو پزیشکانەش سزابدرێن کە سەرپێچی ئەو خاڵانە دەکەن.

د.تاهیر هەورامی، وەزیری تەندروستی

چەند زانیارییەک لەبارەی تۆڕو سیستمی کارتی بانکیی

هاشم غەمگین

مەبەست لە باسکردنو خستنەڕووی ئەم زانیارییانە لەمەڕ تۆڕو سیستمی کارتی بانکیی، لەلایەک بۆ ئەوەیە هاوڵاتییانو خۆیانەران سەبارەت بەم زانستو سیستمە شارەزایی و هۆشیاریی سەرەتاییان هەبێتو لەلایەکی دیکەوە حکومەتی هەرێم لە هەوڵو دیالۆگو تەنسیقو ئامادەکاریدایە سیستمی تۆڕی بانکیی لە هەرێمی کوردستان جێگیرو پەیڕەوو پیادەبکات، بۆیە منیش بەهۆی دووسالێئەزموونم لە هەبوونو بەکارهێنانی کارتی بانکیی لە یەکێک لە ولاتانی ئەورووپاو سەرنجدان لە خزمەتگوزاریی و خەسڵەتو ڕێنماییەکانی کارتی بانکیی، ئەم زانیارییانەم چنگ کەوتووە، بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی پرۆفشنالێ ئەم سیستمە لە کوردستان جێگیربێت، لێرەدا سادەو ساکار لەوبارەوە زانیارییەکان دەخەمەڕوو، بەئومێدی ئەوەی جێی سوودو ڕەزامەندیی بێت.

مەرجی کارایی خزمەتگوزاریی تۆڕو سیستمی کارتی بانکیی

تۆڕی کارتی بانکیی وەک شەبەکەی سیم کارتی مۆبایل فراوانو جۆراوجۆرن، هەریەکەیان خەسڵەتو تایبەتمەندییو خزمەتگوزاریی خۆی هەیە، کێبڕکێو هەوڵدانیش لەنێوان بانکەکاندا هەیە لە پێشکەشکردنو گەیاندنی خزمەتگوزاریی باشتر بە بەشداربوو، بەشێوەیەکی گشتیی ئەو تـۆڕی بانکییانەی لە ولاتە ئەورووپییەکان بەشداربوونیەکی ڕەهاو خەڵکێکی زۆر بەکاریدەهێنێت، ئەم مەرجو خزمەتگوزارییانەی تێدایە:

یەکەم: سیستمی ئەکتیڤو خێرایە لە گواستنەوەی پـارە بۆ سەر ژمێریاری بەشداربووان.

دووەم: بەشداربوو لـەڕێـی تۆڕی ئینتەرنێتەوە دەتوانێت تەماشای ژمێریاری کارتی بانکەکەی بکاتو زانیاریو ئاگایی هەیە لەبارەی چەندێتی هەبوونی پارەو چۆنێتی خەرجکردنو ڕاکێشانی، لە چ فرۆشگەو وێستگەی ئامێرێکی بانکیو هەروەها لە چ ڕۆژو کاتو شوێنێک، لەگەڵ ئەوەشدا بەشداربوو دەتوانێت سەردانی بنکەکان بکاتو لەڕێی ئامێری تایبەت بۆ ئەو مەبەستە بەدەستی خۆی پارە بخاتە سەر کارتەکەی، پاشان زۆر لە تۆڕی بانکەکان پەیوەندییو تۆڕیان بەیەکەوە بەستراوە، بـەشـداربـووان دەتـوانـن لە وێستگەی ئامێرەکانی یەکدی بە کارتەکانیان پارە ڕابکێشن.

سێیەم: بەشداربووان دەتوانن لەنێوان خۆیاندا بە کارتی بانکەکانیان لەڕێی تۆڕی ئینتەرنێتەوە لە هەر شوێنێکدا بن لەماوەی یەک خولەکدا پارە بگوازنەوە سەر ژمێریاری یەکدی.

چـوارەم: تۆڕی بانکەکان لەسەرجەم شارو شارۆچکەوگوندەکاندا،لەو شوێنانەی پێویستنو لەنێو بازارەکاندا، وێستگەی ئامێری بانکیی هەیە، بۆ ڕاکێشانی پارەو لەگەڵ بنکەی زانیاریی بانکیی بۆ گوێگرتنو چارەسەرکردنی هەبوونی هەر داواکاریی و گرفتێک کە بەشداربووان هەیانبێت.

پێنجەم: تـۆڕی بانکەکان سیستمو پەیوەندییان بە فرۆشگەو مارکێتو هۆتێڵو ڕێستۆرانتەکانو ...هتد بەستووەتەوە لەڕێی دابینکردنی ئامێری بانکەکانو دانانی لای کاسەکان، بۆ ئەوەی هاوڵاتییان لەکاتی کڕینی پێداویستییەکانیان لەڕێی کارتی بانکەکانیانەوە پارەی شتومەکانیان بدەن.

شەشەم: بەشێوەیەکی مانگانە لە بنکەی تۆڕی بانکەکانەوە پەرتوکی زانیاریو خشتەی چۆنێتی خەرجکردنی پـارە بە بەشداربوو ڕادەگـەیـەنـرێـتو دەگـات، هەروەها بەشداربوو لای خۆی دۆسیەی دروستکردووە بۆ ئاگایی و هەڵگرتنی.

حەوتەم: لە بانکەکاندا زەمانەتی تەواوی پارەی بەشداربوو دەکرێت لە مانەوەو فەوتاندن.

جێگربوونو بەشداریی لە سیستمی تۆڕی کارتی بانکیی

شـــەبـــەکـــەو سیستمی بانکیی لە ناوچەیەکدا سەرکەوتوو دەستبەکارو جێگیرو بەشداربووی دەبێت کە:

یەکەم: ئاسایشو ئارامیی بە باشی سەقامگیرو فەراهەم بێت.

دووەم: متمانەو دڵنیایی لەنێوان حکومەتو هاوڵاتییاندا بەرجەستە بێت.

سێیەم: سیستمێکی کاراو ئەکتیڤ بێتو پێگەیەکی بەربڵاوو فراونو خزمەتگوزاریی باشو پێویستی بۆ بەشداربووان هەبێت.

چـــوارەم: ئـای دی کـــارتو داتـاو ئەدرەسو ناونیشانی کەسێتیی بەشداربوو لە سیستمی کۆمپیوتەریی دامەزراوەکاندا دروستو جێگیربێت.

سوودی بەشداربوون لە تۆڕو سیستمی کارتی بانکیی

بەگشتیی سـوودی بەشداربوون لە تۆڕی کارتی بانکیی بەمشێوەیەی لای خوارەوەیە:

یەکەم: هاوڵاتی بۆ پێدانەوەی قەرزو پێشینەو غەرامەو باجی (ئـاو، کارەبا، خانوو، دوکـان، دڵنیایی تەندروستیو تەلەفۆنو ...هتد) چیتر پێویستی بەوە نابێت بەپێی خۆی سەردانی دامەزراوە حکومییو ئەهلییەکان بکاتو ماندوو بێت، بەڵکو مانگانە بڕی دیاریکراوی پێدانەوەی پارەی باجو قەرزەکان چەند لە ئەستۆی بێت، ڕاستەخۆ لە ژمێریاری کارتی بانکەکەی دەبڕدرێت.

دووەم: دامەزراوە حکومیو ئەهلییەکان دابـەشـکـردنـی مـووچـەی مانگانەی فەرمانبەرانوخانەنشینوپۆلیسوسەربازو کرێکارو...هتد، وەرگرتنی بەدەستیی نابێت تاوەکو پاڵەپەستۆو قەرەباڵەغیو گازندەو تواڵج لەسەر دامودەزگاکان دروست ببێت، بەڵکو هەر کەسە بڕی موچەی دیاریکراوی مانگانەی خۆی چەند بێت، لەکاتی خۆی بۆی دەخرێتە سەر ژمێریاری کارتی بانکەکەی.

سێیەم: هەر بەشداربوویەکی سیستمو تۆڕی بانکیی ناوی خۆی لەسەر کارتەکەی نووسراوەو ژمارەی ژمێریاریو کۆدی نهێنیی تایبەتی خۆی هەیە، بۆ گواستنەوەو داخڵکردنی پـارەو بـۆ تەماشکردنو ڕاکێشانی، خۆی نەبێت هیچ کەسێکی دیکە بە ژمارەی نهێنیی کارتەکەی نازانێت.

چـــوارەم: ئـــەوانـــەی خەریکی کاری بازرگانیو خاوەن کۆمپانیای جۆراوجۆرن یان خاوەن پارەی نوستوون لە ماڵەوە، ئـــەدرەسو ناونیشانو وەزیـفـەو کارو پیشەی خۆی بە دروستی تۆماربکات.

دووەم: دۆکیۆمێنتی کەسێتی، کە وێنەی خۆی لەسەر بێت تەسلیم بکات.

سێیەم: بۆ وەرگرتنی زانیاریی ریکلامی کاری بانکەکان بە هاوڵاتی دەدرێت.

چـــوارەم: دوای دوو هەفتە لەڕێی پۆست یان پەیوەندیکردنەوە هاوڵاتی ئاگادارددەکرێتەوە لە وەرگرتنی کارتی بانکییەکەی.

پێنجەم: بۆ وەرگرتنی کارتەکە سەرەتا بڕێکی کەم پارە لە بەشداربوو وەردەگیرێت، دواتر بەشێوەیەکی مانگانە یان وەرزییانە دەبێت، ئەگەر بڕەکەی بە پارەی خۆمان بەروارد بکرێت بۆ مانگێک، دەکاتە (١٥٠٠) دینار.

چەند ڕێنماییەک لەبارەی بەکارهێنانی کارتی بانکییەوە

یـەکـەم: دەبـێـت بـەشـداربـوو کۆدی نهێنیو ژمـارەی ژمێریاری کارتەکەی فەراموش نەکاتو لەبیری بێت، پاشان لە وێستگەی ئامێری بانکەکاندا ئاگادارببێت

کارتی بانکیی گرەنتی نەفەوتانی پارە دەکات؟

لە بەشداربوون لە تۆڕو سیستمی کارتی بانکیدا سـوودو قازانجی زۆر دەکـەن، بەوەی لە ترسو دڵەڕاوکێی دووبرکەوتنەوە لە ماڵەوەو لە مەترسی هێرشی باندی دزیو جەردەیی قوتاردەبنو دڵنیادەبن لە پاراستنو مانەوەی پارەکانیان، لەگەڵ ئەوەشدا کارئاسانیی تـەواو دەکـات لە بەڕێوەچوونو ڕاییکردنی کارەکانیاندا.

پێنجەم: هەر دەمێک هاوڵاتی پێویستی بە پێشینەو قەرز بێت، دەتوانێت داواکاریی پێشکەش بکاتو بەلێکدانەوەو بەپێی داهاتو مووچەو جۆری پیشەکەی قەرزو سلفە لە بانکەکان وەربگرێت.

چۆنێتی بەشداربوونو وەرگرتنی کارتی تۆڕی بانکیی

هەر تاکێک هاوڵاتیو دانیشتووی هەر وڵاتێک بوو، مافی ئەوەی هەیە بە یاسایی کار بۆ بەشداریکردنو وەرگرتنی کارتی تۆڕی بانکیی بکات، بەمشێوەو مەرجانەی لای خوارەوەیە:

یەکەم: هاوڵاتی بۆ بەشداربوون دەبێت سەردانی بنکەی بانکەکان بکاتو فۆرمی زانیاریی وەربگرێتو زانیاریی کەسێتیو لەکاتی بەکارهێنانو ڕاکێشانی پارە، بە هەڵە کۆدەکە لێنەدات، چونکە ئەگەر بە هەڵە کۆدەکەی تۆمارکرد، کارتی بانکەکەی دەسووتێت، دواتر بۆ وەرگرتنی کارتێکی دیکە دەبێت سەردانی یەکێک لە بنکەی بانکەکان بکات، لەگەڵ ئەوەشدا حسابی پارەی سەر کارتەکەی وەک خۆی دەبێتو نافەوتێت.

دووەم: بەشداربوو بۆ سەلامەتیو پاراستنی داهاتو سامانی، نابێت ژمارەی نهێنی کارتەکەی لای هیچ کەسێک بدرکێنێو لە لای خۆی پارێزراوبێت.

سێیەم: ئەگەر هاتوو بەشداربوو کارتەکەی لێ ون بوو یان لێی برا، دەبێت دەستبەجێ بنکەی تۆڕی بانک ئاگادار بکاتەوە، بۆئەوەی خێرا بسووتێنرێتو دەرفەتی بەکارهێنانی نەبێت.

چوارەم: بەشداربوو نابێت بێ زانیاریو وەرگرتنی ڕێنمایی کارتەکەی بەکاربهێنێت، دەبێت سەردانی یەکێک لە بنکەی بانکەکان بکات بۆ ئـەوەی لای کارمەندان لەمەڕ چۆنێتی بەکارهێنانو پەیدا کردنی شارەزایی، زانیاریو ڕێنمایی پێویستی پێ ببەخشرێت.

Hashim.xamgin.@yahoo.com

ڕوونکردنەوە

لە ژمـارە (٥٨٠)ی ڕۆژی سێشەممەی (٢٠١٠/٥/٤)ی ڕۆژنامەی ڕۆژنـامـەداو لە لاپـەڕەی (٢٠)دا بابەتێک بە سەردێڕی (نامەیەکی کراوە لە خانەوادەیەکی گەرمیانەوە بۆ بەڕێز موراد قەرەیلان، سەرۆکی کۆنسەی کەجەکە) بڵاوکراوەتەوە کە بەڕێزێک بە ناوی (عەلی حەمە سالح عەلی) نووسیویەتی، لە ناوەڕۆکی نامەکەدا باس لـەوە دەکات کە کورێکی بەناوی (موسا) چووتـە ناو (پەکەکە)و هەر لە نامەکەیدا باس لەوە دەکات کە دوای هەواڵپرسین، بۆی دەرکەوتووە کە کورەکەی لەلایەن چەند کەسانێکەوە کە سەر بە ڕێکخستنەکانی پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستانن لەگەرمیان براوە بۆ گوندی ئین زێی بناری قەندیلو دواتر بەردەوام دەبێتو باس لەوە دەکات کە هەڤاڵ، دیار غەریب، سەرۆکی پارتیو هەڤاڵـی دیکەی پارتی چارەسەری بەلێنیانداوە کە هاوکارییان بکەنو هاوکارییان ناکەن.

ئێمە وەکو پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان، هەرچی پەیوەستە بە بەشی یەکەمی هەواڵو بابەتەکەوە قسەی لەسەر ناکەینو ئەو داوایەش ئێمە پەیوەندیدار ناکات، بەڵام ناوەڕۆکی بابەتەکە ئێمە پەیوەندیدار دەکاتو لێرەدا بەپێویستی دەزانین کە ئەم ڕوونکردنەوەو وەڵامە بخەینەڕوو، بەهیواین کە ڕۆژنامە بەڕێزەکەتان وەکو پرەنسیپێکی ڕۆژنامەوانی بـڵاوی بکاتەوە، بۆ ئەوەی ڕاستی نەشێوێنرێت.

١-ئـێـمـە وەکـــو پـــارتـــی چـــارەســـەری دیموکراتی کوردستان، پارتێکی سیاسیی باشووری کوردستانینو هێزی چەکدارمان نییەو لەبەرنامەی ئێمەدا نییە کە کەسیش بنێرینە ناو هێزی (پەکەکە)، وەکو کاک عەلی دەڵێت: لەبەرئەمە هەر هەواڵو بانگەشەیەکی بەم ڕەنگە دووڕە لە ڕاستییەوەو ئەگەر بە نەزانین نەبێت، ئەوا مەبەستێکی لەپشتەوەیەو هیوادارین (کاک عەلی)یش لە نەزانییەوە ئەم بانگەشەیەی کردبێت.

٢-ڕاستە ئێمە بارەگامان لە ئین زێ هەیەو هەموو لایەکیش دەزانن کە ئەو ناوچەیە لەژێر کۆنترۆڵی (پەکەکە)دایە، (پەکەکە)ش هێزێکی شۆڕشگێڕی کوردستانییەو ئێمە بە حوکمی نزیکی بیروباوەڕو بوونمان لەو ناوچەیەدا پەیوەندیی دۆستانەمان هەیە، هەربۆیە لە چوارچێوەی تواناو پەیوەندیەکانماندا ئەوەی پێمان بکرێت دەیکەین، بەڵام چۆن ئێمە کەس نانێرینە ناو (پەکەکە)، بەو ڕەنگەش ناتوانین کەس لەناو (پەکەکە) بهێنینەوە، ئێمە هەر کاتێک کەسێکی وەکو کاک عەلی داوای لێکردبین، بۆ ئەوەی هەواڵێکی بۆ بپرسین، لە ڕێگەی پەیوەندییەکانمانەوە هەواڵمان پرسیوە، زۆر سوپاسی هەڤاڵانی (پەکەکە) دەکەین کە بەپێی توانای خۆیانو سەرەڕای سەرقاڵییان، زۆر کات وەڵامیان داوینەتەوە، بەڵام بەداخەوە، لەجیاتی ئـەوەی کە کاک عەلی سوپاسی هەڤاڵانی ئێمە بکات کە هاوکاری بوون، دێت بەم شێوەیە لەبارەمانەوە دەدوێت.

لەکۆتاییدا هـیـوادارێـن، کـاک (عەلی) ڕاستییەکان وەکو خۆی باس بکات.

کۆمیتەی ڕاگەیاندنی پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان

٢٠١٠/٥/٥

گەڕەکە نوێیەکانی هەولێر، داوای خزمەتگوزاریی دەکەن

ڕاپۆرتی: هەنگاو هاشم

بەهـۆی فـراوانبـوونـی هەولێری پایتەختەوە، چەندین گەڕەکی نوێ لەو شارەدا دروستبوون، کە بەشێکی زۆریان بەدەست کەمیی خزمەتگوزارییەوە دەنالێنن، پارێزگاری هەولێریش ئاماژە بەوە دەکـات، کەمبوونەوەی بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان، کاریگەریی هەیە لە کەمیی خزمەتگوزاریی بۆ ئەم گەڕەکانە.

عەبدوڵڵا بەکر، دانیشتووی گەڕەکی هەولێری نوێ، ئاماژە بەوە دەکات، کە گەڕەکەکەیان خزمەتگوزاریی کەمی هەیە، وەکو نەبوونی بنکەی تەندروستی و شەقامی قیرو بنکەی پۆلیس، جگەلەوەی بەهۆی نەبوونی خوێندنگەوە، چەندین خوێندکار لە قۆناغەکانی بنەڕەتی ڕۆژانە چەندین کیلۆمەتر دەبـڕن تا دەگەنە خوێندنگەیەک.

نـاوبـراو بـاس لـەوەش دەکـات، کە جیاوازی دەکرێت لە نێوان ناوچەکاندا بەشێوەیەک، ئەگەر بێتو کۆڵانێک مالّی بەرپرسێکی لێبێت، ئەگەر قیرتاویش نەکرێت، ڕێگاوبانەکەی بۆ چاکدەکرێتو تاسەکانی ناهێڵن.

ئەو هاوڵاتییە ئەوەش دەخاتەڕوو، کە هیچ شوێنێکی گەڕەکی هەولێری نوێ باخچەی لێ دروستنەکراوەو بۆ ئەم مەبەستەش دانیشتووانی گەڕەکەکەیان ئیمزایان کـۆکـردووەتـەوە بۆ ئەوەی باخچەیان بۆ دروستبکرێت، بەڵام تائێستا وەڵامیان نەدراوەتەوە.

ئـەرسـەلان سلێمان، یەکێکە لە دانیشتووانی گـەڕەکـی گـەلاوێـژ کە گەڕەکێکی نوێیەو دەکەوێتە سەر ڕێگای بنەسڵاوە، ئاماژە بەوە دەکات، کە وەرزی زستان دێـت گەڕەکەکەیان سەرتاپا دەبێت بەقوڕ، سەرەڕای ئەمەش کاتێک باران دەبارێت، کێشەی ئاوەڕۆیان بۆ دروستدەبێت.

ئـەرسـەلان ئـەوەش دەخـاتـەڕوو، هیچ بنکەیەکی تەندروستی نییە لە ناوچەکەیاندا، هەروەها بەهۆی دووریی خوێندنگە لەگەڕەکەکەیانەوە چەندین کچ کە دەگەنە قۆناغی ئامادەیی لەخوێندن دووردەکەونەوە، چونکە خێزانەکانیان ڕێگەیان پێنادەن بچن لەخوێندنگەیەکی دوور بخوێنن و ڕۆژانە هاتوچۆ بکەن، هەربەهۆی نەبوونی خوێندنگەوە، چەندین منداڵ کە لەقۆناغەکانی سەرەتاییدان بە ئۆتۆمبێل هاتوچۆ دەکەن، لەگەڵ ئەوەی باری دارایی خێزانەکانیشیان خراپە، هەروەها بەشێک لەم منداڵە خوێندکارانە بەپێ هاتوچۆ دەکەن و ئەمەش بووەتە هۆی نیگەرانیی خێزانەکانیان.

لـەلایـەن حکومەتی هـەرێـمـەوە گرنگییەکی زۆر دەدرێت بە ناوەندی شاری هەولێرو ئەمەش لەبەرئەوەی کە هەولێر وەک پایتەخت ببینرێت، نەک شارێکی ئاسایی، بەڵام گەڕەکە نوێیەکانی قەراغی شار کەمترین خزمەتگوزارییان پێگەیشتووە.

سدقی زراری، سەرۆکی شارەوانیی هەولێر، لە بـارەی ئـەو گرفتەوە بۆ ڕۆژنـامـە وتـی: «ناتوانین بەیەکجار پڕۆژەی خزمەتگوزاریی بۆ گشت گەڕەکە تازەکان ببەین، پێویستە هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان هاوکارمان بن، چونکە ئەرکی پارێزگای هەولێریشە کە بینای خوێندنگەو تەندروستی و سەرجەم ئەم پڕۆژانەی کە پەیوەندییان بە پارێزگاری هەولێرەوە هەیە دابین بکات».

سەرۆکی شارەوانیی هەولێر باس لـەوەش دەکـات، کە وەکو شارەوانی، لـەلایـەن سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیرانەوە بڕێک پارەیان بۆ دابینکراوەو بەپێی ئەم بڕە پارەیەش، دەتوانین پڕۆژە خزمەتگوزارییەکان دابینبکەین، ئەم بودجەیەش کە بۆیان دانراوە، ئەگەری ئەوەی هەیە کە بەشی خزمەتگوزاریی سەرجەم گەڕەکەکان نەکات، بۆیە ناچار هێشتوویانەتەوە، بەڵام هەوڵیانداوە تا ڕادەیـەک پێداویستییە سەرەکییەکان بگەیەنین.

هەر لەم بارەیەوە نـەوزاد هادی، پـارێـزگـای هـەولـێـر، بـە ڕۆژنـامـەی ڕایـگـەیـانـد: لـە داهـاتـوودا، چەند پڕۆژەیەکمان بەدەستەوەیە بۆ گەڕەکە نوێیەکانی شـاری هـەولـێـر، بـەڵام کەمکردنەوەی بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان، کاریگەریی دەبێت لەسەر کەمیی پـڕۆژەی خزمەتگوزاریی لەم گـەڕەکـە نوێیانەداو بەپێی بودجە دەتوانین خزمەتگوزاریی بگەیەنین بۆ ناوچەکان.

دوای (١٩)ساڵ لە حوکمڕانی کوردی لە هەرێمی کوردستان، هاوڵاتیان خزمەتگوزارییان دەوێت، بەڵام هەمیشە بەرپرسان بە بەڵێن وەڵامیان دەدەنەوەو ئەمەش هاوڵاتییانی نیگەرانکردووە، چونکە بەشێکی زۆر لە بەڵێنەکان جێبەجێ ناکرێن.

لە گەڕەکی (١٢١)ی گوڵان، ڕەنجدەر جەوهەر، ئـەوە دەخـاتـەڕوو، کاتێک گەڕەکەکەیان دروستکراوە، زۆر بە تەسکی کۆڵانەکانی دروستکراون، بەشێوەیەک کە زۆرجـار ڕووداوی هاتوچۆ دروستدەبێتو ناتوانرێت ئۆتۆمبێل بەئاسانی تێیدا ڕابگیرێت.

ڕەنجدەر ئەوەشی ڕاگەیاند: بەهۆی ئـەوەی ژمـارەی ماڵەکانی گەڕەکی (١٢١)ی گـوڵان زیـادیـکـردووە، ئەو محاویلە کارەباییانەی کە بۆی دانراون، پاڵەپەستۆیەکی زۆریـان لەسەرەو ئەمەش وایـکـردووە کە زۆرجـار ئەم محاویلانە تێکبچن، یـان بسوتێنو زۆرجـار بـۆ مـاوەی چەند ڕۆژێـک کارەبایان نەبێت.

لە کوردستاندا (٢٤١٣) منداڵ تووشی تالاسیما دەبن

ڕاپۆرتی: ئارام محەمەد
هێمن محەمەد

نەخۆشیی تالاسیما یەکێکە لە نەخۆشییە درێژخایەنو مەترسیدارەکان، کە لە هەرێمی کوردستاندا بەشێوەیەکی بەرچاو لە گەشەکردندایە، کۆمەڵەی تالاسیمای کوردستانیش ئاشکرای دەکـات، لە هەولێر (٤٩٣) منداڵو لە سلێمانی (٥٥٠) منداڵو لە دهۆک (٦٠٠) منداڵو لە کەرکوکو گەرمیان (٦٥٠) منداڵو لە ڕانیەش (١٢٠) منداڵ بەدەست ئەم نەخۆشییەوە دەنالێنن.

هۆکارەکانی تووشبوون

هەشتی ئایاری هەموو ساڵێک بە ڕۆژی جیهانیی تالاسیما ناسراوە، نەخۆشییەکە بە زۆریی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا بوونی هەیە، ئەم نەخۆشییە یەکێکە لە نەخۆشییە درێژخایەن و مەترسیدارەکان، هۆکاری نەخۆشییەکە بەزۆریی هاوسەرگیریی نێوان خێزانە خزمەکانە.

د.کـامـران ڕەسـوڵ، سەرۆکی لقی هەولێری سەندیکای پزیشکان، بۆچوونی وایە کە هۆکاری سەرەکیی ئەو پەیوەندییە خزمایەتییەیە کە هاوسەرگیریی لەسەر دەبەستڕێت، کـامـران بۆ ڕۆژنامە دەڵێت: «ئەم نەخۆشییە مەترسیدارە، بۆیە زۆر گرنگە پێش هاوسەرگیریی پشکنینی خـوێـن ئەنجامبدرێت بۆئەوەی ئەگەر دەرکەوت یەکێک لەو دوو کەسە هەڵگری نەخۆشییەکەن هاوسەرگیرییەکە هەڵبوەشێننەوە، بەڵام لە کوردستان ئەگەر هەردوولا دڵنیا بن نەخۆشییەکەیان هەیە هەڵیناوەشێننەوە، ئەوەش ئەنجامی خراپی لێدەکەوێتەوە، ئەم حاڵەتەش بەزۆریی لە گوندەکانو ناوچە دورەدەستەکان زۆرە».

بەهەمانشێوە ئیبراهیم ئەحمەد، جێگری سەرۆکی کۆمەڵەی تالاسیمای کـوردسـتـان، بـاس لـەوە دەکـات، کە پشکنین پێش هاوسەرگیریی هەنگاوێکی گرنگە بۆ کەمکردنەوەی نەخۆشییەکە، چونکە ئێستا لە هەولێر (٤٩٣) منداڵو لە سلێمانی (٥٥٠) منداڵو لە دهۆک (٦٠٠) منداڵو لە کەرکوکو گەرمیان (٦٥٠) منداڵو لە ڕانیەش (١٢٠) منداڵ بەدەست ئەم نەخۆشییەوە دەنالێنن».

تالاسیماو کێشەی خێزانەکان

ئـەو خـێـزانـانـەی کـە مـنـداڵی توشبوو بە نەخۆشیی تالاسیمایان هەیە ڕووبـەڕووی چەندین گرفتی کۆمەڵایەتیو ئابووریی بوونەتەوە، بەشێک لە خێزانەکان بەهۆی گرانیی دەرمـانو بـەردەوام هاتوچۆکردنی نەخۆشخانەکان، بارودۆخی ئاسایی ژیانیان شێواوە.

شـەریـف کـەریـم تـەمـەن (٣٥) ساڵ دانیشتووی شـاری هەولێرەو (٣) منداڵی تووشبوو بە نەخۆشیی تالاسیمای هەیە، ئەم هاوڵاتییە باسی لە چەندین کێشەو گرفت کرد، کە بەهۆی ئەومنداڵانەوە تووشی هاتووەو یەکێک لە منداڵەکانی مردووەو دوانیشی ماوە، شەریف گلەیی ئەوەی کرد کە وێڕای دابیننەکردنی پێداویستیو هاوکاریی، بڕیاربووە زەوییان پێبدرێت، هەندێکیش وەریانگرتووە، بەڵام ئەوان وەک خۆیان ماونەتەوە.

ئـیـسـمـاعـیـل مـەجـیـد وەک ئابووریناسێک بۆ ڕۆژنامە وتی: «لە کوردستان دەبینین موچەی پێویست بۆ ئەو منداڵانە نییە کە کەسوکاریان بتوانن خەرجییان دابینبکەن، لەکاتێکدا منداڵی نەخۆش خەرجیی زۆر زیاترە لە منداڵی ئاسایی، زۆرجاریش دەبینین باوک یان ئەندامێکی ماڵەکە کارناکاتو دەبێت چاودێریی منداڵەکە بکات، ڕەنگە زۆرێـک لە منداڵەکان ئەگەر چارەسەربکرێن بتوانن بگەڕێنەوە ناو کۆمەڵگە، ئەم حاڵەتە کە کەوتە ناو خێزان، ئەوا شێوانێکی ئابووریی و کۆمەڵایەتی دروستدەبێت».

د.کـامـران ڕەسـوڵ بەهەمانشێوە بۆچوونی وایـە، کە ئـەو خێزانانە تووشی گرفتی زۆر دەبـن، چونکە ئەو منداڵانە پێویستە بەردەوام لەژێر چاودێریدا بن، ئەمەش ئەرکێکی گرانە. هەر سەبارەت بە کێشەو گرفتەکانی تالاسیما، جێگری کۆمەڵەکە دەڵێت: «ئێمە ئاگاداری ئەو کێشانەین، ئەو نەخۆشانە بـەردەوام پێویستیان بەخوێن هەیە، بۆ ئـەو مەبەستەش بە بەردەوامیی لەلایەن نەخۆشخانە حکومییەکانو خوێنبەخشانەوە خوێنمان پێدەدرێت بۆئەوەی ئەرکی خێزانەکان کەمبکەینەوە، سەبارەت بەدابینکردنی خوێن».

یەکێکی دیکە لە کێشەکان ئەوەیە، کە ئـەو خێزانانە بڕیاری ڕاگرتنی منداڵ دەدەن، ئەمەش کاریگەرییەکی دەروونیی و کۆمەڵایەتی بۆ خێزانەکان دروستـکـردووە. ئیبراهیم ئەحمەد باس لەوە دەکـات، کە زۆرینەی ئەو نەخۆشانەی کە تالاسیمایان هەیە، ئەگەر هەیە لە سـەروو تەمەنی (٢٠) ساڵی بمرن، ئەمەش بارودۆخێکی دەروونیی ناخۆشی بۆ خێزانەکان دروستکردووە.

تالاسیماو ڕۆشنبیریی تەندروستی

تالاسیما یەکێکە لەو نەخۆشیانەی کە مەترسی گەورەی لێدەکەوێتەوە، بۆیە هەموو لایەنەکان داوای ئەوە دەکەن کە ئەو بابەتە بکرێتە بابەتێکی زۆر فراوان بۆ باسکردنو بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیریی تـەواو سـەبـارەت بەم نەخۆشییە ترسناکە.

د.کامران ڕەسوڵ وتی: «پێویستە ڕۆشنبیریی پشکنینی پێش هاوسەرگیریی گرنگی زۆری پێبدرێت، خەڵکێکی زۆر تائێستا هەر نازانێت تالاسیما چییە، ئێمە لەسەر ئەو بابەتە ڕۆشنبیریمان کەمە، هەروەها هۆشیاریی تەندروستی زۆر پێویستە بۆ سنووردارکردنی ئەم نەخۆشییە».

بـەهـۆی ئـەوەی نەخۆشییەکە چارەسەرێکی بنەڕەتیی نییە، ئەو بـابـەتـە پێویستی بـەوە هـەیـە کە دەزگـا ڕۆشنبیریی و تەندروستیو پەروەردەییەکان ئەم بابەتە بوروژێنن. ئیبراهیم ئەحمەد باس لەوە دەکات، کە ڕۆشنبیریی تەندروستی بەگشتیی کەمە، بەتایبەت نەخۆشی تالاسیما، دەڵێت: «ئەم نەخۆشییە ڕێژەکەی لە بەرزبوونەوەدایە بۆیە پێویستە لە ڕێگەی هۆشیارییەوە سنوور بۆ ئەم نەخۆشییە دابنێن».

ئابووریناسێک: لە کوردستاندا مووچەی پێویست بۆ منداڵانی توشبوو بە تالاسیما نییە

دڵڕەقی سیاسی دەسەڵات لە لوتکەدا

مەهدی ئەبوبەکر

بە کوشتنی سەردەشت دەسەڵات و کۆمەڵگە کەوتوونەتە بەر تاقیکردنەوەیەکی قورسی یەکلاکەرەوەوە، کە لایەنێکی تێدا دۆڕاو دەبێت و لایەنێکیش براوە

ئەگەر دڵڕەقی لەکۆنەوە بەشێک بووبێت لە ژیانی کۆمەڵایەتی کورد، ئەوا دوای ئەوەی کورد سەرەگوریسێکی حوکمڕانیی گرتە دەست، ئیتر وردە وردە دڵڕەقی بوو بە یەکێک لە مۆرکەکانی دەسەڵاتەکەی.

پێشتر لەسەردەمی شاخدا حیزبەکان، تووندوتیژییان بەرانبەر یەکتر بەکارهێناوە، جۆرێک لە دڵڕەقیان لە رەفتاری سیاسیاندا هەم بەرانبەر بەیەکترو هەم بەرانبەر بە دانیشتوانی ناوچەکانی بندەستیان بەکارهێناوە، بەڵام ئەو دڵڕەقییە، وەکو بەرنامەیەکی داڕێژراوی بەردەوام کاری لەسەر نەکراوە.

دڵڕەقیو تووندوتیژی سیاسیی لەکوردستاندا، لەدوای ڕاپەڕینەوە بە تەواوی فۆرمۆلە بوو، چونکە حیزبەکان لە گرتنەدەستی ئاشتیانەی دەسەڵات، بەرانبەر بەیەکتر بێ ئومێد بوون. شەڕی ناوخۆ دیارترین دڵڕەقی سیاسیی بوو لە هەرێمی کوردستاندا، کە حیزبەکان بەتایبەتی پارتیو یەکێتی بەرانبەر بە یەکتری بەکاریانهێنا.

لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا، پاش ئەوەی زۆرترین شێوازەکانی تووندوتژییان بەرانبەر یەکتری تاقیکردەوە، بەناچاریی بۆ پاکتاوکردنی یەکتری شەڕی ناوخۆیان هەڵگیرساند، بەڵام دوای چەندین ساڵی شەڕو تووندوتیژی سیاسیی، گەیشتنە ئەو بڕوایەی ئەگەر لەسەر هەمان ریتمی دڵڕەقی بەرانبەر یەکتر بەردەوام بن، ئەوا خودی خۆیان وەکو بەفر لەبەردەم یەکتریدا دەتوێنەوە، بۆیە لەپێناوی مانەوەی خۆیاندا لە چوارچێوەی ڕێککەوتننامەیەکدا وەکو خۆیان پێی دەڵێن؛ «ڕێککەوتننامەی ستراتیژی» بڕیاری هەڵپەساردنی (نەک کۆتاییهێنان) دڵڕەقیان بەرانبەر بەیەکتری دا.

ئەگەر پێش ڕێککەوتنەکە ئاراستەی دڵڕەقیو تووندوتیژی سیاسیی لەلایەن یەکێتییەوە روو لە ئەندامانو لایەنگرانی پارتی بووبێت، لەلایەن پارتیشەوە روو لە هەواداران و لایەندارانی یەکێتی بووبێت، ئەوا ئەو ڕێککەوتننامەیە ئاراستەی دڵڕەقی سیاسیی لە کوردستاندا بە ئاقارێکی تردا بردو گۆڕی بۆ دڵڕەقی بەرانبەر کۆمەڵگە، لە کۆمەڵگەشدا بەرانبەر بە نووسەران، ڕۆژنامەنووسان، ئەو سیاسییو حیزبە سیاسیانەی بە پێچەوانەی ئاراستەی سیاسەتەکانی پارتیو یەکێتییەوە شەنوکەوی بیروڕاکانی خۆیان دەکرد.

بەرانبەر ئەو حیزبو سیاسییو نووسەرو ڕۆژنامەنووسانەی ڕەخنەیان لە سیاسەتەکانی ئەو دوو حیزبە دەگرت، دەتوانین چەندجار پەرتپەرتکردنی حیزبەکانی وەک زەحمەتکێشان، پارێزگاران، دیموکراسیخوازانو سۆسیالیست، بەیەکێک لە نموونەکانی دڵڕەقی سیاسیی هاوبەشی پارتیو یەکێتی دوای «ڕێککەوتننامەی ستراتیژی» بەنموونە بهێنینەوە.

ئاراستەیەکی تری دڵڕەقییەکەیان، ڕووبەڕووی نووسەرانو ڕۆژنامەنووسان بوو، لەچەندین ساڵی ڕابردوودا، ئەو دڵڕەقییە لە چەندین شێوازی جیاوازدا بەرجەستە بوو، هەر لە گرتنو لێدانی ڕۆژنامەنووسانەوە بگرە تا دەگاتە کوشتنو گیانکێشان.

هەردوو حیزب، بڕوایەکیان لایەیدا بووە ئاسان نییە بە زەبری هەڵبژاردن دەسەڵاتیان لە دەست دەربهێنرێت، چونکە لە خراپترین حاڵدا بەدەستکاریکردنی ئەنجامەکان، بردنەوە دەکەنە نسیبی خۆیان وەک ئەوەی لەم دوو هەڵبژاردنەی دواییدا کردیان، ئەوەش باش دەزانن هێزێکی جەنگیش لەئارادا نییە تا بەهێزی سەربازیی و کودەتا ڕایانبمالێت، لێ ترسی ئەوەیان لە دڵدایە کە ئۆپۆزسیۆنو ڕۆژنامەنووسان نهێنییەکانیان ئاشکرا بکەن، بە جدیش ترسی ئەوەیان لەدڵدایە، کە بەهۆی ئۆپۆزسیۆنو ڕۆژنامەنووسانەوە ڕووبەڕووی ناڕەزایی خەڵکیو خۆپیشاندانو «ڕاپەڕین» ببنەوە، بۆیە ئێستا چەقی قورسایی دڵڕەقیو تووندوتیژییەکانیان خستۆتەسەر ڕۆژنامەنووس و قەڵەم بەدەستەکان، ڕۆژنییە پەلاماری ڕۆژنامەنووسێک نەدرێت، یان ڕۆژنامەنووسێک هەڕەشەی لێنەکرێت، یاخود لە ئەهوەنترین دۆخدا هەوڵ نەدرێت بە پارەوپول ویژدانی بکڕدرێت، بەڵام ئەو شێوازانە نەبوونەتە هۆکارێک بۆ ساردکردنەوەی ڕۆژنامەنووسان، دەسەڵاتیش بۆی دەرکەوتووە ئەو شێوازانە بەرهەمدارنەبوون، بۆیە بڕیاریدا دوا لوتکەی دڵڕەقییە سیاسییەکەی بخاتەکار، تیرۆرکردنی ڕۆژنامەنووسی گەنج سەردەشت عوسمان، لەناوجەرگەی هەولێردا دەستپێکی لوتکەی تووندوتیژی سیاسیی دەسەڵاتە بەرانبەر بە کۆمەڵگەو دەستپێکی قۆناغێکی نوێی دڵڕەقی سیاسییە، کە لە بەرگی تیرۆری سیاسییو سەرکوتکاریی ڕادەربڕیندا خۆی دەنوێنێت.

بە کوشتنی سەردەشت دەسەڵاتو کۆمەڵگە کەوتوونەتە بەر تاقیکردنەوەیەکی قورسی یەکلاکەرەوەوە، کەلایەنێکی تێدادۆڕاو دەبێتو لایەنێکیش براوە، دەسەڵات بەو ڕێگەیەی گرتوویەتیەبەر، بەو تیرۆرە سیاسییەی کە ئەنجامیدا، ئەگەر بتوانێت پاشەکشێ بە ڕۆژنامەنووسانو نەیارانی سیاسیی بکات، ئەوا کۆمەڵگە دۆڕاو، دەسەڵات مل ئەستەورو سەرکەوتوو دەبێت. بەپێچەوانەشەوە ئەگەر کۆمەڵگە ئەو دڵڕەقیو تووندوتیژییەی دەسەڵات ڕەتبکاتەوە، تیرۆری ڕۆژنامەنووسێکو دووانو سیان، تیرۆری سیاسییەکو دووانو سیان چاوترسێنی نەکات، ئەوا کۆمەڵگە سەرکەوتوو، و دەسەڵاتیش زوتر لەو ڕۆژە نزیک دەبێتەوە کە خۆیان وەکو ڕۆژی هەق و حیساب تێی دەڕوانن.

چەمکی هۆشیاریو بەدحاڵیبوون، لە نێوان ڕۆژنامەنووسو دەسەڵاتدا

عەبدول محەمەد

تائەم ساتەش کە قسەی تێدادەکەین، ئەوەی بووەتە مایەی گلەییو گازندەو دڕدۆنگی خستووەتە نێوان دەسەڵاتو ڕۆژنامەنووسانی کوردستانەوە، بە بڕوای من، پەیوەندیی هەیە بەو دوو چەمکەی سەرەوە، هۆشیاریو بەدحاڵیبوون کە بۆ ماوەی چەند ساڵێکە، بە تایبەت دوای سەرهەڵدانی نەفەسی ڕۆژنامەنووسیو میدیای ئازاد لە کوردستان، پەیوەندییەکی ئاڵۆز لە نێوان ڕۆژنامەنووسانو دەسەڵاتدا سەریهەڵداوەو ناکۆکیو ڕەخنەو گازندەکان لەم چەند ساڵەی دواییدا، بە تایبەت دوای پێشهاتەکانی پێش هەڵبژاردنەکانی تەمموزی ئازاری (٢٠٠٩و ٢٠١٠) هەرێمی کوردستانیان گەیاندە ئاستێک، بووینە جێی ڕەخنەی توندی ڕێکخراوو سەنتەرەکانی چاودێریکردنی ئازادیی ڕۆژنامەنووسیو ئازادیی ڕادەربڕین لە دنیای دەرەوەدا، کە دەتوانم بڵێم مێژوویەکی ناشیرینمان بۆخۆمان لەو بوارەداو لەسەر ئاستی جیهان تۆمار کرد. بۆ هەردوو چەمکەکەش هەر یەکە لە دەسەڵاتو ڕۆژنامەنووسان قسەو بیانووی خۆیان هەیە، هەرچی پەیوەندیی هەیە بە ڕۆژنامەنووسانەوە، گلەیی ئەوەدەکەن کە هێشتا دەسەڵاتو دەزگا بەرپرسەکانی حکومەت، هۆشیارانەو بەرپرسیارانە مامەڵە ناکەن لەگەڵ ئەوەی کە ڕۆژنامەنووسان بەشێک نین لە خۆپیشاندانو ناڕەزاییو پێشهاتەکانی ناو جەماوەر، بەڵکو ئەوان تەنیا دەیانەوێت، واقیعەکە بۆ خەڵکی بگوازنەوەو پێشیانوایە، ڕۆربەی بەرپرسی یەکەمی دامودەزگا حیزبییو حکومییەکان، وەک پێویست نایەن بەدەنگ داخوازیی ڕۆژنامەنووسانەوەو زانیاریی پێویستیان ناخەنە بەردەست، جگە لەوەش، ئەو هێزانەی کە ئەرکی پاراستنی ئەمنییەتو شوێنە گشتییەکانو ئاراستەی خۆپیشاندانەکان دەپارێزن، هێشتا وەک پێویست پەروەردە نەکراونو ڕاهێنانیان پێ نەکراوە کە چۆن مامەڵەیەکی تەندروست لەگەڵ ڕۆژنامەنووسان بکەن.

هەرچی دەسەڵاتیشە، زۆرجار ڕۆژنامەنووسان بەوە تۆمەتبار دەکەن کە مەسەلەکان زۆر زیاتر لە قەبارەی خۆیان گەورە دەکەنو ناهۆشیارانە مامەڵە لەگەڵ ئەرکە نەتەوەییو نیشتمانییەکاندا دەکەنو زۆرجار ئەو زانیاریو داتایانە ئیحراج بوون بۆ دەسەڵات دروست دەکەنو درک بەوە ناکەن کە هەندێکجار بابەتو زانیارییەکانی ڕۆژنامەنووسان، زیان بە ئاسایشی نەتەوەیی کوردستان دەگەیەنێت.

بۆ ڕەواندنەوەی ئەو بەدگومانیو دڕدۆنگییە بەرامبەر بە یەکتری، پێویستی بە گفتوگۆ دیالۆگی هاوبەش هەیە، مانەوەی ئەو دۆخە بەو شێوەیەی ئێستاش، زیانی بۆهەردوولا هەیەو بێگومان بۆ دەسەڵات زیاتر، چونکە لەکۆتایدا هەر دەسەڵاتە کە بەرپرسیارە لە پاراستنی گیانی هەموو تاکێکی ئەم وڵاتە. خۆ ئێستا جاران نییە، تەنیا لە یەک سەرچاوەوە هەواڵو گۆڕانکارییەکان بگوێزرێنەوەو کەس بە دیوەکەی تری شتەکان نەزانێت، لە تایلاند ماوەی چەند مانگێکە دەسەڵاتو ئۆپۆزسیۆن بەسەروپۆتەڵاکی یەکتردا دێنەخوارەوەو دەیانکەس لەهەردوولا بریندارباوونو سەدان دامودەزگاش سووتاونو زیانیان پێگەیشتووە، بەڵام نەمانبیست یەک ڕۆنامەنووس داپڵۆسرابێتو سوکایەتیی گەورەی بەرامبەر کرابێت، لە وڵاتی یەمەن، بەو هەموو شەڕو پێکدادانو کێشەو دواکەوتوییەوە، نەمانبیست سوکایەتی بە ڕۆژنامەنووسێک یان دەزگایەکی ڕاگەیاندن کرابێت.

ئەی ئێمە بۆ؟ پرسیار ئەوەیە، بۆچی حکومەتو دامودەزگاکانی والآن بە ڕووی هەندێکو داخراون بە ڕووی هەندێکی دیکەدا، کام بەرپرسی ئەم وڵاتە دیداری ڕۆژنامەو ڕۆژنامەنووسو دەزگایەکی بیانی، یان عەرەبیو تەنانەت عێراقیشی ڕەتکردووەتەوە، ئەی بۆچی وەک کورد دەڵێت، گوێئاگردانی خۆمان هێندە بە سوک سەیر دەکرێت.

ئەرزشی چییە، شانازیی بەوەوە بکەین کە یاسای ڕۆژنامەنووسی وڵاتەکەمان لە یاسای ڕۆژنامەنووسی وڵاتانی هاوسێو ناوچەکە پێشکەوتووترە، بەڵام خۆمانو دەزگا ئەمنییەکانمان لە ڕیزی پێشەوەی ئەو شوێنانە بین کە ئازارو سوکایەتی بە ڕۆژنامەنووسان دەکەینو ڕێگە بە ئازادیی ڕادەربڕین نادەینو دەیان وتارو ڕاپۆرتی دەرەوەمان ڕووبەڕوو بکرێتەوە.

ئەوەی زیاتر بارودۆخی نێوان ڕۆژنامەنووسانو دەسەڵاتی ئاڵۆزتر کردووەو کە ئەگەر سنووردێکی بۆ دیاری نەکرێت، ڕەنگە لەداهاتوودا شتی خراپتری لە هەگبەدا بێت، ئەوەیە کە هێشتا دانیشتنی ڕووبەڕوو ڕاشکاوانەی نێوان هەردوولا هێشتا شەرمنانەیەو هەنگاوی جدییو پێویستە نەبڕیووە.

پێویستە حکومەت باشترو جدییتر هەنگاو بنێت بۆ هۆشیارکردنەوەو ئاشتکردنەوەی ڕۆژنامەنووسانو دەزگا ئەمنییەکانی، تەنانەت پێویستە خولو ڕاهێنانو سیمیناری هاوبەش بۆ دەزگا ئەمنییەکانو ڕۆژنامەنووسان ڕێک بخرێت تا لە نزیکەوە گلەییو گازندەکان ڕووبەڕووی یەکترییکەنەوەو بەدحاڵیبوونو ناهۆشیارییەکانی یەکترییڕەوێننەوە.

تیرۆری سیاسی

هیوا جەمال

وەک هەموو ڕووداوەکانی دیکە لە هەرێمی کوردستاندا، تیرۆری سیاسیش پێچەوانەی دونیا لەم هەرێمەی ئێمەدا ڕووەدات، پێچەوانە لەوەدا کە تیرۆر لە جیاتی ئەوەی لە تاکو گرووپی بچووکەوە بەرامبەر دەوڵەتو حکومەت ڕووبەداتو حکومەت حەزەری خۆی بکات، کەچی لەژێر دەستی دەسەڵاتو هەیمەنەی حکومەتەوە ڕووەدات.

ڕووداوی لێدانو تۆقاندنو ڕفاندنو تیرۆرکردنی ڕۆژنامەنووسان، لە هەرێمی کوردستاندا کە دواییان تیرۆکردنی سەردەشت عوسمانی خوێندکارو ڕۆژنامەنووسە، دەچێتە خانەی تیرۆری سیاسییەوە، کە ڕاستەوخۆ دەسەڵاتی سیاسیی لە سەرۆکی هەرێمەوە تا سەرۆکی حکومەتو دەزگا ئەمنییەکانیان لێی بەرپرسیارن.

بۆ یەکەمجار تیرۆری سیاسیی لەسەردەمی یۆنانی کۆنەوە دەستپێکردووەو دواتر لە ساڵەکانی ٧٣-٦٦ی پێش زایین لەلایەن ئیمپراتۆرییەتی ڕۆمانییەوە بەرامبەر بە هاوڵاتییان ئەنجامدراوە. وەک زاراوەش لە کۆتاییەکانی سەدەی ١٨ەوە سەریهەڵداوەو لە دوای ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١ەوە زیاتر کەوتە فەرهەنگی سیاسییەوە.

تیرۆری سیاسیی تەنیا دوو شێوەی هەیە، یەکێکیان تیرۆری لوتکە، واتە دەوڵەت بەرامبەر هاوڵاتییان ئەنجامیدەدات، دووەمیان تیرۆی گرووپو تاک بەرامبەر دەوڵەت، وەک ئەوەی ڕێکخراوی قاعیدە ئەنجامی دەدات.

ئەمجۆرە لە تیرۆر بۆ بڵاوکردنەوەی ترسو تۆقاندنە لە ناو تاکەکانی کۆمەڵگەدا، ئەوەش بەهۆی هێرشکردنە سەر سەروەتی مادییو مەعنەوییانەوە، کە لەئەنجامدا کاریگەریی لەسەر دەرونی تاکو کۆمەڵگە دروست دەکات، ئەمەش ئیمپراتۆرییەتی ڕۆمانی لەڕێگەی «بزووتنەوەی سیکاری»یەوە پەیڕەوی دەکرد.

ڕێگەکانی تیرۆری سیاسیی بڕیتین لە ڕێگەی کلاسیکی، وەک پاکتاوی جەستەییو سزادان بە هەموو شێوازەکانییەوە، تا کۆمەڵکوژیی. لە شێوە تازەکانیشی تەقینەوەو بۆمبڕێژکردنی ئوتۆمبێلو چاندنی بۆمبی تەوقیتکراو و ڕفاندنی فرۆکە، تا دەگات بە بەکارهێنانی چەکی بایۆلۆجیو کیمیایی، دواییین ڕێگەش مرۆڤی تەوقیتکراو «واتە خۆکوژیی».

تیرۆری سیاسیی پێچەوانەی واقیعو ژیانی سیاسیی ئاساییە، هەموو ئەخلاقەکانی دیموکراتیی تێدەپەڕێنێتو دەبێتە هۆی دروستکردنی کۆسپ لەبەردەم بەڕەوپێشچوونە دیموکراتییەکانو گۆڕینی دیموکراتیانەی وڵات، هەوڵی ئەوە دەدات قەیران لە وڵاتدا دروست بکات.

بەدڵنیاییەوە تیرۆری سیاسیی بەشێوەیەکی بەرنامە بۆ داڕێژراو ئەنجامدەدرێت، ئەوەش لەکاتێکدایە کە لایەنی بەرامبەر وای نیشاندەدات کە هیچ ڕێگەیەک نەماوەتەوە بۆ گفتوگۆ.

ئەمجۆرە لە تیرۆرکردنە ئێستا لە هەرێمی کوردستاندا هەیە، مەترسییەکی گەورەی هەیەو دەکەوێتە خانەی تیرۆری سیاسییەوە، چونکە سەرهەڵدانی لەگەڵ سەرهەڵدانی دەنگە ناڕازییەکانی کۆمەڵگەیەو بەرەو پێشچوونی هەنگاوەکانی ئۆپۆزسیۆنە بەرەو بڵاوکردنەوەی نەریتی دیموکراسیی لە هەرێمدا.

ئەگەرچی لەناو حیزبی کوردییدا تیرۆری سیاسیی هەر لە خەباتی شاخەوە هەبووەو دوای ڕاپەڕینیش بەردەوام بووە، بەڵام لەوکاتەوەی میدیای ئەهلیی سەریهەڵداوەو ڕۆژنامەنووسان بێگوێدانە بەرژەوەندییە شەخسییەکانیانو بۆ دەرخستنی ڕاستییەکان کاردەکەن، ئەمجۆرەی تیرۆر لەم هەرێمەدا زیاتر پەرەیسەندووە، بەدەرکەوتنی ئۆپۆزسیۆنیش پەرەسەندنی دیکەی بەخۆوە بینی.

ئیدی کاتی ئەوە هاتووە کە دەسەڵاتی سیاسیی لە هەرێمی کوردستاندا بیر لەوە بکاتەوە کە هاوڵاتییان بەڕادەیەک هۆشیاربوونەتەوە کە بە تیرۆرو تۆقاندن ناتوانرێت بەر بەو شۆڕشەی ڕونگەڕیی بگیرێت کە ڕۆژبەڕۆژ لە هەرێمدا بەرەو پێش دەڕوات.

پرۆژەیەک بۆ گفتوگۆ

پێشکەشە بە رۆحی شەهیدانی قەڵەم: سۆران‌و عەبدولسەتارو زەردەشت

کۆمیتەی بەرگری لە ئازادیی رۆژنامەگەری لە باشوری کوردستان*

مەحمود رەزا ئەمین

رۆشنبیرێکی فرەنسی سەدان ساڵ لەمەوبەر وتویەتی: «ئەگەر لەگەڵ بیروبۆچونەکانیشتدا نەبم، ئامادەم لە پێناو ئازادیی رادەربڕینتدا تێبکۆشم».

(ڤۆڵتێر، ١٦٩٤– ١٧٧٨ ز)

بەچاوکردن لەو پرەنسیپە جوانەی ڤۆڵتێر، ئەمانەوێ بێینە مەیدان بۆ بەرگریکردن لەو رۆژنامەنوس و رۆژنامەوانانەی؛ لەو کۆمپانیا و رۆژنامە و گۆڤار و وێبسایتانەی، لەژێر گوشاری دەسەڵاتدان بە مەبەستی بەرتەسککردنەوەی ئازادییان.

پێشەکی:

خەڵکی باشوری کوردستان لە سەرەتای سەدەی رابردووەوە بەڕێگەی جۆراو جۆر، چەکداری یان دیموکراتی، تێکۆشاون بۆ بەدیهێنانی ئازادی و رزگارکردنی کوردستان لەچنگی داگیرکەر. لەو ماوە دوورودرێژەدا سەدان هەزار تێکۆشەر و خەڵکی سڤیل بون بە قوربانی ئەو ئامانجانە.

چ ئەوانەی لەو کاروانە دوورودرێژەدا شەهید بون و ئازادبونی کوردستانیان بەچاو نەبینی، چ ئەوانەی لەژیاندا ماون یان پاشتر هاتونەتە ژیان، بەحوکمی ئەو چەوساندنەوە قورس و درێژ ماوەیەی دیبومان یان پشتاو پشت بۆمان باسکرابو، بەتەمابوین ئەو رۆژەی کورد حوکمی خۆی ئەگرێتە دەست، هەنگاوی یەکەمی بریتی بێ لە نەهێشتنی چەوساندنەوەی مرۆڤی کوردستانی و دانانی بەردی بناغەی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی. ئەفسوس دەسەڵاتی خۆخۆیی لەماوەی زیاتر لە ١٩ ساڵی حوکمڕانی دا خەون و خەیاڵی دەیان نەوەی بەبا دا.

لەو ماوەیەدا دەسەڵاتی کوردی:

– نەی توانیوە سەرەتاییترین هەنگاو بۆ بەدامەزراوەیی کردنی دامودەزگاکانی حکومەت هەڵبهێنێ؛

– نەی توانیوە گوند و ئاوایی یەکانی کوردستان ئاوەدان بکاتەوە؛

– نەی توانیوە سەرەتایی ترین خزمەتگوزاری بەرادەی پێویست بۆ دانیشتوانی وڵات دابین بکا؛

– نەی توانیوە لانی کەمی گوزەران بۆ کۆمەڵانی خەڵک فەراهەم بکا؛

– نەی توانیوە مافی قانونی و دەستوری بۆ سەدان هەزار قوربانیی دەستی رژێمی بەعس بگێڕێتەوەو قەرەبوی زیانە مادی و مەعنەوییەکانیان بۆ وەربگرێ؛

– نەی توانیوە ئاوبوری کشتوکاڵیی یان پیشەسازی ببوژێنێتەوە یان پەرە پێ بدا؛

–نەی توانیوە،نەک دادپەروەریی کۆمەڵایەتی بەدی بهێنێ یان هەوڵی بۆ بدا، بەڵکو سیستماتیک هەوڵی داوە لەسەر حسابی زۆرینەی هەرە زۆری دانیشتوانی وڵات بەردەوام ئیمتیازاتی چەند سەد کەسێکی دەسەڵاتداری زل و، چەند هەزار کەسێکی مشەخۆری دەوری دەسەڵات لە زۆربون و بەرزبونەوەدا بێ؛ تا هاتوە دەوڵەمەندە مشەخۆرەکان دەوڵەمەندتر و، هەژارەکان هەژارتر بون؛

لەوڵاشەوە، دەسەڵات نەیتوانیوە لەئاست پاراستنی سنورەکانی وڵات و بەدیهێنانی ستراتیجی دوور یان نزیکی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا بێ. هەوڵەکانیشی لە بەغدا، زۆربەی لەپێناو دابینکردنی ئیمتیازاتی حیزبی و تایبەتیدا بون.

ماوەی ١٤٠ ی دەستوری هەمیشەیی عێراق کە بۆ خەڵکی کوردستان مادەیەکی چارەنوسسازەو پەیوەندەی بە ئێستاو ئایندەیەوە هەیە، دەسەڵات کردوێتی بە قوربانی کۆنتراکتەکانی نەوت. ئەو کۆنتراکتانەی، شیرینی و بەرهەمیان بەتەنیا بۆ بەرژەوەندی تایبەتی بنەماڵەیی یە و خەڵک و حوکمەت و پارلەمانی کوردستان نە ئاگایان لێیانەو نە کەمترین سودیشیان بۆ بەرژەوەندی گشتی لێ وەرگیراوە.

لەپاڵ ئەم هەمو کەموکوڕی و نەتەوانیانەیدا دەسەڵاتی کوردی بەردەوام لە هەوڵی بەرتەسککردنەوەی ئازادییە گشتییەکانیشدایە، دەسەڵات ئەیەوێ و کار ئەکا بۆ ئەوەی رۆژنامە ئەهلییەکان و رۆژنامەنوسانی نا حیزبی دەستەمۆ یان کەم تواناو بێ دەرامەت بکا؛ هەوڵ ئەدا بەردەوام گومان لە پاکیزەیی رۆژنامەی ئەهلی بکرێ و بە تابوری پێنج و بە نەیاری «تاقیکردنەوەی دیموکراسی» هەڕێمی کەردستان بیانناسێنێ؛ هەوڵ ئەدا لە ڕێگەی غەرقکردنی بازاڕی رۆژنامەگەری بە گۆڤارو رۆژنامەو بڵاوکراوەی زەردو پاشکۆ، بازاڕی رۆژنامەی ئەهلی بخنکێنێ و توشی ململانێیەکی نابەرامبەرو تاقەت پرۆکێنی بکا.

حیزبەکانی دەسەڵات بەبیانوی ئەوەی راگەیاندنی ئەهلی بەتەنیا هەر نوقسانی و کەموکوڕییەکان پیشان ئەدا، جوانییەکانی دەسەڵات ئەشارێتەوە، بەردەوام پیش لە رۆژنامە و رۆژنامەگەری ئەهلییە خواتاوە و بۆ هەل ئەگەڕێ گورزی خۆی بوەشێنێ. ئیتر بێ باک لەوەی کە، نە جوانکردنی دەسەڵات کاری رۆژنامەگەری ئەهلییە و نە خودی دەسەڵات ئەوەندە جوانە تا پەنجەی بۆ رابکێشرێ.

ئەگەرچی دەسەڵاتی کوردی لەلایەک ئیمتیازاتی زۆرو زەوەندنەبیست و نابینای کردوە و، لەلایەکی تریشەوە پێوەی دیارنییە ئامادەبێ لەپێناو باشکردنی ژیانی خەڵک و دابینکردنی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان و کەمکردنەوەی نارەزایەتی جەماوەردا، واز لە بەشێک لە ئیمتیازەکانی بهێنێ؛ بەڵام بزوتنەوەی خۆخۆیی جەماوەری و بەرگریکردن لەئازادییەکانی تاک و کۆمەڵ تادێ لە پەرەسەندندان.

ئالەو هەلومەرجەدا، دەسەڵات لەباتی ئەوەی بەکەڵک وەرگرتن لە بیروڕای رۆژنامەنوس و رۆژنامە ئازادەکان خۆی چاک بکا، لەباتی ئەوەی مەوداو ئەتموسفێری ئازادی فراوانترو سازگارتر بکا، هەمو هێزی خۆی بۆ کوشتن و تۆقاندن و دەمکوتکردن و بەرتەسککردنەوەی ئازادیی رۆژنامەگەری و بیروڕا، خستوتەکار. ئەگەر بۆی بچێتەسەر، دەسەڵات بەتەمایەو هەوڵ ئەدا سیستمێکی تۆتالیتاریمان بۆ بەرهەم بهێنێ.

هێرشەکانی دەسەڵاتی کوردی بۆسەر رۆژنامەنوسان کە تا ئێستا سێ هەوڵی کوشتنی فیزیکی سەری گرتوە: (سۆرانی مامەحەمە، د. عەبدولسەتار تایەر شەریف و زەردەشت عوسمان) لە ماوەی کەمپەینی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقیشدا (٢/١٢–٢٠١٠/٣/٥) زەبروزەنگی حیزبەکانی دەسەڵات بەرامبەر رۆژنامەنوسانی ئازاد و نا حیزبی گەیشتنە لوتکەی کۆنترۆڵ لەدەستدان: تەقەکردن، پەلاماردان و لێدان، گرتن و راگرتن، زەوتکردنی ئامرازەکانی رۆژنامەنوس، بەرگرتن لە رومالکردنی کۆنگرە رۆژنامەگەرییەکانی لێپرسراوانی دەسەڵات، سوکایەتی پێکردنی رۆژنامەنوس و هەڕەشەو چاوسورکردنەوە و، لە دوای هەڵبژاردنەکانیش دڕێژەدان بە هیستریای دەسەڵات بەرامبەر رۆژنامەنوس و رۆژنامەی ئەهلی، ئامارژەی خەتەرو ترسناکن بۆ هەوڵی بەردەوامی دەسەڵات بەرەو بەرتەسکترکردنەوەی ئازادیی رۆژنامەگەری و خۆشکردنی زەمینەی سیستمی حوکمڕانی ترس و تۆقاندن لە باشوری کوردستان.

ئێمە، ئەوانەی ئەمانەوێ کۆمیتەی بەرگری لە ئازادیی رۆژنامەگەری لە باشوری کوردستان دامەزرێنین، نە دوژمنی دەسەڵاتین نە بەتەماین ببین بە ئالتەرناتیفی. بەڵام ئەمانەوێ بۆ سنوردانان بۆ هێرشەکانی بۆسەر ئازادیی رۆژنامەگەری بەتایبەتی و ئازادییە گشتییەکان بەگشتی، بە خورتی بێینە مەیدان.

****

پەیرەوی ناوخۆ و بەرنامەی کۆمیتەی بەرگری لە ئازادیی رۆژنامەگەری لە باشوری کوردستان

یەکەم: پەیرەوی ناوخۆ

ناو: ناوی کۆمیتە بریتی ئەبێ لە: (کۆمیتەی بەرگری لە ئازادیی رۆژنامەگەری لە باشوری کوردستان).

کورتکراوەی ناو: کۆمیتەی بەرگری لە ئازادیی رۆژنامەگەری.

سروشتی کۆمیتە: ڕێکخراوێکی دیموکراتی–مەدەنیی رۆژنامەوانی یە. خۆی لە سیاسەت بەگشتی و، سیاسەتی حوکمەتی هەڕێم و حیزبە دەسەڵاتدارەکان بەتایبەتی، هەڵناقورتێنێ، تەنیا لەو کاتانەدا نەبێ کە دەسەڵات هەڕەشە لە ئازادییە گشتییەکان و ئازادیی رۆژنامەگەری ئەکا، یان گوشار ئەخاتە سەر کۆمپانیا ئازاد و ئەهلییەکانی راگەیاندنی کوردستان، یاخود هەڕەشەیان لێ ئەکا، سائیتر هەر شێوەیەکی هەڕەشە بێ و، جێبەجێ بکرێ یان نەکرێ.

کۆمیتە بۆ راپەڕاندنی ئەرکەکانی چەند لیژنەیەکی پسپۆڕ پێک ئەهێنێ.

شوێن: ئۆفیسی سەرەکی، لە هەڕێمی کوردستان– سلێمانی ئەبێ.

لە هەر وڵاتێکی تر توانرا کۆمیتە دابمەزرێنرێ، ناوی وڵاتەکە (شوێن) ئەبێ بە بەشێک لەناوی کۆمیتەکە، بۆ نمونە: (کۆمیتەی ئەڵمانیا بۆ بەرگریکردن لە ئازادیی رۆژنامەگەری لە باشوری کوردستان).

ئەندامان و چالاکوانەکانی کۆمیتەکانی دەرەوەی وڵات بریتی ئەبن لە کوردستانییانی دانیشتوی وڵاتی خانەخوێ (ئەڵمانیا بۆ نمونە) و ئەو کەسایەتییە ناوداوە ئەلمانییانەی ئامادەن لەم کۆمیتەیەدا کار بکەن یان هاوکاریی بکەن.

ئەرکی سەرەکی کۆمیتەکانی دەرەوە بریتی یە لە پەیاکردنی کۆمەکی مادی و مەعنەوی بۆ کۆمیتەی دایک.

ئەندام: هەر کۆمپانیایەکی رۆژنامونسیی ئازاد، هەر رۆژنامەنوس و رۆژنامەوانێک (نێر یان مێ، کورد یان نەکورد) لە دەرەوەی دەزگای راگەیاندنی حیزبەکانی کوردستان کار بکا، ئەتوانێ لەبەرامبەر دانی بڕێکی دیاریکراوی ئابونە (بە ڕێسا دیاری ئەکرێ) ببێ بە ئەندام.

مافی ئەندام: ئەو مافانەن کە لە خاڵەکانی (٥، ٦، ٧، ١١، ١٢ و ١٤)ی بەشی ئامانجی دووردا هاتون.

کۆنفرەنس: دوو ساڵ جارێک، بە بەشداری هەمو ئەندامەکانی، لە کۆنفرەنسدا دەستەی نوێ بۆ سەرپەرشتی کاروبارەکانی هەڵئەبژێرێ.

دووەم: بەرنامەی کار

٢–١ ئامانجەکان:

٢–١–١ ئامانجی نزیک:

١– دامەزراندنی کۆمیتەی دایک لە باشوری کوردستان. کارکردن لەم کۆمیتەیەدا خۆبەخشە. ئەگرێ بەگوێرەی پێویست و توانا، فەرمانبەری شارەزا بۆ راپەڕاندنی ئەرک و چالاکییەکانی، بەکرێ بگرێ.

٢– دامەزراندنی کۆمیتەی بەرگری لە ئازادیی رۆژنامەگەری، لەوڵاتانی کیشوەرەکانی ئەورووپا، ئەمریکا و ئوسترالیا، لەو وڵاتانەی کوردیان لێ ئەژی. کارکردن لەم کۆمیتانەدا خۆبەخشە.

٣– کۆمیتەکانی بەرگریی لە ئازادیی رۆژنامەگەری، هیچ ئینتیمایەک و ئاراستەیەکی سیاسییان نابێ. بێجگە لە رۆژنامەنوس و رۆژنامەوان، رۆشنبیران و خەمخۆرانی ئازادیی رۆژنامەگەریش، بەجیاوازی ئینتیمای سیاسی، نەتەوەیی، جێندەر، ئایینی و هی ترەوە، ئەتوانن ببن بەئەندام و پشتیوانی مادی و مەعنەوی بکەن.

٤– کۆکردنەوەی زانیاریی ورد لەسەر هەوڵەکانی دەسەڵاتی کوردی بۆ خنکاندنی دەنگی ئازاد و بەرتەسکردنەوەی بەردەوامی ئازادیی رۆژنامەگەری و، گەیاندنی بە ڕێکخراوە ناودەوڵەتییە تایبەتمەندەکان و بە دنیای دەرەوە. لەپێناو پەیاکردنی دۆستایەتی و پشتیوانی حکومەت، پەرلەمان و کەسایەتییە ناودارو چالاکەکانی دنیاو ڕێکخراوەکانی جیهانیی مافی مرۆڤ، لەبەرامبەر نیازە خراپەکانی دەسەڵاتی کوردیدا و ناچارکردنی بە پاشەکشە.

٢–١–٢ ئامانجی دوور:

١– راگرتنی هێرش و هەڕەشەی دەسەڵاتی کوردی لە ئازادیی رۆژنامەگەری لەجێگەی خۆیدا، لەپێناو پاشەکشە پێکردنی و فراوانکردنی بەردەوامی مەوداکانی ئازادییە گشتییەکان و، پشتیوانی حکومەت، پەرلەمان و کەسایەتییە ناودارو چالاکەکانی دنیاو ڕێکخراوەکانی جیهانیی مافی مرۆڤ، لەبەرامبەر نیازە خراپەکانی دەسەڵاتی کوردیدا و ناچارکردنی بە پاشەکشە.

٢–١–٢ ئامانجی دوور:

١– راگرتنی هێرش و هەڕەشەی دەسەڵاتی کوردی لە ئازادیی رۆژنامەگەری لەجێگەی خۆیدا، لەپێناو پاشەکشە پێکردنی و فراوانکردنی بەردەوامی مەوداکانی ئازادییە گشتییەکان و، پشتیوانی حکومەت، پەرلەمان و کەسایەتییە ناودارو چالاکەکانی دنیاو ڕێکخراوەکانی جیهانیی مافی مرۆڤ، لەبەرامبەر نیازە خراپەکانی دەسەڵاتی کوردیدا و ناچارکردنی بە پاشەکشە.

٢– دامەزراندنی ئۆفیسی کۆمیتەکە لە هەرێمی کوردستان– سلێمانی ئەبێ.

٣– پشتیوانیکردنی جیدی و سیستماتیک لەو کۆمپانیاو رۆژنامەنوسە ئازادانەی، لە کوردستان ئەکەونە بەر تانەو تەشەر، بەر هەڕەشەو هێرشی دەسەڵات.

٤– دانانی سندوقی پشتیوانی و دابینکردنی سەرچاوەی داهات بۆ ڕاپەڕاندنی کاروبارەکانی کۆمیتەکانی بەرگری لە ڕێگەی حوکمەتی هەرێم و حوکمەتی عێراق و، لە ڕێگەی دەوڵەمەندی خۆمالّی و ئەو ڕێکخراوە دەوڵەتی و ناودەوڵەتییە تایبەتمەندەکان و بە دنیای دەرەوە. لەپێناو پەیاکردنی دۆستایەتی و پشتیوانی حکومەت، پەرلەمان و کەسایەتییە ناودارو چالاکەکانی دنیاو ڕێکخراوەکانی جیهانیی مافی مرۆڤ، لەبەرامبەر نیازە خراپەکانی دەسەڵاتی کوردیدا و ناچارکردنی بە پاشەکشە.

٥– دابینکردنی موچەی کاتی، لە ڕێگەی سندوقی پشتیوانیەوە، بۆ ئەو رۆژنامەنوس و رۆژنامەوانانەی، دەسەڵات بە فێڵ و فەرەجی یاسایی کۆسپ لەبەردەم مامەسەکردنی کاری رۆژنامەگەرییان دائەنێ (شکات لێکردنیان بەناوی ناوزڕاندنەوە، بۆ نمونە) ، تا ئەوکاتەی رۆژنامەنوسەکە/ رۆژنامەوانەکە ئەکەوێتەوە کار یاخود کارێکی تری، بۆ دابینکردنی بژێوی خۆی و خێزانی، دەست ئەکەوێ.

٦– بۆ رزگارکردنی رۆژنامەنوسەکانی راگەیاندنی حیزبی لە (ڕبتزان) ی حیزبەکان و دەسەڵاتداران، کۆمیتەی بەرگریکردن لە ئازادیی رۆژنامەگەری، لەکاتی دەرکردن یان پابەندنەبونی رۆژنامەنوس و رۆژنامەگەری حیزبی بە تەوجیهاتی حیزبەوە، مافی ژمارە (٥) ی پێ ئەبەخشێ.

٧– کردنەوەی خولی پێویست و بەردەوام بۆ ئەندامەکانی بە خۆڕایی و، بە پشت بەستن بە توانای خۆیی و بیانی، لە پێناوی ڕاهێنانی ئەندام لەسەر ئیتیکی رۆژنامەگەری بەرز و، بەرزکردنەوەی توانا و پەیاکردنی پسپۆڕیی لە بواری جیا جیای رۆژنامەنوسی و رۆژنامەگەری دا.

٨– کارکردنی سیستماتیک و بەردەوام بۆ دیاریکردن و ئاشکراکردنی سەرچاوەی داهاتی دەزگاکانی راگەیاندنی حیزبەکان و بەهرەمەندبونی هەموان بە قانون لە پشتیوانیی مادیی حوکمەتی هەرێم.

٩– کارکردنی سیستماتیک و بەردەوام بە ئاراستەی ناچارکردنی دەسەڵات بۆ ئەوەی سەرچاوەکانی دەسکەوتنی زانیاری، لە هەمو داوودەزگاکانی حوکمەتدا، لەبەردەم رۆژنامەنوساندا والا و ئازاد بکا، تا ئەو رادەیەی هەرکەسێک ڕێگەی بەردەم دەسکەوتنی زانیاری لە رۆژنامەنوس داخست یان قورس کرد، رۆژنامەنوس بتوانێ ببدا بە دادگا.

١٠– هەوڵدانی بەردەوام بە ئاراستەی گۆڕینی مادەو بەندە خراپەکانی یاسای کاری رۆژنامەگەری لە کوردستان، بەقازانجی ئازادی زیاتری چاپ و بڵاوکردنەوە.

١١– تا ئەوکاتەی هیچ مادە و بەندێکی خراپ لەناو یاسای کاری رۆژنامەگەریدا نامێنێ، کۆمیتەی بەرگریکردن لە ئازادیی رۆژنامەگەری هەوڵ ئەدا، لە پێناو سوککردنی باری شانی کۆمپانیاکان و رۆژنامە ئازادەکان و رۆژنامەنوسە بوێرەکاندا بەشێک یان هەمو ئەو پارەیە دابین بکا کە دادگاکانی دەسەڵات وەکو سزا، ئەیسەپێنن بەسەریاندا.

١٢– دابینکردنی کرێ (أتعاب) ی ئەو پارێزەرانەی، لەدادگاکاندا بەرگری لە رۆژنامەنوسەکان و کۆمپانیا ئەهلییەکانی راگەیاندن، ئەکەن. پاخود، دابینکردنی پارێزەری خۆبەخش، چ خۆمالّی یان بیانی، بۆ بەرگریکردن لە دۆسێی رۆژنامەنوسان و کۆمپانیا ئازادەکانی راگەیاندن، لەناو دادگاکانی کوردستاندا.

١٣– دروستکردنی گوشاری سیستماتیک و بەردەوام لەسەر دەسەڵاتی کوردی، لەپێناو ناچارکردنی بۆ قبوڵکردنی هەمو کایە و یارییەکانی دیموکراسی راستەقینە، بەئاراستەی فەراهەمکردنی ڕۆشنی لە هەمو بوارەکاناو، هێنانەدی دەستەواژەی (زانیاری بۆ هەموان) و دەستاودەست پێکردنی دەسەڵات لە ڕێگەی سندوقەکانی دەنگدانەوە.

١٤– تێکۆشانی بەردەوام بە ئاراستەی دانانی قانونی خانەنشینی بۆ کارمەندانی بواری رۆژنامەگەری لەلایەن پارلەمانی کوردستانەوە.

١٥– هەوڵدانی سیستماتیک و بەردەوام بە ئاراستەی دروستکردنی پەیوەندیی تەندروست لە نێوان دنیای رۆژنامەگەری و دەزگای داواکاریی گشتی دا، لە پێناو لەناو بردنی زەمینەی گەندەڵی و دزینی سامانی گشتی دا کە، بون بە هەڕەشەی جددی لەسەر ژیان و ئابوریی کۆمەڵ.

رۆژنامەنوسانی ئازاد! رۆشنبیرانی دڵسۆز!

خەمخۆرانی ئازادی و دیموکراسی لە کوردستان!

گەلەکەمان هەروەکو چۆن لە رابردودا، لەپێناو بەرگریکردن لە هێرشی لەناوبردن، سڕینەوەی سیمای نەتەوەیی و تەعریبکردنی کوردستاندا پێویستی بەقەڵەم، ئارەقە و خوێنی رۆڵەکانی هەبو، ئێستاش پێویستی بە توانا و لە خۆبوردەیی هەمومانە.

بەڕێزان!

– بۆ ئەوەی مافەکانی خۆمان بپارێزین؛

– بۆ ئەوەی سنوری بۆ لوتبەرزی و هەڕەشەکانی رۆژنامەنوسانی دەسەڵات و دەسەڵات دابنێین؛

– بۆ ئەوەی ڕێگە لە نەشونماکردنی دەسەڵاتی دیکتاتۆری بگرین؛

– بۆ ئەوەی مەوداکانی ئازادی چاپ و بڵاوکردنەوە تائەوپەڕی فراوان بکەین؛

– بۆ ئەوەی ڕەگی گولیی گەندەڵی ببڕین و ڕێگە لە دزینی سامانی نیشتمانی بگرین؛

– بۆ ئەوەی ڕێگە بۆ دەستاودەستپێکردنی ئاشتیانەی دەسەڵات و، ڕێگە بۆ لەدایکبونی سیستمی دیموکراتیی تەندروست خۆش بکەین، تا لەسایەیدا هەمومان لە داهاتی وڵات دا بەشدار و، لەدادگاکانیشی دا، نێرو مێ، شێخ و مورید، ئاغا و سەپان، کرێکارو خاوەنکار، عەشیرەتدار و بێ عەشیرەت، دەرەبەگ و جوتیار، دەسەڵاتدارو بێ دەسەڵات، وەکو یەک بین، پێویستە هەموان پێکەوە بێینە مەیدانی بەرگریکردن لە ئازادیی رۆژنامەگەری، چونکە بەبێ زامنکردنی تەواوی ئازادیی رۆژنامەگەری ئەستەمە زەمینەی سیستمی فەرمانڕەوایی دیموکراسیی تەندروست بسازێ.

بۆ پێشەوە بەرەو فەراهەمکردنی سازگارترین زەمینەی ئازادیی رۆژنامەگەری.

دەستەی دامەزرێنەری کۆمیتەی بەرگری لە ئازادیی رۆژنامەگەری

سلێمانی، سەرەتای ٢٠١٠

* ئەم پرۆژەیە لە مانگی مەی ٢٠٠٨ وە نوسراوە هەوێنی لەدایکبونی شکاتەکەی تالەبانی بو لە رۆژنامەی هاوڵاتی. لە دوای شەهیدکردنی سەردەشت عوسمانەوە تۆزێک دەستکاریم کرد. ئەمە دەرچو کە لەبەردەستی خوێنەردایە.

لەو ماوەیەدا، چەند جارێک لە پشت پەردەوە لەگەڵ ژمارەیەک رۆژنامەنوس و سەرنوسەری رۆژنامەی موعتەبەری کوردستان هەوڵمدا کاری هاوبەشی لەسەر بکەین، کەس وەعدی خۆی نەبردە سەر. هیوادارم هێرشەکانی دەسەڵات بۆسەر ژیان و ئازادیی رۆژنامەنوسان هەمولایەکی رازی کردبێ کە بێجگە لە گردبونەوە و کاری هاوبەش و سیستماتیک هیچ بەیاننامە و نارەزایەتییەکی کاتی و وەرزی ناتوانن بەر بە ملهوڕی دەسەڵات و خەتەرەکانی بگرن

لە سەروبەندی هێورببوونەوەی خۆپیشاندانی خوێندکارانو قوتابییاندا پرۆسەی گۆڕینی پەروەردەو فێرکردن لەنێوان واقیعو فەلسەفەی تۆباویدا



ئەحمەد قادر سەعید *

لە ئەنجامی ئەم گۆڕانکارییانەداو لەماوەی ئەم چەند ساڵانەی رابردوودا پلەی زانینو فێربوون بە ئاستێکی ترسناک هاتووەتە خوارەوە، من بەجێی داخی دەزانم قوتابی هەیە لە قۆناغی پێنجەمی بنەڕەتیدایە، بەڵام پێتەکانی زمانی کوردیو عەرەبی نازانێتو ناتوانێت رستەیەکی تەواو دروستبکات

پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن بەهەموو قۆناغەکانییەوە، واتە هەر لە قۆناغی دایەنگەییەوە، هەتا پلە هەرە بڵندەکانی فێرکردن، پرۆسەیەکی بەیەکەوەگرێداوەو هەر قۆناغە تەواوکەری قۆناغەکەی پێش خۆیەتی، بەڵام ئەرکی رابەرو بەرپرسو مامۆستایانی هەرکامیان لەوی دیکە جیاوازە، ئەرکی سەرشانی دادەکانی دایەنگەکانو باخچەکانی ساوایان زۆر گرانترە لە مامۆستایانی قوتابخانەکانی سەرەتایی (کە ئێستا پێیان دەڵێن بنەڕەتیی).

زانیانی دەروونناسی ئەوەیان سەلماندووە، کە دادەکانی دایەنگەو باخچەکانی ساوایان، دەبێت شارەزاییەکی باشیان لە بواری پەروەردەکردندا هەبێت، واتە بەجۆرێک بن بتوانن منداڵانی ساوا گۆشبکەنو کەشوهەوایەکی ئەوتۆیان بۆ پێشبهێنن، ئارامیی بخەنە دڵو دەروونیانەو ئەو ماوەیەی لە دایکو کەسە نزیکەکانیان دوورددەکەونەوە هەست بە نامۆیی نەکەن، بەڵکو شوێنو ئامێزی ئەوانیان هێندە لا خۆش بێت، لەچوونەوەیاندا حەز بە هاتنەوەی دووبارە بکەنەوە، ئەم هێنانو دروستکردنی بارودۆخە سەلیقەو توانایو هەستو سۆزی تایبەتی دەوێت، کە پێویستە لە کەسی بەرپرسدا هەبێت، نەک دایکو باوک لەبەر کەمدەرفەتی ساواکانیان بهێننە لایانو ئەوانیش تەنیا کاتیان لەگەڵدا بەرنەسەرو گوێ بە هیچکام لە بنەماکانی ئەم شێوازی پەروەردەیە نەدەن، من نامەوێت بچمە ناو درێژەی ئەم باسەوە، چونکە لێدوان دەربارەی، پەل بۆ زۆر لایەن دەکێشێت، کە بەداخەوە لە زۆربەی زۆری دایەنگەکانی ئەمڕۆدا مەرجەکان بوونیان نییەو خاوەن منداڵانی ساواش ناچاریی پالی پێوەنان پەنایان بۆ بەرن، ئەگەر ئەم مەرجانە بۆ ئەم شوێنە پێویست بن، ئەوا بۆ قۆناغەکانی دیکەش مەرجی زیاتر هەن کە دەبێت لەگەڵ بەرەوپێشچوونی قۆناغەکانی دیکەش مەرجی زیاتر هەبن، کە دەبێت لەگەڵ بەرەوپێشچوونی قۆناغەکە پەیڕەوییان لێبکرێتو بنەماکانی سەرکەوتنیان بۆ دابینبکرێتو هەر جۆرە گۆڕینو گۆڕانکارییەک لە پرۆسەکەدا بکرێت، دەبێت ئامانج قوتابیو خوێندکاران بێتو هەلومەرجە تایبەتیو سۆسیۆلۆژییەکانیش لەبەرچاوبگرین، جگە لە بواڕەکانی دیکەی وەک ژینگەو دەوروبەرو هەلکەوتەی شوێنەکانی قوتابخانەو مەلبەندەکانی فێرکردنو تەسکیو فراوانیو دووریو نزیکییان لە شەقامو شوێنە گشتییەکانو... هتد.

ئەمڕۆ لە کوردستانی خۆماندا وا بۆ دووساڵ دەچێت پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن گۆڕانێکی ریشەیی بەسەردا هێنراوە، من وەک مامۆستایەک کە بۆ ماوەی زیاتر لە (٤٠) ساڵ لەو بواڕە کارم کردووەو تا ئەو کاتەش خانەنشینکرام، خۆم بە مامۆستایەکی سەرکەوتووی بواڕەکە دەزانیو لە دەیان خولی گەشەپێکردندا پلەی باشم بەدەستهێناوە، بەڵام بەداخەوە لەگەڵ خۆمدا دەیان مامۆستای دیکەی شارەزا لەم گۆڕانکارییەدا بە تاکە دەنگێک پرسمان پێنەکراو بەهیچ شێوازێک رامان وەرنەگیراو راوێژێکمان پێنەکرا، ئەوەش مانای ئەوە نییە ئەوەی راوێژی پێکراوە زانا نەبووە، بەڵکو بۆ گۆڕینی پرۆسەیەکی لەمجۆرە کە چارەنووسی پەروەردەو فێرکردنی هەرێمی کوردستانی پێوە بەندە، دەبوو راوێژو پرسو گفتوگۆکان لەسەر ئاستی ئەو چەند کەسانە تێپەڕی بایە، کە لە ڕێگای حیزبەکانو دەستەوایی بەڕێوەبەرەکانی پەروەردەکانو سەرپەرشتیارانی پەروەردەییەوە دەستنیشاندەکران، دەبوو ئەم پرۆسەی گۆڕینە هەروا بە سادەیی تێنەپەڕێنرایەو خوێندکارانو منداڵانی ئەم گەلە بەشمەینەتەیان دووچاری ئەم هەموو دڵەڕاوکێیە نەکردایە، وەک لەچەند ڕۆژانی رابردوودا بەدی کران، دەبوو دایکانو باوکانی منداڵانو سەرپەرشتیارانو بەخێوکارانیان ڕۆڵی بەرچاویان بگێڕایە لەڕێی بەرنامە پەروەردەییەکانەوە ڕاوبۆچوونیان بزانرایە،

چونکە گۆڕانی سیستمی پەروەردەیی لە هەرێمی کوردستاندا کارێکی هەروا ئاسان نییە، ئەم کارە کاتێک ئاسانە کە لەناو پرۆسەکەدا، جگە لە گۆڕین، هیچ گیروگرفتێک نەمابێت، بەڵام کە سەیری پرۆسەکە دەکەیت لە بوونی کارگوزارانەوە تا مامۆستاو بینای قوتابخانەکانو پرۆگرامی پۆلەکانو پسپۆڕیی مامۆستایانەوەو بەرنامەی کارەکانەوە، بەدەست دەیان گرفتی دیکەوە دەناڵێنێو خوێندن شەکەتیی پێوە دیارە.

هەر لەناو شارێکی وەک سلێمانیدا بوونی مامۆستایان لە قوتابخانەکەیەوە بۆ قوتابخانەیەکی دیکە دەگۆڕێت، قوتابخانەی وا هەیە مامۆستایان زۆرترین ژمارەی وانەکانیان لە هەفتەیەکدا لە (١٨) وانە تێپەڕناکات، قوتابخانەی واش هەیە مامۆستاکانی دەبێت لە هەفتەیەکدا (٣٠) وانە بڵێنەوە، لەپۆلێکدا کە ژمارەی قوتابییەکانی لەسەروو (٤٥) قوتابییەوەیە بە بەراورد لەگەڵ دەیان قوتابخانە، کە ژمارەی قوتابییانی هەر پۆلێک لە (١٥-٢٠) قوتابی تێپەڕناکات، ئەمەو جگە لەو خوێندنگەیانەی باشترینو شارەزاترین مامۆستای بۆ دابینکراوەو خوێندنگەی واش هەیە هەتا دوای نیوەی ساڵیش لە هەندێک وانەدا مامۆستایان بۆ دابیننەکرێت، ئەمانەو دەیان گرفتی دیکەی تەکنیکی ئەوتۆو چارەسەرکردنیان دەکەوێتە پێش ئەوەی بیر لە گۆڕینی پرۆسەکە وەک گۆڕینی ریشەیی بکرێتەوە، لێرەدا چەندین پرسیار دێنە گۆڕێ، کە گرنگترینیان ئەوەیە ئایا ئەم پرۆسەیە هەر پرۆسەی پەروەردەی شارەکان دەگرێتەوە یان دەستی کێشاوە بۆ دەرەوەی شارەکان؟ ئایا ئەم گۆڕینە ملی کێشاوە بۆ دەرەوەی شارەکانو چووەتە ناو گوندە دوورەدەستەکان، کە تائێستا بەزەحمەت مامۆستایان پێدەگاتو ئەگەر هەر مامۆستایەکیش سالێک بچێت بۆ سالی دووەم لە ڕێگەی واستەوە لە گوندەکە دەگوازرێتەوەو قوتابیان لە خوێندن ماوەیەکی باش بێبەش دەبن، هەتا مامۆستایەکی دیکەیان بۆ دابیندەکرێت نیوەی ساڵ بەفیڕۆدەڕوات.

گۆڕان لە فەلسەفەی پەروەردەو فێرکردن هەر بە قسە نابێت، بەڵکو هەموو گۆڕینێک با زۆریش سادە بێت پێویستی بە پلانو ڕێکخستنی تۆکمەی هەمەلایەن هەیەو بەراوردکردنی پەروەردەی وڵاتێکی وەک کوردستانی ئێمەی گیرۆدە بەدەست هەزاران گرفتەوە، بە وڵاتێکی ئەوروپی وەک سوید، کە ڕەنگە لە بنچینەدا دانیشتووانەکەی نەزانن شەڕ چییەو ماڵوێرانییان بەسەردا نەهاتبێتو هەموو هێزو توانەکانیان بۆ خزمەتی منداڵان تەرخانکردبێت، ئەم وڵاتەو هاوشێوەکانی ئەگەر بەراورد بکرێت لەگەڵ وڵاتی خۆماندا هاوکێشەکردنی ئەوان بە خۆمان، یان چاولێکردنو پیادەکردنی پرۆسەی ئەوان، کتومت وەک خۆیان هەڵەیە کە کارەساتی قبوڵنەکردنی وەک ئەوەی ڕۆژانی رابردووی خوێندکارانی کوردستانی لێدەکەوێتەوە، بۆیە بیرکردنەوە لە گۆڕینی پرۆسەیەکی ئاوا پڕ لە مەترسی دەبێت هەموو هەلومەرجەکان لە ئاستێکدا لەبەرچاو بگیرێن، قوتابییانو خوێندکاران بە خۆشحالییەوە وەربیگرن نەک لە بنچینەدا هەست بە بارگرانیی بکەنو پێیان وابێت زۆرداریەکی گەورەیان لێدەکرێت، یان وا هەستبکەن ئەو گۆڕانکارییە لەبەرخاتری چاوی چەند منداڵێکی دیاریکراوەو مافی ئەوانی دیکەشی خستووەتە ژێرپێ.

بۆیە من لە گۆڕینی پرۆسەیەکی وەها پڕ لە مەترسیدا ئەوەی مەبەستمە بیڵێم ئەوەیە، هەموو مەرجە تایبەتیو زاتیو جوگرافییەکان لەبەرچاو بگیرێتو گۆڕینەکە قۆناغ بە قۆناغ بێت، نەک وەک ئەوەی ئێستا دەبینرێت کە لە فەوزا نەبێت لە هیچ شتێکی دیکە ناچێت، جاران لە قۆناغی سەرەتاییدا سەرپەرشتیارێک دووانو سیان سەردانی قوتابخانەکانیان دەکردو بەڕێوەچوونی پرۆسەی فێرکردنو پەروەردەیان بەسەردەکردەوە، ئێستا هەموو ڕۆژێکو هەر ڕۆژە جۆرە کەسێک خۆی دەکات بەناو قوتابخانەکانو ناویان لێنراوە (سەرپەرشتیار)و ئەگەر بچیتە بنجو بناوانیان لە کۆمەلێک قسەی سواوی ئاسان نییە، ئەم کارە کاتێک ئاسانە کە لەناو پرۆسەکەدا، جگە لە گۆڕین، هیچ گیروگرفتێک نەمابێت، بەڵام کە سەیری پرۆسەکە دەکەیت لە بوونی کارگوزارانەوە تا مامۆستاو بینای قوتابخانەکانو پرۆگرامی پۆلەکانو پسپۆڕیی مامۆستایانەوەو بەرنامەی کارەکانەوە، بەدەست دەیان گرفتی دیکەوە دەناڵێنێو خوێندن شەکەتیی پێوە دیارە.

هەر لەناو شارێکی وەک سلێمانیدا بوونی مامۆستایان لە قوتابخانەکەیەوە بۆ قوتابخانەیەکی دیکە دەگۆڕێت، قوتابخانەی وا هەیە مامۆستایان زۆرترین ژمارەی وانەکانیان لە هەفتەیەکدا لە (١٨) وانە تێپەڕناکات، قوتابخانەی واش هەیە مامۆستاکانی دەبێت لە هەفتەیەکدا (٣٠) وانە بڵێنەوە، لەپۆلێکدا کە ژمارەی قوتابییەکانی لەسەروو (٤٥) قوتابییەوەیە بە بەراورد لەگەڵ دەیان قوتابخانە، کە ژمارەی قوتابییانی هەر پۆلێک لە (١٥-٢٠) قوتابی تێپەڕناکات، ئەمەو جگە لەو خوێندنگەیانەی باشترینو شارەزاترین مامۆستای بۆ دابینکراوەو خوێندنگەی واش هەیە هەتا دوای نیوەی ساڵیش لە هەندێک وانەدا مامۆستایان بۆ دابیننەکرێت، ئەمانەو دەیان گرفتی دیکەی تەکنیکی ئەوتۆو چارەسەرکردنیان دەکەوێتە پێش ئەوەی بیر لە گۆڕینی پرۆسەکە وەک گۆڕینی ریشەیی بکرێتەوە، لێرەدا چەندین پرسیار دێنە گۆڕێ، کە گرنگترینیان ئەوەیە ئایا ئەم پرۆسەیە هەر پرۆسەی پەروەردەی شارەکان دەگرێتەوە یان دەستی کێشاوە جگە لە هەندێک زانیاریی بە زۆر ئاخنراوی ئامادەکراو بۆ تاقیکردنەوەکانو هیچی دی، دەی ئەگەر وایە بۆچی منداڵانی زۆرێک لە بەرپرسانو دەوڵەمەندەکانو خواپێداوانی بەرزی پلەی فەرمانبەری منداڵانیان دەنێرنە قوتابخانە ئەهلییەکانو بە پارەیەکی زۆر پێیان دەخوێنن بەشێوازی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردنی ئەوانیش رازینو هەموو داخوازییەکانیشیان بە زیادەوە جێبەجێدەکەن، خۆ ئەگەر لێشیان بپرسرێت خوێندنی خۆمان چییەتی ئێوە پەنا بۆ خوێندنی ئەهلیی دەبەن، ئەوا لە وەڵامدا دەڵێن، ئەوان دەزانن منداڵان فێربکەنو دروستیان بکەن، نەک پرۆسەی پەروەردەو فێرکردنی ئێمە، ئەگەر ئەم وەڵامە لەچەند لایەکەوە ڕاست نەبێت، ئەوا لەو لایەنەوە ڕاستە کە بەڕاستی ئەوان قوتابییان لەچەند لایەکەوە فێردەکەن، لە سەرووی هەموو شتێکەوە لایەنی پەروەردەکەیە، کەوا لە قوتابییان دەکەن ڕێزی مامۆستاکانیان بگرنو ئەو پەیوەندییە تووندوتوڵە لەنێوانیان دروستبکەن کە قوتابی خۆی تێدا بەنامۆ نازانێت و مامۆستایانیش بەڕاستی دەبنە باوکو براو دایکو خوشکی قوتابییان، بەجۆرێک هیچ جۆرە جیاوازییەکی ئەوتۆ بەدیناکرێت بۆنی کەمڕێزیی لێبێت، وەک قوتابییانو خوێندکارانی لای خۆمان لە سایەی ئەو گۆڕانکارییە بێ بنەمایانە هێناویەتە ئاراوە، بەداخەوە قوتابی وا هەیە ئەم بارودۆخە نائاساییەی قۆزتووەتەوە، بەجۆرێک کە مامۆستاوای لێهاتووە نەتوانێت بە قوتابییەک بڵێت پشتی چاوت بڕۆی پێوەیە، کە ڕاستەوخۆ دەچێت بۆ دایکو باوکی دەگێڕێتەوەو ئەوانیش بۆ بەیانی دەرگای پەروەردە لە مامۆستا دەگرنو سکاڵایەکی چەواشەکارانە لەسەر مامۆستا تۆماردەکەنو پەروەردەش دەمودەست مامۆستا بۆ لێکۆڵینەوەو لێپێچینەوە بانگ دەکات، ئەوە وای لە مامۆستایان کردووە لە بنچینەی پرۆسەی خوێندن دڵساردو دڵشکاوبنو مامۆستایەتییان لەبەرچاو بکەوێتو لەزۆر لایەنیشەوە ناهەقیان نییە.

کە دەوترێت پرۆسەی گۆڕانکاریی پەروەردەو فێرکردن بە بەرنامەو لەژێر پرسو ڕای کۆنگرەی پەروەردەییدا بەڕێوەچووە، ئەو پرسە دەهێنێتە پێشەوە، ئەو بەڕێزانەی لە کۆنگرەکەدا بەشداریان کردووە کێ بوون؟ چەندیان بڕوانامەی دکتۆراو ماستەر یان بڕوانامەی زانکۆییان هەبووە؟ یان چەندیان نووسینو بەدواداچوونیان لە بواڕەکانی پەروەردەو فێرکردندا هەبووەو نووسینەکانیان وڵاتەدا ماونەتەوەو سەردانی قوتابخانەکانی ئەو وڵاتەیان کردووەو بەشداریی کارە پەروەردەییەکانیان کردووەو دەیان پرسیاری دیکە، کە بەداخەوە وەڵامدانەوەیان ڕوو بەلای ئەو ڕاستییە وەردەچەرخێنێت دیاریکردنی ئەندامانی ئەو کۆنگرەیەش تەنیا لەڕێی دیاریکردنی حیزبایەتی یان بەهۆی خزمایەتی یان نزیکبوونیان لە یەکێک لە بەرپرسان، ئەندامەکانی دیاریکراوەو ڕوو بەلای پسپۆڕیدا نەکراوە، ئەگەر وانییە یان وانەبووە، بۆ دەیان مامۆستای خاوەن ئەزموون، کە هەیانە چەندین کتێبی لە بواری پەروەردەی منداڵانو ئەدەبی منداڵانداو هەبووەو هەر لاشی لێنەکراوەتەوەو باسیشی نەکراوە، جا کەوا بێت پرۆسەیەک واتە پرۆسەیەکی گۆڕانی پەروەردەیی ئەوە بنەمای بێت، ئاخۆ چاوەڕوانی سەرکەوتنی لێدەکرێتو دەچێتە ئاست داخوازییەکانی خوێندکارو قوتابییانو دەکرێت بناغەی ئەو پرۆسە گرنگەی لەسەر هەلبچنرێت، کە دەبێتە تەلارێکو چارەنووسی خوێندنی هەرێمی کوردستانی دەکەوێتە باوەشەوە، دەبێت بەرپرسانی پەروەردە کە مەبەستیانە پرۆسەی وڵاتێک، کە لەگەڵ ئێمەدا جیاوازیان لەئاسمانو زەویدایە، بهێنینە ئاراوەو لەسەر منداڵە ڕەشو ڕووتەکانی ئێمەی کلۆڵدا پیادە بکەن؟ چۆن وەڵامی ئەو داخوازییانە دەدەنەوە، کە دەیانەوێت لە گۆڕینی بەرنامەی خوێندنی (ئەلفو بێ)ی پۆلی یەکەمدا پیادەی بکەن، کە لە دەقەری سلێمانیدا ئەلفو بێی مامۆستا ئیبراهیم ئەمین بااڵدار دەخوێنرێتو دەقەری بادینانیش جیاوازی لەگەڵ هەردوو دەقەرەکەی دیکەدا هەیە، ئاخۆ پێش ئەوەی بیریان لەو گۆڕانە ریشەییە دەکردەوە، نەدەبوو ئەمانەو چەندین کاری دیکە بەهەند وەربگرن، بەڵێ دەبوو بیریان لە بە پیرۆزڕاگرتنی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن بکردایەتەوە، کە تا ئەم ساتەش مامۆستا هەیە دوانانی لەگەڵ بەعسو ڕژێمی گۆڕبەگۆڕدا لەتکردووەو کەچی ئێستا لەئاستی سەرپەرشتیارو بەڕێوەبەری پەروەردەدایەو ئێستا لەناو دەزگاکانی پەروەردەدا مامۆستای تەزویر بوونیان هەیە، هەیان بووە تا چەند ساڵێک لەمەوبەر لە قوتابخانەکاندا کاتب بووە، کەچی لەپڕ بووەتە مامۆستاو لە بنچینەشدا ڕەنگە بڕوانامەی ناوەندیی نەبێت، بۆیە دەبوو بەرپرسانی لەو ئاستەدا زۆر وردبین بوونایە، تا ئەو پەندە کوردییەیان بەسەردا نەچەسپێت، کە باوکو باپیرانمان وتوویانە (بەردێک نەزان بیخاتە گۆمەوە، بەسەد زانا نایەتە دەرەوە).

یان چەندیان بۆ زیاتر لە شەش مانگ لە قوتابخانەو خوێندنگەکانی ئەو

* مامۆستای خانەنشینو پارێزەر

خاوەنی ئیمتیاز:
کۆمپانیای وشە

سەرنووسەر:
ئازاد چالاک

بەڕێوەبەری نووسین
سیروان ڕەشید – هیوا جەمال
٠٧٥٠١٥٢٢٥٢٨ – ٠٧٧٠١٥٧٦٩٠٦
serwan_rm@yahoo.com – hiwa.jamal@yahoo.com

کارگێڕیو ریکلامو ئاگاداری
٠٧٧٠١٢٠٣٩٤٩ – ٠٧٤٨٠١٢١١٤٤
info. rozhnama@gmail.com
riklam. rozhnama@gmail.com

دابەشکردن:
کۆمپانیای نێوەند ٠٧٧٠١٥١٧٥٣٣ – ٠٧٧٠١٥٤٤٧٨٠

ئۆفیسی سەرەکیی:
سلێمانی – زەرگەتە – گردی زەرگەتە – کۆمپانیای وشە

ئۆفیسی هەولێر:
شەقامی ئیسکان – تەنیشت ساردەمەنی من و تۆ
٠٧٥٠٤٥٦٦٢٧٦

چاوپۆشین لە گزیکردن

ڕەزا جەبار

هێشتا لە زاکیرەماندا ماوە هێزە دەسەلاتدارەکانی کوردستان لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردندا بە چ جۆرێک «کەرکوک»یان کردبووە دروشمی خەباتی ئایندەیان، بیرمانە ملمالنێی ئەم هێزانە ئەوەندەی بۆ کپکردنەوەی ملمالنێکەرە سیاسییە کوردییەکان بوو، بەهیچ جۆرێک خەیاڵیان لای ئەو هێزانە نەبوو کە بە وتەی خۆیان دژن لەگەڵ گەڕانەوەی کەرکوک بۆ سەر کوردستان، لەبیرمان نەچووە بچ جۆرێک مامەڵەیان لەگەڵ ئەو کوردانەدا دەکرد کە وەک مافێکی سروشتی خۆیان دەنگیان نەدەدا بەوان.

لەدوای هەڵبژاردندی دوو مانگی رابردوو بینیمان لیستی هاوپەیمانیی کوردستان، هێشتا لە واقیعی بەرزکردنەوەی دروشم و مەوقیف فرۆشتنی رزگاریان نەبووە، بۆیە بریاریاندا تانە لە ئەنجامی هەڵبژاردنی هەندێک ناوچەی کەرکوک بدەن، بە وتەی خۆیان هۆکاری ئەو تانەو ڕەخنانە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو تەزویر و گزیکردنەی کە لیستە عەرەبی و تورکمانەکان ئەنجامیانداوەو بەجۆرێک دەیانخستەڕوو ئەو جۆرە گزیکردنە بەزیان دەگەڕێتەوە بۆ ئایندەی کەرکوک و نەتەوەی کورد، بەڵام زۆری پێنەچو بەئاشکرا پاشەکشەیان کرد لەو بڕیارەو «لەپێناو بەرژەوەندیی گشتیی و سەقامگیریی عێراقدا» شەرعیەتیان بەخشی بە گزیکردن.

ئەم جۆرە مامەڵەیەی لیستی هاوپەیمانیی کوردستان جگە لەوەی قبوولکردنی تەزویری ئیرادەی خەڵکی کەرکوکە، بەجۆرێکی دیکەیش سەلماندنەوەی ئەو حەقیقەتەیە کە ئەم جۆرە عەقلیەتە خۆی بەکەمتر لەنەتەوەکانی بەرامبەر دەبینێت، ئەگەرنا بۆ عەرەبی عێراقی خەمی سەقامگیریی ولات و بەرژەوەندیی گشتیی نییە، بۆ دەبێت کورد بەدەستی خۆی باج بدات بۆ ئایندەی عێراق، باجێک مەگەر هەر لە لپستی هاوپەیمانیی بوەشێتەوە. لەکام ولاتی دنیا قبوولکردنی تەزویرو گزیکردن بووەتە هۆکاری سەقامگیریی ولات و بەرژەوەندی گشتی، چجای ئەو قبوولکردنە لەلایەن نەتەوەیەکەوە بێت تائێستا زۆرترین کێشەی لەگەڵ دەسەلاتی ناوەندیدا هەبێت؟ لەکاتێکدا لیستە عەرەبییەکان کەخۆیان بەخاوەنی عێراق دەزانن نەمانبینی هیچکامیان بۆ بەرژەوەندیی عێراق پاشەکشە لەهیچ هەلوێستێکی سیاسی خۆیان بکەن. ئیدی ئەم دڵسۆزییەی هاوپەیمانیی کوردستان دەبێت لەپێناوی چیدا بێت؟

ئەوەی جێگەی سەرنجدانە لەم هەلوێستەی لیستی هاوپەیمانیی، بەئاشکرا پاشەکشەکردنیەتی لە بەرگریکردن لەکەرکوک و تێگەشتنە لەو ڕاستییەی ئەم جۆرە هێزە سیاسییانە کەرکوک وەک ڕەمزێکی نەتەوەیی دەکەنە دروشمی ساتەوەختی بانگەشەی هەڵبژاردن و سوود لەو واقیعە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەی ئەو ناوچانە وەردەگرن و لەوێ ڕێژەی جەماوەرییان بەرز دەکەنەوە. چونکە دەزانن بەبەراورد لەگەڵ ڕابردوودا چەندە ئاستی جەماوەرییان لەناو هاوڵاتیانی ژێر دەسەلاتەکەیاندا ڕوو لەدابەزینە.

سایکۆلۆژیەتی مرۆڤی کرێچی

هاورێ کاسترۆ

لەو ڕۆژەوەی مرۆڤ مالئاوایی لە منداڵانی دایکی دەکات و زێدی بوونی بەجێدەهێڵێت، سەفەر بەرەو مەنزلی نوێی وەرێدەخات و لە هەواری نوێدا چاو بە دنیایەک دەکاتەوە، کە پڕاوپڕە لە ئازارو خۆشیی ژیان، لە ویژگەی یەکەمی بوونداً لە فارگۆنەکانی ژیاندا لەگەڵ کردنەوەی پرسگەکانیو بینینی مرۆڤەکان، لەگەڵ ڕەهەندەکانی ملمالنێی نێوان مرۆڤ دەبێتە هاورێ، لەو ڕۆژەوە مرۆڤ لە دەروازەی ژیان لەگەڵ کێشەکاندا دەکەوێتە ملمالنێ، وەک هاوکێشە تەریبو کلتووری باوی کۆمەڵگە لەنێوان ئازارو خۆشییدا تا مالئاوایی مردن بەردەوام دەبێت، چونکە لە ڕاستیدا مرۆڤ وەک کائینێکی کۆمەڵایەتی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کێشەکانی ژیان وبەهێزکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و گیانی مرۆڤدۆستی لە کۆمەڵگەدا، لە گەڕان و تێکۆشانایە بۆ دۆزینەوەی ژیانێکی باشتر، ئەگەرچی خۆشیی و ناخۆشییەکانی ژیان و بوونی جیاوازییەکانی نێوان نێرو مێ و ڕەش و سپی مرۆڤەکان...، مرۆڤ خاوەنی یەکەم تۆماری جیاوازییەکانی نێوان خۆیەتی، ئەمەش وەک کاردانەوەیەکی کلتووری بۆماوەیی مێژوو، مرۆڤ مامەڵەی لەگەڵ کردووە، کە دواجار وەک کۆی ئەو نەریتە باوانەی مێژوو ماونەتەوە و کاریگەرییان لەسەر سایکۆلۆژیی مرۆڤ داناوە، بۆ بەرهەمهێنانی دۆخی جیاوازییەکانی نێوان برسیو تێر، دەرەبەگو جوتیار...، ئەمەش بەردەوام ژیانی کردووەتە ناکۆکیی، بۆیە کاردانەوەی سروشتیی ئەو ژیانە، کە مرۆڤ لە دەروازەی بوونیدا ڕەنگڕێژی کردووە، لەبەرئەوە دەبینین لە هەناوی ئەم کۆمەڵگە چەوساوەو چەوسێنەرە کرێچیو خاوەن خانوو، فەقیرو دەوڵەمەند... لەخۆگرتووە، ئەو هاوکێشەیەیە بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی لەگەڵ بونیادی یەکەم مرۆڤی سەرزەوی گەورە بووە، دواجار فاکتەرەکانی دیکەی ژیانی لێکەوتووەتەوە، چونکە بوونی مرۆڤی کرێچیش پەیوەندیی بەو هاوکێشەیەوە هەیە کە ژیانی مرۆڤی لەسەر بنیادنراوە، بۆیە مرۆڤی کرێچی بە درێژایی کرێچێتیی لەناو جەنگێکی دەروونییو ژیانێکی ناجێگیردا دەژیو ململانێکانی ژیان کاریگەریی سایکۆلۆژییان لەسەر بیرکردنەوەو کارکردنی ڕۆژانەی هەیە، بۆیە دنیای کرێچی ژیانێکی پڕاوپڕە لە ئازاری کۆمەڵایەتیو سرینەوەی یادەوەریی گەرەکو مێژوویەکی تێکەڵ لە ژیانو مردنێکی لەسەرخۆیە، بۆیە درککردن بە سایکۆلۆژییەتی مرۆڤی کرێچی هەنگاوێکی گرنگە بۆ ئارامبوونەوەو ئاساییبوونەوەی ژیانی کرێچییەکان، لەبەرئەوە کاتێک لە ڕووی زانستی دەروونناسییەوە ئەم حالەتە ڕافە دەکەین، دەبینین کە مرۆڤ تووشی حالەتی کرێچێتی دەبێتو باری دەروونیی ناجێگیر دەبێتو ئارامیی بەخۆوە نابینێتو شێوازی بیرکردنەوەی دەگۆڕێت، لەم دۆخەدا پێویستە کۆمەڵگە دەروازەکانی بەردەم بیرکردنەوەی فراوانتر بکات بۆ خالیکردنەوەی باری دەروونیی کرێچی، بۆ ئەوەی ئاراستەی هەڵچوونە دەروونییەکەی نەبێتە ئاستەنگ لەبەردەم گەشەی کۆمەڵگەدا، چونکە لە ڕاستیدا مرۆڤ یەکێک لە سەرەتاییترین مافەکانی بوونی شوێنی نیشتەجێبوونە، کە بەپێی جارنامە جیهانییەکان هەموو مرۆڤێک مافی نیشتەجێبوونو سەفەرکردنی هەیەو دەبێت حکومەت دۆخی گونجاو پیادە بکات بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نیشتەجێبوون، بەڵام بەپێچەوانەوە لەسەردەمی ئەمرۆی جیهانگیریدا دەبینین بە هەزاران مرۆڤ لە وڵاتانی جیهان بەتایبەت لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا لە دۆخی بێ جێگەییدا ژیان دەگوزەرێنن و دەمرن، تەنیا ڕووبەری مەترێک زەوی شک نابەن و ڕۆژانە بەدەست سەدان گرفتی کۆمەڵایەتیو تەندروستییەوە دەنالێنن، ئەمە لەکاتێکیدا ڕووبەری زەوی نیشتەجێبوون و زەوی دێمو بەراورد ژمارەی دانیشتووانی یەک لەسەر چوارەو خاوەن داهاتێکی مەزنن، بەڵام بەهۆی سیاسەتی جوداخوازییو نەبوونی پێوەری تەندروست بۆ هاوسەنگکردنی کۆمەڵگەو چارەسەرنەکردنی کێشەی نیشتەجێبوون، ئەم وڵاتانە بەدەست ئەم قەیرانەوە دەنالێنن، ئەگەر هەرێمی کوردستان وەک چەقی نموونەی ئەم کێشەیە ببینینو بە پێوانەیەکی داتایی کاری لەسەر بکەین، دەبینین ژمارەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان لە (٤) ملیۆنو (٥٠٠) هەزار مرۆڤ تێپەڕناکات، بەڵام ڕووبەری زەوی شیاو بۆچاندن (٦٦٩٦٢٤) دۆنمی بەراوە، هەروەها ڕووبەری زەوی دێم (٥٤٧٢٥٥٢) دۆنمە، کە کۆی گشتیی (٨٠٠٠٠) هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشەیە، ئەمە تەنیا زەوی کشتوکاڵییە، جگە لە زەوی نیشتەجێبوونی سنووری شارەوانییەکانی پارێزگای کەرکوک، ئەگەربێتو زەوی دێمو بەراوی هەرێمی کوردستان دابەشی سەر دانیشتوانی هەرێم بکەین، دەبینین مرۆڤێک (١/٣٦) دۆنم زەوی بەردەکەوێت، بەڵام لەکاتێکدا لە هەرێمی کوردستان بە هەزاران مرۆڤ مەترێک زەوییان نییە بۆ نیشتەجێبوون، ئەمە سەرەڕای (١٧٪)ی داهاتی عێراقی لەبەردەستدایە، کە ئەمەش بۆ خۆی دۆخێکی گونجاو بۆ کارکردنو ئارامکردنەوەی کۆمەڵگە دێنێتە ئاراوە، بەڵام دەبینین زۆرترین کێشەی نیشتەجێبوونو گرفتە کۆمەڵایەتییەکانی لەخۆگرتووەو ڕۆژبەڕۆژ لە گەشەکردندان، هەروەها هەستی مرۆڤدۆستیش لای تاکۆ دەسەڵات لە ئاستێکی زۆر نزمدایەو ڕۆژانە بە دەیان مرۆڤ تووندوتیژیی بەرامبەر دەکرێت، بۆیە ئەگەر بە پێوەرە ستانداردە جیهانییەکان ئەم هاوکێشیە شرۆڤە بکەین، ئەوە سروشتی ئەو قۆناغە دەردەخات کە دەسەڵات بە پلەی یەکەم بەرپرسیاری ئەو قەیرانەیە، لەبەرئەوە حکومەت بە درێژایی دەسەڵاتی پلانی تەندروستی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نیشتەجێبوونو خوێندنەوەی بۆ دەروونی ئەو مرۆڤانە نەبووە، کە ڕۆژانە بەدەست کێشەکانی کرێچێتییەوە دەیانتاڵاندو دواجار لە سێبەری خانووی کرێدا مالئاواییان لە ژیان دەکرد، لەلایەکی دیکەوە دەسەڵات پشتیان بەو لێکۆڵینەوەو داتانە نەبەستووە کە پسپۆڕانی بواری دەروونناسیو تۆژەرە کۆمەڵایەتییەکان ڕاقەیان لەسەردەکردو کۆمەڵێک پرۆژەیان بۆ چارەسەرکردنی باری دەروونیی کرێچی دەخستەڕوو، بەڵام دواجار کەلەکەبوونی ئەم کێشانە کۆمەڵگەی کوردیان خستە بەردەم ئاستێکی پڕ مەترسیدارو ژمارەی کرێچییەکانی بە ئەندازەیەک زیادکرد، کە لە هەموو شارو شارۆچکەیەک، یەک لەسەر سێیی دانیشتووان پێکبهێنێتو کێشە کۆمەڵایەتییەکان بەهێزتر بکات، لەکۆتاییدا پالەپەستۆی سیاسیی کۆمەڵایەتی دروست بکاتو دواجار دامودەزگاکانی حکومەت لەئاستی چارسەری بەرزبوونەوەی ئەم ڕێژەیەدا نەبن، لەکاتێکدا داهاتی ئەم هەرێمە بە بەراوردی ژمارەی دانیشتووانی جیاوازییەکی گەورە دەبینین، بەڵام کارەسات لەوەدایە سیستمی ئەم وڵاتە لەسەر کلتووری سیاسیو حیساب بۆ نەکراو زانیوە.

ئەوەی ئەمڕۆ بۆ گەنجان بووەتە جێگەی ئومێدبەخشین، لەدایکبوونی بزووتنەوەی گۆڕانە، دەنگدانیشیان بە لیستی گۆڕان لە هەردوو هەڵبژاردنی(٧/٢٥و ٣/٧) ئاماژەیەکی ڕوونە، بەوەی گەنجان هیچ ئومێدکیان بە دەسەڵاتو حیزبو ڕێکخراوەکانی دیکەی کوردستان نەماوەو گۆڕان وەک تاکە بزووتنەوەی نوێ بە گەڕانەوەی هیواو ئومێدەکانی خۆیان دەزانن.

بۆئەوەی هەمیشە گەنجان گۆڕان وەک هێزگەلێکی سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتی خۆیان بزانن و گۆڕان بەشێک بێت لە خەمی سەرخستنی پەیامو کارنامەی هەریەکێکیان، زۆرگرنگە ئەوانەی کە ئێستا سەرکردایەتیی ئەو بزووتنەوەیە دەکەن، بەتایبەت ئەوانەی پێشتر لەناو یەکێتیو حیزبەکانی دیکە کاریان کردووەو ئێستا پێگەیەکی سەرەکییان هەیە لەبزووتنەوەکەدا، ئەگەر دەیانەوێت جیاوازیی لە حیزبی تەقلیدی کوردی، دەبێت پێشوەخت واز لەترادسیۆنو عەقڵەیەتو شێوازی کارکردنی هێزە چەقبەستووەکان بهێنن کە حیزبە کوردییەکان دەقیان لەسەرگرتووە، بە هەمەئانگیی و ڕاوێژکردنی بە گەنجان، پێکهاتەو بەرنامەو نەخشەو میکانیزمی بزووتنەوەکە دیاریی بکرێتو ڕۆڵو دەوری سەرەکییان هەبێتو سەرکردایەتیکردنو بەڕێوەچوونی جوداخوازیی بەرهەمهاتووەو دەبێت ئەم فرمانە کلتووریە جێبەجێ بکات، لەکاتێکدا تەمەنی مرۆڤ شایستەی ئەوە نییە ببێت بە قوربانی کرێچێتیو ژیانو مردنی لە سێبەری خانووی کرێدا بباتەسەر، ئەگەر پێوەرەکانی مرۆڤدۆستی لە ڕەهەندەکانی ژیاندا بخوێنینەوە، بوونی ژیان لە گرنگی مرۆڤدا پوڵێن بکەین، ئەوا قورسایی مرۆڤ بە بەهای هیچ شتێکی دیکەی کۆمەڵگە ناپێورێت، بۆیە مارکس، گەورە بیرمەندی جیهانیی، دەڵێت: «مرۆڤ گەورەترین سەرمایەیە»، کەواتە مرۆڤ سەرچاوەی ژیانە، پێویستیشە ژیان لە خزمەت مرۆڤدا بێت، واتە دەبێت کۆی پرۆژەو بەرنامەکانی حکومەت لە خزمەت مرۆڤدا بن، دواجار ئەوەی دەمێنێتەوە لەکۆتاییدا ئاماژە بدرێت کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان چی بۆ ئەو تۆڕە دەکات، کە قورسایی ژیانیان لەسەرە، بە تێڕوانینی من کابینەی نوێ دەبێت لە هەنگاوی دەستپێکردنەوە تا کۆتایی پلانێکی سیستماتیککراو لەچوارچێوەی پرۆژەیەکی زانستیدا گەڵاڵە بکرێت بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی کرێچێتی، بەڵام دەبێت هەنگاوەکە بۆ خزمەتکردنی دۆخی کرێچی بێتو قورسایی ئەم پرۆژەیە لە ئەستۆی حکومەتدا بێت، نەک کرێچی، چونکە کرێچی بەو بڕە پارەیەی مانگانە دەستی دەکەوێت ناتوانێت دەربازی بێت لە کرێچێتی، لەبەرئەوە ئەگەر بە نموونە بڵێین مانگانە کرێچی (٥٠٠٠٠٠) دینار وەردەگرێتو (٢٠٠٠٠٠) هەزار دەدات بە کرێی خانوو، (٢٥٠٠٠٠) بۆ کۆمپانیا، ئەمە جگە لە دانەوەی سلفەی حکومەت، ئەی ئەم خێزانە چۆن دەژی، لەکاتێکدا هیچ کۆمپانیایەک لە کوردستان نییە مانگانە بە (٤٠٠) دۆلار ڕازی بێت، بۆیە ئەو هەنگاوانەی لە کابینەی پێنج نراون وەک گوندی ئەڵمانیو شوقەکانی زەکەریا... هیچ کاریگەرییان لەسەر کەمبوونەوەی کرێچی نەبووە، چونکە لە توانای کرێچیدا نەبووە بەشداریی ئەم پرۆژانە بکات، بۆیە دەوڵەمەندەکان بوونەتە خاوەنی پرۆژەکە، بۆیە ئەگەر حکومەت هەر هەنگاوێکی بە ئاراستەی چارەسەرکردنی کێشەی نیشتەجێبوون هەڵبنێت، ئەگەر (٨٠٪) بەرژەوەندیی کرێچی لەبەرچاو نەگیرێت، ناچێتە چوارچێوەی چارەسەری کێشەی نیشتەجێبوونەوە، بەڵکو دەبێتە پرۆژەیەک وەک هەر پرۆژەیەکی دیکەی کوردستان، لەبەرئەوە پێویستە حکومەت ئەو پرۆژانەی بۆ خزمەتکردنی کرێچی ئەنجامیان دەدات بەشێوەیەک بێت، کە کرێچی بتوانێت مانگانەی کۆمپانیا دابینبکاتو بشتوانێت بژی.

بزووتنەوەی گۆڕان، لە نێوان دوو نەوەدا

سیروان ژاژەیی

پەراوێزخستنو دوورکەوتنەوەی گەنجان لە کایەی سیاسیی، یەکێک بوون لەو بابەتە گرنگانەی کە بەدرێژایی (١٨)سالی حوکمڕانی کوردستان بەڕۆکی کۆمەڵگەو حیزبو ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستانی گرتووەو لەو ڕوانگەیەوە، گرنگە شانبەشانی ئەوانەی تەمەنێکی دوورودرێژی کاری حیزبی سیاسییان کردووەو ئێستا لە بزووتنەوەی گۆڕاندا بەردەوامنو خاوەنی پێگەی دیارن، هەڵوێستە بکەن لە بەشداریپێکردنی کاری سیاسیی گەنجانو ئەو دوورەپەرێزییەو نائومێدەییە گەنجان بگۆڕێت بەبەشداریپێکردنی کاری سیاسیی خودی گەنج، لە ستراکتۆری بزووتنەوەکەدا.

نکۆڵی لەوەناکرێت، لەمێژووی سیاسیی گۆمەڵگەکاندا، گەنجانو لاوان ڕۆڵی بنچینەییو سەرەکییان هەبووە لەڕێەڕایەتیو سەرخستنی تەواوی شۆڕشو بزووتنەوە سیاسییو کۆمەڵایەتییەکانی دنیادا، هەرگەنجانیش بوون لەپێناوی گەیشتن بە ئامانجەکانی شۆڕشو مافو ئازادییەکان، یەکەم قوربانییو سووتەمەنی بوون.

لەدایکبوونی بزووتنەوەی گۆڕان بەرئەنجامی کەلەکەبوونی چەندان کێشەی سیاسییو کۆمەڵایەتیو ئابووریی هەرێمی کوردستان بووە، بەتایبەت کێشە زۆرەکانی گەنجان، چونکە ئەگەر سەیری ستراکتۆری بزووتنەوەی گۆڕان بکەین، پێکهێنەری سەرەکی داینەمۆی بزووتنەوەکە، خودی گەنجانن کە لە هەردوو هەڵبژاردنەکەدا توانی کۆمەڵێک گەنجی لێهاتوو کاندید بکاتو بخاتە ناو پەرلەمانەوە.

لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە پێشەوە، بۆچی گەنج پاڵپشتی سەرەکی گۆڕانە، ئایا پشتگیریی گەنج بۆ بەرنامەی گۆڕان، بەرمەبنای چ دۆخێکی سیاسیی بوو؟ ئایا فاکتەرە بابەتیو خودییەکان چی بوونو بۆچی زۆرێک لە گەنجان بەحەماسەوە ئاڵای نیلییان کردە بەدیلی ئاڵاکانو ڕەنگەکانی دی، بۆ بەدیهێنانەی داخوازییەکانیان؟

دەپرسین، دەسەڵاتو حیزبەکان، لە دوای ڕاپەڕینەوە کارو بەرنامەیان چی بووە، بۆ بەشداریپێکردنی فیعلی خودی گەنج، یان بڵێین مامەڵەو تێڕوانینی بۆ ئەم پێکهاتە هەستیارو بایەخدارەی کوردستان چۆن بووە؟

کاتێک کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسیو سەرکردایەتیی حیزبەکانی کوردستان دەبینین، وێنەی حیزبێکی سیاسیت پێ نابەخشێت، بەڵکو هەروەک خەڵوەتگەی پیرانن، (٩٩٪)ئەندامانی مەکتەبە سیاسییەکان، تەمەنیان لە سەرووی (٥٠)ساڵەوەیە!

ئاشکرایە کە گەنجان لەماوەی ڕابردوودا شانبەشانی ئامادەگی حیزبە سیاسییەکان، چەندان ڕێکخراو ناوەندی بەناو داکۆکیکردنو لە خواستو خۆشگوزەرانییان دامەزراند، بەڵام تاهەنوکە گەنجان نائومێدن لەوەی ج حیزبەکانو ج ڕێکخراوەکان کەمترین خۆشبەختیو زەمینەی بەشداریپێکردنی کاری سیاسییان بۆ فەراهەم بکاتو بەردوام لەلایەن دەسەڵاتو حیزبەکانەوە خۆیان بە پەراوێزی سیاسیو حیساب بۆ نەکراو زانیوە.

ئەوەی ئەمڕۆ بۆ گەنجان بووەتە جێگەی ئومێدبەخشین، لەدایکبوونی بزووتنەوەی گۆڕانە، دەنگدانیشیان بە لیستی گۆڕان لە هەردوو هەڵبژاردنی(٧/٢٥و ٣/٧) ئاماژەیەکی ڕوونە، بەوەی گەنجان هیچ ئومێدکیان بە دەسەڵاتو حیزبو ڕێکخراوەکانی دیکەی کوردستان نەماوەو گۆڕان وەک تاکە بزووتنەوەی نوێ بە گەڕانەوەی هیواو ئومێدەکانی خۆیان دەزانن.

بۆئەوەی هەمیشە گەنجان گۆڕان وەک هێزگەلێکی سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتی خۆیان بزانن و گۆڕان بەشێک بێت لە خەمی سەرخستنی پەیامو کارنامەی هەریەکێکیان، زۆرگرنگە ئەوانەی کە ئێستا سەرکردایەتیی ئەو بزووتنەوەیە دەکەن، بەتایبەت ئەوانەی پێشتر لەناو یەکێتیو حیزبەکانی دیکە کاریان کردووەو ئێستا پێگەیەکی سەرەکییان هەیە لەبزووتنەوەکەدا، ئەگەر دەیانەوێت جیاوازیی لە حیزبی تەقلیدی کوردی، دەبێت پێشوەخت واز لەترادسیۆنو عەقڵەیەتو شێوازی کارکردنی هێزە چەقبەستووەکان بهێنن کە حیزبە کوردییەکان دەقیان لەسەرگرتووە، بە هەمەئانگیی و ڕاوێژکردنی بە گەنجان، پێکهاتەو بەرنامەو نەخشەو میکانیزمی بزووتنەوەکە دیاریی بکرێتو ڕۆڵو دەوری سەرەکییان هەبێتو سەرکردایەتیکردنو بەڕێوەچوونی بزووتنەوەکەیان پێ بسپێردرێت.

نابێت ئەوانەی پێشتر لەناو حیزبەکاندا پلەی بالایان هەبووەو ئێستا لەناو بزووتنەوەی گۆڕاندان، خەباتو مێژووی کاری سیاسییان بکەنە پێوەرو دیدیان وا بێت کە تەنیا خۆیان سەرکردایەتی بنو خاوەن بڕیاربن، ناشبێت ئەو گەنجانەی کە دەیانەوێت لەگۆڕاندا کاربکەن، پێیانوابێت، دەبێت هەر گەنج سەرکردایەتیی بزووتنەوەکە بکات، بەڵکو بە ئەزموونو باگراوندی سیاسیی بەتەمەنەکانو بەتواناو لێهاتوویی گەنجەکان، یەکبخرێتو بەبیری نوێ گۆڕان ڕێکبخرێتو سەرکردایەتی بکرێت.

دواجاریش دەڵێین، ئەگەر گۆڕان جیاواز لەهەموو هێزەکانی دیکەی کوردستان بەشداریپێکردنی پراکتیکیانەی کاری سیاسیی گەنجان نەکاتەئەرکو بەشێکی گرنگی کارنامەی خۆی، ئەوا جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ هێزەکانی دیکە نامێنێتو ناتوانێت ئەو تێڕوانینو مامەڵە سیاسییەی دەسەڵاتو حیزبەکانیش بۆ کاراکردنی ڕۆڵو دەوری گەنجان بگۆڕێتو ئەوساش بە پەروایێخستنیان، گەنجان تووشی شۆکو ڕەشبینی دەکەنەوەو دواجاریش لەو نێوەندا بزووتنەوەی گۆڕان ئەرکی خۆی لەدەستدەداتو قالبێکی تەقلیدی بە بالای بزووتنەوەکەدا دەبڕێت کە هیچ کاریگەرییەکی ئیجابی لەسەر گۆڕینی دۆخی نەخوازراوی هەرێمی کوردستان نابێت.

رای گشتی

پاشکۆیەکی مانگانەیە پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن (KIE)
بەهاوکاری ڕێکخراوی (NED)و لەگەڵ ڕۆژنامەدا بڵاوەکرێتەوە.

سالّی سێیەم ژمـــارە (٤) سێشەممە ٢٠١٠/٥/١١

مێزگردێک بۆ تاووتوێکردنی ڕەهەندەکانی یاسای ژمارە (٤)ی سالّی ٢٠٠٩ی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنەکانی پارێزگاکان و قەزاو ناحیەکان لەهەرێمی کوردستان – عێراقدا. ل ٢-٣

ڕێکخراوە ناحکومییەکان کار لەسەر پرۆژە یاسای حکومەت دەکەن

ل ٤

«پێویستە ڕەهەندی سیاسی تێکەڵ بە مافی خۆپیشاندان نەکرێت»

ئا: ڕای گشتی

لەماوەی ڕابردوودا چەندین خۆپیشاندانی چین‌و تونژە جیاجیاکانی کۆمەڵ لەهەرێمی کوردستاندا سەریهەڵداو سەرەتا بە خۆپیشاندانی خوێندکارانی زانکۆو ئامادەییەکان دەستی پێکردو دواتر هاوڵاتیانی ناوچە جیاجیاکان بۆ زانینی بەشە بودجەو ئەو پرۆژانەی بۆیان جێبەجێدەکرێت خۆپیشاندانیان بۆ بەردەم پەرلەمان ڕێکخست‌و ئێستاش خۆپیشادانەکان لێرەو لەوێ بەردەوامن بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو تووندوتیژییانەی ڕوبەڕوی ڕۆژنامەنوسان دەبنەوە ئەوەی جێگەی سەرنجیشە هیچ یاسایەک لە لایەن پەرلەمانەوە دەرنەکراوە بۆ ڕێکخستنی ئەم خۆپیشاندانانە.

لەسالّی ڕابردوودا ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی پرۆژە یاسایەکیان پێشکەش بە پەرلەمانی کوردستان کردو نزیکەی ٢٣ ئەندام پەرلەمان واژۆیان کردو دواتر خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کرا، هەروەها حکومەتیش پرۆژەیاسایەکی لەو جۆرەی پێشکەش بە پەرلەمان کردبوو بەڵام دواتر داوای لە پەرلەمان کردو پرۆژەکەی خۆی گەراندەوە.

عومەر سدیق ئەندامی لیژنەی کاروباری کۆمەڵی مەدەنی لە پەرلەمانی کوردستان ئاماژە بەوە دەکات کە لیژنەی کۆمەڵی مەدەنی یەکێک بووە لەو لیژنانەی کە پرۆژە یاساکەی ئاراستە کراوەو ڕاپۆرتی خۆمان لەسەر پرۆژە یاساکە نوسی‌و ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانمان کرد».

سەبارەت بەوەی کە ئەو پرۆژە یاسایە لە پەرلەماندا بە کوێ گەیشتووە ئەو پەرلەمانتارەی کوردستان بڕوای وابوو کە لە چەند هەفتەی داهاتوودا جارێکی تر سەرۆکایەتی پەرلەمان پرۆژەیاساکە دەخاتەوە ناو ئەجێندای پەرلەمان بۆ ئەوەی موناقەشەی لەسەر بکرێت‌و بکرێتە یاسا.

سەبارەت بەوەی کە مۆڵەتدانی خۆپیشاندان هەر لە لایەن وەزارەتی ناوخۆوە دەبێت عومەر سدیق

خۆپیشاندانی خوێندکارانی پۆلی ١٠و ١١ی ئامادەییەکان لە سلێمانی

فۆتۆ: شکار موعتەسەم

وتی «بەگوێرەی پرۆژە یاساکە کە داوامان کردووە مۆڵەتدان بە خۆپیشاندەران لەلایەن وەزارەتی ناوخۆ نابێت‌و بەڵکو لەڕێگەی یەکە ئیدارییە هەڵبژێردراوەکانی وەک قەزاو ناحیەکان دەبێت، چونکە ناکرێت لە قەزایەکی سەر بە پارێزگای دهۆک یان سلێمانی ماوەیەکی زۆر چاوەڕێی وەزارەتی ناوخۆ بکرێت بۆ ئەوەی مۆڵەتی خۆپیشاندەران بدرێت».

لەلایەکی ترەوە دادوەر سەروەر عەلی دەربارەی ئەوەی باشترە خۆپیشاندەر بۆ ئەنجامدانی خۆپیشاندان مۆڵەت وەربگرێت یان تۆماربکرێت ئاماژە بۆئەوە دەکات کە «خۆپیشاندان بۆخۆی یەکێکە لە مافە سروشتییەکان‌و لەگەڵ دروستبوونی مرۆڤدا ئەو جۆرە مافانەش هەیەو یەکێکە لە مافەکانی ئازادی ڕادەربڕین بەڵام کێشەی خۆپیشاندان ئەوەیە کە تەعاروز ئەکات لەگەڵ مافێکی تردا کە مافی ڕۆیشتن‌و هاتوچۆی هاوڵاتیانە. لێرەدا بۆ هەردوو شێوەکە هەم تۆمارکردن‌یان‌مۆڵەتوەرگرتن‌دەبێت ڕێوشوێنێک بگیرێتە بەر بۆئەوەی کە خۆپیشادانەکە پارێزراوبێت هەم خۆپیشاندەران پارێزراوبن هەم لەناو خۆپیشاندانەکەشدا گرژی دروست نەبێ‌و نەبێتە هۆی ئەوەی کە نیزامی گشتی تێک بچێت».

بەبڕوای سەروەر عەلی مادام خۆپیشاندان ئەم ڕێوشوێنانەی پێویستە خۆی لە خۆیدا دەبێت بەجۆرێک ڕێکخستن واتا ڕەزامەندی پیشاندانی لایەنی ئیدارە لە شوێنی دەستپێکردنی خۆپیشاندانەکە کاتی دەستپێکردن‌و کۆتایی خۆپیشاندانەکە کە ئەم جۆرە ڕەزامەندییە پیشاندرا لەلایەنی ئیداریەوە خۆی لەخۆیدا ئەمە مۆڵەت پێدانە، بەڵام گرنگ لەوەدایە ئەم جۆرە ڕێکخستنە نەبێتە ئاستەنگ لەبەردەم مافەکە خۆیدا. ئالێرەدا مامەڵەی حکومەت لەگەڵ تاکی خۆپیشاندەردا دەردەکەوێت کە تا چەند مامەڵەیەکی دیموکراتیانە لەگەڵ تاکی خۆپیشاندەردا دەکات‌و دەتوانێت هاوسەنگی را بگرێت لە مەسەلەی مافی خۆپیشاندانەکەو پاراستنی نیزامی گشتیداو نەهێڵێت پشێوی دروست ببێت.

بەبڕوای دادوەر سەروەر گرنگترین شت ئەوەیە کە ڕەهەندی سیاسیی تێکەڵ بەو مافە نەکرێت واتا نابێت وا لێکبدرێتەوە کە ئەم خۆپیشاندانە دژی دەسەلاتەو ڕەهەندی سیاسی بدرێتێ‌و ڕێگری لە خۆپیشاندانەکە بکرێت کاتێک کە لایەنی ئیداری ئەم مۆڵەتپێدانە ڕەفز دەکات ئەو کاتە هاوڵاتیان بتوانن لە دادگای ئیداری سکاڵا تۆمار بکەن‌و دادگاش بێلایەنانە بڕیاری لەسەر بدات‌و تەنها لایەنە یاسایییەکەی وەربگرێت‌و هەر کاتێک ڕەهەندی سیاسیی درا بەخۆپیشاندانەکە ئەو کاتە دادگای ئیداری هەڵیبوەشێنێتەوە.

زەڕەبین

ڕێنمایی یان یاسای خۆپیشاندان

ئارام جەمال *

ڕێنماییە هەشت خاڵییەکەی وەزارەتی ناوخۆ کەڕۆژی ٢٠١٠/٤/٢٠ سەبارەت بەڕێکخستنی خۆپیشاندان‌و کۆبوونەوە گشتییەکان دەریکرد لەبەر ڕۆشنایی چ دەقێکی یاسایی‌و دەستووریی هەرێمدا دەرکراون؟ یان کام دەستورو یاسا ئەو سەلاحیەت‌و دەسەلاتەی داوەتە وەزارەتی ناوخۆو بەدیاریکراویش وەزیری ناوخۆ کەئەو ڕێنماییانە دەربکات؟! لەکاتێکدا هەموومان ئەوە باش دەزانین کە لەهەرێمی کوردستاندا هێشتا دەقێکی دەستووریی یان یاسایەک نییە بۆ ڕێکخستنی خۆپیشاندان‌و کۆبوونەوە گشتییەکان‌و ئەوەشی هەتا ئێستا هەیە تەنها دوو پرۆژە یاسایە کەیەکێکیان لەژێرناوی «پرۆژەیاسای خۆپیشاندان‌و کۆبوونەوە گشتییەکان»دایەو هەمان پرۆژەیاسا ڕاکێشراوەکەی کۆتایی سالّی ٢٠٠٨ی وەزارەتی ناوخۆیە لەپەرلەمان بەڵام لەکۆتایی سالّی ٢٠٠٩ لەلایەن فراکسیۆنی کوردستانەوە پێشکەش بە پەرلەمان کرایەوە، بەتایبەتی دوای ئەوەی لەڕۆژی ٢٠٠٩/١٠/١٥ حەوت ڕێکخراوی ناحکومی «پرۆژەیاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندان» یان پێشکەش بەنوسینگەی سلێمانی پەرلەمانی کوردستان کردو لەلایەن ٢٣ ئەندام پەرلەمانەوە پشتگیریی لێکراو لە٢٠٠٩/١١/١٧دا خوێندنەوەی یەکەمی لەلایەن سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە بۆ کراو دواتر ئاراستەی لیژنەی یاسایی‌و لیژنەی ناوخۆ ئاسایش‌و ئەنجومەنە خۆجێییەکان‌و لیژنەی مافی مرۆڤ‌و لیژنەی کاروباری کۆمەڵی مەدەنی کرا، بەمەبەستی لێکۆڵینەوە لەبارەی پرۆژەیاساکەوە.

ماوەی نێوان یەکەم خوێندنەوەی پرۆژەیاساکانی ڕێکخستنی خۆپیشاندان‌و دەرچوونی بڕیارەکانی وەزارەتی ناوخۆ نزیکەی پێنج مانگە (٢٠٠٩/١١/١٧ – ٢٠١٠/٤/٢٠)و لەو میانەیەدا دەیان خۆپیشاندان‌و مانکرتن ڕوویانداوە لەسەروشیانەوە خۆپیشاندانی پیرەمەگرون‌و خوێندکارانی پۆلەکانی ١٠و ١١و خوێندکارانی زانستە سیاسییەکان، کەئەمانە هەمووی هاندەر بوون بۆ جوواڵاندنی پرۆژەیاسا خوێندراوەکە بەئاراستەی پەسەندکردنی لەپەرلەمانی هەرێمی کوردستاندا، بەڵام نەک هەر ئەمە نەکرا بەڵکو هەنگاوێکی تریش چووینە دواوە کاتێک ئەو ڕێنماییانە لەلایەن وەزارەتی ناوخۆوە دەرکران، واتە گەراینەوە بۆ پێش ئەو کاتەی کەتێیدا هەردوو پرۆژەیاسای ڕێکخراوەکان‌و فراکسیۆنی کوردستانی پێشکەش بەپەرلەمان کران! چونکە لەلایەکەوە دەبووایە پرۆژەیاسا خوێندراوەکە پەسەندبکرایەو لەلایەکی تریشەوە نەبوونی یاسا باشترە لەدەرچوونی چەند بڕیارێک کەبەئاشکرا بۆنی تەسککردنەوەی بازنەکانی مافو ئازادییەکانی هاوڵاتیانی لێدێت لەرووی ئەنجامدانی خۆپیشاندانەوە.

ڕاستییەک هەیە دەمەوێت لێرەدا بیڵێم ئەویش ئەوەیە کەبڕیارەکانی وەزیری ناوخۆو ئەو پرۆژەیاسایەی فراکسیۆنی کوردستانی پێشکەش پەرلەمانیان کردووە هاو ڕیتمن‌و یەک ئیقاعیان هەیە لەم خاڵانەی خوارەوەدا:

– هەردوولایان جەخت لەسەر مۆڵەتوەرگرتنی پێشوەخت‌و ڕێگەپێدان دەکەنەوە نەک ئاگادارکردنەوە.

– ئەو شوێنەی مۆڵەتەکە دەداتە لیژنەی ڕێکخەری خۆپیشاندەران دەسەلاتی جێبەجێکردنە (وەزارەتی ناوخۆ یان پارێزگار).

– نەک هەر باس لەخۆپیشاندانی لەناکاو نەکراوە بەڵکو هەرکام لەپرۆژەیاساکەی فراکسیۆنی کوردستانی‌و پرپارەکانی وەزارەتی ناوخۆ لەبنەڕەتدا بۆ ڕێگەگرتنە لەمجۆرە خۆپیشاندانە لەناکاوانە لەکاتێکدا زۆربەی ئەو خۆپیشاندانانەی بەمدواییە ڕوویاندا دەکەونە خانەی ئەمجۆرە لەخۆپیشاندانەوەو وەک هەبوویەکی واقیعی لەهەموو دنیادا هەیەو ناکرێت نکۆڵی لێبکرێت.

– جەختکردنەوەیان لەپاراستنی سیستەم‌و ئادابی گشتی وەک بەهانەیەک بۆ کۆتاییهێنان بەخۆپیشاندان‌و بەلاڕێدابردنی.

– ناوهێنانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ بۆ پاراستنی خۆپیشاندانەکە نەک پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان کەهێزێکی تایبەتە بەو بوارە.

* بەڕێوەبەری پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن– KIE

ئاگاداری

بۆ ناردنی هەر بابەتێک بۆ ئەم پاشکۆیە لەسەر هەمواکردنی هەر یاساو پرۆژە یاسایەک یان پێشنیازکردنی پرۆژە یاسایەکی نوێ، تکایە وتارو شیکردنەوەو بابەتەکانتان بنێرن بۆ ئەم ئەدرەسانە:
پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن– سلێمانی– گەڕەکی بەختیاری، شەقامی هەکاری، کۆڵانی ژمارە ١١٣، خانووی ژمارە ٤٤ (نزیک سەنتەری گەنجان).
aram.jamal@kie-ngo.org
dana.jamil@kie-ngo.org
یاخود ژمارە تەلەفونەکانی: ٣١٨٧١١١، ٠٧٧٠١٥٧٣٢١٠

غەدرێکی دیکە

فرمان عەبدولڕەحمان

ڕۆژی (٣)ی ئایار، ڕۆژی جیهانیی ئازادیی ڕۆژنامەگەرییە، بەڵام زەردەشت عوسمان ڕۆژێک دوای ئەو یادە، واتە لە (٤)ی ئایاردا لە پایتەختی هەرێمدا دەرفێنرێتو دوای دوو ڕۆژ لە بیسەروشوێنکردنی، لە شاری موسڵ تەرمەکەی دەدۆزرێتەوە.

ئەم غەدرە، ئەم بەربەرییەتی ڕفاندنو تیرۆرکردنەی دەرهەق بە ڕۆژنامەنووسی جوانەمەرگ زەردەشت عوسمان ئەنجامدرا، هەموومانی هەژاند، ئاخر چۆن نەهەژێین لە کاتێکدا، هێشتا برینی سۆرانی مامە حەمە سارێژنەبووە،کەچی عاشقانی ستەمکاریی،جارێکی دیکەڕۆژنامەنووسێکی دیکەیان تیرۆرکردو برینێکی دیکەیان خستە نێو ڕۆژنامەگەریی ئازادەوە.

ئەو تاوانە گەورەیەی ڕۆژێک دوای ڕۆژی جیهانیی ئازادیی ڕۆژنامەگەریی لە پایتەختی هەرێم، بەرامبەر ئازادیی ڕۆژنامەگەریی ئەنجامدرا، لە سادەترین مانایدا، هەڵگری یەک ئاماژەیە، یەک ئاماژەو هیچی دی، ئاماژەی ئەوەی کە هێزێکی تاریکو عاشق بە دیکتاتۆرییەت لەم هەرێمەدا لە نەشونماکردنێکی نائاساییدایە، هێزێک کە دەیەوێت دونیای ئێمە پڕ بکات لە موقەدەسی سیاسییو هێڵی سوور، هێزێکی تاریک کە دەیەوێت هەموو ئەو قوربانییو خەباتەی بۆ ئازادیی کوردستان دراون لە ڕابردوودا، تەرجەمە بکات بۆ ئازادیی تاکە سەرکردەیەک، یان لە باشترین دۆخدا، تاکە حیزب یان گرووپێک. هێزێک کە پێیوایە، لەسەروو هەموو ڕەخنەگرتنێکەوەیە، هێزێک کە یەقینی زۆرە بەوەی کە ئەم دۆخە پڕ قەیرانو کارەساتو گەندەڵییەی سەرجەم کایە جیاوازەکانی ژیانی لەم هەرێمەدا هەلا هەلا کردووە، بە ترسو توقاندنو کوشتنی ڕۆژنامەنووسان دیزەبەدەرخونە دەبێتو پاشانیش بە ئاسانی دەگوزەرێت.

لە دۆخێکی ئاوادا، هەرێمی کوردستان لەبەردەم دوو ڕێگادایەو سێیەمی نییە، یان ئەوەتا باوەڕ بە ئازادیی ڕۆژنامەگەریی دەهێنینو هێڵە سوورەکان کالدەکەینەوەو دواتر دیموکراسییەت دەچەسپێنین، یان ئەوەتا بە ڕێگاکانی بەعسدا دەڕۆینو هەمان ئەزموونی ناشرینی ئەوان دووبارە دەکەینەوە.

لێرەوە سەرۆکی هەرێم کە لە هەڵبژاردنی (٢٥)ی تەموزی (٢٠٠٩)دا متمانەی زۆرینەی دەنگی هاوڵاتیانی هەرێمی بەدەستهێنا، ئەرکێکی مێژوویی لەسەر شانەو دەبێت هەرێم بە ڕێگای یەکەمدا بەرێت، هەنگاوی یەکەمیش بە کاڵکردنەوەی هێڵە سوورەکانو شکاندنی هەموو موقەدەسێکی سیاسیی دەبێت، پاشان ڕێگەگرتن لەو گرووپ، یان هێزە تاریکەی گەرەکیەتی هەرێمەکەمان بکاتە جوگرافیای کوشتنی ئازادیی. هەڵبەت ئەرکەکە بە پلەی یەکەم ڕووبەڕووی سەرۆکی هەرێم دەبێتەوە، چونکە باڵاترین دەسەڵاتە لە هەرێمدا، ئەگەر خۆی ئەمە ناکات، دەبێت فەزایەکی ئازاد بڕەخسێنێت بۆ ئەوەی ئێمەی ڕۆژنامەنووس ئەو ئەرکە بەجێبێنین. ئاخر ئازادیی ڕۆژنامەگەریی بونیادی هەموو سیستمێکی دیموکراسییە، بەبێ بوونی ئازادیی ڕۆژنامەگەریی، هەر قسەکردنو شانازیکردنێکی دەسەڵات بە ئازادییەوە، جگە لە خۆفریودانو خەڵک فریودان، هیچ مانایەکی دیکە هەڵناگرێت.

پێویستە دەسەڵاتی کوردی تێبگات کە شەهیدەکانمان لەپێناو ئەوەدا گیانی خۆیان فیدا نەکرد، ئەم وڵاتە پڕ بێت لە موقەدەسو بتی سیاسیی، شەهیدەکانمان خوێنیان ڕشت بۆ ئەوەی زەردەشت ئازادانە تەعبیر لە ئازارو نیگەرانییەکانی خۆیو میللەتەکەی بکات، نەک لەسەر ڕەخنەگرتن بکوژرێت، ئیدی هەموو لایەک دەبێت تێبگات، کاتێک ڕۆژنامەنووس ڕەخنە دەگرێت، مەبەستی جوانکردنە نەک ناشرینکردن، ڕەخنەی ڕۆژنامەنووسان نیشاندانی دڵسۆزییە بۆ ئەم میللەتە نەک دژایەتیکردنی، چونکە دەمانەوێت ئێستامان جوانتر بێت لەوەی هەیە.

دەبێت دەسەڵاتدارانی کورد بزانن... ئەگەر بەر بەم خوێنە نەگیرێت کە عاشقانی ستەمکاریی کردوویانەتە جەستەی ئازادیی ڕۆژنامەگەرییەوە لەم هەرێمەدا، باسکردن لە ئازادییو دیموکراسییەت شەرمە، دەبێت هەموولایەک بزانن، ئەگەر ئەم دۆخی ئیرهابە کۆتایی پێنەهێنرێتو تاوانبارانی ئەو زنجیرە ڕفاندنو کوشتنەش کە ماوەیەکە وەکو کابوسێکی ڕەش ئاوێتەی هەرێم بووە، نەدۆزرێنەوەو سزانەدرێن، ئیدی منەتکردنو شانازیکردن بەو تاکە دەستکەوتەی بریتییە لە ئارامییو جێگیریی باری ئەمنیی کە ئەم هەرێمەی پێدەناسرایەوە، هیچ ئەرزشێکی نامێنێت.

چاپ: چاپخانەی زەرگەتە ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٩ - ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٨ - ٣١٩٠٥١٩

سوعاد ئیسماعیل: بۆ چەسپاندنی مەبدەئی دیموکراسی سیستمی لیستی کراوە باشترین جۆرەکانی هەڵبژاردنە بۆ ئەنجومەنی پارێزگاکان

ـــــای ژمارە (٤)ی سالّی ٢٠٠٩ی یاسای هەڵبژاردنی

ـــــیەکان لەهەرێمی کوردستان - عێراقدا

ـــــەتی رێژەیی - کۆتای ئـافرەتـان- کۆتـای کەمەنەتەوەو ئایینەکان

فۆتۆ: رای گشتی

رای گشتی: بوونی یاسایەک بەو شێوەیە کە ماوەی هەڵبژاردنی تێدا دیاری نەکرابێت ئەو قەناعەتە دروست ناکات کە نەبوونی یاسایەک باشترە لەو یاسایەی ئێستا کە بەو شێوە مەتاتییە بێت؟

سوعاد ئیسماعیل: ئەو یاسایەی کە ئێستا بۆ ئەنجومەنی پارێزگاکانو قەزاو ناحیەکانی هەرێمی کوردستان دانراوە بۆ خولی ئێستا نییە بەڵکو بۆ خولی داهاتووە. ئێستا لەرووی یاساییەوە لەفەراغێکی یاسایی گەورەداین، ئەگەر تا ئێستا یاسایەک بۆ ئەنجومەنی پارێزگاکان دەرنەچوبێت ئەی چۆن ئێستا بڕیارێک دەردەکـەن بۆ درێژکردنەوەی مـاوەی کـاری ئەنجومەنەکان، لەماوەی ئەو شەش ساڵەدا ئەنجومەنی پارێزگاکان لەفەراغی یاساییدا کاریکردووە کە ئێستاش چوارچێوەیەکی یاسایی نەبێت نابێت هیچ پاساوێکیش بۆ درێـژکـردنـەوەی کاری ئەنجومەنی پارێزگاکان هەبێت.

تەوەری لیستی داخراو و کۆتای ئافرەتان لەیاساکەدا

رای گشتی: لەمادەی شەشی یاساکەدا هاتووە کە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان بە سیستمی لیستی داخراو دەبێت تا چەند ئەم سیستمە بە گونجاو دەزانن لەکاتێکدا پالاوتن بەپێی مادەی ٩ لە یاسای ژمارە ٣٦ی سالّی ٢٠٠٨ی هەڵبژاردنی پارێزگاو قەزاو ناحیەکان لەعێراقدا بەلیستی کراوەیە؟

ئاریان محەمەد: قسەکردن لەسەر هەڵسەنگاندنی هەر سیستمێکی هەڵبژاردن پەیوەستە بە واقیعی سیاسییەوە. لەئاستی ئەکادیمیدا ئێمە دەتوانین هەڵسەنگاندن بۆ ئەم لیستانە بەو جۆرە بکەین کە لیستی داخراو زیاتر لەژێر کۆنترۆڵی پارتە سیاسییەکاندایە بەڵام لەسیستمیٔ کراوەدا هاوڵاتیان خۆیان لیستی داخراو تەمسیلی جوگرافی تێک دەدات چونکە رەنگە ناوچەیەک هەبێت لەرووی چریی دانیشتوانو جوگرافییەوە گەورەتر بێت بەڵام نوێنەری ئەو ناوچانە دەرنەچن بەڵام لەلیستی کراوەدا دەنگدەران ئازاد دەبن لەوەی کە دەنگ بە نوێنەرەکانی خۆیان دەدەن یان نا؟ مەبەست لەدانانی لیستی داخراو لەناو یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکاندا بۆ ئەوە دەگەڕێنمەوە کەتوانای دروستکردنی هاوپەیمانێتیٔ بەهێز دەکـات‌و لیستی داخراویش بۆ دروستکردنی هاوپەیمانێتی نێوان یەکێتی‌و پارتی باشترو ئاسانترە بۆیان وەک لەوەی حساباتی تر بکەن. بەڵام لەواقیعدا ئەمە لەرووی دیموکراسییەوە پاشەکشەیەکی گەورەیەو ئەوان هۆکاری دارشتنی ئەم جۆرە یاسایەن‌و بەدڵنیایشەوە زەرەرە سیاسییەکە بۆ خۆیان دەگەڕێتەوە.

لەئاستی دونیادا زۆر بەدەگمەن وڵاتێکی دیکە دەوزێتەوە کە ئەنجومەنی پارێزگا یا ئەنجومەنی قەزاو ناحییەکانی بە لیستی داخـراو بێت، ناکرێت ئەنجومەنێک بۆ قەزاو ناحیە بێت‌و بە لیستی داخـراو بێت چونکە هاوڵاتی کاندید هەڵدەبژێرێت‌و ئەو کاندیدە نوێنەرایەتی ئەو هاوڵاتیانە دەکات لەجوگرافیایەکی زۆر بچووکداو پەیوەندی نێوان کاندیدو هاوڵاتی بەهێزتر دەکات‌و لەلایەکی تریشەوە هەڵبژاردنی ئەم کەسانە هـۆکـاری سیاسیی نییە تـاوەکـو حیزب کەسەکان دابنێت، چونکە ئەم نوێنەرانە کارەکەیان تەنها چاودێری خزمەتگوزاری ئیداری دەبێت لەناوچەکەی خۆیانداو گەیاندنی کێشەو گرفتەکانی ئەو ناوچانەیە بە سەرۆکی یەکە کارگێرییەکان بۆیە هیچ مەعقول نییە ئەم کەسە حیزب دایبنێت. لەبەرئەوە لەرووی نوێنەرایەتیکردنەوە باشترواید هاوڵاتیان راستەوخۆ دەنـگ بە کاندیدەکان بدەن‌و هەڵبژاردنەکە بە لیستی کراوەبێت یاخود بەپێی لیستی نیمچە کراوەبێت یان ئەوەتا پارێزگاکە دابەش بکرێت بەسەر چەند بازنەیەکدا.

سوعاد ئیسماعیل: بۆ چەسپاندنی مەبدەئی دیموکراسی سیستمی لیستی کراوە باشترین جۆرەکانی هەڵبژاردنە، بەڵام ئەوەی ئێمە بینیمان لەهەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقدا لەواقیعێکی وەک کۆمەڵگەی کوردی یان عێراقیدا رەگەزی مێیینە بێبەش دەبێت ئەویش بەهۆی ئەوەی کە هێشتا هۆشیاری هاوڵاتیانی ئێمە نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە دەنگ بە ژنان بدرێت.

دەرباز محەمەد: تێبینیەکم هەیە لەسەر ئەو بابەتە، پێدەچێت بەدڵی بوونێک هەبێت چونکە بینیمان لەهەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی ناوەراست‌و باشوری عێراق لە ٢٠٠٩/١/٣١دا کۆتای لە٢٥٪ جێبەجێکراو هەڵبژاردنیش بە پێی لیستی کراوە بوو، واتا تۆ چی دەکەیت سێیەم براوەی پالێوراو ژنە ئەگەرچی دەنگەکانیشی لەریزبەندی بیستەمدا بێت.

سوعاد ئیسماعیل: بـەڵام بۆ خولی ئەمجارەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ئەو رێژەیە لەژنان نەگەیشتۆتە پەرلەمان.

دەرباز محەمەد: نەخێر ٨٢ کاندیدی ژن لەپەرلەمانی عێراق بەپێی یاسا بەتەواوەتی جێگیرکراوە کە ڕێک لە٢٥٪ ی پەرلەمانی عێراق دەکات. وەکو کوردیش لەوانەیە نیو کورسی کەممان هەبێت کە لەوانەیە ئەمە تەواونەکرێت بۆ یەک کورسی واتا لەو ٥٧ کورسییەی کورد لەوانەیە ١٣ ژن دەرچوبێت بەڵام بە حەقی خۆیان ١٣ کورسیی‌و ٢٥٪ی کورسیەکیان بەربکەوێت.

رای گشتی: کۆتای ئافرەتان لەپەیوەند بە لیستی کراوەوە هیچ گرفتێکی بۆ دروست دەبێت؟

ئاریان محەمەد: لەلیستی کراوەدا مەبەست ئەوەیە ئەو پەیوەندییە بەهێز بێت لەنێوان ئەو کەسانە هەڵدەبژێرن کە پێیان باشە. ئەمە پەیوەندی بە واقیعی سیاسیی کوردستانەوە هەیەو ناتوانیت ئەوە دەستنیشان بکەیت کە کام لەو دوو سیستمە باشو گونجاوە، واتـا مـەرج نییە کە لیستی کـراوە بوو ئیتر هاوڵاتیان کەسانی لێهاتوو چالاک هەڵدەبژێرن، چونکە لەمەشدا کۆمەڵێک بنەمای ناوچەیی‌و خزمخزمێنەو عەشایەری تێکەڵی ئەو مەسەلەیە دەبێت ئەگەرچی بە بەردەوامبوونی هەڵبژاردن بە لیستی کراوە ئەم جۆرە لەئینتما کاڵدەبێتەوەو وایلێدێت هاوڵاتیان دەنگ بەو کەسانە بدەن کە دەزانن خزمەتیان دەکەن. بەڵام لەهەموو حاڵەتێکدا ئەگەر هەڵبژاردن بەپێی لیستی کراوە بکرێتە ستراتیژ ئەوا ئازادیی دەنگدەر زیاتر دەبێت‌و پەیوەندی نێوان کاندیدو دەنگدەر بەهێزتر دەبێت لەبەرئەوەو بە بروای من لەئەنجامدا هەر لیستی کراوە باشترە.

ئەوەی راستی بێت ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان بە لیستی داخراو مەبەستێکی سیاسیی لەپشتەوەیەو ئەو کەسانەی کە هێزە سیاسییەکان دایاندەنێنەوە دەبێت بەتەواوی گوێرایەڵی هێزە سیاسییەکان بن.

دەرباز محەمەد: بوونی لیستی داخراو بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان لەرووی تەمسیلی دیموکراسییەوە پاشەکشەیەکی گەورەیە چونکە ناکرێت بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بەلیسی کراوە بێت بەڵام هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان بە لیستی داخراو بێت. ئەمەش دەبێتەهۆی لاوازکردنی پێگەی ئەندامانی ئەنجومەنەکەو هێندەی خەمی حیزبەکەی دەبێت ئەوەندە خەمی رازیکردنی هاوڵاتیانی نابێت. هەروەها لەپارێزگاکانی دیکەی عێراق هەڵبژاردنەکە بە لیستی کراوە بووەو هیچ کێشەیەکیش نەبوو لەئەنجامدانی ئەو پرۆسەیە. جگە لەمەش هەڵبژاردن بەپێی هاوڵاتیان‌و نوێنەردا بەڵام ئەگەر کۆتای ئافرەتانی تێبکەوێت جارێکی تر گرفتەکە دروستدەبێتەوە چونکە دەبینین کاندیدێک دەنگێکی زۆری هێناوەو هاوڵاتیان پێیان باشترە کە ئەو کاندیدە بچێتە پەرلەمان یان ئەنجومەنی پارێزگاکان بەڵام لەجیاتی ئەم کاندیدە کاندیدێکی ئافرەت بە سیستمی کۆتا دەچێتە شوێنی ئەو.

تەوەری کۆتای کەمە نەتەوایەتی‌و ئایین‌و مەزهەبەکان لەیاساکەدا

رای گشتی: با پرسیارەکە بگوێزینەوە سەر جۆرەکەی تر لەسیستمی کۆتا کەئەویش پەیوەندی بەکۆتای کەمە نەتەوایەتی‌و ئایین‌و مەزهەبەکانەوە هەیە. لەمادە ٣٢ی ئەم یاسایەدا هاتووە کە لەدهۆک دوو کورسی بۆ کلدان‌و سریان‌و ئاشوری تەرخانکراوەو لەپارێزگای هەولێریش دوو کورسی بۆ کلدان‌و سریان‌و ئاشوری‌و سێ کورسیش بۆ تورکمانەکانەو لەئەنجومەنی پارێزگای سلێمانیش یەک کورسی بۆ کلدان‌و سریان‌و ئاشوری تەرخانکراوە بەرێزتان چۆن ئەم کۆتایە هەڵدەسەنگێنن؟

دەرباز محەمەد: سیستمی کۆتا لەوەوە هاتووە کە کەمینەیەک هەیە ئەگەر ئەو کەمینەیە بۆخۆی لەئاستی نیشتمانی یان لەئاستی پارێزگادا بێتە ناوەوەو لەهەڵبژاردندا مونافەسە بکات ئەوا دەنگەکەیان ناگاتە کورسییەک بۆیە لەبەرجیاوازیی دین یان نەتەوە کورسییەکیان دەدرێتێ بۆ ئەوەی نوێنەریان هەبێت. ئەمە بۆ ئەوەیە کە خەمەکانی ئەو کەمینەیە بگاتە ئەنجومەنەکە، لەوانەیە من وەک موسوڵمانێک تەنها هەر کێشەکانی ئینتماکەی خۆمم لەبیربێت ئەویش هەر کێشەکانی ئینتماکەی خۆی بزانێت، بەڵام تێبینییە گەورەکە لەسەر ئەو ژمارەیەیە کە تۆ لەرێیەوەچانسی یاسایی دەدەیت بەکەمینەیەک بۆئەوەی نوێنەریان هەبێت. بۆ نموونە ئەگەر پارێزگای هەولێر ژمارەی دانیشتوانی ملیۆن‌و نیوێک بێت‌و بۆ ئەنجومەنی پارێزگاکان ٣٠ کورسی هەبێت واتا هەر ٥٠ هەزار کەس کورسییەکی بەردەکەوێت، لەبەرئەوە ئەگەر بەگوێرەی ئەو دابەشکردنە بێت ئەوا هەموو مەسیحییەکانی پارێزگای هەولێر یەک نوێنەریان بەسە چونکە ئەگەر ژمارەشیان ٧٠ هەزار کەس بێت ناتوانن تەمسیلی دوو کەس بکەن، لەهەموو پارێزگای هەولێر ژمارەی تورکمان ناگاتە ١٠٠هەزار کەس ئیتر چۆن سێ کورسی دەدرێتە تورکمان؟! ئێمە دژی نوێنەرایەتی هیچ کەمینەیەک نین بەڵام کاتێک نوێنەرایەتیش دەدرێت بەکەمینەکان نابێت لەسەر حسابی زۆرینە بێت. ئەگەر پارێزگای هەولێر ٣٠ کورسی هەبێت ناکرێت لەچوارچێوەی ئەو ٣٠ کورسییە ٥ کورسی بۆ کۆتای کەمینە بێت، گرفتەکەش لەوەدایە ئەندامێکی ئەنجومەن لەوانەیە بە ٣٠ هەزار دەنگ بێتە ئەندامی ئەنجومەن بـەڵام کەمینەی ئـەرمـەن لەوانەیە ٢٠٠ دەنگی بەس بێت بۆئەوەی ببێت بە ئەندامی ئەنجومەن، باشترین نمونەشمان نوێنەری سابیئەکانی بەغدادە لەهەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراقدا کە بە ٢٤٧ دەنگ بووە ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگا لەکاتێکدا قاسمی ئینتخابی ٣٠ هەزار دەنگە، دەتوانرێت ٢٤٧ دەنگ لەعەشیرەتێک بکردرێت، لەبەرئەوەی کاتێک کەسێک دەنگ بەٚ کەمینەی تورکمان یان مەسیحی یان ئەرمەنی دەدات کەس نالێت بزانین لەتەسکەرەکەت نوسراوە تۆ ئەرمەنی یان ئەرمەنی نیت. لەهەموو بەسراکورسییەک هەبووە بۆ مەسیحی بەڵام تەنها ٦٠٠ کەس دەنگی داوە بە مەسیحی‌و ئەو کاندیدە مەسیحییەی بووە بە ئەندامی ئەنجومەن نزیکەی ٢٨٠ دەنگی هێناوە! ئەمە کێشەکەیە کە نوێنەرایەتی دەدرێت بە کەمینەیەک بەڵام دەبینین هەموو ئەو دەنگانەی دەروات بۆ ئەو کەمینەیە ناگاتە ١٠٠٠ دەنگ کەچی بۆی دەکرێت بە دوو نوێنەر.

ســەبـارەت بــەژمــارەی کورسییە تەرخانکراوەکان بۆ کەمینەکانی هەولێرو دهۆک بە سەراحەت دەڵێم ئەوە دەستی پارتییە بۆئەوەی بۆخۆی بیات لەژێر پەردەی دادپەروەریدا چونکە ئەمە پەرلەمان زیادی نەکردووە بەڵکو لەسەرۆکایەتی هەرێمەوە ئەو رێژەیە زیادکراوە. کەوابێت لەرووی دادپەروەری‌و عەدالەتی نوێنەرایەتیکردنەوە دەبێت یەک نوێنەر بۆ تورکمان‌و یەک نوێنەر بۆ مەسیحی لەپارێزگای هەولێرو یەک نوێنەر بۆ هەموو مەسیحییەکان لەپارێزگای دهۆک تەرخانبکرێت. من پێموایە دوو کورسی لەپارێزگای دهۆک بەزیاد رۆیشتووە بۆ ئەم کەمینانە کە دڵنیام هەر حیزبێکی تر بەیانی ئیشی لەسەردەکات بۆئەوەی بیباتەوە هەروەها لەهەولێریش ٣ کورسی بەزیاد رۆیشتووە بۆ ئەم کەمینانە. ئێزیدییەکان لەپارێزگای موسڵ بەحەقی خۆیان بووایە دەبووایە سێ کوردسییان لەهەڵبژاردنەکاندا بەربکەوتایە بەڵام یەک کورسییان بەرکەوت چونکە ئێزیدییەکان نزیکەی ١٥٠ هەزار کەس دەبـن کەمتر لـە٥٠ هـەزار دەنگیش کورسییەکە واتا لەهەموو حاڵەتێکدا ئەگەر سێ کورسییان بەرنەکەوێت دوو کورسییانِ هەر بەردەکەوێت، مەسیحییەکانی موسڵ زۆر زۆر زیاترن لەمەسیحییەکانی دهۆک کەچی لەموسڵ دوو کورسییان بۆ دانراوەو لەدهۆکیش دوو کورسییان بۆ دانراوە.

ئاریان محەمەد:

دیاریکردنی ماوەی هەڵبژاردن بۆ ئەنجومەنی پارێزگاکان یان پەرلەمان، یەکێکە لەپێوەرەکانی نەزاهەی هەڵبژاردن

دەرباز محەمەد: ئێستا ئەنجومەنی پارێزگاکان لەهەرێمی کوردستاندا لەفەراغێکی یاساییدان

مێزگردێک بۆ تاووتوێکردنی ڕەهەندەکانی یاسـ
ئەنجومەنەکانی پارێزگاکانو قەزاو ناحـ
دیاریکردنی وادەی هەڵبژاردن – لیستی داخراو – سیستمی نوێنەرایـ

سازدانی: ڕای گشتی

لەخولی دووەمی پەرلەمانی هەرێمی کوردستاندا یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٠٩ی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنەکانی پارێزگاکانو قەزاو ناحیەکان لەهەرێمی کوردستان – عێراق دەرچوو، ئەم یاسایە گرنگی خۆی هەیە لەدیاریکردنی جۆرو شێوازی ژیانی دیموکراسی لەهەرێمدا. بەمەبەستی تاووتوێکردنی هەندێک لەو بڕگەو ماددانەی پەیوەندیان بەسیستمی هەڵبژاردنو بێگەردیی هەڵبژاردنەوە هەیە لەم مێزگردەدا قسەوباسی لەسەر دەکەین.

لەم مێزگردەدا ئەم بەرێزانە بەشداریان کردووە: ئاریان محەمەد مامۆستای زانکۆ لەکۆلێژی یاساو خاتوو سوعاد ئیسماعیل ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانیو دەرباز محەمەد مامۆستای زانکۆو خوێندکاری دکتۆرا لەهەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق

تەوەری دیاریکردنی وادەی هەڵبژاردن لەیاساکەدا

ڕای گشتی: چۆن بڕگەی سێیەم لەماددەی ٣١ی یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٠٩ی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنەکانی پارێزگاکانو قەزاو ناحیەکان لەهەرێمی کوردستان – عێراق لێکدەدیتەوە کەدەڵێت «لەبارێکدا کەنەتوانرا هەڵبژاردنەکان بکرێن، ئەوا ئەنجومەنەکان لەبەرێوەبردنی کاروباریان تاکو ئەنجومەنە نوێکان هەڵدەبژێردرێن بەردەوام دەبن «؟!

سوعاد ئیسماعیل: بەدڵنیاییەوە لەدوای تەواوبوونی ماوەی یاسایی ئەنجومەنی پارێزگاکان، کە بۆ چوار ساڵ بوو، ئێمە وەک ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی تائێستا چوارجار داوامان لەسەرۆکایەتی پەرلەمانو سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کردووە کە ئێمە ماوەمان تەواوبووەو پێویستە ئەنجومەنی پارێزگاکان جارێکی تر هەڵبژێردرێنەوە. ئێمە بۆخۆمان توشی شۆک بووین کە بۆماوەی ٤ ساڵ هەڵبژێردراوینو ئێستا ماوەی کارکردنمان درێژدەکرێتەوە.

ئەو بڕگەی سێیەش لەمادەی ٣١ بە دڵنیاییەوە بۆ درێژکردنەوەی ماوەی ئەنجومەنی پارێزگاکانو بۆ شەرعییەدانە بەو دواخستنەو بۆ پرکردنەوەی ئەو بۆشاییە بێت کەماوەی ئەنجومەنی پارێزگاکان کۆتایی پێهاتووەو بریارنەدراوە بۆ دووبارە هەڵبژاردنەوەی.

بۆیە پێویست بوو ئەو بڕگەیە بە شێوەیەک بووایە کە وادەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی دیاریبکردایە، چونکە ئەگەر ماوەی کارکردنیش درێژ بکرێتەوە ئەوا دەبێت بۆ ماوەیەکی دیاریکراو بێت، ئێستا ماوەی هەڵبژاردنەکە دیارینەکراوەو نازانرێت کەی ئەنجامدەدرێت، ئایا وەکو شارەوانییەکانمان لێدەکەن کە لەدوای ٢٠٠٢ەوە هیچ هەڵبژاردنێکی دیکەیان بۆ نەکراوەتەوە!.

دەرباز محەمەد: گرفتەکە ئەوەیە ئێستا ئەم یاسایە بەتەواوی لەبواری جێبەجێکردندایە لەکاتێکدا ئەنجومەنی قەزاو ناحییەکانیش هەر لەسەر ئەم یاسایە هەڵدەبژێردرێن، ئەمەش شەرعیەت دەدات بە خولی دواتر ئەگەر ئەم یاسایە هەموار نەکرێتو ئەم بڕگەیە لانەبرێت. هۆکاری دواخستنی هەڵبژاردنْ یان ئەوەتا هۆکاری شەرو ئاژاوەیە یان ئەوەتا هۆکاری سروشتی وەکو بومەلەرزەو لافاو کە وادەکات ئەنجامدانی هەڵبژاردن زۆر زۆر سەخت بێت، لەگەڵ ئەمانەشدا ئێستا ئەنجومەنی پارێزگاکان لەفەراغی یاساییدانو خولی دووەمی پەرلەمانیش ماوەی دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکانی تا ٣١-١٢-٢٠٠٩ درێژکردۆتەوە بەڵام تا ئێستا سەڵاحیاتی ئەنجومەنەکان درێژنەکراوەتەوە لەکاتێکدا بڕیارەکە لەسەرۆکایەتی حکومەتەوە چۆتە پەرلەمان، ئەمە ئیشی یەک سەعاتە بۆ پەرلەمان بۆئەوەی دەنگ لەسەر بڕیارەکە بدات بەڵام تا ئێستا پەرلەمان ئەو سەعاتەشی بۆ ئەو بڕیارە تەرخان نەکردووە، لەبەرئەوە ئێستا ئەنجومەنی پارێزگاکان لەهەرێمی کوردستاندالەفەراغێکی یاساییدان،ئەنجومەنی پارێزگاکان بۆ چوار ساڵ هەڵبژێردران، ساڵێک درێژکرایەوە بوو بە ٥ ساڵ، بۆ ئێستا کە لەساڵی شەشەمدایە هیچ پاساوێکی واقیعی نییەو لەڕووی یاساییشەوە تائێستا ماوەکەی درێژنەکراوەتەوە.

ئاریان محەمەد: بەبڕوای من بۆ ئەم بابەتە دەبێت ئاماژە بە بیرۆکە لامەرکەزییەت بدەین کە بایەخی چییە لەدابەشکردنی وەزیفە ئیدارییەکان لەچوارچێوەی دەوڵەتدا؟! بایەخی یەکەمی نەهێشتنی سیستمی مەرکەزییە کە سیستمێکە بە ئاراستەی تۆتالیتارییەتدا دەڕوات، وەزیفەی دووەمیشی گەیشتنی خزمەتگوزارییە بەئاراستەیەکی زیاتر، واتا ئەوەی بۆ وڵاتانی ئێمە بەکەڵک دێت دەتوانین ناوی بنێین تەنمییەیەکی ئابوری لەچوارچێوەی گەشەی سیاسیدا بەحوکمی ئەوەی ئێمە وڵاتانی جیهانی سێمان پێدەوترێت کە وڵاتانی دواکەوتوون لەڕووی ئابوریو سیاسییەوە. هەروەها لەسەر ئاستی عێراق وەزیفەیەکی تری هەیە ئەویش گواستنەوەیە لەقۆناغێکی نا دیموکراسییەوە بەرەو قۆناغێکی دیموکراسی ئەویش بەهۆی لامەرکەزییەتی ئیدارییەوە، جگە لەوەی مەبەست لەدەرکردنی بریاری ژمارە ٧١ لەلایەن حاکمی مەدەنی عێراق (پۆڵ بریمەر)ەوە ڕاستییەکەی ئەوە بوو کە پارێزگاکان بگەیەنێتە ئەو ئاستەی کەبەرەو سیستمێکی فیدراڵی بڕوات چونکە تۆ لامەرکەزییەتێکی ئیداری فراوانی پێدەبەخشیت دەگاتە ئەو ئاستەی داوای ئەوە بکات ببێتە سیستمێکی فیدراڵی. لەم چوارچێوەیەشدا گرنگە باس لەوە بکەین کە مەرکەزی یاسایی لەپارێزگاکانی هەرێمدا جیاوازە لەمەرکەزی پارێزگاکان لەهەموو عێراقدا. ئەو مەرکەزە یاساییەی پارێزگاکان لەهەرێمی کوردستاندا هەیانە بەڕاستی مەرکەزێکی یاسایی ناڕۆشنە بەرادەیەکئەولامەرکەزییەتەئیدارییەیەتائێستا هەیبووە دەتوانم بڵێم لامەرکەزییەتێکی ئیداری ناڕۆشنە، ئەویش بەحوکمی ئەوەی بەشێک لەسەڵاحیاتەکانی ئەو ئەنجومەنی پارێزگایانە دەگەڕێتەوە بۆ یاسای پارێزگاکانی عێراقی ژمارە (١٥٩)ی ساڵی ١٩٦٩ کە لەسەردەمی ڕژێمی بەعسدا دەرچووە هەروەها بەشێکیشی دەگەڕێتەوە بۆ پشتبەستن بەفەرمانی ژمارە ٧١ی پۆڵ بریمەر، بەڵام مەرکەزی دەستوریو یاسایی پارێزگاکان لەعێراقدا کە لەچوارچێوەی هەرێمێکدا یەکیان نەگرتووە مەرکەزێکی دەستوری بەهێزتریان هەیە چ لەسەر ئاستی تەمسیلی سیاسی لەچوارچێوەی دەوڵەتی غێراقی فیدراڵدا، چ لەسەر ئاستی مومارەسەکردنی ئەو دەسەڵاتانەی کە دەستوری دەوڵەتی فیدراڵی پێیان دەبەخشێت، چ لەدەستورەکەداو لەچوارچێوەی دابەشکردنی دەسەڵاتەکاندا چ لەیاسای ژمارە ٢١ی ساڵی ٢٠٠٨ی تایبەت بە یاسای پارێزگاکان.

ئەوەی پەیوەست بێت بەبڕگەی ٣ی مادەی سییو یەکەوە بەبڕوای من فەڕاغێکی یاسایی دروستدەکات لەمەسەلەی شەرعیبوونی ئەو ئەنجومەنانە. ئێمە دەڵێین ئەو ئەنجومەنانە بایەخی ئەوەیان هەیە لەخزمەتی پرۆسەی دیموکراسیدا بنو لەخزمەتی ئەوەدابن پەیوەندی نێوان هاوڵاتیانو دامەزراوەی دەوڵەت ڕێکبخات بەتایبەتیش دامەزراوە خزمەتگوزارییەکان، لەکاتێکدا ئەنجومەنی پارێزگاکان ئەو دامەزراوانەن کە پێداویستییە خزمەتگوزارییە ئەساسییەکان پێشکەش دەکەن.

ئەم بڕگەیە لەلایەکەوە شەرعییەتی ئەو دیمەنێک لە مێزگردەکە

دامەزراوەیەولەلایەکی تریشەوە چالاکییەکانی ئەو دامەزراوەیە دەخاتە ژێر پرسیارەوە کە تا چ ڕادەیەک ئەم دامەزراوانە چالاکنو دەتوانن زوو بریارەکانیان سەبارەت بەو داواکارییانە دەربکەن کە هاوڵاتیان هەیانە.

ماوەی هەڵبژاردن بۆ ئەنجومەنە نوێنەرایەتییەکان، چ ئەنجومەنی پارێزگاکان بێت یاخود پەرلەمان. یەکێکە لەپێوەرەکانی نەزاهەی هەڵبژاردن، ماوەی هەڵبژاردن گرنگە لەچوارچێوەی سیستمی هەڵبژاردندا سەیری بکەین ئەویش بە دیاریکردنی ماوەو خول یان دووبارەکردنەوەی هەڵبژاردنەکان.

ڕای گشتی: دیاری نەکردنی ئەو ماوەیە بەو شێوە کراوەییە، لەنەزانییەوە بووە یاخود مەبەستو مەرامی لەپشتەوە بووە؟

ئاریان محەمەد: بێگومان لەزۆربەی وڵاتانی جیهانی سێ تەنانەت وڵاتانی دراوسێش ململانێ سیاسییە ناوخۆییەکان ململانێ سیاسییە گەورەکانیش یەکلایی دەکاتەوە. ئەو هەڵبژاردنانەی لەسەر ئاستی شارەوانیو پارێزگاکان دەکرێت ململانێ سیاسییە گەورەکانیش لەسەر ئاستی پەرلەمان یەکلایی دەکاتەوە، بەڵام لەکوردستاندا هێشتا ململانێ سیاسییە بچوکەکان بۆ وەرگرتنی پۆستە ئیدارییەکان لەسەر ئاستی پارێزگاکان بەراستی لەژێر فشارو کاریگەری ئەو ململانێ سیاسییەیە کە لەهەرێمی کوردستاناهەیەو بەبڕوای منئەمە دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە هێزە سیاسییەکان لەکوردستاندا تا ئێستا دەرفەتێکی باشیان بۆ نەخوڵقاوە بەو شێوەیەی کە خۆیان دەیانەوێتو بەو شێوەیەی کە نفوزی ئەوان بااڵدەست دەبێت لەو هەڵبژاردنەدا کەبتوانن زۆرینەی کورسییەکانی ئەنجومەنی پارێزگا بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن واتا پەیوەستە بە قەناعەتی دەسەڵاتی سیاسییەوە بەوەی لەچ کاتێکدا هەڵبژاردن بکات باشترە بۆی.

چەند زانیارییەک لەبارەی یاساکەوە:

- ئەم یاسایە لە ٣٥ ماددەی یاسایی پێکهاتووە لەگەڵ هۆکارە پێویستەکانی دەرچوونی یاساکە.
- ڕۆژی ٢٠٠٩/٧/١٣ ئەم یاسایە لەڕۆژنامەی وەقائیعی کوردستاندا بڵاوکراوەتەوە.
- دابەشکردنی کورسییە تەرخانکراوەکان بۆ بازنەکانی هەڵبژاردن لەڕێگەی سیستمی نوێنەرایەتی ڕێژەییەوە دەبێت
- سیستمی لیستی داخراو بۆ هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگاو قەزاو ناحیەکان پیادەدەکرێت.
- نابێت ژمارەی پاڵێوراوانی لیستێک لە ٣ کەس کەمتر بێت.
- پاڵێوراوانی ئەنجومەنەکانی پارێزگاو قەزاکان بروانامەی ئامادەییان هەبێتو پاڵێوراوانی ناحیەکانیش بروانامەی بنەڕەتی یان هاوتاکەیان دەبێت.
- لەم یاسایەدا پێشنیاری دەستەی باڵای سەربەخۆ بۆ هەڵبژاردنەکانو ڕاپرسی لەکوردستاندا کراوە.
- لەم یاسایەدا پێشنیاری دەستەی باڵای سەربەخۆ بۆ هەڵبژاردنەکانو ڕاپرسی لەکوردستاندا کراوە.
- لەم یاسایەدا ڕێژەی ٣٠٪ بۆ کۆتای ژنان دانراوە.
- سیستمی کۆتای کەمە نەتەوەو ئایینەکان لەم یاسایەدا بەمجۆرەیە:
* ئەنجومەنی پارێزگای دهۆک ٢ کورسی بۆ کلدان سریان ئاشووری.
* ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر ٢ کورسی بۆ کلدان سریان ئاشووریو ٣ کورسی بۆ تورکمانەکان
* ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی یەک کورسی بۆ کلدان سریان ئاشووری.

دەرباز محەمەد:

ئێمە دژی نوێنەرایەتی هیچ کەمینەیەک نین، بەڵام نابێت لەسەر حسابی زۆرینەش بێت

دەقی ڕێنماییەکانی وەزارەتی ناوخۆ سەبارەت بەڕێکخستنی خۆپێشاندان و کۆبوونەوە گشتییەکان

بۆ/ پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان (هەولێر – سلێمانی – دهۆک)+ ئیدارەی گەرمیان

ب/ ڕێنمایی تایبەت بەڕێکخستنی خۆپێشاندان و کۆبوونەوە گشتییەکان.

بۆ ڕێکخستنی خۆپیشاندان و کۆبوونەوە گشتییەکانی کە لەم ماوەی دواییدا هەستی پێدەکرێت لەلایەن هەندێک چین و توێژەکانی کۆمەڵەوە ئەنجام دەدرێت، بەمەبەستی ڕێگەگرتن لەکاری سەرپێچی و پێشێلکردنی یاسا یان کاری تێکدەری لەکاتی ئەو چالاکییانەدا، بڕیارماندا بەدەرکردنی ئەم ڕێنماییانەی خوارەوە:

١- هەموو ئەو خۆپیشاندان و کۆبوونەوە گشتی و ڕێپێوان و مانگرتنانەی لەلایەن هاوڵاتی و کەسایەتییە مەعنەوی و سروشتییەکان لە هەرێمی کوردستاندا ئەنجام دەدرێت، لەسەر شەقامو گۆڕەپان یان لەبەردەم شوێنە گشتییەکان بۆ مەبەستێکی دیاریکراو، پێویستە بەلایەنی کەمەوە (٢٤) کاتژمێر پێش ئەنجامدانی کارەکە، داوای مۆڵەت بکەن لەلایەنی پەیوەندیدار ئەویش پارێزگارە.

٢- پێویستە لەکاتی داواکردنی ڕێگەپێدان بۆ ئەم مەبەستانەی کە لەبڕگەی (١)دا ئاماژەمان پێداوە کاتو شوێنی خۆپێشاندان و کۆبوونەوە گشتییەکان دیاریبکرێت لەگەڵ کاتی دەستپێکردن و کۆتایی هاتنی و دیاریکردنی ئامانج و مەبەست لەم چالاکییە.

٣- پێویستە ناوی (٣– ٥) هاوڵاتی لەڕێکخەرانی هەر چالاکییەک لەسەر داخوازییەکە بنووسرێتو ئیمزا کرابێت.

٤- پێویستە لەسەر سەرۆکی یەکە کارگێرییەکان (پارێزگار) هەموو ڕێوشوێنێکی ئاسایشی بگرێتەبەر بۆ پارێزگاریکردن لەسەلامەتی هاوڵاتیانی بەشداربوو، وە بەشێوەیەکی ئاشتییانە کۆتایی بەڕێورەسمەکە بهێندرێت.

٥- هەرکەسێک هەوڵبدات بۆ تێکدانی بارودۆخی ڕێورەسمی خۆپێشاندان یان کۆبوونەوەی گشتی یان ڕێپێوانەکە بەمەبەستی ئەنجامدانی کاری تێکدەرانە، ڕێوشوێنی یاسایی بەرامبەر وەردەگیرێت.

٦- بۆ هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ لەپۆلیس و ئاسایش نییە هێز بەکاربهێنن بۆ سەرکوتکردنی ڕێرەوی خۆپیشاندانەکە، تەنها ئەگەر هاتوو ڕێرەوی خۆیان گۆڕی یان لادانیان لەو مەبەستەی خۆیان بۆ ئامادەکردبوو، ئەو کات لەلایەن هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆوە کۆتایی بەچالاکییەکە بهێندرێت.

٧- هەر کەس و لایەنێک لەهەر پلەو پایەیەکدابێت، پێشێلی مافو ئازادییە دیموکراتییەکانی هەر هاوڵاتییەک بکات، لەبەرامبەر یاسادا بەرپرسیار دەبێتو لێپێچینەوەی لەگەڵدا دەکرێت بەپێی یاسا.

٨- پێویستە لەسەر سەرۆکی یەکە کارگێرییەکان و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ، بەتەواوی ناوەرۆکی ئەم ڕێنماییانە جێبەجێ بکەن.

ئەم ڕێنماییانە لەڕۆژی دەرچوونییەوە کاری پێدەکرێت.

لەگەڵ ڕێزدا ...

ئیمزا

کەریم سنجاری

وەزیری ناوخۆ

٢٠١٠/٤/٢٠

یاسایەکی هاوچەرخ بۆ ڕێکخراوە ناحکومییەکانی هەرێمی کوردستان

عبدالله محمدامین خدر

ڕێکخراوە ناحکومییەکان لەهەرواڵاتێکدا دیاردەیەکی شارستانی و هەوڵێکی دڵخۆشکەری بەشداری تاکەکانە لە بەدەنگەوەچونی خەمی گشتی و بەرژەوەندی گشتیدا بۆیە ڕێکخستنی ئەو بواره بابەتێکی گرنگە چونکە ڕەخساندنی زەمینەیەکی لەبار بۆ گەشەسەندنێکی تەندروست و باشی ڕێکخراوەکان ڕەنگدانەوەی باشی دەبێت لەڕێکخستنی کۆمەڵگەو بەرهەمداربوونی کاری ڕێکخراوەکان بەرامبەر بەکۆمەڵگە.

لەرابردودا واتە لەسەرەتای نەوەدەکاندا ژمارەیەک ڕێکخراوی بیانی هاتنەناو هەرێمی کوردستان و لەچەند بواری جیاجیادا کارو چالاکیان ئەنجامداوەو خزمەتیان کردووەو لەکۆتای نەوەدەکانیشدا لەهەرێمی کوردستاندا زەمینەیەکی قانونی ڕەخسێنرا بۆ کاری ڕێکخراوەیی کەئەمەش لەهەردوو» بریاری ژمـارە ٢٩٧ی سالّی ١٩٩٩ لەسلێمانی و یاسای ژمارە ١٥ی سالّی ٢٠٠١ لەهەولێر « بەرجەستەدەبێت کەئەم ڕێوشوێنانە ئیجابیات و سلبیاتی خۆیان هەبووەو دواتـر باسیان لێوەدەکەین.

لەئێستادا چەند پـرۆژەیـاسـایـەک بۆ ڕێکخراوە ناحکومییەکان لەلایەن چەند شوێنێکی جیـاوازەوە بەچەند شێوەیەک ئامادەکراوە، هەروەها لەلایەن ڕێکخراوەکانەوە گفتوگۆو کۆنفرانس لەسەر ئەو پرۆژانە سازدەکرێتو بابەتێکی سەرەکییە لەلای ڕێکخراوە ناحکومییەکان کە ئاخۆ لەئایندەدا کام لەم پرۆژانە لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە پەسەند دەکـرێتو دەبێتە قانون، چونکە لەدواجاردا قانونەکان پێناسی ڕێکخراوەکان دیاریدەکەن، ڕێوشوێنی کارکردنو دۆسیەی ئابوریان ڕێکدەخەن ، بۆیە بەپێویستی دەزانم لێرەدا لەسەر چەند هێڵێکی گشتی بوەستم کە لەزۆربەی پرۆژەیاساکاندا دوبارەبۆتەوەو باسی لێوەکراوە:

بابەتی دارایـی ڕێکخراو: لـەرابـردوودا ڕێکخراوەکان بەهۆی پەیوەندی کەسیو نزیکیان لەحزبەکانەوە بودجەیان وەرگرتووە ئەگەرچی چالاکیو پرۆژەشیان نەبووبێت. ئەمە وێرانکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی بووە لەکوردستان نەک هاوکاریکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی بەلام لەپرۆژە یاساکانی ئێستادا جەخت لەوە کراوەتەوە کە بوونی چالاکیو پرۆژەکان پێویستی سەرەکی بێت بۆ پێدانی بودجەی ڕێکخراو نەک نزیکیو دوری لەحزبو کەسەکان.

پەیوەندی ڕێکخراوەکان: لـەپـرۆژەی کۆمەڵێک ڕێکخراوی سلێمانیدا هاتووە کە کۆمسیۆنێکی سەربەخۆی هەڵبژێردراو هەبێت بۆ ڕێکخستنی کاروباری ڕێکخراوەکانو لەبەرامبەریشدا پێشنیارێکی تر هەیە دەڵێت ڕێکخراوەکان پەیوەندیداربن بە حکومەتەوەو لەسەر ئەو بەشانەی لە یاساکەدا پێیان ڕاسپێردراوەو دواتر هەموو سەرنجو پێشنیارگەلی گروپەکان خرانەروو.لەو چوارچێوەیەدالیژنەی بـەدواداچـوونـی پێشنیارەکانی کۆنفرانسەکە لەسەر ئاستی هەرسێ پـارێـزگـای هەولێرو سلێمانیو دهۆک هەڵبژێردراو کۆنفرانسەکە بـە کۆنگرەیەکی ڕۆژنـامـەوانـی بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن کۆتایی بەکارەکانی خـۆی هێنا کەتێیدا هەریەک لە(سیروان عەباسو عەلی کەریمو ئارام جەمالو پشتیوان ڕەزا) ئەنجامی کۆتایی کۆنفرانسە دوو ڕۆژەییەکەیان ڕاگەیاندو وەلامی پرسیاری سەرجەم پەیامنێرانو ڕۆژنامەوانیان دایەوە.

بۆ بەدواداچوونی کارەکانی، ڕۆژی ٢٠١٠/٥/٥ لـیـژنـەی بـەدواداچـوونـی پێشنیارەکانی کۆنفرانسەکە یەکەم کۆبوونەوەی خۆی گرێداو بەشێوەیەکی زۆر شەفافانە سەرجەم پێشنیارەکانیان لەناو پرۆژەیاساکەی حکومەتدا جێگەکردەوە بەئامانجی ئەوەی پێشکەشی پەرلەمانو سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستانی بکرێت.

ڕێکخراوە ناحکومییەکان کار لەسەر پرۆژەیاسای حکومەتی هەرێم دەکەن

کۆنفرانسی هەرێمایەتی ڕێکخراوە ناحکومییەکان لە هەولێر ٢٥-٢٠١٠/٤/٢٦

بەسەرپەرشتی ناوەندی ئایندە بۆ پرسەکانی گەنجو بەبەشداری زیاتر لەنوێنەرانی ٨٠ ڕێکخراوی هەرسێ پـارێـزگـای هەولێرو سلێمانیو دهۆک ڕۆژانی (٢٥و ٢٠١٠/٤/٢٦) لەئوتێل شیراتۆنی شاری هەولێر کۆنفرانسی هەرێمایەتی بۆ ئەو پرۆژەیاسایەی کاری ڕێکخراوە ناحکومییەکان سازدرا کە لەلایەن حکومەتەوە خـرابـووەڕوو. ڕۆژی یەکەم تەرخانکرا بۆ گفتوگۆکردن لەسەر هەندێک ڕەهەندو پرەنسیپی نێودەوڵەتی گرنگ کەپێویستە لەیاسای داهـاتـووی ڕێکخراوە ناحکومییەکاندا ڕەنگبداتەوە.

سەرەتای کاری ڕۆژی دووەم بە دروستکردنی سێ گروپ لەسەرجەم ڕێـکـخـراوەکـانـی بـەشـداربـووی کۆنفرانس دەستی پێکردو هەر گروپێک بەشێکیان لەیاساکە تاوتوێکردو شیانکردەوە، دواتر هەر گروپێک خاڵ بەخاڵی ئەو بەشەی

فەرهەنگۆک

ئا: سەرکەوت حەمە حسێن

هەڵبژاردن و دەستاودەستکردنی دەسەڵات

دەستاودەستکردنی دەسەڵات بەڕێگەی ئاشتیانەو لەڕێی سندوقەکانی دەنگدانەوە، ڕەنگدانەوەی ڕاستەقینەی دیموکراسییەتە لەکۆمەڵگەدا، هەنگاوێکی گرنگیشە بۆ بەردەوامبوون و چەسپاندنی دیموکراسی و کلتوری دیموکراسیانە.

دەستاودەستکردنی ئاشتیانەی دەسـەڵات لەکۆمەڵگەیەکی دیموکراسیدا بەچەسپاندنی بنەمای گێرانەوەی دەسەڵات بۆ گەل، ترۆپکی دیموکراسییەتەو دواقۆناغی پرۆسەی هەڵبژاردنە لەدوای بەڕێوەچونی هەڵبژاردنێکی پاکو بێگەردو پەسەندکردنی ئەنجامەکانی لەلایەن پالێوراوە ڕکابەرەکانی بەشدار لە هەڵبژاردندا.

پێناسە:

دەستاودەستکردنی دەسـەڵات، و اتە گۆڕینی کـەس و لایەنی دەسەڵاتدارو فەرمانڕەواو گواستنەوەی دەسەڵات بۆ کەس و لایەنێکی دیکە.

دەستاودەستکردنی دەسـەڵات بەڕێگەی دیموکراسی و هک پێوەرێکی ڕاستەقینەی ئاستی دیموکراسییەت لەکۆمەڵگەدا، و اتە، بەردەوامنەبوون و نەمانەوەی هیچ کەس و لایەنێکە لەدەسەڵاتدا بۆ هەتاهەتایە.

هـەروەهـا دەستاودەستکردنی دەسـەڵات بەڕێگەی ئاشتی و دیموکراسیانە، و اتە هەبوونی ئەگەرو فرسەت لەبەردەم هەرکەس و لایەنێک بـاوەڕی بەدیموکراسییەت هەبێتو بەپێی بنەماکانی کاری سیاسی ئەو کۆمەڵگەیە کاربکات کە دەسەڵاتی سیاسی لەو کۆمەڵگەیەدا بگرێتەدەست.

شێوازەکان:

ئەم دەستاودەستکردنی دەسەڵاتەش بەچەند شێوازێک دەبێت، کە دەشێت دیموکراسیانەو ئاشتیانە بێت، یاخود نادیموکراسیانە بێت بەڵام بەڕێگەیەکی ئاشتیانە، یاخود نائاشتیانە بێت کە بێگومان ئەم ڕێگەیەیان نادیموکراسیانە دەبێت، لەوانە:

١. ئاشتیانە: هەر بەناوەکەیدا دەردەکـەوێـت کە ئەم شێوازە بۆ دەستاودەستکردنی دەسەڵاتی سیاسی لەوڵاتدا، شێوازێکی دیموکراسیانە دەبێتو بەڕێگەی یاسایی و لەڕێی چەند هەنگاوێک قبوڵکراو لەلایەن پێکهاتەو ڕکابەرە سیاسییەکانەوە بەڕێوەدەچێت (چ دەسـەڵاتداران یاخود ئەو کەس و لایەنانەی ئۆپۆزسیۆنن)، کەخۆی لەهەڵبژاردنێکی پاکو بێگەردا دەبینێتەوە.

لەم شێوازەشدا چ ئەوەی لەدەسەڵاتدایە ڕەزامەندە بەوەی دەست لەدەسـەڵات هەڵبگرێتو جێگۆڕکێیەکی سیاسی بکاتو ببێتە ئۆپۆزسیۆن، چ ئۆپۆزسیۆنیش ڕازیبە بەوەی جێگۆڕکێی سیاسی بکاتو بۆماوەیەکی دیاریکراو دەسـەڵات بگرێتەدەست.

٢. نائاشتیانە: هەر لەناوەکەیەوە دیـارە ئەم شێوازە پێویستی بەسیستەم و بنەمای قبوڵکراوو ڕەزامەندیی کەس و لایەنە سیاسییەکان نیەو بارێکی نوێیە بەسەر کەس و لایەنی دەسـەڵاتداردا دەسەپێنرێتو دەبێت واز لەدەسـەڵات بهێنێت بۆ کەس و لایەنێکی دیکە، کەدیار نییە ئەو دەسـەڵاتگرتنەدەستە ماوەکەی چەند دەبێت.

لەم شێوازی گرتنەدەستی دەسەڵاتەدا، هێزو توندوتیژی بەکاردەهێنرێت لەڕێی شۆڕشی چەکداریو جەماوەری یاخود کۆدەتای سەربازییەوە. کەڕەنگە بەمەبەستی گۆڕینی سیستمی سیاسی بێت بەڕەو دیموکراسی.

٣. ئاشتیانەی نادیموکراسی: ئەم شێوازەی دەستاودەستکردنی دەسـەڵاتیش سەرەڕای ئەوەی هێزو توندوتیژی تێدا بەکارناهێنرێت، بەڵام شێوازێکی دیموکراسیانە نییە، چونکە دەسـەڵاتدار خۆی جێگرەوەیەک بۆ وەرگرتنی دەسـەڵات لەدوای خۆی دیاریدەکات. دیارترین ڕێگەی دەستاودەستکردنی دەسـەڵات بەم شێوازە، وەرگرتنی دەسـەڵاتە بەمیراتگری.

بنەماکانی دەستاودەستکردنی ئاشتیانەی دەسەڵات:

بۆ دەستاودەستکردنی ئاشتیانەی دەسـەڵات لەهەر کۆمەڵگەیەکدا، پێویستە چەندین بنەما هەبن وەک زەمینەسازییەک بۆ ئەو هەنگاوە دیموکراسیانەیەو بەردەوامبوون و دووبارەبوونەوەی وەک کلتورێکی دیموکراسیانەو ڕێگەیەک بۆ بەڕێوەبردنی ژیانی سیاسی لەو کۆمەڵگەیەدا. بنەماکانیش زۆرن بەڵام دەشێت ڕای جیاوازیش لەبارەیانەوە هەبێت، لەوانە: هەبوونی کلتورو دەسـەڵاتێکی دیموکراسی، جیاکردنەوەو سەربەخۆبوونی دەسـەڵاتەکان، سـەروەری یاساو دەستوریبوونی یاساکان، ڕێزگرتنو پاراستنی مافەکانی مرۆڤ، بەدامەزراوەبوونی دەزگاکانی دەوڵەت، هەبوونی فرەیی سیاسی، هەبوونی ئازادی ڕادەربڕین، بەرزی ئاستی هۆشیاری سیاسیو چالاکی سیاسی ئاشتیانە، هەبوونی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی چالاک، هەڵبژاردنێکی پاکو بێگەرد.

هەڵبژاردنو دەستاودەستکردنی ئاشتیانەی دەسەڵات:

پرۆسەیەکی پاکو بێگەردی هەڵبژاردن لەکۆمەڵگەیەکی دیموکراسیدا باشترین ڕێگەیە بۆ دەستاودەستکردنی ئاشتیانەی دەسەڵات، بەڵام لەم بارەشدا چەند خاڵو هەنگاوێک هەن دەبێت پەیڕەوبکرێن، ئەگەرنا ئەوا هەریەک پرۆسەی هەڵبژاردنو بەئاشتیانە دەستاودەستکردنی دەسـەڵاتیش توشی گرفت دەبێتو دواجـار پرۆسەی دیموکراسیو کۆمەڵگەش دەکەونە قەیرانو مەترسییەوە.

ئەو خاڵو هەنگاوانەش کەپێویستە پەیڕەوبکرێن، تاهەڵبژاردن وەک باشترین ڕێگەی دەستاودەستکردنی دەسەڵات بمێنێتەوە زۆرن، لەوانە:

١. هەبوونی یاسایەکی پێشکەوتوو بۆ ڕێکخستنی هەڵبژاردن.

٢. هەبوونی دامەزراوەیەکی سەربەخۆو بێلایەن بۆ سەرپەرشتیکردنی هەڵبژاردن.

٣. بەڕێوەچونی هەڵبژاردنێکی پاکو بێگەرد.

٤. ڕاگەیاندنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن لەوادەی یاسایی دیاریکراوی خۆیدا.

٥. ڕازیبوونی هەموو لایەنە بەشداربووەکانی هەڵبژاردنەکان بەئەنجامەکانو قبوڵکردنی بردنەوەو دۆڕاندن.

* (ئەندامی دەستەی بەڕێوەبردنی پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن)